# بەشداری سیاسی ژنان
# لە باشوری کوردستان

سالانی (١٩٩١-٢٠١٦) ز

هەواڵنامەی کتێب

کنێر عەبدوڵلا

- ناوی کتێب: بەشداری سیاسی ژنان لە باشوری کوردستان

- نوسەر: کنێر عەبدوڵڵا
- دیزاین: هاونیاز سامی
- هەڵەچن: هێدی عەبدوڵڵا
- ساڵی چاپ: ٢٠١٧
- نۆرەی چاپ: چاپی دووەم، چاپخانەی سەردەم
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردن: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان- ژمارە ١٣٢٥، ساڵی ٢٠١٧
- نرخ: ٥٠٠٠ دینار

هەواڵنامەی کتێب

**پێشکەشە بە دوو مرۆڤی مەزن**
**لە ژیانمدا کە هەمیشە بە نەمری**
**و گەورەیی دەمێننەوە:**

هەواڵنامەی کتێب

**دایک و باوکم**
**"خۆشم ئەوێن"**

**پێشکەشە بە... تۆ**

## پێرست

پێشەکی ................................ .......................................لا٦

**بەشی یەکەم:**

پوختەیەک دەربارەی هەرێمی کوردستان................ ....................لا١٣

پێناسەی چەمکەکان........................................................ ..لا١٥

پرۆسەی بەشداریکردنی سیاسی ژنان لە هەرێمی کوردستان............لا١٨

پرۆسەی بڕیارسازی لە هەرێمی کوردستان ......................... ..لا٢٠

مێژووی کۆتا و سەرهەڵدانی................................................ ....لا٢٧

کورتە مێژوویەك تایبەت بە بەشداری ژنان لە دەسەڵات...................لا ٣٧

بەشداریکردنی سیاسی ژنان لە وڵاتانی جیهان ........................... .لا٣٩

هۆکارەکانی ڕێگرن بۆ بەشداری ژنان لە پرۆسەی بڕیارسازی...........لا٤٢

**بەشی دووەم:**

کورتە مێژوویەک تایبەت بە سستمی سیاسی و هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان.......................................................................لا٥٥

یاسای هەڵبژاردن لە پەرلەمانی کوردستان...................................لا٥٣

دەسەڵاتی یاسادانان و ڕێژەی ژنان لە خولەکانی پەرلەمانی کوردستان.....لا٥٤

**بەشی سێیەم:**

حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێژەی ژنان...............................لا١٠٦

کورتە مێژوویەک دەربارەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان............لا١١٨

کورتەیەک سەبارەت هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان............لا ١٣٣

**بەشی چوارەم:**

کورتە مێژوویەک سەبارەت حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان......لا١٥٥

مێژووی پارتە سیاسییەکان لە کوردستان......................................لا١٥٨

دۆخی ژنان لە نێوەندی حزبە سیاسییەکان....................................لا٢١٢

ئامارەکانی تایبەتن بە دۆخی ژنان لە ناو حزبە سیاسییەکان........... ....لا٢١٧

هەواڵنامەی کتێب

دۆخی ژنان لە پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی دواکۆنگرەی پارتە
سیاسییەکان........................................................ ..لا٢٢٨

**بەشی پێنجەم:**

کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان.. لا٢٣٤
کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی دادگای تێهەڵچونەوە...................... .....لا٢٣٧
دەرئەنجام ......................................................... ..لا٢٤٤
پێشنیار و راسپاردە ................................................ ...لا٢٤٦
سەرچاوەکان......................................................... .....لا٢٤٨

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

**خوێنەری ئازیز...**

ئەم کتێبەی لەبەردەست تۆدایە لێکۆڵینەوەیەکە تایبەت بە چوار نێوەندی جیای دەسەڵاتی سیاسی لە باشوری کوردستاندا لەوانە دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن (حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی خۆجێی بە نموونە ئەنجومەنی پارێزگاکان، پارێزگاو قائمقامەکان)، دەسەڵاتی دادوەری و هەندێ لە حزبە سیاسییەکانی باشوری کوردستان لەوانە پێنج حزبی سەرەکی پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان بە نموونە وەرگیراون کە لە ئێستادا زیاتر کاریگەرییان هەیە لە پێکهاتەی سستمی سیاسی هەرێمی کوردستاندا و بەپێی دوایین هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەنگیان هێناوە و بەشدارن لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کە بریتین لە (پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانیی کورستان، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان).

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە. جگە لەوەی باس لە دۆخی ژنان دەکات لە باشوری کوردستان لە هەریەک لەو نێوەندانەی ئاماژەم پێکرد هەر لە دوای ساڵی(١٩٩١) ەوە تا ئەمڕۆ، هەروەها کورتە باسێک دەخاتە ڕوو تایبەت بە مێژووی سیاسی پەرلەمانی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەسەڵاتی دادوەری و پێنج حزبی سیاسی لە باشوری کوردستان کە بەپێی دەرئەنجامەکانی دوا

هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٣ دا دەنگیان هێناوە و لە ئێستادا بەشدارن لە پەرلەمان و حکومەتدا.

بەدەر لەوەش، بۆچوون و تێڕوانینی هەریەک لەو پێنج حزبە سیاسییانە نیشان دەدات بەرامبەر بە ژنان بە پێی دوا کۆنگرەیان یان دیدو تێڕوانینەکانیان لەڕێی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی دواهەمین کۆنگرەیاندا، جگە لەخستنەڕووی ڕێژەی ژنان لە نێو هەریەک لە ئۆرگان و پۆستە باڵاکانی حزبەکان لە نێوەندی سەرۆک و جێگر و مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی ..... هتد

بەداخەوە کەمیی سەرچاوەو کات ڕێبپێنەدام حزبە سیاسییەکانی تریش بخەمە باسەکەمەوە، بۆیە تەنها ئەو پارتە سیاسییانەم کردە تەوەری لێکۆڵینەوەکە کە لەم قۆناغەدا لە دەسەڵاتدان.

ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، تیشکخستنە سەر ڕەهەندێکی گرنگی دۆخی ژنانە لە باشوری کوردستان کە ئەویش ڕەهەندی سیاسییە بۆ خستنەڕووی زانیاری زیاترو گەیشتن بەم ئەنجامانە:

١. ڕێژە و بەشداریکردنی ژنان لە ناوەندی تەشریعیدا (پەرلەمانی کوردستان).
٢. بوونی ژنان و ڕۆڵیان لە ناوەندی دەسەڵاتی جێبەجێکردندا (حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی خۆجێی).
٣. ئایدۆلۆجیا و بەرنامەی پارتە سیاسییەکان و ڕێژە و بەشداری ژنان لە نێوەندی پڕیارسازی حزبە سیاسییەکاندا.
٤. بوونی ژنان لە ناوەندی دەسەڵاتی دادوەریدا.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ کەمیی سەرچاوە و ئاماری وورد و کۆکراوەی تایبەتمەند بە ژنانی کورد لە باشوری کوردستان کە بە پڕوای من ئەم سەرچاوەیە دەبێتە بانکێکی زانیاری و ئەرشیفی بۆ سەرجەم ناوەندەکانی پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکەن، بۆیە یەکێک لە ڕێگری و قورساییەکانی هاتە ڕێگەم دۆزینەوە و کۆکردنەوە و سەرچاوەی زانیارییەکان و بوونی داتای تایبەت بوو بە بەشداری ژنان بە تایبەت لە نێوەندی حزبە سیاسییەکاندا بەدرێژایی کۆنگرەکانی ئەنجامیانداوە.

بوونی ئەو بەربەستە وایلێکردم بە ئەرشیفە جیاجیاکانی بڵاوکراوەکانی سەرجەم پارتە سیاسییەکاندا بگەڕێم لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیان، جگە لە سەردانی ئۆرگانە جیاجیاکانی حزبە سیاسییەکان و چەندین ناوەندی ڕۆشنبیری و کەسایەتی جیاجیا و هەروەها پشتبەستن بە سایتی هەریەک لەو ناوەندانە کە بەگشتی هەژاریم بەدیکرد لە بەشی ئەرشیفەکانی زوربەیاندا، لە کاتێکدا بوونی ئەرشیف و بایەخدان بەم لایەنە تەنها لایەنێک نییە سودمەند و بەکەڵک بێت بۆ خودی ناوەندەکە، بەڵکو کۆی ئەو زانیاری و بابەت و مێژووانەی هەریەکە لە ئەرشیفی خۆیدا و لەسەردەمی خۆیدا تۆمار دەکرێت دەبێتە لایەنێکی تری پێویست و گرنگ و خزمەتکردن بە مێژووی گەل و نیشتمان و بە نەوەکانی داهاتوو.

هەواڵنامەی کتێب

**خوێنەری بەڕێز....**

بە پڕوای من ئەم بەرهەمە، جگە لەوەی زانیاری بەخشە بۆ تۆی خوێنەر بە خستنەڕووی داتا و ڕێژەی ژنان لە سەرجەم ئەو ناوەندانە لە هەرێمی کوردستان، لە هەمان کاتدا زانیاری بەخشە بۆ زانینی دۆخی ژنان لە جیهاندا بە مەبەستی بەراووردکردن تا بزانرێت ژنانی کوردستان لە کوێی گەشەکردنەکانی بواری سیاسین لە ئاست جیهاندا.

هەروەها خستنەڕووی ناوی سەرجەم ژنان لە هەریەک لەو نێوەندانەدا بە پێی ساڵانی هەڵبژاردن و ناوی سەرجەم ژنانی قائمقام لە هەرێمی کوردستاندا لایەنێکی تری زانیارییەکانە بۆ تۆی ئازیز.

جێی خۆیەتی سوپاسی هەریەک لەو لایەنانە بکەم کە لە ماوەی کارکردنمدا کارئاسانی و هاوکارم بوون لە پێدانی سەرچاوە و داتاکان لەوانە (بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بنکەی ژین، ئەندامان لە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی حزبە سیاسییەکان، ئەندامان لە ئەنجومەنی پارێزگاکان ...هتد، جگە لە کەسایەتیی جیاجیا و هاورێیانم لە سەرجەم ئەو نێوەندانەدا) .

ڕێزی زۆرم بۆ خوێنەرانی ئەم کتێبە، بەوەی کاتی خۆیان دەدەن بە خوێندنەوەی و سوپاسیان دەکەم گەر بەسەرنج و تێبینی و ڕەخنەی بونیادنەر، دەوڵەمەندی ناوەڕۆکی بابەتەکەم بکەن.

سوپاسم بۆ دەزگای هەڵبژاردنی( ی.ن.ک) کە ئەرکی چاپی یەکەمی گرتەئەستۆ .

هەواڵنامەی کتێب

سوپاسی و پێزانینم بۆ هەریەک لە (سەنتەری رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بابان) و بەڕێز خاتوو (ئامینە ئەحمەد محەمەد) کە یارمەتیدەرو هاندەر بوون لە بەچاپکردنەوەی ئەم کتێبە بۆ جاری دووەم .

ئومێدەوارم ئەم بەرهەمە سوودمەند بێت بۆ هەمووان و ببێتە سەرچاوەیەکی بەسوود بۆ هەریەک لە خوێنەران بەگشتی و ناوندە جۆربەجۆرەکانی پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکەیان پێکهێناوە بەتایبەتی و کاری جدی بکەن بۆ گۆڕین و بەرەوپێشبردنی ژنان لە ناوەندەکانیان.

هەروەها سەرچاوەیەکی نوێ و بەسوود بێت بۆ بڵاوکراوەو کتێبخانەی کوردی و سەرجەم نەوەکانی داهاتوو.

هەواڵنامەی کتێب

وێڕای ڕێز و خۆشەویستیم بۆتان.

**کنێر عەبدوڵڵا**

**٢٠١٦\٥\٦**

## گریمانەکانی لێکۆڵینەوە:

بەگشتی گریمانەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەم خاڵانەدا خۆی دەبینێتەوە:

١. بەشداریکردنی ژنان لە ناوەندی دەسەڵاتی تەشریعیدا لە ئاستێکی لاوازدایە.

٢. ڕێژە و کاریگەری ژنان لە نێوەندی دەسەڵاتی جێبەجێکردندا کەمە.

٣. بەشداریکردنی ژنان لە پرۆسەی بڕیارسازی پارتە سیاسیەکاندا لاوازو ڕواڵەتکارانەیە.

٤. ژمارەی ژنان لە ناوەندی دەسەڵاتی دادوەریدا پێگەیەکی سست و کەمە.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم:

## پوختەیەک
## دەربارەی هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان کە ژمارەی دانیشتوانی پێنج ملیۆن و ۲۰۰ هەزار کەسە و لە هەرسێ پارێزگای هەولێر، سلێمانی و دهۆک پێکدێت، ڕووبەری هەرسێکیان پێکەوە نزیکەی چل هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و گەورەترە لە ڕووبەری هۆڵەندا و چوارجار بە قەد ڕووبەری لوبنانە. ئەم ئامارە تەنیا پارێزگاکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەخۆ دەگرێت و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە سنووری پارێزگاکانی نەینەوا، صەلاحەدین، کەرکوك و دیالە لە خۆ ناگرێت. جوگرافیای هەرێم هەمەچەشنە کە پێکدێت لە دەشتایی گەرم و وشک تا دەگاتە ناوچەی شاخاوی فێنک وە کانیاوی سروشتی و بارینی بەفر لە زستان. زمانی کوردی زمانی سەرەکییە و بنچینەکەی بریتییە لە زمانی هیندۆ ئەوروپییەکان و لە خێزانی زمانە ئێرانییەکانە، وەک فارسی و پەشتو، جیاوازە لە عەرەبی. سۆرانی و کرمانجی دوو زاراوەی سەرەکی زمانی کوردیین.

### ئاڵا و سروودی نیشتیمانی:

هەموو گەلانی سەر ڕووی ئەم زەمینە، ئەوانەی سەربەستن یان بە شێوەیەکی ڤیدراڵ دەژین خاوەنی ئاڵای خۆیانن، ئاڵای کوردستانیش ئاڵای کوردستانی ڤیدراڵە

و لە تەواوی ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندان، لە دامو ودەزگا حکومییەکان و ئۆرگانە ڕەسمییەکاندا شەکاوەیە.

ئاڵای کوردستان لە سێ ڕەنگ و دروشمێک لە ناوەندی پێکهاتووە. هەروەها لە لاکێشەی ئاسۆیی پێکهاتوە، لاکێشەی سەرەوە ڕەنگی سوورە، ئەوەی ناوەند ڕەنگی سپی یە، و لاکێشەی خوارەوە ڕەنگی سەوزە .

بەرینی ئاڵا دوو لەسەر سێی درێژییەکەیەتی .

دروشمی نەتەوەیی ئاڵای کوردستان خۆری زێرینە، ئەم خۆرە ٢١ پەڕ (تیشک)ی یەکسان و هاوشێوەی هەیە.

بە لەبەرچاوگرتنی دوو لەسەر سێ یەتی قەبارەی ئاڵا، خۆری زێرین بە پەڕەکانییەوە یەک(١) پێوەرە وبەبێ پەڕەکان نیو (٠.٥) پێوەر، ئەم پەڕانە شێوەیان ڕاستە و لە دەرەوە خاڵێکی تیژ دروست دەکەن .

خۆرەکە دەبێ ڕێک لە چەق (ناوەندی) ئاڵای کوردستان جێگیر بێت.

خۆر بەشێوەیەک جێگیرکراوە کە ستوونی ناوەندی ئاڵا بە ناو خاڵی تیژی بەرزترین پەڕ(تیشک) تێدەپەڕێت .

هەواڵنامەی کتێب

## چۆنییەتی پێکهاتەی ڕەنگەکان:

ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان بە شێوەی خوارەوەیە :

سوور: PMS 032

سەوز: PMS 354

زەرد: PMS 116

## شێوەکانی بەکارهێنانی ئاڵا:

هەڵواسینی بە دارا، پێویستە خۆرەکەی لە هەردوو ڕووەوە دیار بێت .

بەرزکردنەوەی لە باری پانی، ڕەنگی سور لە سەرەوە و ڕەنگی سەوز لە خوارەوە.

بەرزکردنەوەی لە باری درێژی، ڕەنگی سور لە لای چەپ و ڕەنگی سەوز لە لای ڕاست .
لە یەخەدانی وەک ڕۆزێت لە سەر سینگ، لە لای چەپ لە سەر دڵ هەڵ ئەگیرێت.
لە سەر مێز دانانی ، پێویستە بە لای چەپدا بشکێتەوە .

## سروودی نیشتیمانی:

سروودی ئەی رەقیب کە لە لایەن شاعیری گەورەی کورد، پارێزەر یونس رەئووف ناسراو بە دڵدار لە ساڵی ١٩٤٠ دانراوە، بووەتە بەشێك لە کەلتوور و فەرهەنگی میللەتی کورد و جێگەیەکی پیرۆزی لە بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان و دڵی جەماوەرەکەیدا هەیە و سیمبولی خەبات و بەرخۆدانی گەلەکەمانە و ئاوێتەی بیر و ویژدانی هەموو چین و توێژێکی گەلی کوردستان بووە. دڵداری شاعیر کە دانەری سروودی (ئەی رەقیب)ە، ناوی تەواوی یونس مەلا رەئوف مەلا مەحمود سەعیدە و لە ١٩١٨/٢/٢٠ لەشاری کۆیە لەدایکبووە و لە ١٩٤٧/٧/١٢ دا کۆچی دوایی کردووە.

# پێناسەی چەمکەکان

- ## دەسەڵاتی یاسادانان:

ئەم دەسەڵاتە بنچینەی سەروەرییە لە دەوڵەتدا، چونکە دارێژەری یاسایە واتە ئەنجومەنی نوێنەران، نوێنەری گەلە کە هەموو دەسەڵات و حەسانەیەکی هەیە بۆ ئەوەی نەکەوێتە ژێر بەزەیی و ڕەحمەتی دەسەڵاتی حکومەت.
دەسەڵاتی یاسادانان لە چوارچێوەی سنوری بەرپرسیارێتی خۆیدا یاساکان دادەرێژێت و لەرێی پێکهێنانی لیژنەکانیانەوە کارو بەدواداچوونەکانی خۆیان دەکەن کە پێکهاتەی هەموو حزبی تیدایە.

- ## دەسەڵاتی جێبەجێکردن:

ئەو دەسەڵاتەیە کە لە سنوری یاسا دارێژراوەکانی دەسەڵاتی یاساداناندا کاروبارەکانی دەوڵەت بەڕێوە دەبات، ماف و دەسەڵاتی پێشنیازکردنی ڕەشنوسی یاسای نوێی هەیە بۆ تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندنی لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە و

دەربڕینی ڕەزامەندی لەبارەیەوە. ئەو پەیوەندییەی نێوان ئەنجومەنی یاسادانان و ئەنجومەنی جێبەجێکردن پەیوەندییەکی ئۆرگانی بەهێز نابێت ئەگەر هەر یەکێک لەو دوو ئەنجومەنە بەجیا سەربەخۆ نەبن.

- **دەسەڵاتی دادوەری:**

لەپێناو پاراستنی دیموکراسیەتدا بێگومان دەبێت دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆییەکی تەواوی هەبێت. دادوەران دەبێت لە هەموو ئاستەکاندا سەربەخۆ بن و لەژێر هیچ فشارێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، دارایی و ئاینی یان هەر بوارێکدا نەبن. ئامانجی بنەڕەتی دادوەری بەرقەراربونی دادپەروەرییە بە پێی یاسا .

هەڵبژاردنی دادوەر لە ژیانی دیموکراسیدا فاکتەرێکی گرنگە و دەبێت هەڵبژاردنیان زۆر دوور بێت لە گەمەی سیاسی تەسکدا لەپێناو پاراستنی سەربەخۆییان. بۆیە باشتر وایە ئەنجومەنی نوێنەران، ئەندامانی دادگای باڵای دەستوری لەجیاتی حکومەت هەڵببژێرێن، بەڵام دەربارەی هەڵبژاردنی دادوەرانی دیکە دەشێت لە ڕێگەی هاوکارانی خۆیان هەڵبژێردرێن.

- **هەرێمی کوردستان:**

هەرێمێکی ڤیدراڵیی، نەتەوەیی و ئابووری ئۆتۆنۆمییە لە ناو کۆماری عێراقدا. لە ڕۆژهەڵاتەوە کوردستانی ئێران، لە باکورەوە کۆماری تورکیا، لە ڕۆژئاواوە سوریا سنوورەکانی پێک دێنن. شاری هەولێر پایتەختێتی.

- **حکومەتی هەرێمی کوردستان:**

حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەسەڵاتی جێبەجێکاری بەگوێرەی یاساکانی هەرێمی کوردستان پەیڕەودەکات کە داڕێژراون لە لایەن پەرلەمانی کوردستان.

- **پارت( حزب):**

ووشەی حزب سەرچاوەکەی لە لاتینییەوە هاتووە کە لە ڕووی زمانەوە مانای کەرت یان بەش دەگەیەنێت. واتە کۆمەڵێک خەڵک لەخۆ دەگرێت و بەشێکە لە کۆمەڵ

## • پارتی سیاسی:

ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە وکۆمەڵە کەسێک بەیەکەوە ڕێکدەخات کە پێویستییەکی ماددی و مەعنەوی و فکری هاوبەش پێکیانەوە دەبەستێت. بەهەر میکانیزمێک بێت کار دەکات بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، تا بتوانێت بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان بەجێبهێنن و جێبەجێکردنی ئەوەی بڕوایان پێیەتی.

## • بەشداری سیاسی:

جۆرێکە لە چالاکی سیاسی کە هاوڵاتیان بەگشتی ئەنجامی دەدەن، بە مەبەستی کاریگەری لەسەر پرۆسەی بڕیارەکانی دامو دەزگاکانی دەوڵەت.

## • دەسەڵات:

خۆسەپاندنی کەسێک بەسەر کەسانی تردا هەرچەندە پێچەوانەی خواستی ئەوانیش بێت.

هەواڵنامەی کتێب

## • دەسەڵاتی سیاسی:

بریتییە لەو دەسەڵاتەی کەسێک یان گروپێک لە نێوکۆمەڵگەدا، بەمەبەستی کاریگەری و کۆنترۆڵکردنی ژیانی کەسانی دیکە هەیەتی و لە مەیدانی سیاسەتدا چەندین ڕێگەی جۆراوجۆر هەیە بۆ بەدەستهێنانی ئەو جۆرە دەسەڵاتە.

## • هەڵبژاردن:

یەکێکە لە مافەکانی مرۆڤ و پرۆسەیەکی دیموکراتی و مەدەنییە و دەشێت ببێتە خوڵقاندنی ئاڵوگۆڕکردن و دەستاودەستکردنی دەسەڵات بە ڕێگەی ئاشتییانە.

## • کۆتا:

وشەیەکی ئینگلیزییە و بە مانای بەش یان پشکی ڕێژەیی دێت، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کاری ئەرێنی (Affirmative action) کە بۆ یەکەمجار لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەکارهاتووە و بریتی بووە لە سیاسەتی قەرەبوکردنەوەی

گروپە بێبەشەکان چ لەلایەن دەسەڵاتە حکومییەکانەوە بێت یان خاوەنکارەکانی کەرتی تایبەت.

# پرۆسەی بەشداریکردنی سیاسی ژنان لە هەرێمی کوردستان

بە گشتی وتوویژ و ئاراستەی گفتوگۆکان سەبارەت بە بەشداریکردنی سیاسی ژنان لە کوردستاندا تێروانینی جیاواز لەخۆ دەگرێت. هەندێک تا ئێستا پێیان وایە بواری سیاسەت ناوەندێک نییە بۆ ژنان کە کاری تێدا بگەن. لایەنێکی دی کە پێچەوانەی ئەم ڕایەی هەیە پۆزەتیفە و پێیان وایە بێ بەشداربوون و بوونی ژنان لە پرۆسەی بریارسازیدا پرۆسەی سیاسی گەشە ناکات و کۆمەڵ ناچێتە پێشەوە. بێگومان هەریەک لەو دوو ئاراستەی بیرکردنەوانە بنەما و هۆکاری خۆی هەیە، بۆیە گرنگە بەگشتی ئاماژەیەک بدەین بە هۆکارە سەرەکییەکانی بەربەستن لەبەردەم بەشداربوونی ژنان لە پرۆسەی بریارسازیدا، بەڵام بۆ ئەوەی واقعبینانە و بابەتییانە لەم بوارە بکۆڵینەوە، پێویستە بە ووردی باس لە کۆی پرۆسەی سیاسی لە کوردستاندا بکەین، ئەو کات دەتوانین بزانین پێگەی ژنان لە کوێی پرۆسەکەدان و چی بکرێت بۆ چارەسەرەکان.

بێگومان قسەکردن لەسەر بەشداری سیاسی تەنها لە دەنگدان و خۆپاڵاوتندا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو فراوانترە، ئەگەرچی بواری سیاسەت لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا لە ئاست نوخبەدا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام هۆشیاری سیاسی بۆ هاوڵاتیان گرنگێتی و کاریگەری خۆی هەیە بۆ خزمەت و گەشەکردنی کۆمەڵ و گۆڕینی ئاراستەی گۆڕانکارییەکان بۆ ئەو مەبەستە.

بە واتایەکی دیکە زۆرن ئەو چالاکییانەی بە بەشداری سیاسی دەژمێرێن، لەوانە هەموو هەوڵێک بۆ گۆڕینی واقعی سیاسی کۆمەڵ، بوون بە ئەندام لە هەر گروپێکی فشار یان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، بەشداربوون لە کۆبونەوە

گشتییەکان، خۆپیشاندان و بەشداری لە گفتوگۆ و شیکارکردن و پێشنیار و هەموو جووڵەیەک کە مانای هاوڵاتیبونی خۆتی تێدا بەرجەستە بێت. وێڕای ئەوەی بەشداریکردنی ژنان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە هەڵبژاردن ئامانج نییە، بەڵکو ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی ژنان بتوانن پلە و پایەی خۆیان لە دامودەزگاکانی دروستکردنی بڕیارەکاندا بەدەستبهێنن، وەبەشداریکردن لە کایەی گشتیدا یەکێکە لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، بۆیە پێویستە ژنان بتوانن ڕۆڵی خۆیان بگێڕن. بەجۆرێك لە ئێستادا بەشداری سیاسی ژنان یەکێکە لە مافە بنەڕەتییەکان کە ڕێکەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکانی بواری مافی مرۆڤ جەختی لەسەر دەکەنەوە بۆ نمونە، بەپێی پەیماننامەی تایبەت بە مافە سیاسییەکانی ژن لە ساڵی ١٩٥٦ دا لە ماددەی دووهەمی باس لەوە دەکات " ژنان ئەهلیەتی یاساییان هەیە بۆ ئەوەی لە دەنگدانی گشتیدا بۆ دامەزراوە نوێنەرایەتییەکان هەڵبژێردرێن، دەبێت لە یاسا نیشتمانییەکاندا کۆمەڵێک هەلومەرج هەبن یەکسانی نێوان ژن و پیاو بەدیبهێنن و بواری هیچ جۆرە جیاکارییەک نادەن".

هەروەها لە ماددەی ٢٥ ی پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنییە سیاسییەکان دەڵێت" هەموو هاوڵاتییەک مافی ئەوەی هەیە بەشداری بکات لە بەڕێوەبردنی ژیانی گشتی ووڵاتەکەیدا، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگەی ژمارەیەک نوێنەری هەڵبژێردراوەوە" هەروەها ڕێکەوتننامەی نەهێشتنی جیاکاری دژی ژنان لە ساڵی ١٩٧٩ دا لە مادەی حەوتیدا باس لە مافی ژن دەکات بۆ دەنگدان لە هەموو جۆرە هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسییە گشتییەکاندا، هەرەوها باس لە لێوەشاوەیی ژن دەکات بۆ خۆپاڵاوتن لە هەموو ئەو دەزگایانەی کە ئەندامەکانیان لە ڕێگەی دەنگدانی گشتییەوە دیاریدەکرێن لەپاڵ ئەوەشدا بۆی هەیە بەشداری بکات لە داڕشتنی سیاسەتەکانی حکومەت لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانە و پڕکردنەوەی پۆستە گشتییەکاندا.

بە دیوێکی تردا مەرج نییە نزمی ئاستی نوێنەرایەتیکردنی ژنان لە پەرلەمان و پۆستە باڵاکانی ئەو ووڵاتانەدا مانای ئەوەیە جیاکاری دژی ژنان لەئارادایە یان ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ژنانە، چونکە گەلێک هۆکار هەن بۆ ئەوەی



کتێبخانەی هەوارگە

ڕێژەی ژنان لەو پلەو پایەو پۆستانەدا کەم بێت لەوانە خۆبەدوورگرتنی ژمارەیەکی زۆری ژنان لەوەی بەشداری کاری حزبایەتی و سیاسەت بکەن. دیارە کاری حزبی و سیاسی دەروازەی یەکەمە بۆ بەشی هەرە زۆری حاڵەتەکانی نوێنەرایەتیکردن لە دامەزراوە سەرۆکایەتییەکاندا لەسەر ئاستی دەوڵەت.

بێگومان بۆ ئەوەی ژنان تەواوی مافە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی خۆیان بەدەستبهێنن، پێویستە ژمارەیەکی زۆری فاکتەرەکان پێکەوە کۆببنەوە، وەک پەرەسەندنی ڕەوشی ئابوری و گەیشتن بە ئاستێکی پێشکەوتووی دیاریکراوی گەشەکردن لە بوارە جیاوازەکاندا ، ڕوودانی گۆڕانکارییەک لە بونیاد و پەیکەری کۆمەڵایەتی و ئابوریدا، هەروەها ڕوودانی گۆڕانکاری لە کەلتور و چەمکە کۆمەڵایەتییەکاندا کە دیدی کۆمەڵ بۆ ژن دیاری دەکەن. ئەمەش پرۆسەیەکی درێژخایەنە کە بە پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی دەستپێدەکات .

# پرۆسەی بڕیارسازی لە هەرێمی کوردستان

هەندێک لە شارەزایان پێیان وایە سیاسەت وەک زانستی وەرگرتنی بڕیار ناوزەند دەکەن، ئەمەش لەسەر بناغەی گریمانەی بڕیاروەرگرتنە لە زانستی سیاسەتدا، چونکە وەرگرتنی بڕیار یەکێکە لە سەرەکیترین پرۆسەکانی بەڕێوەبردن کە پێویستە لە نیوەندی زیاد لە هەڵبژاردەیەک باشترینیان هەڵبژێریت  کە بەر لەوەش پێویستە کەسی بڕیاردەر بەئاگابوون و زانیاری تەواوی لەسەر هەموو لایەنەکانی بابەتەکە  هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت بڕیارێکی دروست بدات. پاشان زانیارییەکان شی بکاتەوە و بەپێی ئەولەویەتی ئامانجەکان بڕیاری لێ بدات. لێرەدا ئەوەی گرنگە بیرکردنەوەیە لە بوونی بەدیل- ئەلتەرناتیف بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان. بێگومان کەلتوری سیاسی، بارودۆخی کۆمەڵ، کەسایەتی و عەقڵی بڕیاردەر و چەندین فاکتەری دیکە ڕۆڵی هەیە لەم پرۆسەیەدا.

لە هەموو جیهاندا سستمی سیاسی بریتییە لە سێ دەسەڵاتی سەرەکی کە پایەکانی بەڕێوەبردن و دامەزراوەکانی لەسەر بونیاد دەنرێ، ئەوانیش بریتین لە دەسەڵاتی پەرلەمانی و جێبەجێکردن و  دادوەریی. کە هەریەک لەم سێ دەسەڵاتە سەربەخۆ

و پەیوەندیدار و گرێدراون پێکەوە و هەریەکەیان، جگە لەخۆیان هیچ هەیمەنەیەکی تاکلایەنە و گروپ و کەسایەتییەکیان لەسەروو خۆیانەوە نییە. ئەمەش بێگومان لە وولاتە دیموکراسییەکاندا بە تەواوی جێگیرە و پەیڕەو دەکرێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا پێچەوانەکەی پەیڕەو دەکرێت وەک زۆرێک لە وولاتانی ڕۆژهەڵات کە هەمیشە وەک قەوارەی سیاسی دەسەڵاتەکان بوونیان هەیە لە سستمی حوکمڕانیدا، بەڵام لە ڕووی سەربەخۆبوونی دامەزراوەکان خاڵییە لە دەسەڵات . بە واتایەکی دیکە لە کوردستاندا بوونی هەرسێ دەسەڵاتەکە هەیە ، بەڵام هیچ کام لەو دەسەڵاتانە سەربەخۆیەتیان نییە لە بڕیارداندا. هەیمەنەی حزبی و دەسەڵاتی تاکلایەنەی سەرکردەکان هەمیشە هێزیان زیاترە و ئاڕاستەی بڕیارەکان بە ویست و خواست و بەرژەوەندی خۆیان دەگۆڕن.

بوونی ئەم واقعەیە بۆتە هۆی نەبوونی گۆڕانکاری ڕیشەیی لە ژیانی کۆمەڵ و سەرجەم کایەکان و هێنانەکایەوەی قەیرانی یەک لەدوای یەک، بۆ نموونە زۆرن ئەو هەوڵانەی لە ئاست تاکەکەسی و کۆمەڵ و لایەنەکاندا هەوڵ دراوە بۆ گۆڕینی ئەو واقعە، بەڵام دەسەڵاتداران و لایەنە سیاسییەکان بەگشتی نەیانهێشتووە بە ئاکام و ئەنجام بگات. دوا نموونەی هەوڵەکان کە لە مێژووی پەرلەمانی کوردستاندا کاری لەسەرکرا، تەواوبونی ماوەی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم بوو لە ٢٠١٥\٨\٢٠ دا بە پێی یاسا کە پەرلەمان هەوڵی زۆریدا هەیمەنەی دەسەڵات بگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمان، بەڵام دەرئەنجام لاوازی و یەکنەگرتوویی حزبە سیاسییەکان بە تایبەت هەڵوێستی جیاوازی ئەندامانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بەوەی هەندێکیان نەچوونە هۆڵی پەرلەمانەوە لە کۆبونەوەی ٢٠١٥\٨\١٩ دا و بەوەش نیسابی یاسایی تەواو نەبوو، هەروەها بەشدارنەبوونی ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێگریکردنیان لە ئەنجامدانی کۆبونەوەکە و پێداگیرکردنیان لەسەر مانەوەی مەسعود بارزانی وەک سەرۆک، نەک تەنها بوونە هۆی شکاندنی شکۆیی و سەربەخۆیی پەرلەمان، بەڵکو هەموو ئەو کەس و لایەنانەی بەشداربوون لە پێشیلکردنی یاسا و مانەوەی سەرۆکی هەرێم بەشێوەیەکی نایاسایی، دژ بە بنەماکانی دیموکراسی و دواخستنی پرۆسەی گەشەکردن و مەدەنی بوون لە کوردستاندا و بەوەش ناسنامە و مێژووی چەندین ساڵەی هەرێمی

کوردستانیان خستە ژێر پرسیارەوە لە ئاست ناوخۆ و جیهاندا، چونکە هەمیشە سەرجەم پارتە سیاسییەکان لە بانگەشەی دیموکراسیدا بوون و باسیان لەوە دەکرد کە کوردستان نموونەی ئەزموونی باشە و پێویستە عێراق لە پاش ڕوخانی رژێمی بەعس لە کوردستاندا لە ساڵی (٢٠٠٣) ەوە چاوی لێبکات و سوودی لێوەربگرێت، بەڵام نەک هەر نەیانتوانی ئەو ئامانجە بپێکن و ئەزموونی چەندین ساڵەی کوردستان بپارێزن یان سەرجەم دروشمەکانی چەندین ساڵەی بانگەشەی بۆ دەکەن بیخەنە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵکو کۆی پێشکەوتن و ئاوەدانکردنەوە و پرۆسەی دیموکراسی و ژێرخانی ئابوری و ژیانیان لە کوردستاندا پاشەکشە پێکرد و هەرێمی کوردستانیان گەڕاندەوە بۆ قۆناغی سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان لە ڕووی سیاسییەوە ...هتد

ئەمە جگە لەوەی ئەو هەڵویستەی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت شکستهێنان بە کۆبونەوەی پەرلەمان لە ڕۆژی ٢٠١٥\٨\٢٠ دا بە مەبەستی تێپەڕاندنی پرسی سەرۆکایەتی هەرێم بە شێوەیەکی نایاسایی، کاردانەوەی نایاسایی تری بەخۆوە ڕاکێش کرد لە لایەن پارتییەوە کە بە هەڵەیەکی مێژوویی سیاسی ناوزەند دەکرێت لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی و ئاستی جیهان بەگشتی، ئەوەش بریتی بوو لە ڕێگریکردن لە سەرۆکی پەرلەمان و چەند پەرلەمانتارێک لەگەڵیدا لە ڕۆژی ١٠\١٢ لە بازگەی پردێ- هەولێر بۆ ناو شاری هەولێر، پاشان ناردنەوەی وەزیرەکانی گۆڕان و سەندنەوەی وەزارەت لێیان بە تایبەت لە کاتێکدا کوردستان بەو پەڕی قەیرانی دارایی سەختدا تێدەپەڕی، پارتی دیموکراتی کوردستان بە بڕیارێکی تاکلایەنەی حزبی وەزیری دارایی نارده ماڵەوە ولە هەمان کاتدا وەزیری پێشمەرگەش، لە کاتێکدا شەڕی داعش لەوپەڕی جەنگدا بوو لەگەڵ کوردستاندا. ئەمە وێڕای پڕکردنەوەی پۆستی وەزیرەکان لەلایەن خۆیانەوە .... هتد

بۆیە گەورەترین قەیرانی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە نەبوونی دەستور و نەبوونی سستمی سیاسی سەربەخۆ کە چەندین ساڵە بەهۆی ناکۆکی و بۆچوونە جیاوازەکانی حزبە سیاسییەکان لە کوردستاندا نەیانتوانی دەستورێکی تایبەت بە کوردستان بهێننە ئاراوە ، ئەوەش وایکردووە هەموو بڕیارەکانی دەدرێن لە حزبە سیاسییەکانەوە دەربچێت و حزبەکان ببنە سەرچاوەی سەرەکی

یەکلاکردنەوەی کێشە و بڕیارەکانی دەدرێن لە سەرجەم ناوەندەکاندا و لەهەمان کاتدا پارتی خۆی بە حزبی حاکم بزانێت و ڕێ بە خۆی بدات پێشێلی هەموو یاساکان بکات وهەموو حزبەکانی تریش (ئەگەرچی بە دەنگی خەڵک کورسییەکانیان بەدەستهێناوە) بیەوێت بیانکاتە پاشکۆی خۆیان کە ئەمە لەهیچ سستمێکی حوکمڕانیدا نەبووە و ئامادەیش بێت باس لە دیموکراسیەت بکات کە خودی هەموو ئەو هەڵوێستانە بە کاری دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر ناوزەند دەکرێت.

بە واتایەکی دیکە حزبەکان لە کوردستاندا بوونەتە مەرجەعی سەرەکی نێوەندی بڕیارسازی بۆ پەرلەمان و حکومەت و تەنانەت دەستێوەردانی ئاشکرایان هەیە بۆ نێو دەسەڵاتی دادوەری هەر کات بیانەوێت، کە لە سستمی دیموکراسیدا ئەمە پێچەوانەیە و حزب ئەوەندە کاری خۆی دەکات کە نوێنەرەکانی دەگەیەنێتە پەرلەمان و حکومەت و بە کەسانی تەکنۆکرات، دامودەزگاکانی حکومەت بەڕێوە دەبات و هیچ دەستتێوەردانێکیشی نابێت بۆ دەسەڵاتی دادوەری.

لە کوردستاندا قەیرانەکە یان گرفتەکە لەوە قوڵترە بەوەی لەناو خودی پارتە سیاسییەکاندا پرۆسەی بڕیاردان یان دروستکردنی بڕیار تەنها لە لایەن کەسێکەوە یان هەندێ جار دەستەگەرییەکی دیاریکراوی ناو حزبەکەوە دەدرێت، بەو واتایەی لە کوردستاندا بەگشتی ئەوەندەی پرۆسەی وەرگرتنی بڕیار هەیە، ئەوەندە گرنگی نەدراوە بە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار کە دروستترین و ڕاسترینە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا، چونکە لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا بەشداریکردنی زۆرینە یان هەمووان ڕۆڵی گرنگ و سەرەکی دەبینێت بۆ گەیشتن بە باشترین بڕیار لە بەرژەوەندی گشتدا، نەک تاک کە ئەم قۆناغە کاریگەرترین و قورسترین و گرنگترین قۆناغە کە ڕاکێشی وەرگرتنی باشترین بڕیاری لێدەکەوێتەوە بۆ خزمەتی هەمووان و گشت.

ئەمە وێڕای ئەوەی هەمووان بەشدار دەبن، هەموانیش بەرپرسیارێتی دەرئەنجامی بڕیارەکە لەئەستۆ دەگرن کە ئەم لایەنە لە حوکمڕانی کوردیدا غیابی هەیە. بۆ نموونە، ئەوە کەسێکی دەسەڵاتدارە لە ناو مەکتەبی سیاسی حزبەکاندا زۆر جار بێ ئاگابوونی ئەندامەکان ڕێکەوتننامەی چارەنوسسازیش واژوو دەکەن. ئەوە لایەنێکی دەستەگەریی ناو پارتێکی سیاسییە لەناو خودی پارتەکەدا

ڕێکدەکەون و کەس و لایەنەکانی تر فەرامۆش دەکەن و بڕیار دەدەن بێ ئاگابوون وحسابیۆکردنی ئەوانی دیکە. ئەوە دەستەیەکی دیاریکراوی حزبێکی سیاسییە دوور لە بەشدارپێکردنی ئەندام و کادرەکانی بڕیاری چارەنوسساز دەدەن و دواتر ئەندامەکانیان ناچار دەکەن ملکەچی بڕیارەکانیان بن، گەر ڕەزامەندیش نەبن لەسەر بۆچوون و بڕیارەکان. یاخود ڕێگنەدان یان گوێنەگرتن لە سەرنج و ڕەخنە و پێشنیازەکانی زۆرێک لە ئەندامان و کادری حزبەکان لە نێوەندی مێژووی کۆنگرەکانیاندا نموونەیەکی تری بەرجەستەیە کە بەهۆیەوە وا دەکات زوربەی کۆنگرەکانی حزبە سیاسییەکان هیچ گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی و بنەڕەتی بەدینەکرێت چ لە ناوەڕۆکی بەرنامە و پەیڕەوە و پرۆگرامەکانیاندا و چ لە گۆڕینی کەسایەتییەکاندا کە لە ناوەندی بڕیارسازی حزبدان...هتد

لە کاتێکدا ڕاستی پرۆسەکە بەشداربوون و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی هەمووانە لە بڕیارەکاندا کە دەرئەنجام نەبوونی ئەم پرنسیپە گرفت و کێشە و ئاڵۆزی زۆر دەخوڵقێنێت چ لەناو ئەندامەکانی پارتە سیاسییەکە و چ بۆ چارەنوسی نادیاری پارتەکە و چ بۆ زیانگەیشتن بە چارەنوسی کۆمەڵ، چونکە دواجار بڕیاری دروست ئەو بڕیارانە دەبن کە زیاد لە هەڵبژاردەیەک لەبەردەم تاکەکاندا هەبێت، نەک یەکێک و بسەپێنرێت لە هەمان کاتدا.

لە ڕوانگەی ئەو واقعە سیاسییەوە، پرسیارێک دێتە ئاراوە بەوەی ئاخۆ پێگەو بەشداری ژنان لە پرۆسەی سیاسیدا لە کوێدا خۆی دەبینێتەوە؟

بێگومان گەر واقعی سیاسی لە هەر کۆمەڵێکدا خۆی لەخۆیدا پێواری پرۆسەی ڕاستەقینەی سیاسی لەخۆ بگرێت و خودی دامەزراوەکان دامەزراوەیی نەبن. نەک خودی پیاوەکان بە فعلی بەشداربوون و بڕیاردانیان نابێت، بەڵکو ژنانیش لەو نێوەندەدا دووئەوەندە بەشداربوونی ڕاستەقینەیان زەحمەت دەبێت ، جارێک بەهۆی ئەندامبونییانەوە و جارێکی دی بەهۆی ژنبونییانەوە .ئەمەش بەهۆی گرفتی ئەوەی تا ئێستا بوونی سستم بەدیناکرێت لە نێوەندی سەرجەم حزبەکاندا، هێندەی میزاج و دەستەگەریی و بنەماڵەیی و عەقڵیەتی پیاوسالاری ڕۆڵ دەگێڕێت.

بوونی ئەو واقعەیە وایکردووە ڕیژە و ژمارەی ژنان و بونیان لە نێوەندی هەر سێ دەسەڵاتەکە بەگشتی و نێوەندی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتە سیاسییەکان

بە تایبەتی وەک وجود بونیان نەبێت و گەر هەشبن ڕێژەیان کەمە، لەوەش زیاتر لە پرۆسەی بڕیارداندا بەشداریان پێناکرێت. کەواتە گرفتەکە بۆ ژنان دوولایەنەیە، لە لایەک بەهۆی نەبوون یان کەمی ڕێژەیانەوەیە لە نێوەندی بڕیارەکاندا و لە لایەکی دیکەش بەگشتی لە پرۆسەی بڕیارسازیدا بەشدار پێناکرێن.
بۆیە جوڵانەوەی دەستەجەمعی و یەکگرتوویی خودی ژنان بۆ بەشداربوون لە پرۆسەی سیاسی و بڕیارسازیدا زەرورەت و پێویستە و بگرە مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ بەشداریکردنی ڕاستەقینەی ژنان لە سیاسەتدا.
ئەمە جگە لە گرنگی کارکردنی خودی ژنان لەسەر خۆیان کە سیاسەت و نێوەندی بڕیارسازی لەلایەن خەم و ئامانجیان بێت بۆ چەسپاندنی ڕۆڵ و کاریگەریان وەک مرۆڤ و وەک ژن، نەک ئەوەی پەسەندی بکەن کە تەنها ژمارەیەک بن بۆ زیادبوونی ژمارەو ڕێژەیان وەک پڕکردنەوەی پۆستەکان کە خودی ئەو تێڕوانینە دوورە لە هەقیقەتی خەبات وهەوڵەکانی ڕێکخراوەکانی ژنان بۆ بوونی ژنان لە نێوەندی بڕیارسازیدا. چونکە بەداخەوە تا ئێستا ژنانی نێوحزبە سیاسییەکان بەگشتی نەیانتوانیوە وەک کوتلەیەکی یەکگرتوو لەناو خودی حزبەکانی خۆیان یەکگرتوانە فشاری ڕاستەقینە بن بۆ گۆڕینی بەرنامەی حزبەکان، چەسپاندنی ڕێژەی پێویست لەناو سەرجەم پۆستەکانی حزب و ڕاگرتنی باڵانسی جێندەری نێو ئۆرگانەکان و فشارخستنە سەر دەسەڵاتدارانی حزبەکانیان، لایەنێکی گرنگی کێشەکانە.

## جیاوازی نێوان کرداری دروستکردن و وەرگرتنی بڕیار

جیاکاری لە نێوان هەردوو چەمکی دروستکردنی بڕیار و وەرگرتنی بڕیار گرنگیتی خۆی هەیە کە لای زۆرێک وەک یەک شیکاری بۆ دەکرێت یان بەیەک کردار سەیر دەکرێت.
کرداری دروستکردنی بڕیار کردارێکی فراوانە زیاد لەیەک قۆناغ لەخۆ دەگرێت، بەڵام وەرگرتنی بریار دواقۆناغی کرداری دروستکردنی بڕیار دەگرێتەخۆ بەو شێوەیە قۆناغێکە لە کرداری دروستکردنی بڕیار، نەک هەمان مانا ببەخشیت.

چونکە بڕیار، ووشەیەکی لاتینییە و بە مانای دابڕان یان جیاکردنەوە دێت، واتە سەرکەوتنی لایەک بەسەر ئەوانی تردا. بابەتی دروستکردن و وەرگرتنی بڕیار پەیوەستە بە سەرکردەوە. سەرکردەی باش بە مانا فراوانەکەی بریتییە لە بڕیار .
وە بڕیار دوو جۆرە : بڕیاری تاک و کۆمەڵ.
وە دروستکردنی بڕیار، بریتییە لە زنجیرەیەک کاردانەوەی تاکی و کۆمەڵ کە بە هەڵبژاردنی بەدیلێکی گونجاو کۆتایی دێت لە ڕوبەڕوبونەوەی هەڵوێستێکی دیاریکراودا.

ئەمە جگە لەوەی باشترین ژینگە بۆ بڕیاردان دیموکراسییەتە کە لەسەر بیروباوەڕی بەشداری و ڕاوەرگرتن بونیاد دەنرێت. هەروەها پشتبەستنی دەسەڵات لەسەر زانیاری و زانین و تواناکان نەک ناسین ودەسەڵات و هێز.

## جیاوازی نێوان وەرگر و دروستکەری بڕیار

دروستکەری بڕیار خۆی بڕیارەکە دەدات بە پێی مەرجی دیاریکراوو دایئەڕێژێتەوە و بەرپرسیارێتی هەڵدەگرێت. بەڵام وەرگری بڕیارەکە بڕیارەکە هەڵدەبژێرێت کە پێشتر دەگونجێت لەگەڵ مەرجەکانی بونیان هەیە، پاشان دەست دەکات بە جێبەجێکردنی، بێ لادان لەو مەرجانە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە قۆناغی وەرگرتنی بڕیار لە ڕاستیدا کارێکی کارگێڕییە (بەڕێوەبردن) تەنها لایەنێک دەگرێتەخۆ لە کرداری دروستکردنی بڕیاردا. بۆیە دروستکردنی بڕیار بە مانای وەرگرتنی بڕیار نایەت بە تەنها، بەڵکو بە واتای ڕێکخستن یان کردارێکی ئاڵۆزە کۆمەڵێک فاکتەری جیاوازی دەرونی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ...تێهەڵکیشی دەبێت.

زوربەی بڕیارەکان لە شوێنێکدا دروست دەکرێت لەڕێی کۆمەڵێکەوە بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بریارێکی بەکۆمەڵی لێدەربچێت، بەڵام دروستکەری بڕیار پێویستە بە شێوەیەکی عەقڵی بڕیارەکەی خۆی وەربگرێت لە کاتێکدا چەمکی دروستکردنی بڕیار لەئارادا دەبێت ئەو کاتەی وەرگرتنی بڕیار بەسەر زیاد لە تاکێکدا دابەش دەبێت، لە کاتێکدا وەرگرتنی بڕیار تایبەت دەبێت بە جێبەجێکردنی بڕیارەکە

# مێژووی کۆتا و سەرهەڵدانی

لە ڕووی مێژووییەوە سەرچاوەی سەرەکی کۆتا دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی Affirmative action کە بۆ یەکەمجار لەلایەن وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەکارهات، بەمەبەستی قەرەبوکردنەوەی کەمینە و کۆمەڵە بەشخوراوەکان، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتە حکومی و خاوەن کارەکانەوە لە کەرتی تایبەتدا لە بنەڕەتەوە هەڵقوڵاوی بزوتنەوەی مافە مەدەنییەکانە و پەیوەستە بە ڕەشپێستەکانەوە کە بۆ یەکەمجار سەرۆك کیندی ساڵی ١٩٦١ بەکاری هێنا و پاشان جونسون لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٥ بەکاریهێنا بەو شێوەیە سستمی کۆتا لایەنەکانی ناچار کرد بە دانانی ڕێژەیەکی دیاریکراو لەو خوێندکارانەی سەر بە کەمینەیەکن دوابەدوای ئەوە جونسون بەدواداچوونی بۆکرد لەبەرنامەکەیدا کە نوێنەرایەتی بەشێك لە جەنگی هەژاری دەکات لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٥کە بووەهۆی جێبەجێکردنی بەشێکی ڕێژەیی کە لایەنەکان پابەند دەکات بە دابینکردنی ڕێژەیەکی دیاریکراو لە خوێندکارانی وەرگیراو تیایدا کە ئینتمایان بۆ کەمینەکان هەیە، بەڵام قسەکردن لەسەر کۆتای ژنان وەك داخوازییەکی مافی خۆیان لە بەستنی کۆنگرەی چوارەمی ژنانی جیهان هەڵقوڵا لە بیجینغ ساڵی ١٩٩٥ کە بڕیاری لێدرا وەك مەبدەئێکی جیاکاری ئیجابی کە یارمەتیدەر دەبێت لە چالاککردنی بەشداری ژنان لە ژیانی گشتیدا، بۆ بەدیهێنانی گەیشتن بە ڕێژەیەك کە کەمتر نەبێت لە ٣٠% لە سنوری ساڵی ٢٠٠٥ دا.

لەوکاتەوە ئەو چەمکە بە پلەیەکی زۆر بەکارهات بۆ ئاماژەکردن بە دیاریکردنی ڕێژە یان ژمارەیەکی دیاریکراو لە کورسییەکانی دەستە هەڵبژێردراوەکانی (پەرلەمان و ئەنجومەنی شارەوانییەکان) بۆ ژنان، ئەوەش بەمەبەستی زامنکردنی گەیشتنی ژنان بۆ ناوەندەکانی تەشریع و بڕیارسازی. لەو ڕوانگەیەی کۆتا یەکێکە لە چارەسەرە کاتییەکانی کە وولاتان و کۆمەڵەکان پەنای بۆ دەبەن بۆ بەهێزکردنی بەشداری ژنان لە ژیانی گشتیدا.

پاش ئەوە لەلایەن بزوتنەوەکانی ژنانەوە داخوازی لەسەرکرا و بەو شێوەیە لە وولاتانی تردا تەشەنەی سەند کە تیایدا کەمینەکان هەست دەکەن لە مافەکانیان بێبەشن.

## چەسپاندنی کۆتا لە ڕووی یاساییەوە

سستمی کۆتا دەتوانرێت بە سێ جۆر لە نێوەندی یاسادا بچەسپێت، ئەوانەش بریتین لە :

١. دەقە دەستورییەکان، وەك ئەوەی دەوڵەتی عێراق لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقدا بۆ قۆناغی گواستنەوە و دەستوری عێراقی بەردەوامدا چەسپاندنی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی بۆ قۆناغی گواستنەوە و دەستوری بەردەوامی عێراقی، لە ماددەی ٣٠ برگەی ج تیایدا هاتووە " کۆمەڵەی نیشتمانی ڕێژەیەك بۆ نوێنەرایەتی ژنان هەڵدەبژێرێت کە کەمتر نەبێت لە چارەکی ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی، هەروەها دەقی دەستووری کە ڕەزامەندی لەسەر درا لەلایەن زوربەی گەلی عێراقەوە لە ڕاپرسییەکدا کە لە ٢٠٠٥/١٠/١٥ ئەنجامدرا .

لە ماددەی ٤٧/ چوارەم دا هاتووە کە یاسایەکی تایبەت بە هەڵبژاردنەکانە بەشێوەیەك ڕێژەی نوێنەرایەتی ژنان نابێت لە چارەکی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کەمتر بێت واتە ٢٥% کەمتر نەبێت.

٢. یاسای هەڵبژاردنی عێراقی ژمارە ١٦ ی ساڵی ٢٠٠٥ کە لەلایەن کۆمەڵەی نیشتمانی دەرچوو لە ١٢/ ئەیلولی ٢٠٠٥ دا جەخت لە سستمی کۆتای ژنان دەکاتەوە لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا بە پێی ئەو دەقەی لە دەستورەکەدا هاتووە. بۆیە لە ماددەی ١١ دا هاتووە " لە لیستێکدا دەبێت لایەنی کەم لە نێو سێ پاڵێوراودا ژنێك هەبێت هەروەك لە نێو شەش پاڵێوراودا دوو ژن دەبێت بونیان هەبێت بە لایەنی کەمەوە و بەو شێوەیە تا کۆتایی لیستەکە"

گرنگ بوونی ڕێژەکەیە کە لە ٢٥% کەمتر نەبێت، خۆ ئەگەر ژنان لە هەر هەڵبژاردنێکدا بە ڕێژەیەکی زیاتر لەوە دەرچوون دەتوانن وەك مافێکی خۆیان بونیان هەبێت.

٣. سستم ولائحەکانی لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە دەرچووە ومەبەست لێی ئەو سستمانەی لە لایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە دەرچووە بە پێی ماددەی ٢٩ لە یاسای هەڵبژاردن کە دەسەڵاتی تەواویداوە بە مفەوەزیەکە بۆ دەرکردنی یاسای تایبەت بە هەڵبژاردنەکان کە تیادا ڕەچاوی مەسەلەی کۆتای ژنانی کردووە بەپێی نیزامی ژمارە ٩ ی ساڵی ٢٠٠٥ کە لە بەشی چوارەمی ( م٤/ف١-٢) دا هاتووە "لە لیستی پاڵێوراواندا، مەرجە لە هەر لیستێکدا دەبێت لایەنی کەم ژنێك هەبێت لە نێوەندی سێ پاڵێوراوی یەکەمدا بەو شێوەیە تا کۆتایی لیستەکە" ، هەروەها نیزامی ژمارە ١٧ ی ساڵی ٢٠٠٥ کە تایبەتە بە دابەشبوونی کورسییەکان بە دەقێك لە ماددەی٣ دەڵێت" لەکاتی مردنی پاڵێوراوێکدا یان لابردنی لە لیستی پاڵێوراودا پێش دابەشبونی کورسییەکان کێ لەدوای پاڵێوراوەکەوە هاتووە لە لیستەکەدا ئەو کەسە دەچێتە بری ".

## هەڵوێستەکان سەبارەت کۆتای ژنان

لە ڕووی فقهەوە: دوو هەڵوێستی جیاوازیان لەخۆگرتووە: یەکەمیان لایەنگرانی کۆتای ژنان و ئەویتریان پێچەوانەکەی و بێگومان هەر لایەنێك یان ڕایەك لەو هەڵوێستانە بەپێی تێڕوانینی خۆیان پشتئەستورە بە کۆمەڵێك بەڵگە و سەلماندنی جۆربەجۆر کە هەریەکەیان باوەڕیان پێیەتی.

لە ڕووی تەشریعییەوە: بە هەمان شێوە بەسەر دوو ڕای جیاوازدا دابەشبووە لە نێوان لایەنگران و پێچەوانەکەیدا کە زوربەیان ڕەتیدەکەنەوە کە کۆتا هەبێت بۆ ژنان، لە ڕوانگەی ئەوەی دوورە لە بیروباوەڕی یەکسانییەوە، لەوانە تەشریعاتی ١٤ ووڵات لەوانە: تونس، جەزائر، یەمەن، لوبنان، کوەیت، سعودیە، قەتەر، بەحرین، ئیمارات، عەممان، موریتانیا، میسر، سوریا، ئەمریکا، هند، ئوسترالیا و

کەندا. بەڵام نموونەی هەندێ لەو وولاتانەی لایەنگرن بۆ بوونی سستمی کۆتای ژنان بریتین لە:

- فەرەنسا: کە سستمی کۆتای سەپاند بە نیوەیی، ساڵی ٢٠٠٠ م و ناونرا بە یاسای وەکیەکی بەو شێوەیە پەرلەمانی فەرەنسی پێکهاتووە لە وەکیەکی نێوان ژنان و پیاوان.

هەروەها سستمی کۆتا لە کاری سیاسی چەسپا لە چوارچێوەی حزبە سیاسییەکاندا، ئەوەش بە دیاریکردنی ڕێژەیەکی دیاریکراو لە ناوەندی سەرکردایەتی حزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی ژنان، ئەزموونی پێشتر هەیە لەم بوارەدا و بەتایبەتی لە حزبە چەپەکان و نێوەندی ئەوروپییەکاندا.

- ئەڵمانیا: حزبی سەوز کاری بە کۆتا کرد لە ساڵی ١٩٨٠ م وە ئیشتراکییە دیموکراتەکان لە ساڵی ١٩٨٨ م و حزبی دیموکراتی مەسیحی لە ساڵی ١٩٩٦ م، بەڵام لە سوید حزبی چەپ کۆتای حزبی پێشخست لە ساڵی ١٩٩٠ و حزبی دیموکراتی مەسیحیش لە ساڵی ١٩٩٣م.
- مەغرب: ٣٠ کورسی لە کۆی ٣٢٥ کورسی لە بەرلەماندا.
- ئەردەن: ٦ کورسی بەپێی گۆڕینی یاسای هەڵبژاردنی ژمارە ١١ - ساڵی ٢٠٠٣ .
- سودان: ڕێژەیەك لە نێوان ١٠- ٣٥ کورسی بۆ ژنان.
- عێراق: چارەکی کۆی ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان کە دەکاتە ٢٥% لە کۆی ٢٧٥ ئەندام.
- فەلەستین: ماددەی ٤ ی یاسای هەڵبژاردنی ژمارە ٩ ی ساڵی ٢٠٠٥ سەبارەت بە نوێنەرایەتی ژنان دەڵێت" دەبێت هەر لیستێك لە لیستەکانی هەڵبژاردن ژمارەی ژنان دابنێ بەشێوەیەك کەمتر نەبێت لەیەك ژن لە نێوان هەریەك لە:

- سێ ناوی یەکەمی لیستەکە.
- چوار ناوی دوای ئەو سێ ناوی یەکەمە.
- هەر پێنج ناوێك لەدوای ئەوەوە بەردەوام دەبێت بە بوونی ژنێك.

- میسر: پەرلەمانی میسری سستمی کۆتای ژنانی بە یاسای ژمارە ٢١ ی ساڵی ١٩٧٩ م چەسپاند بە بوونی هەر کورسییەك کە نوێنەرایەتی ژنانی لە پەرلەماندا چەسپاند بە ڕێژەی کەمتر نەبێت لە ٣٠ کورسییەك لەهەر پارێزگایەکدا لایەنی کەم.

وە لە ساڵی ١٩٧٩م پەرلەمانی میسری بازدانێکی گەورەی بەخۆوە دی لە نوێنەرایەتیکردنی ژنان بەشێوەیەك ژنان ٣٥ کورسیان بەدەستهێنا و بووە ٣٦ کورسی لە ساڵی ١٩٨٤م، وێڕای ئەوەی شۆڕشی٢٥ ینایر بەشدارییەکی چالاکانەی ژنانی میسری بەخۆوە دی، بەڵام تەشریعاتەکانی پاش شۆڕش سستمی کۆتای ژنانی ئیلغاکردەوە. بەوەش دەرئەنجام نوێنەرایەتییەکی کەمی ژنانی هێنایە کایەوە لەهەڵبژاردنە پەرلەمانییەکاندا کە میسر بەخۆیەوە دی لەو دواییەدا بەشێوەیەك ٩ ژن تەنها سەرکەوتن و نوێنەرایەتیکردنەکە ڕێژەی زیاتر نییە لە ٧و١% ی کورسییەکانی پەرلەمانی لە ئێستادا. هەڵوێستی ڕێکەوتننامە و کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە کۆتای ژنان

هەندێ لە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لایەنگری کۆتای ژنانن، ئەگەرچی بە کاتی ناوزەندی دەکەن کە مەبەست لێی بەدیهێنانی یەکسانییە لە نێوان ژنان و پیاواندا یان بە ئامانجی پەلەکردن لێی لەوانە:

ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بۆ لەناوچوونی هەموو شێوازێکی توندوتیژی ڕەگەزی دژی ژنان. وە ماددەی ٢١ ی ڕاگەیاندننامەی جیهانی کە دەقەکەی دەڵێت" هەموو تاکێك مافێ هەیە لە بەڕێوەبردنی کاروباری وولاتەکەی بەگشت".

- هەموو کەسێك مافی یەکسانی هەیە لە ڕادەستکردنی وەزیفە گشتییەکان لە وولاتەکەیدا. وە لە ماددەی ٢٥ ی پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان دەڵێت" هەموو هاوڵاتییەك سوود و چێژ لە ماف و دەرفەتەکان

وەردەگرێت بێ هیچ جیاکارییەکی ناوبراو لە ماددەی ٢ و بێ هیچ کۆت و بەندێکی دژ بە عەقڵ.

- بەشدار بێت لە بەڕیوەبردنی کاروباری گشتی یان ڕاستەوخۆ یان بەهۆی نوێنەرانی هەڵبژاردە بە شێوەیەکی ئازادانە.

- لە ڕێی دەنگدانی گشتییەوە هەڵبژێردرێت وهەڵبژاردنی هەبێت لە هەڵبژاردنێکی پاك کە بەشێوەیەکی دەوری ڕوو بدات .

ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەگژاچونەوەی هەموو جۆرە شێوازێکی ڕەگەزی لە ماددەی (٥) دا دەڵێت" وولاتانی دەوروبەر پەیمان دەدەن بە ڕەتکردنەوەی جیاکاری و بەگژاچونەوەی بەهەموو شێوەیەك، وەزامنکردنی مافەکانی هەمووان بێ جیاکاری لەسەر بنەمای ڕەگەز، ڕەنگ، ڕەچەڵەکی نیشتمانی، هەروەها ئاماژەی بە مافە سیاسییەکان کردووە لەوانە مافی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا- واتە دەنگدان و پاڵاوتن بۆ هەڵبژاردنەکان- بە دەنگدانی گشتی یەکسان و مافی بەشداریکردن لە حکومەت و بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی لەسەر هەر ئاستێك و ڕادەستکردنی وەزیفە گشتییەکان لەگەڵ هەر کەسێکی تر بۆ هێنانەکایەی یەکسانی.

بە پێی ڕێکەوتننامەی بەگژاچونەوەی هەموو جۆرە شێوازێکی جیاکاری دژ بە ژنان ماددەی ٧ "وولاتانی دەوروبەر ڕێوشوێنی گونجاو دەگرێتەبەر بۆ بەگژاچونەوەی هەموو شێوازێکی توندوتیژی دژ بەژنان لە ژیانی وولاتانی سیاسی و گشتیدا، ئەوە زامنی یەکسانی ژنان دەکات لەگەڵ پیاواندا، مافی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا، ڕاپرسییە گشتییەکان بەگشتی و ئەهلیەتی بۆ پاڵاوتن بۆ هەموو دەستەکانی ئەندامەکانی هەڵدەبژێرێن بە دەنگدانی گشتی".

بەپێی ڕێکەوتننامەی تایبەت بە مافە سیاسییەکانی ژنان ماددەی ٢ " ژنان ئەهلیەتی پاڵاوتنیان هەیە بۆ گشت دەستەکان کە ئەندامەکانی بە دەنگدانی گشتی هەڵدەبژێرێن وە لەسەر بنەمای تەشریعی نیشتمانی بونیادنراوە بۆ پێشکەوتنی یەکسانی لەگەڵ پیاواندا بێ هیچ جیاکارییەك" ، بەڵام ماددەی ٣ دەقەکەی دەڵێت:

" ژنان ئەهلییەتیان هەیە بۆ وەرگرتنی پۆستە گشتییەکان و مومارەسەکردنی وەزیفە گشتییەکان بەگشتی لەسەر بنەمای تەشریعی نیشتمانی، بەمەبەستی بەرەوپێشبردنی یەکسانی لەگەڵ پیاواندا بێ هیچ جیاکارییەك".

پەیوەستنامەی ئەفریقی بۆ مافەکانی مرۆڤ و گەلان لە ماددەی ١٣ دا دەڵێت:

"هەرهاوڵاتییەك مافی هەیە لە ئازادی بەشداریکردن لە حکومەتی وواڵتەکەیدا، گەر ڕاستەوخۆ بێت یان بەهۆی نوێنەرانی هەڵبژاردنێکی ئازادانە بەپێی حوکمەکانی یاسا". وە لە ڕێکەوتننامەی ئەمریکی بۆ مافەکانی مرۆڤ، لە ماددەی ٢٣ مافی بەشداری لە حکومەتدا هاتووە: "بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی گەر ڕاستەوخۆ بێت یان بەهۆی نوێنەری هەڵبژاردنیکی ئازاد بێت" بەڵام ڕاگەیاندننامەی ئەمریکی بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئەرکەکانی" ڕێگە بە هەر کەسێك دەدات ئەهلەیەتی یاسایی هەبێت بەوەی بەشدار بێت لە حکومەتی ووڵاتەکەیدا"

پەیماننامەی کۆبونەوەی کۆبنهاگن ساڵی ١٩٩٠ تایبەت کۆنگرەی مەودای مرۆیی ( پەیماننامەی کۆبنهاگن بۆ ووڵاتانی بەدواداچوو بۆ ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری ئەوروپی OSCE وە لە ماددەی ٧ بڕگەی ٢ ڕێگە دەدات بە ململانێ بۆ گشت کورسییەکان لە ژورێکی دەستەی تەشریعی بەلایەنی کەم بەشێوەیەك ململانێیەکە ئازادانە بێت بەهۆی دەنگدانی گەل لەکاتێکدا (بڕگەی ٥) ڕێز لە مافی هاوڵاتیان دەگرێت لە وەرگرتنی پۆستە سیاسیەکان یان گشتییەکان گەر وەك خۆی یان نوێنەری حزب یان ڕێکخراویکی سیاسی بێت بێ جیاکاری.

## کۆتا لە نێوان لایەنگران و نەیارەکاندا

بیروباوەڕی کۆتا بووە جێ بایەخ و گفتوگۆی جیاوازی نێوان یاساناسەکان و ڕۆشنبیران و سیاسییەکان و ئاینخوازان، تەنانەت لەلایەن خودی ژنانەوە.

# کۆتا لە دیدی نەیارەکانییەوە

- سستمی کۆتا دەبێتە هۆی دروستکردنی خەوشییەك لەڕووی جەستەی مەبدەئی یەکسانی لە نێوان هاوڵاتیاندا وەك یەکێك لە گرنگترین بیروباوەڕی دەستوری.

- دەبێتە هۆی سڕینەوەی دەنگی پاڵاوتوو بەشێوەیەکی جزئی.

- بێبەشبوونی کەسایەتی پیاوان لەو نێوەندانەی کار بۆ جێکردنەوەی ژنان دەکەن بۆ گەیشتنیان بە پەرلەمان.

- پاڵنەر دەبێت بۆ کەرتەکانی دیکە بە داواکردنی بەشێك لە کورسییەکانی پەرلەمان وەك گەنجان، مامۆستایان، بازرگان، کاسبکار و پەروایزکراوەکانی دیکە کە دەبێتە هۆی لەناوچوونی ناوەڕۆکی پرۆسەی دیموکراسی وە کاری پەرلەمانی دەگۆڕێت بە نوێنەرایەتیکردنی توێژەکان بەدەر لە نوێنەرایەتی میللەت.

- سستمەکە جۆرە لێکدانەوەیەك دەکات کە ژنان ناتوانن بگەنە پەرلەمان وناوەندی بڕیارسازی لەڕێی توانا خۆییەکانیانەوە و پشت دەبەستێت بە دەقە دەستوری و یاساییەکانەوە.

- سستمی کۆتا بە جۆرێك لە جیاکاری ناوزەند دەکرێت و ناکرێت جوانکاری و وێناکەی بگۆڕێت لە کاتێکدا  بە جیاکاری ئیجابی ناویلێنراوە.

- وێڕای ئەوەی سستمی کۆتا وا لە ژنان دەکات بەشداری بکات و بگاتە ناوەندەکانی بڕیارسازی لەڕێی دەقە دەستوری و یاساییەکانەوە، بەڵام  ناتوانێت چارەسەری واقعی ژنان بکات وەك کیان و بەشدارییەکی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی.

# کۆتا لە دیدی لایەنگرانییەوە

- ئامرازێکە بۆ زاڵبوون بەسەر مەودای دەنگدان لە نێوان پیاوان و ژناندا، هەروەها ئامرازێکی خێرا و چالاکە بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی نوێنەرایەتی کەموکورتی بۆ ژنان لە پەرلەمان و حکومەتدا .

- لایەنێکی مافی ژنان دابین دەکات.

- یارمەتیدەرە لە بەهێزکردن و چالاککردنی ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵدا بەشێوەیەکی گشتی و ژیانی نوێنەرایەتیکردن بەشێوەیەکی تایبەتی.
- یارمەتیدەرە بۆ خوڵقاندن و ئامادەکردنی کادری ژنانی هەڵکەوتوو و جیاواز لە بواری کاری پەرلەمانیدا.
- کاردەکات بۆ نەمان و لابردنی بەربەستەکانی نێوان پیاوان و ژنان.
- جێبەجێکردنی کۆتا نابێتە هۆی جیاکاری نێوان پیاوان و ژنان، بەڵکو دەستەبەری بەشێك لە مافەکانی ژنان دەکات، چونکە ژنان مومارەسەی پاڵاوتن و دەنگدان دەکەن بێ جیاکاری.
- سستمی کۆتا دەرفەت دەخاتە بەردەم ژنانی پاڵاوتوو کە پێشبڕکێ بکەن لە سێبەری بارودۆخیکی هاوسەنگ بەشێوەیەکی ڕێژەیی تایبەت بە کورسییەکانی بۆیان تایبەتکراوە.
- هەڵبژاردەی یەکەمە بۆ چاککردنی ئاستی گەیشتنی ژنان بە ناوەندەکانی بڕیارسازی لەسەر ئاستی نزیك و ناوەند.
- جێبەجێکردنی کۆتا بەشێوەیەکی کاتی و نائاسایی دەبێت بۆ بەڕێکردنی بەربەستەکانی ڕوبەڕووی بەشداری ژنان دەبێتەوە لە ژیانی گشتیدا.

# جۆرەکانی کۆتا

- دامەزراندن: پەیوەستە بە ئیرادەی سیاسی (بڕیاری سیاسی)
- تەشریعی: گۆڕانکاری دەستوری و یاسایی دەخوازێت.
- خۆبەخشی: دامەزراوەو کیانە سیاسییەکان بونیادی دەنێن لەڕووی جێبەجێکردنەوە بەشێوەیەکی خۆبەخشی.
- ڕێکخراوەیی: لە ڕێی جێبەجێکردنی سیاسەت و پلانی گشتی و کەرتەکانەوە بونیاد دەنرێت لەڕێی ڕێکخستنی کارەکانییەوە.

# شوێنەکانی جێبەجێکردنی سستمی کۆتا

- شوێنە قیادییەکان: لە هەموو جومگەیەکی دەزگاکانی جێبەجێکردن، یاسادانان، دەستەی ڕاویژکاری، دادوەری و لیژنەکان لە ئاستی ناوەند و ناوخۆییدا.
- دەستە قیادییەکانی حزب و ڕێکخستنە سیاسییەکان.
- پاڵاوتن لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا (سەرۆکایەتی، پەرلەمانی و ئەنجومەنە ناوخۆییەکاندا)
- سەرکردایەتیکردنی چالاکییە سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵگەییەکانەوە.

بێگومان تێڕوانینەکان لەمەڕ کۆتا لە کوردستاندا بەهەمان شێوە لە دوو ڕای دژبەیەک دەسوڕێتەوە، واتە لە نێوان لایەنگران ونەیارەکاندا، بەڵام بە بڕوای من ژنان لە باشوری کوردستان توانیان لێی سودمەند بن و کاریگەریشی هەبوو لەسەر هۆشیاری تاک تا بتوانێت دەنگ بە ژن بدات، بەڵگەی ئەوەش چونی ژنانێک بوو لەدواهەڵبژاردنەکاندا بۆ پەرلەمانی کوردستان بێ کۆتا و بەدەنگی خۆیان، بەڵام ئەوەی گرفتە تا ئەمڕۆ زۆر جار ژنانێک بە کۆتا سەردەکەون یان بەهۆی کۆتاوە دادەنرێن یاخود دەبنە جێگرەوەی پیاوێکی بەتوانا کە بەداخەوە لە ڕووی توانا و شارەزاییەوە لاوازە کە ئەمەش بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ بێپلانی یان بێ پێوەری ڕاست و دروست لەمەڕ هەڵبژارد و کاندیدی کەسەکاندا، بۆیە گرنگە کە لە داهاتوودا کار بۆ نەهێشتنی کۆتا بکرێت و ڕێ بە مرۆڤە بەتوانا و شارەزا و پسپۆڕییەکان بدرێت و ئیدی خەڵکیش بە هۆشیارییەوە دەنگ بە کەسە شیاوەکان بدەن بێلێکدانەوەی ئەوەی سەر بە چ لایەن یان بنەماڵە یاخود تەکەتولێکە یان نا !! ئەمە ویڕای گرنگی چەسپاندنی کۆتا بۆ نیوەندی حزب سیاسییەکان لە کوردستاندا لە ئێستادا گرنگێتی و پێویستە وەک ناوەندێکی گرنگی بڕیارسازی.

# کورتە مێژوویەك تایبەت بە بەشداری ژنان لە دەسەڵات

لە سەدەی هەژدەدا دەستپێکرا بە تایبەت بە مافی دەنگدانی ژنان لەلایەن بزوتنەوەکانی ژنانی ئەمریکی و بەریتانی بەتایبەت لە نێوان توێژی ژنانی خوێندەواردا، پێش ئەوە بزوتنەوەکانی ژنان دەستیانکرد بە داخوازی لەسەر یاسا و تەشریعات کە زامنی مافی هاوسەرگیری ومافی خاوەندارێتی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا دەکات و بەردەوامبوونی بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، هەروەها دەرکردنی یاسایەکی پێشکەوتوخواز لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وە یاسای دایکایەتی و کار لە ڕۆژئاوای ئەوروپا.

نیوزلەندا بەیەکەم دەوڵەت دادەنرێت کە ڕێگەی بە ژنانداوە بە دەنگدان لە ساڵی ١٨٩٣. شۆڕشی بەلشەفی لە ڕوسیا ساڵی ١٩١٧ ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە بانگەشەکردن و چەسپاندنی یەکسانی ژنان بەشێوەیەك زاڵێتی کەنیسە بەسەر پرۆسەی هاوسەرگیریدا بەرەو نەمان چوو وە یەکسانی تەواو لە مافەکاندا بەدیهات لە نێوان ژنان و پیاواندا وە ئەلکسندرا کولونتای یەکەم ژن بوو لە جیهاندا کە پۆستی وەزیری وەرگرت. وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستیکرد بە گۆڕینی دەستور بۆ ئەوەی ڕێ بە ژنان بدات بۆ دەنگدان ساڵی ١٩٢٠ ئەوەش ئەو ساڵە بوو کە ڕێ بە دەنگدانی ژنان درا بە ١٠ دەوڵەتی تردا. بەڵام دەربارەی وولاتانی ئەوروپا دەستیانکرد بە مافی دەنگدان بە ژنان دوای جەنگی جیهانی دووەم لەوانە فەرەنسا، یۆنان، ئیتالیا و سویسرا.

وولاتی ئێکادۆر یەکەم وولات بوو لە ئەمریکای لاتینیدا کە ئیعترافی بە مافە سیاسییەکانی ژنان کرد لە ساڵی ١٩٢٩ وە لە مەکسیك ژنان لە ساڵی ١٩٥٣ مافی دەنگدانیان بەدەستهێنا. وە لە ئاسیا، مەنغولیا یەکەم وولات بوو کە ژنان مافی دەنگدانیان بەدەستهێنا لە ساڵی ١٩٢٣ دا وە لە یابان و کوریای باکوردا ساڵی ١٩٤٥ ژنان مافی دەنگدانیان بەدەستهێنا.

وەبێگومان دەنگدان بۆخۆی زامنی یەکەم نییە بۆ بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکانی ژنان، وولاتانی زۆر هەن مافی دەنگدانیان بەژنانداوە، بەڵام ژنان بە مەودای

فراوان و زۆر بەدوورن لە مافی خۆپاڵاوتن و وەرگرتنی پۆست و گەیشتن بە ناوەندی بڕیارسازی.

بزوتنەوەکانی ژنان و پێشکەوتوخوازەکان لەسەر ئاستی جیهاندا گەیشتنە خەباتیان سەبارەت بە زیادکردنی نوێنەرایەتی ژنان بەشێوەیەك بووە هۆی دەستێوەردانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەشداریکردن لە مەسەلەی ژناندا، بەشێوەیەك نەتەوە یەکگرتووەکان گەورەترین کۆنگرەیان بەست لە ساڵی ١٩٩٥ و ڕاپۆرتی فەرمیان گرتەخۆ سەبارەت بە دۆخی ژنان و فشارخستنە سەر حکومەتەکان بۆ چارەسەرکردنی ڕێگری و بەربەستەکان لەبەردەم بەشداریکردنی ژنان و گەیشتنیان بە سەرچاوەکانی سیاسی و ئابوری و پەروەردەیی، هاوکات لەگەڵ کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان نزیکەی ٣٠ هەزار ژن بەشداریان کرد لە کۆنگرەی ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا لە بەکین لە هەمان ساڵدا. ناونرا بە ماوەی نێوان ساڵی ١٩٧٦-١٩٨٥ بە سەدەی ژن، بەشێوەیەك مەسەلەی ژنان پێگەیەکی دەرکەوتوو و دیاری هەبوو لە خشتەی کارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا و تەرکیزی خستەسەر دۆزینەوەی سستمی ئابوری و سیاسی کە بەشداریکردنێکی گەورەی ژنان بەدیبهێنێت لە پرۆسەی سیاسی و بەشداریکردنی لە پرۆسەی پەرەپێدانی جیهانی و هاندانی چونە ناوەوەی ژنان بۆ بازاڕی کار.

لەگەڵ بوونی ئەو بازدانە لە زیادبوونی بەشداری ژنان لە حزبە سیاسی و ڕێکخراوی ناحکومی و مەدەنیدا تا ئێستا بەڕێژەیەکی کەم نوێنەرایەتی دەکەن لە پۆستە باڵاکان و سەرکردایەتییەکاندا کە یارمەتیدەرە لە کاریگەریخستنە سەر پرۆسەی دەرکردنی یاسا و تەشریعات لە بەرژەوەندی ژنان و یەکسانبونیان لەکۆمەڵدا. لە وولاتە ڕۆژئاواییەکاندا ڕێژەی ژنان دوو هێندە زیادیکرد لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥ بۆ ١٩٩٥ وە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێژەی ئەندامانی ژنان لە کۆنگریس دەگاتە ١١,٢ ئەوەش سێبەشی ڕێژەی بەشەکانی سەرووی ئەوروپایە.

وە لەگەڵ پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی بزوتنەوەکانی ژنان ژمارەی ئەو بەشانە کەمیکرد هیچ پۆستێکی وزاریان ڕادەستی ژنان نەدەکرد لە ٩٣ دەوڵەتەوە بۆ ٤٧ دەوڵەت. بە پێچەوانەوە لە سەدەی ڕابردوودا ڕێژەی ژنان لە پۆستە باڵاکاندا زیادیکرد لە زوربەی وولاتانی جیهاندا وە پاشەکشەی ڕێژەکە لە وولاتانی تازە سەربەخۆکان لە یەکێتی سوڤیەت و وولاتانی ئەندام لە کوتلەی ڕۆژهەلات ئاماژەیەکی خراپ بوو بەشێوەیەك ڕێژەی نوێنەرایەتی ڕووی لەکەمبوون کرد لە ٢٥-٣٠% ڕۆژانی حزبی شیوعی بۆ ٨-١٨% ڕۆژ. وە لەو وولاتانەی هاوشێوەی سستمە شیوعییەکانن وەك صین و ڤیتنام و کوریای سەروو.

تا ئێستا بەشداری ژنان لە ئەنجومەنە تەشریعییەکاندا دەگاتە ٢٠%. وە ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە لە وولاتە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا ڕێژەی نوێنەرایەتی ژنان بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێت، تا ئێستا گفتوگۆی ئەوە دەکرێت کە ڕێگە بە ژنان بدرێت شوفێر لێبخوڕێت لەگەڵ مەحرەمدا یان بێ ئەو! وە ژنان بێبەش بکرێن لە مومارەسەکردنی مافە سیاسییەکانیان لە دەنگدان و پاڵاوتن وە فشاری زۆریان دەخرێتە سەر کە تواناکانیان قەتیس دەکات لە کاتێکدا لەسەدەی بیستویەکدا دەژین.

# بەشداریکردنی سیاسی ژنان
# لە وولاتانی جیهان

نوێنەرایەتیکردنی ژنان لەسەرجەم ناوچەکانی دونیادا لە دەستە تەشریعییەکاندا ڕووی لە زیادبوون کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا لە ئاستی نزمدایە. لە ساڵی ١٩٩٠ نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێیان خۆش کرد بە وەرگرتنی کورسی پەرلەمانی بە ڕێژەی ٣٠% کە وا تێیدەڕوانرێت ئەوە ڕێژەیەکی بەس بێت بۆ ڕوودانی گۆڕانکاری لە سیاسەتی نیشتمانیدا. دوای بیست ساڵ، ٢٦ وولاتی گرتەوە لە کۆی ١٨٦ وولاتی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ ڕێژەی ٣٠% لە نوێنەرایەتی ژنان لە ئەنجومەنی نوێنەران یان ئەنجومەنی گشتی، پشتبەستوو بە یەکێتی

پەرلەمانی نێودەوڵەتی. ژنان لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ١٦.٨% ی کورسییەکانی نوێنەران پێکدەهێنێ لە ساڵی ٢٠١٠ ئەوەش ڕێژەیەکی کەمی کەمینەیە لە ناوەڕاستی جیهانیدا کە گەیشتۆتە ١٩% ی یاساناسەکان لە ئەنجومەنی نوێنەران یان ئەنجومەنی گشتی لە گشت ناوچەکانی جیهاندا.

## ژنان لە پەرلەمانەکانی جیهان

ئامارە جیهانییەکان جیاوازی هەرێمی زۆر بەخۆوە دەبینێ: ژنان ٤٢% پێکدەهێنن لە ئەندامانی پەرلەمان لە وولاتە ئەسکەندەنافییەکاندا. بەڵام ١٢% تەنها لە ئەنجومەنی تەشریعییە عەرەبییەکان. لیستەکە وولاتانی ئەفریقی کەمتر لەخۆ دەگرێت: بۆ نموونە، لە ڕواندا و خوارووی ئەفریقیا، ژنان ٥٦% و ٤٥% پێکدەهێنن. وە لە سوید ژنان ٤٥% ی کورسییەکانی پەرلەمان پێکدەهێنن. بەڵام پێشکەوتن لە نوێنەرایەتی ژنان لە دەسەڵاتە حکومییەکانی جێبەجێکردندا زۆر لەسەرخۆترە.

لە ساڵی ٢٠١٠ تەنها ١١ ژن سەرۆکی حکومەت بوو لە نێوان ١٩٢ سەرۆکی حکومەتدا. وە لەسەر ئاستی جیهاندا ڕێژەکە١٦% ی پۆستە وزارییەکان پێکدەهێنن. وولاتی فنلەندا دیارترینی ئەم توێژە پێکدەهێنێ بەشێوەیەك ژنان ٦٣% ی پۆستەکان پێکدەهێنێ لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیراندا.

لەسەر ئاستی جیهاندا، ڕێژەی نوێنەرایەتی ژنان لە پەرلەمانە نیشتمانییەکاندا لە بەرزبونەوەدایە. بەپێی ئەو داتایانەی کۆکرایەوە لەڕێی یەکێتی پەرلەمانی نێودەوڵەتی بەشێوەیەك ڕێژەی ئەو ژنانەی کورسییەکانی پەرلەمان پێکدەهێنن لەسەر ئاستی نیشتمانی لە هەردوو ئەنجومەنەکەدا بەرزبۆتەوە و نزیکەی دووئەوەندە بووە، لە ١١.٧% لە ساڵی ١٩٩٧ بەرزبۆوە بۆ ٢١.٩% لە ساڵی ٢٠١٤ لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕێژەیە زۆر کەمترە لەوەی پێویستە بۆ هاوسەنگی بەشێوەیەکی ئاشکرا، ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ژنان تا ئێستا نوێنەرایەتییەکی

کەموکورت و پەراوێزکراو دەکات ئەو کاتەی مەسەلەکە پەیوەست دەبێت بە دەسەڵات و بەشداریکردنی سیاسی و کرداری بڕیارسازی و وەرگرتنی بڕیار.

لە گشت وولاتانی دونیادا، ڕێژەی ئەو ژنانەی پۆستی وزاری لە حکومەتدا وەردەگرن نزیکەی ١٧% و زۆر جار ئەو پۆستانە کورت دەکرێتەوە لەسەر وزارەتە تەقلیدییەکان بەشێوەیەکی زۆر بەشێوەیەك گەمارۆدەدرێت لەو بوارانەی پەیوەندیدارن بە کەرتی کۆمەڵایەتی و پەروەردە و خێزان و یەکسانی نێوان ڕەگەزەکانەوە.

بە پێی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان تایبەت بە بوونی بۆشایی نێوان ڕەگەزەکان ساڵی ٢٠١٣، وولاتانی سەرووی ئەوروبا زۆرترین ڕێژەی هەیە لە تواناسازی سیاسی ژنان لە جیهاندا، وەکەمترین ڕێژە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونی هەیە لەگەڵ سەرووی ئەفریقیا. وە لە ڕووی هەرێمییەوە لەیەکنەچووی دیار بەدەردەکەوتن لەئامارەکانی یەکێتی پەرلەمانی نێودەوڵەتی کە لە ١ یونیوی ٢٠١٤ دەرکەوت، وولاتانی سەرووی ئەوروپا زۆرترین ڕێژەی کورسی پەرلەمانی هەیە کە ژنان پێکدەهێنن ٤٢.١% لە گشت ئەنجومەنەکاندا. پاش ئەوە ئەمریکا بە ڕێژەی ٢٥.٩٪، ئەوروبا (بەجیاواز لە وولاتانی سەروو) بەڕێژەی ٢٣.٥% ناوچەی بیابانی گەورە و ئەفریقیا ٢٢.٢%، لە ئاسیا ١٨.٥%، لە ئوقیانوسی هادی بە ڕێژەی ١٦.٢% وە لە وولاتانی عەرەبی بەڕێژەی ١٥.٩%.

ئەوەی بەدیدەکرێت ئامارەکان جیاوازی بەخۆوە دەبینن تەنانەت لە نێوان وولاتانی هەمان ناوچەدا، نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەیان بەوە داوە کە ئەو ژمارانە مەرج نییە پشتی بەستبێت بە ئاستی پەرەپێدان و گەشەکردنی ئەو وولاتانەوە، بەڵکو مەسەلەکە تا ڕادەیەك پەیوەستە بە ئیرادەی سیاسییەوە.

وە زوربەی ژمارەکانی یەکێتی پەرلەمانی نێودەوڵەتی لەم دواییەدا دەریخست کە ڕواندا زۆرترین ڕێژەی کورسییەکانی ژنان پێکدەهێنن لەسەر ئاستی پەرلەمانی نیشتمانیدا کە دەگاتە ٦٣.٨% کەوا دەکات زۆربەی پەرلەمانتارەکانی ژنان بێت.

بە پێچەوانەی لایەنێکی ترەوە وولاتی یەمەن کەمترین ڕێژەی نوێنەرایەتی پەرلەمانی ژنان پێکدەهێنێ کە دەکاتە ٣.٠%، هەروەها زۆرێك لە وولاتانی تر لە ئۆقیانوسی هادی کە هیچ ڕێژەیەکی ژنانی تێدا بەدیناکرێت لە پەرلەمانی نیشتمانیدا.

## هۆکارەکانی ڕێگرن بۆ بەشداری ژنان لە پرۆسەی بڕیارسازی

وێڕای ئەوەی بەشداری ژنان لە پرۆسەی بڕیارسازیدا لە سەرتاسەری وولاتانی جیهاندا لە ئاستێکی دەستەبژێریدا ( نوخبە) خۆی دەبینێتەوە، بەڵام هەنگاوەکانی بەشداریکردن و کاریگەرییان بە پێی کۆمەڵەکان گۆڕانکاری بەخۆوە دەبینێت، بۆیە بوونی هۆکارەکانیش بە پێی واقعی کۆمەڵەکان جیاوازی بەخۆوە دەبینن کە گرنگترینی هۆکارەکان لە کۆمەڵی کوردیدا تا ئەمڕۆ خۆی لەچەند خاڵێکدا دەبینێتەوە و بریتییە لە:

### ١. کەلتوری کۆمەڵ:

تا ئێستا کەلتورێکی ئاینی، خێڵەکی و باوکسالارییە و بوونی ئەم پێشینەیە کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر فکر و بیرکردنەوە و ڕادەی ڕۆشنبیری تاکەکان کە هەمیشە جیاکاری و جیاوازی دەخاتە نێوان ڕەگەزەکانەوە و وەک مرۆڤ سەیریان ناکات تا لە ڕێیەوە توانا و لێهاتوویی مرۆڤەکان ببێتە سەنگی مەحەکی جیاکەرەوەی مرۆڤەکان لە ڕووی توانایانەوە، نەک لە ڕووی رەگەزیانەوە. خودی ئەم کلتورەیە ڕەنگدانەوەی بەسەر نێوەندی عەقڵیەتی سیاسەتمەداران و حوکمڕانان و پارتە سیاسییەکان هەیە کە هەمیشە لە چوارچێوەی ئەم کەلتورەدا ژنان وەک مرۆڤ مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت بەقەد ئەوەی وەک ڕەگەزێکی پلە دوو و هەمیشەش نایەکسانی و جیاکاریان لەگەڵدا دەکرێت، چونکە عەقڵیەتەکان هێندەی وەک جەستە و لایەنێکی بایەلۆجی بیری لێدەکەنەوە، وەک عەقڵێکی بەشداربوو

تەماشای ناکەن لە بەڕێوەبردنی حوکمڕانیدا کە خودی کێشەکە لەمەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئەوەی لێرەدا جێی باسکردنە، جەختکردنەوەیە لەوەی جوانی و گرنگی مرۆڤەکان بە بوونی ڕەگەزە جیاوازەکانەوەیە. بەو واتایەی گرنگە هەم پیاوان و هەم ژنان خۆیان شانازی بە ڕەگەزی خۆیانەوە بکەن وەک ئەوەی هەن، نەک ژنان بەهۆی تێڕوانینی کۆمەڵەوە بۆیان هەوڵی نەفرەتبوون یان گۆڕینی بەرگی خۆیان یان ڕەفتاری خۆیان بدەن لە پێناو ڕازیبوونی کەسانی دیکە یاخود لە پێناو چوونە پێشەوەیان و جێکردنەوەی خۆیان لە نێوەندەکانی سیاسەتدا هەوڵی چوونە پاڵ کەسایەتییەکی حزبی یان لایەنە دەستەگەرییەکانی حزبە سیاسییەکان بدەن یان ناچاربن ڕەگەزبوونی خۆیان بەکاربهێنن بۆ چوونە پێشەوە و بەشداریان لە ناوەندی بڕیارسازیدا کە بەداخەوە هەموو ئەوانە ڕوویانداوە.

ئەگەرچی بەو شێوەیە ناتوانن هیچ کاریگەرییەکیان بەسەر گۆڕانکارییەکاندا هەبێت، چونکە بە دیوێکی تردا ئەوەی لێرەدا گرنگە بوونی جیاوازیکردن نییە لە نێوان ژنان و پیاواندا، هێندەی قسەکردنە لەسەر بوون یان ناڕەوایەتی جیاوازیکردنی عەقڵیەتەکان لە نێوان ڕەگەزەکاندا بەوەی تەنها لەبەر ئەوەی ژنە جیاکاری لەگەڵدا دەکرێت. چونکە ڕاستییەکەی ئەوەیە هەردووکیان وەک مرۆڤ و هەردووکیان وەک عەقڵیەت گرنگن بۆ بەشداربوون لە کۆمەڵدا. ئیدی ئەوە توانا و لێهاتوویی و ئەرکی مرۆڤەکانە نیشانیدەدات مافی وەکیەکیان هەبێت بەپێی ئەرکەکانی دەیبینن. ئەمە وێڕای ئەوەی کێشەی ژنان لەگەڵ خودی پیاواندا نییە وەک ڕەگەز، بەڵکو لەگەڵ ئەقڵیەتی پیاوسالاریدایە کە دەشێت ئەو عەقڵیەتە بوونی هەبێت لە نێو هزر و بیری هەردوو ڕەگەزەکە بەهۆی کلتور و فەلسەفەی پەروەردەی تاکەکانەوە، بۆیە جیاوازییەکی زۆی هەیە لەنێوان ئەو دوو چەمکەدا وەک پیاو کە ڕەگەزێکە و تەواوکەری ڕەگەزی ژنە و چەمکی پیاوسالاری کە زادەی پەروەردەی جیاکاری تاکەکانە لە کۆمەڵدا.

## ٢. خودی ژنان:

ملکەچبوونی ژنان و دوورەپەرێزیان لە سیاسەت هۆکاریکی ترە کە وایکردووە ڕۆڵی ژنان لەناو ئەحزابدا سست بێت. ئەمە جگە لەوەی بەگشتی شێوازی کارکردنی ژنان لە نێوەندی سیاسەتدا کەمینەن ئەوانەی سیاسەت بووبێتە خەمی سەرەکی و ئەولەویەتیان بە ئامانجی گۆڕانکاری ڕیشەیی بۆ بەرەوپێشبردنی سستمی سیاسی لە کوردستاندا، بەهۆی سەرقاڵیانەوە بێت بە کاروبارە کۆمەڵایەتی و داخوازییەکانی کۆمەڵ بەگشتی لێیان خوازیارن یان بەهۆی کارکردنی تەقلیدی باوی ژینگەی حزبە سیاسییەکانەوە بێت یاخود هەر ناوەندێکی تر ...هتد، بۆیە هەمیشە وەک زۆرێک لە کادرانی حزب شێوەی ڕۆتین و تەقلیدی کارکردن بۆتە درێژەدان بە کارەکانیان و لە هەمان کاتدا تێڕوانینی زوربەی ژنانیش وەک زوربەی تری کادرانی نێوەندی حزبە سیاسییەکان بۆتە سەرچاوەیەکی یەکلاکەرەوە بۆ هەڵبژاردن و کاندیدکردنیان بۆ هەر پۆستێکی دیاریکراو لە ناو حزب و دەرەوەیدا کە وایکردووە هۆکارێکی تر بێت بۆ لاوازی هۆشمەندی سیاسی و گرنگینەدانی ژنان وەک خەمێکی سەرەکی بەمەبەستی هەوڵدان بۆ چەسپاندنی خۆیان و دەرکەوتنیان وەک مرۆڤ و کاریزمایەکی سیاسی لە ناو کۆمەڵدا کە دەستیان هەبێت لە گۆڕانکاری و داهێنان و دەستکەوتی سیاسی نوێ و بەبەرهەم. ئەوەیە وایکردووە متمانەی ژنان بە یەکتری لاواز بێت و هەر خودی خۆیان بن دەنگ بەخۆیان نەدەن، هەر بۆیە تا ئێستا کەمینەیەکی ژنان هەن کە بە مافی خۆیان پۆستەکان وەردەگرن لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا. ئەگەرچی بونیان لە نێوەندەکەدا زیاترە بە بەراوورد لە ساڵانی ڕابردوو.

ڕاستە لە ئێستادا بە بەراوورد لەگەڵ سەرەتای ساڵانی نەوەدەکاندا بەشداری ژنان گۆڕانکاری زۆری بە خۆوە دیوە چ لە ڕووی دەنگدان و خۆپاڵاوتن لە کاتی

پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا، چ وەک بوونیان لە نێوەندی چالاکییە سیاسییەکاندا و بەشداریان لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و سەرجەم بوارەکانی تری کۆمەڵ و نێوەندی بڕیارسازیدا، بەڵام لەئاستی ناوخۆدا، بەڕادەی تموحی خودی ژنان نییە و لە هەمان کاتدا بە بەراوورد لەگەڵ جیهاندا ڕێژەکەیان لەئاست ڕێژەی بەشداری ژنانی زۆرێک لە وڵاتاندا نییە کە ڕێژەی ژنان لە پەرلەمانیاندا بە ڕێژەی٥٠% سەرووترە.

ئەمە وێڕای ئەوەی کەمیی ژنانی شایستە و لە ڕووی جۆرییەوە، گرفتێکی تری بوونی ژنانە لە نێوەندی سەرجەم کایە سیاسییەکاندا کە بەهۆی تێنەگەیشتن لە گرنگی ئەرک و بوارەکەی نەیانتوانیوە هیچ جێدەستیان دیار بێت و ڕەوتی گۆڕانکارییەکان بەرەو باشتر بەرن لە بەرژەوەندی مافەکانی ژناندا، لەبەر ئەوەی هەندێ جار گەر بە ڕێژەش کەمینەی دەنگەکانیان هەبێت، بوونی خودی کەسەکان لە ڕووی جۆرییەوە دەتوانێت دەنگێکی بەهێز و کاریگەر بێت لە ناوەندە جۆربەجۆرەکاندا بۆ دروستکردنی ڕای گشتی بەدەوری مەسەلەکاندا. چونکە ژنان دەبێت دڵنیا بن لەوەی بوونی کۆتا فاکتەرێکی یەکلاکەرەوەی کاتییە و بۆ قۆناغێکی دیاریکراو دەشێت گونجاو بێت، بەڵام لە داهاتوودا پێویستە ژنان بە ناسین و توانای خۆیان دەنگ بەدەست بهێنن، نەک تەنها بە کۆتا سەربکەون و ببنە جێگرەوەی کەسێکی تر کە پیاوان بن.

بە گشتی هەموو هەوڵەکانی بوونیان هەیە و دەدرێت بۆ کەمکردنەوەی مەودای جیاوازییەکان و نەهێشتنی جیاکاری و نایەکسانی و جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان و بەرقەراربوونی دادپەروەری دەتوانێت ببێتە ڕێخۆشکەر بۆ بەشداریکردنی زیاتری ژنان لە پرۆسەی بڕیارسازیدا کە خودی ئەم بەشداریکردنە دەروازەیەکە بۆ بەهێزکردنی پرۆسەی بڕیاروەرگرتن و ڕێگەیەکە بۆ یەکڕیزی زیاتری کۆمەڵ و دابینکردنی خۆشگوزەرانی و باشترکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی. بۆ نموونە، لە ئەنجامی ڕاپرسییەک سەبارەت بە کاندیدی ژن لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٠ دا بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەرکەوت کە زوربەی کاندیدە ژنەکانی دەنگی پێویستیان نەهێنا بۆ گەیشتن بە کورسی پەرلەمان، بە کۆتا سەرکەوتن.

ڕاپرسییەکە لە لایەن مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە بوو لە ناوەندی شاری سلێمانی کە لەو بارەیەوە ڕاوبۆچوونی ژنانیان وەرگرت.
(٤٥٧ ژن) بەشداری ڕاپرسییەکە بوون لە نێوان تەمەنی (١٨- ٢٥ ساڵ)، وە (٤٥ کەس) لە تەمەنی (٢٦-٣٥ ساڵ) و( ٢١٩ کەس) لە نێوان تەمەنی (٣٦ ساڵ ) سەرووتر.

لەکاتی وەڵامدانەوەی ئەوەی دەنگت بە ژنان داوە لە هەڵبژاردنەکەدا، لە وەڵامدا (٥٢%) بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە، و (٣٣%) بە بەڵێ و (١٥%) پوچەڵ و سپی بووە. وەک لە خشتەی ژمارە (١) دا ڕونکراوەتەوە. بەڵام کاتێک هۆکاری دەنگنەدانیان بە ژن باسکردوە، لە وەڵامدا لەو ڕێژەیەی کە بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە گەڕاندویانەتەوە بۆ سێ هۆکار وەک لە خشتەی ژمارە (٢) دا هاتووە.

## خشتەی ژمارە (١)

### لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ٢٠١٠ ی عێراق دەنگت بە ژنان داوە؟

### ( لە ژنان پرسیار کراوە)

| | بەڵێ | نەخێر | پوچەڵ | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ژ | ١٥١ | ٢٣٦ | ٧٠ | ٤٥٧ |
| ڕیژە % | %٣٣ | %٥٢ | %١٥ | %١٠٠ |

## خشتەی ژمارە (٢)

### هۆکاری دەنگنەدانی ژنان بە ژنان

| ژ | هۆکار | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١ | شارەزاییان کەمترە لە پیاوان | %٣٧ |
| ٢ | باوەڕیان بە توانای ژن نییە | %٤٠ |
| ٣ | وەک پێویست داکۆکیکار نەبوون لە مەسەلەی ژنان | %٢٣ |

وەڵامدانەوەی خودی ژنان بۆ ژنان بەپێی دەرئەنجامی خشتەی (١و٢) دوولایەنەیە و ئەوە دەردەخات زوربەی ژنان نەیانتوانیوە تا ئێستا ئەقڵیەتی خۆیان لە ڕەهەندە کەلتوورییەکانی کۆمەڵ دەرباز بکەن و لە هەمان کاتدا نەیانتوانیوە خۆیان زیاتر هۆشیار بکەن و ئیرادەیان بەهێز بکەن بۆ ئەوەی لایەنی کەم بتوانن متمانە بە توانای ژنان بکەن و ژنان بە کاندیدی ڕاستەقینەی خۆیان بزانن بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانیان و دەنگیان پێ بدەن، لە لایەکی دیکە ژنانی نوخبەی سیاسیش نەیانتوانیوە متمانە و باوەڕی زۆرینەی ژنان بەدەست بهێنن.

ئەمە ویڕای ئەوەی دابەشبوونی دەنگی ژنانیش بەسەر حزبە جیاجیاکاندا یان دەربازنەبونیان لە پاشکۆیەتییان بۆ هاوسەر یان باوک و برا و خزمەکانیان هەمووی گرفت و بەربەست و هۆکارن لەبەردەم ژنان. ئەمە جگە لەوەی نێوەندی حزبە سیاسییەکانیش لە کوردستاندا نەیانتوانیوە ئەو ژینگە دروستە بۆ ژنان فەراهەم بکەن کە تواناکانیان ببینرێت و بەهەند وەربگیرێت، ئەم وێڕای بوونی ئیرەیی و ململانێی گەیشتنی خودی ژنان خۆیان بەوەی نێوەندی سیاسی و بە تایبەت بڕیارسازی بۆ ژنان بە بەراوورد بە پیاوان نێوەندێکی نوێیە و بوونی ئەو واقعەشە وایکردووە هەموو ئەو کاردانەوە و دەرهاویشتانە بوونیان هەبێت.

## ٣. پێواری ئیرادەی سیاسی:

تێڕوانین و دید و ڕەفتاری پارتە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان ئەوەندەی ڕواڵەتکارانەیە بۆ ژنان، هێندە لە دیدێکی تەواوی باوەڕبونیانەوە نییە بۆ تواناکانی ژنان، بۆیە هەوڵەکانی بۆ واڵابوونی دەرفەت لەبەردەم بەشداری ڕاستەقینەی ژنان لە سەرجەم بوارە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوری....هتد. بۆ نموونە، بوونی ڕێژەی کۆتا لەناو زوربەی پارتە سیاسییەکاندا تا ئاستی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتەکان هەیە یان کەمترە، جگە لەوەی ڕێژەی ژنان کەمە بە بەراوورد لە گەڵ پیاوان و ئەمەش کاریگەری دەخاتە سەر پرۆسەی بڕیارسازی لەناو خودی یەکلاکردنەوەی مەسەلەکان. بەدەر لەوەی هەمان گرفت کە لە کەمی ڕێژەی ژناندا خۆی دەبینێتەوە

لە ناوەندی حکومەت و پەرلەمان و ...هتد وایکردووە ئاسەواری ئەو پێوارە بەسەر سەرجەم نێوەند و بوارەکانی تری کۆمەڵدا بوونی هەبێت.

وێڕای بوونی پروپاگەندە و پەنا بردنە بەردەم ناوزڕاندنی ژنان لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن یان هەر کاتێکی دیکە هۆکاری دیاری پەراوێزبوونی ژنانە لەو نێوەندانەدا کە زۆریک لە دەستەگەریی ناو حزبە سیاسییەکانە کە لەکاتی بەرژەوەندییەکانی خۆیان پەنای بۆ دەبەن کە بۆخۆی بوونی دەستەگەریی( تکتل) جیاوازی ناو حزبە سیاسییەکانیش جارێکی تر دەبنەوە هۆکاری دورکەوتنەوە یان بەدوورڕاگرتنی ژنان بۆ ناو حزبە سیاسییەکان.

## ٤. ڕۆڵی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن:

زۆری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کە زۆرجار بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ ڕۆڵی دووبارەبونەوەی هەمان دید و ئەقڵیەتی پیاوسالاری کۆمەڵ دەخاتەڕوو بەوەی بواری سیاسی، بوارێکی تایبەت نییە بە ژنان، لەوانە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی و دراما و ریکلامە جۆربەجۆرەکانی دەخرێنەڕوو لەڕێی کەناڵە تەلەفزیۆنی و بەرنامەکانەوە یان زۆر جار سنووردانان یاخود گەمارۆدانی ئەو بەرنامانەی بەگشتی لەسەر پرسی سیاسی دەخرێنە ڕوو و تەنها تیایدا زۆر جار بانگێشتی پیاوان دەکرێت لەلایەن کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە خۆی بۆخۆی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ ئاماژەیە بۆ ئەوەی بە بینەران دەڵێن ژنان کەمن یان تایبەتمەند نین بە بواری سیاسی، لە کاتێکدا ژنانێکی زۆر هەن لە بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵ کە دەتوانن دید و پەیام و تێڕوانینی سوودمەند و جیاواز و باشیان هەبێت بیگەیەنن. ئەوەش پەیوەندیدارە بە نەبوونی کەناڵی سەربەخۆی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە کوردستانداو نەبوونی بارودۆخی ئازادیی ڕادەربڕین و چاپەمەنییەکان.

بۆ نموونە، دەرئەنجامی توێژینەوەیەک تایبەت بە بواری ئازادی ڕادەربڕین و چاپەمەنیی کە لە ڕاپۆرتێکی پەیامنێرانی بێسنووردا ساڵی ٢٠١٤ خراوەتە ڕوو کە ( دامەزراوەیەکی نێونەتەوەیی ناحکومییە، ساڵی ١٩٨٥ لە فەرەنسا دامەزراوە)، ووڵاتی فینلەندا بە پلەی یەکەمی ڕیزبەندییەکان دێت، پاشان هەریەک لە ووڵاتانی (هۆڵەندا، نەرویژ، لووگزامبۆرگ، ئەندورا، لیختێنشتاین، دانمارک، ئیسلەندا، نیوزیلەندا و سوید....هتد) ووڵاتی عێراق بە پلەی ١٥٣ ی ووڵاتانی جیهان دێت لە کۆی ١٨٠ ووڵات.

٥. زۆری ئاستی نەخوێندەواری و هەژاری لەناو ژناندا، هەروەها سەربەخۆنەبوونی ئابوری ژنان لەناو کۆمەڵدا، هۆکارێکی دیاری پەراوێزبوونی ژنانە لە نێو ناوەندەکانی بڕیارسازیدا، کە بەهۆیەوە جارێکی تر ناتوانێت لایەنی کەم لە کاتی هەڵبژاردن و پرۆسەی خۆپاڵاوتندا خۆی کاندید بکات گەر لەنێو حزبە سیاسیەکاندا بێت یان بیەوێت سەربەخۆیانە و بەجیا خۆی کاندید بکات.

٦. تەشەنەسەندن وبەرزبونەوەی ڕێژەی تیرۆرستان وبزوتنەوە تیرۆریستییەکان کە دژبە مافەکانی ژنانن لە ئاست جیهاندا هۆکارێکی کاریگەرە بۆ بەشدارینەکردنی ژنان لە پرۆسەی سیاسیدا بە شێوەیەکی گشتی.

٧. کەمیی ڕێژەی ڕێکخراوی سەربەخۆی تایبەت بە مەسەلەکانی ژنان بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان بێ ئەوەی سەر بە هیچ حزبێکی سیاسی بن، هۆکارە بۆ چالاکنەبوونی ژنان و گەیشتنیان بە مافەکانی خۆیان.

٨. دامەزراندنی ژنان لە کاری خزمەتگوزاری تەقلیدیدا، هەروەها لاوازی پێگەی وەزیفی و ئابورییان، ڕێگری گەورەن لەبەردەم ژناندا بۆ ئەوەی ببێتە ئامرازێکی سەرەکی و کاریگەر لە دامەزراوەکانی بڕیارسازیدا.

# بەشی دووەم:

## کورتە مێژوویەک تایبەت
## بە سستمی سیاسی و هەڵبژاردنی
## هەرێمی کوردستان - عێراق

لە ساڵی ١٩٩٢ بە ناوی هەرێمی کوردستانی کۆماری عێراقی ڤیدڕاڵ دامەزرا. تا ئێستا خاوەن دەستور نییە، یەکەم هەڵبژاردنی لە ساڵی ١٩٩٢ ئەنجامدا بۆ پەرلەمان. یاسای ڕابەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستانیش ئەوەی یەکەم هەڵبژاردنی لە ساڵی ١٩٩٢ ئەنجامدا و پاڵێوراوان نەیانتوانی سەرکەوتووبن، لە ساڵی ٢٠٠٧ یاساکە هەموارکرایەوە. لە هەڵبژاردنێکی گشتی و ڕاستەوخۆدا بۆ ماوەی چوار ساڵ سەرۆکی هەرێم هەڵدەبژێردرێت. پاش ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە ٢٠٠٣\٤\٩ هەرێمی کوردستان گەڕایەوە سەر حکومەتی عێراقی ڤیدڕاڵ.

### مێژووی هەڵبژاردن لە باشوری کوردستان

لە ئەنجامی ئەو هەلومەرجە سیاسییە نوێیەی کە بەهۆی داگیرکردنی دەوڵەتی کوێت لەپاش ١٩٩١\٨\٢ لەعێراق و ناوچەکە هاتە ئارا، بۆ یەکەمجار لەمێژووی خەباتی گەلی کوردستان لەعێراقدا، بەرەی کوردستانی بە پشتیوانی و بەشداری جەماوەری کوردستان توانیان بەشێکی زۆری خاکی کوردستانی عێراق بە شاری

کەرکوکیشەوە ڕزگاربکەن، بەڵام دواتر ڕژێمی سەدام بەشێکی زۆری شارە گەورەکانی کەرکوك و سلێمانی و هەولێرو دهۆکی داگیرکردەوە، بۆ دەربازبوون لەشاڵاوی کوشتنی دڕندانەی ڕژێمی سەدام گەلی کوردستان بەکورد و تورکمان و مەسیحیەوە لەکۆڕەوێکی ملیۆنیدا بەرەو ناوچە سنووریەکانی ئێران و تورکیا کۆچیان کرد، هاوکات هێزی پێشمەرگە لەناوچە شاخاوییەکان لەهەردوو ناوچەی کۆڕێ لە هەولێرو چیای ئەزمڕ لەسلێمانی سەنگەری بەرگریان قایم کردو ئازایانە هێزی پەلاماردەری سوپای عێراقیان تێکشکاند.

دواتر لەسەر پێشنیازی فەرەنساو بەپشتیوانی ئەمریکا و بەریتانیا ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری (٦٨٨) ی دەرکرد کە بەهۆیەوە ناوچەی (پەناگەی ئارام) بۆ خەڵکە ئاوارەبووەکەی ناوچە سنووریەکان لەدژی فڕینی فڕۆکەکانی سوپای عێراقی لە سەرووی هێلی پانی ٣٦ پلە بۆ پاراستنی گەلی کوردستان دیاریکرا.

دوای شکستهێنانی گفتوگۆکانی نێوان بەرەی کوردستانی و ڕژێمی سەدام، لە ١٩٩١\١٠\٢٦ حکومەتی عێراق دەستیکرد بەکشانەوەی دامودەزگا ئیدارییەکان لەناوچەکانی کوردستان. ئەمەش بۆشاییەکی یاسایی و ئیداریی دروستکرد، بەرەی کوردستانی کە لەحەوت حزب پێکهاتبوو وەك دەسەڵاتی دیفاکتۆی ناوچەکە لە ئاستی ڕووبەڕوبوونەوەی ئەو تەنگەژە سیاسی و ئیداری و یاساییەدا بوو کە ڕژێم لەکوردستان دروستیکرد، ئەوە بوو لەپێناو بەڕێوەبردنی هەرێم و دانانی دەسەڵاتی یاسا، بەرەی کوردستانی بیری لەدامەزراندنی سستمێکی پەرلەمانی کردەوە لەڕێی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی سەربەخۆی ئازادو دیموکراتییەوە. بۆ ئەمەش سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی لیژنەیەکی تایبەتی لە (١٥) کەس لە حاکم و پارێزەر و مافپەروەران و نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانی ناو بەرەی کوردستانی پێکهێنا بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. ڕەشید عەبدولقادر سەرۆکی- دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان.
٢. مەعروف ڕەئووف یەکەم- وەزیری داد لە وەزارەتی هەرێم.
٣. نازم حەوێزی - سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر.

٤. حاکم ئەمیر حەوێزی- ئەندامی دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر ودواتر بووە سەرۆکی لیژنەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی کوردستان.

٥. شەمسەدین موفتی.

٦. مەحمود بابان.

٧. د. سەعدی بەرزنجی- ڕاگری کۆلیژی یاساو سیاسەتی زانکۆی سەڵاحەدین.

٨. د.خورشید شەوکەت ڕەواندزی- مامۆستای کۆلیژی یاساو سیاسەتی زانکۆی سەڵاحەدین.

٩. پارێزەر مستەفا عەسکەری.

١٠. فەرسەت ئەحمەد لەساڵی ١٩٩٢ەوە تا ئەمرۆ- سکرتێری ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانە.

١١. د. قەیس دیوالی دواتر بووە- ئەندامی خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان.

١٢.حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی دواتر بووە-ئەندامی پەرلەمانی کوردستان.

١٣. بەختیار حەیدەری ئەندامی- ئەنجومەنی نیشمانی کوردستان.

١٤.قادرجەباری دواتر بووە- وەزیری داد لەمکابینەی دووەمی حکومەتی هەرێم.

١٥. فەرەنسۆ هەریری - سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەپەرلەمان، ساڵی٢٠٠٠ تیرۆرکرا.

ئەم لیژنە تایبەتیەی پێکهات، دوای ئەوەی چەند دانیشتنێکی لەماوەی نێوان ١٩٩١\١٢\٢٣ تا ١٩٩٢\١\٢٨ئەنجامدا، پرۆژە یاسایەکیان پێشکەش بەسەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی کردو لە ڕۆژی ١٩٩٢\٤\٢٨ لەلایەن بەرەوە بڕیاری لەسەردراو بەناوی یاسای ژمارە (١) بۆ ساڵی ١٩٩٢ یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان - عێراق پەسەندکرا.

هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و ڕابەری گشتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لەڕێگەی دەنگدانی گشتی ونهێنی و ڕاستەوخۆ لە ١٩٩٢\٥\١٩

بەبەشداری نزیکەی یەك ملیۆن دەنگدەر کە نوێنەرایەتی زیاتر لەسێ ملیۆن ونیو هاوڵاتیان دەکرد ئەنجامدرا. کە بەهاوکاری پشتیوانی چاودێرانی بیانی و دۆستانی گەلی کورد بەڕێوەچوو. بەپێی یاسای هەڵبژاردن هەرحزبێك دەبوایە ٧% دەنگەکان بەدەستبهێنێ بۆ ئەوەی کورسییەکی پەرلەمان مسۆگەر بکات.

## یاسای هەڵبژاردن لە پەرلەمانی کوردستان

لە مێژووی کورددا بۆ یەکەم جار یاسای ژمارە (١) لە لایەن بەرەی کوردستانی دەرکرا کە دوایی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کرا. سستمی پەیڕەوکراو بۆهەڵبژاردن سستمی ڕێژەیی بوو. ڕێژەی بەدەستهێنانی کورسی پەرلەمان ٧% بوو. پاش پرۆسەی ڕزگاری عێراق لە ٢٠٠٣\٤\٩ و دەرکردنی یاسای هەڵبژاردن لەلایەن دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان، یاسای هەڵبژاردنی ژمارە (١) ی هەرێمی کوردستان هەموار کرا بە لابردنی ٧%، چونکە پێچەوانەی هەڵبژاردنی کۆماری عێراقی فیدڕاڵ بوو. ڕێژەی ٢٥% ی کورسییەکانی بۆ ژنان تەرخان کرا. یاساکە مافی هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتنی بۆ هەموو هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دابینکرد بێ جیاوازی، وە بە پێی یاساکە هەر چوار ساڵ جارێک هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت.

## خشتەی ژمارە (٣)

### یاسای هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان- عێراق

| ژ | ناوی ئەنجومەن | ماوە/ ساڵ | ژمارەی ئەندام | تەمەنی پاڵێوراو | تەمەنی دەنگدەر |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان | ٤ | ١١١ | ٣٠ | ١٨ |
| ٢ | ئەنجومەنی پارێزگا | ٤ | ٤١ | ٣٠ | ١٨ |
| ٣ | ئەنجومەنی نوێنەرانی کۆماری عێراقی ڤیدڕال | ٤ | بەپێی ژمارەی دانیشتوانی هەرێم | ٣٠ | ١٨ |
| ٤ | هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم | ٤ | ١ | ٣٠ | ١٨ |

خشتەی ژمارە (٣) یاسای هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو، بەشێوەیەک ماوە و ژمارەی ئەندامان وهەریەک لە تەمەنی پاڵێوراو و دەنگدەر نیشان دەدات بە پێی ناوەندی ئەنجومەنە جۆربەجۆرەکان. ماوەی هەر ناوەندێک ٤ ساڵە و هەیەک تەمەنی پاڵێوراو و دەنگدەر ٣٠ ساڵە، بەڵام ژمارەی ئەندامان بەپێی ناوەندەکان جیاوازی بەخۆوە دەبینێت.

## دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمانی کوردستان) و ڕێژەی ژنان لە پەرلەماندا

پەرلەمانی کوردستان دامەزراوەیەکی تەشریعی هەرێمە کە دیموکراتیانە هەڵبژێردراوە و لە یەک ئەنجوومەن پێکدێت و سێ ئەرکی سەرەکی هەیە، کە بریتین لە:

١. لێکۆڵینەوە لە پڕۆژە یاسای نوێ.

٢. تێڕوانین و بەدواداچوون لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی حکومەت.

٣. گفتوگۆکردن لەسەر کێشە و مەسەلە گرنگەکانی ڕۆژ.

# پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان

بەپێی بڕیاری یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ پەرلەمانی کوردستان پێکدێت لە ١١١ کورسی، کە لە لایەن سەرۆکی پەرلەمان بەڕێوە دەبرێت و لەلایەن جێگرەکەیەوە لە کار و ئەرکەکانی هاریکاری دەکرێت. لە شوباتی ٢٠٠٩ یاسای هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان هەموار کرایەوە بەمەبەستی زیاتر لە خۆگرتنی تەواوی پێکهاتەکان. کەمترین تەمەنی خۆ کاندیدکردن بۆ پەرلەمان لە ٣٠ ساڵیەوە بۆ ٢٥ ساڵی کەمکرایەوە. کەمترین ڕێژەی یاسایی پەرلەمانتارانی ئافرەت لە ٢٥% بۆ٣٠% بەرزکرایەوە. لەکاتێکدا ژمارەی ئەوکورسیانەی لە هەڵبژاردنەکانی پێشووتر بۆ کەمە نەتەوایەتییەکان تەرخان کرابوو، زیاد کرا بۆ پێنج کورسی بۆ هەر یەک لە کریستیانەکان وتورکمانەکان.

# کورتە مێژووییەک

# سەبارەت  بە پەرلەمانی کوردستان

پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ لە دوای سازدانی یەکەم هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە لە مێژووی هەرێم و هەر بەشێکی تری عێراقدا دامەزرا.

بەمەبەستی پاراستنی هاوڵاتیانی کوردستان لە هێرشەکانی سوپای عێراقی دوابەدوای جەنگی کەنداوی ١٩٩١ وڵاتانی ئەمریکا و بەریتانیا و فەڕەنسا ناوچەی دژە فڕینیان لەسەرووی هێڵی پانی ٣٦ دامەزراند کە بەسەر سنووری کوردستان درێژ دەبێتەوە. لەسەر زەمینیشدا ناوچەیەکی ئارام لە لایەن سوپای سەربازی ١١ وڵاتەوە دانرا. دیاریکردنی ئەم ناوچەی دژە فڕین و ئارامە هاندەر بوو بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان، بەوانەشەوە ئەوانەی کە لە حەفتاکانەوە کوردستانیان جێهێشتبوو. دواتر لە ساڵی ١٩٩١ سەدام حسێن هێزەکان و دامودەزگا ئیدارییەکانی لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان کشاندەوە. سەرەڕای ئەو ناخۆشی و ناڕەحەتییەی هەبوو بەهۆی ئابڵوقەی نێودەوڵەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر عێراق، سەدام حسێن ئابڵوقەیەکی تری ناوخۆیی بەسەر هەرێمی کوردستان سەپاند، ئەویش بە

ڕاگرتنی ناردنی خۆراک و دەرمان و سووتەمەنی و بڕینی کارەبا و ڕێگرتن لە چوونی خەڵکی ئەو هەرێمە بۆ ناوچەکانی تری عێراق.

سەرەڕای دروستبوونی ئەو بۆشاییە کارگێڕیە و ئەو دوو ئابڵوقە ئابووریە، بەرەی کوردستانی کە هاوپەیمانیەتێکی فرەلایەنی هێزە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان بوو، بڕیاریدا هەڵبژاردنێکی گشتی ئەنجام بدات. ئامانجی سەرەکی لەمە دانانی ئیدارەیەک بوو بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری و پێویستیە سەرەکییەکانی هاوڵاتیان. دانیشتوانی هەرێم زۆر بە پەرۆش بوون بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان. هەڵبژاردنەکە کە لە ١٩ی مایۆ/ ئایاری ١٩٩٢ بەڕێوەچوو، بە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئازاد و دادپەروەر دادەنرێت لە مێژووی عێراق. ڕێژەی ٧% دەنگەکان وەک کەمترین ڕێژە دانرا بۆ هەر حزبێک بۆئەوەی بتوانێت نوێنەرایەتی خەڵک بکات لە پەرلەمان. ڕێژەی دەنگدەر زۆر بوو، بە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دادپەروەر و دیموکراتیانە لەلایەن چاودێرە بیانیەکانەوە هەژمارکرا. دوای دەیان ساڵ لە دیکتاتۆریەت، خەڵکی کوردستان توانیان بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیان دەنگ بە نوێنەرانیان بدەن. ئەم هەڵبژاردنە پێکهێنانی یەکەم ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بەدوای خۆیدا هێنا. سەرکردایەتی و خەڵکی هەرێمی کوردستان بڕیاریاندا تەواوی یاسا عێراقیەکان، جگە لەوانەی کە پێشێلی مافی مرۆڤ و نێودەوڵەتییەکان دەکات، پەیڕەوبکەن.

لە ١٥ی یۆلیۆ/ تەمووزی ١٩٩٢ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان یەکەم کۆبونەوەی خۆی سازدا. یاسای ژمارە (١)، کە یەکەم یاسا بوو پەسەندکرا، ئەنجوومەنی وەک دەسەڵاتی یاسادانانی هەرێم دەستنیشانکرد. تا ئەمڕۆ چوار هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێم ڕێکخراون، ئەوانیش لە ١٩٩٢، ٢٠٠٥، ٢٠٠٩ و ٢٠١٣. لە ساڵی ٢٠٠٩ ناوی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان کرا بە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.

# هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکان
# لە هەرێمی کوردستاندا

هەڵبژاردنی پەرلەمان هەر چوار ساڵێک ساز دەکرێت، وەک لە ماددەی (٨)ی یاسای هەڵبژاردنەکانی کوردستانەوە هاتووە. دوا هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە ٢١ی سەپتەمبەر/ئەیلولی ٢٠١٣ ئەنجامدرا. هەر کەسێک تەمەنی ١٨ ساڵ و سەرووتر بێت و هاوڵاتی هەرێمی کوردستان بێت و ناوی لە تۆماری دەنگدان بێت دەتوانێت بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ و جیهانییانە و بەشێوەیەکی نهێنی دەنگ بدات.

# دەسەڵاتەکانی
# پەرلەمانی هەرێمی کوردستان

هەروەک لە دەستوری فیدڕاڵی عیراقدا هاتووە، پەرلەمان دەسەڵاتێکی زۆری هەیە بۆ گفتوگۆکردن و یاسادانان لەسەر سیاسەت لە زۆر بوارەوە، لەوانە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، پەروەردە و ڕاهێنان، پۆلیس و ئەمن و ئاسایش، ژینگە، سامانە سروشتییەکان، کشتوکاڵ، نیشتەجێبوون، بازرگانی، پیشەسازی و وەبەرهێنان، خزمەتگوزاری و کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان، گواستنەوە و ڕێگاوبان، کەلتور و گەشتیاری، وەرزش و چالاکییە تەرفیهییەکان هەروەها مۆنۆمێنتە دێرینەکان و بینا مێژووییەکان.

پەرلەمانی کوردستان هەمان دەسەڵاتی یاسادانانی دەسەڵاتەکانی فیدڕاڵی بەشدەکات لەم بوارانەی خوارەوە، بەڵام پێشەنگ دەدرێت بە یاساکانی پەرلەمانی کوردستان: گومرگ، وزەی کارەبا و دابەشکردنی، پلاندانانی گشتی و سەرچاوە ئاوییە ناوخۆییەکان. لەگەڵ ئەمەشدا، بەپێی ماددەی ١٢١ لە دەستووری عێراقی فیدڕاڵی، پەرلەمانی کوردستان مافی هەموارکردنەوەی جێبەجێکردنی دەسەڵاتی یاسادانانی فراوانی عێراقی هەیە کە دەکەونە دەرەوەی ئەو دەسەڵاتانەی تایبەتن بە

حکومەتی ڤیدڕاڵی. پەرلەمان لەڕێی لیژنەی جۆربەجۆری هەمیشەییەوە کاروبارەکانی خۆی بەئەنجام دەگەیەنێت. ئەو دەسەڵاتانە بەگوێرەی دەستووری عێراقی ڤیدڕاڵ بەپێی ماددەکانی ١١٤، ١١٥، ١١٧، ١٢٠، ١٢١، ١٢٦ و ١٤١ بە پەرلەمانی کوردستان بەخشراون.

## مێژووی خولەکانی پەرلەمانی کوردستان

پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ ەوە تا ئەمڕۆ  بە چوار خولدا تێپەڕیوە کە دوا هەڵبژاردن لە ساڵی ٢٠١٣ دا ئەنجامدراوە. بێگومان هەریەک لەو خولانە مێژووی تایبەت و جیاواز بەخۆی هەیە.

### خشتەی ژمارە (٤)

بەراوورد لە نێوان خولەکانی پەرلەمانی کوردستان بە پێی ژمارەی لیستە بەشداربووەکان

| ژ | خولەکانی پەرلەمان | لیستە بەشداربووەکان |
|---|---|---|
| ١ | خولی یەکەم - ١٩٩٢ | ٣ |
| ٢ | خولی دووەم - ٢٠٠٥ | ١٣ |
| ٣ | خولی سێیەم - ٢٠٠٩ | ١١ |
| ٤ | خولی چوارەم -٢٠١٣ | ١٧ |
|  | کۆی گشتی | ٤٤ |




خشتەی ژمارە (٤) بەراووردێک پیشان دەدات لە نێوان سەرجەم خولەکانی پەرلەمانی کوردستان کە لە چوار خولدا خۆی دەبینێتەوە سەبارەت بەشداربوونی ژمارەی لیستە جۆربەجۆرەکانی پێکهاتەی پەرلەمانیان پێکهێناوە، بەشێوەیەک لەیەکەم خولدا بە ٦ لیست پەرلەمانیان پێکهێناوە و پاشان لە خولی دووەمدا بووە بە ١٣ و دواتر بۆ ١١ لیست و دواخول کە لە ساڵی ٢٠١٣ دا بووە زیاترین لیستی بەشداربووی لەخۆگرتووە کە بریتییە لە ١٧ لیستی جیا.

ئەوەش لەلایەک زیادبوونی ڕێژەی حزب و لیستە جیاوازەکان نیشان دەدات، لە لایەکی دیکەش  ئاستی والابوون و فراوانی دەرفەتی بەشداربوونی زیاتری پێکهاتەکان دەخاتە ڕوو لە نێوەندی پەرلەمانی کوردستان کە بێگومان گەر پەرلەمانی کوردستان سەربەخۆیەتی خۆی هەبێت لە بڕیارداندا وەک دامەزراوەیەکی گرنگی سیاسی لە کۆمەڵدا، هەروەها ئەندامانی پەرلەمان بەرژەوەندی گشتی داخوازی و گرنگیی و خزمەتکردنی کۆمەڵەکەیان بخەنەڕوو و پێش بەرژەوەندی حزبییەکانیان، ئەوا بوونی فرەدەنگی وفرەڕەنگی لە نێو پەرلەماندا کاریگەری زیاتری دەبێت بۆ پرۆسەی بڕیارسازی کە لە خزمەتی کۆی هاوڵاتیاندا بێت. کە بەداخەوە تا ئەم ساتە وەختە واقعی پەرلەمانی کوردستان بەپێچەوانەوەیە بەهۆی بەرنامە و ئەقڵیەت و دەستێوەردانی حزبە سیاسییەکان لە کوردستاندا.

# خشتەی ژمارە (٥)

## ڕێژەی پیاوان و ژنان لە سەرجەم خولەکانی پەرلەمان کوردستان

| خولەکانی پەرلەمان | ژمارەی پەرلەمانتار | ژمارەی پیاو | ژمارەی ژن | ڕێژەی پیاو | ڕێژەی ژن |
|---|---|---|---|---|---|
| خولی یەکەم - ١٩٩٢ | ١٠٥ | ٩٩ | ٦ | %٩٤ | %٦ |
| خولی دووەم - ٢٠٠٥ | ١١١ | ٨٣ | ٢٨ | %٧٥ | %٢٥ |
| خولی سێیەم - ٢٠٠٩ | ١١١ | ٧٠ | ٤١ | %٦٣ | %٣٧ |
| خولی چوارەم - ٢٠١٣ | ١١١ | ٧٧ | ٣٤ | %٦٩ | %٣١ |
| کۆی گشتی | ٤٣٨ | ٣٢٩ | ١٠٩ | %٧٥ | %٢٥ |



خشتەی ژمارە (٥) ڕێژەی بەشداریکردنی ژنان لە تێکڕای خولەکانی پەرلەمانی کوردستان دەخاتەڕوو.

لە خولی یەکەمدا کەمترین ڕێژەی بەشداربوونی ژنان هەبووە بە ڕێژەی ٦%، پاشان ڕێژەکە زیادی کردووە بۆ ٢٥% دواتر بە پێی یاسای هەڵبژاردن کە سستمی کۆتای دانا بۆ بەشداری ژنان لە پەرلەماندا ڕێژەکە زیاتر بووە، چونکە کۆتای ژنان بەشێوەیەک چەسپا کە ڕێژەیان لە پەرلەمانی کوردستان لە٣٠% کەمتر نەبێت. هەربۆیە لە خولی سێیەمدا ڕێژەکە بەرزبۆتەوە بۆ ٣٧% و دواتر ڕێژەکە کەمبۆتەوە بۆ ٣١% بە پێی دواهەڵبژاردنەکان کوردستان لە ساڵی ٢٠١٣ دا.

# ڕێژەی پیاوان و ژنان لە خولەکانی پەرلەمانی کوردستان بەپێی پارتە سیاسییەکان

## خشتەی ژمارە (٦)

ڕێژەی پیاوان و ژنان

لە پارتی دیموکراتی کوردستان بە پێی خولەکانی پەرلەمان

| خولەکانی پەرلەمان | ژمارەی پەرلەمانتار | ژمارەی پیاو | ژمارەی ژن | ڕێژەی پیاو | ڕێژەی ژن |
|---|---|---|---|---|---|
| خولی یەکەم- ١٩٩٢ | ٥٢ | ٤٨ | ٤ | %٩٢ | %٨ |
| خولی دووەم-٢٠٠٥ | ٣٨ | ٢٩ | ٩ | %٧٦ | %٢٤ |
| خولی سێیەم- ٢٠٠٩ | ٣٠ | ٢٠ | ١٠ | %٦٧ | %٣٣ |
| خولی چوارەم-٢٠١٣ | ٣٨ | ٢٦ | ١٢ | %٦٧ | %٣٣ |
| کۆی گشتی | ١٥٨ | ١٢٣ | ٣٥ | %٧٨ | %٢٢ |




خشتەی ژمارە (٦) ئاماژەیە بە ڕێژەی ژنان لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بە پێی خولە جیاجیاکانی پەرلەمان.
لە خولی یەکەمدا دەردەکەوێت ڕێژەکە تەنها ٨% بووە و پاشان لە ساڵی ٢٠٠٥ زیادی کردوە بۆ ٢٤% و دواتر بۆ ٣٣% لە پێش دواخول و خولی کۆتایی پەرلەماندا. ئەوەش بە پێی ژمارە و ڕێژەی حزبی پارتی دیموکراتی کوردستانە کە لە هەریەک خولەکانی پەرلەماندا چەند کورسی بەدەستهێناوە. جگە لەوەی بەراووردەکە دەریدەخات بوونی چەسپاندنی کۆتا کاریگەری باشی هەبووە بۆ زیادبوونی ڕێژەی ژنان لە ساڵانی دواییدا.

# خشتەی ژمارە (٧)

## ڕێژەی پیاوان و ژنان لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە پێی خولەکانی پەرلەمان

| خولەکانی پەرلەمان | ژمارەی پەرلەمانتار | ژمارەی پیاو | ژمارەی ژن | ڕێژەی پیاو | ڕێژەی ژن |
|---|---|---|---|---|---|
| خولی یەکەم-١٩٩٢ | ٤٩ | ٤٥ | ٤ | %٩٢ | %٨ |
| خولی دووەم-٢٠٠٥ | ٣٩ | ٣٠ | ٩ | %٧٧ | %٢٣ |
| خولی سێیەم-٢٠٠٩ | ٢٩ | ١٩ | ١٠ | %٦٦ | %٣٤ |
| خولی چوارەم- ٢٠١٣ | ١٨ | ١٣ | ٥ | %٧٢ | %٢٨ |
| کۆی گشتی | ١٣٥ | ١٠٧ | ٢٨ | %٧٩ | %٢١ |




خشتەی ژمارە (٧) ئاماژەیە بە ڕێژەی ژنان لەسەر لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە پێی خولە جیاجیاکانی پەرلەمان، لە خولی یەکەمدا دەردەکەوێت تەنها ٨% بووە و پاشان زیادی کردوە بۆ ٢٣% لە ساڵی ٢٠٠٥ و دواتر بۆ ٣٤% لە دوا خولی پەرلەمانیشدا بۆ ٢٨%. ئەوەش بە پێی ژمارە و ڕێژەی حزبی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە کە لە هەریەک خولەکانی پەرلەماندا چەند کورسی بەدەستهێناوە و لەهەمانکاتدا بوونی بەراووردی ساڵەکانی پێش و پاش چەسپاندنی

کۆتا بۆ ژنان دەخاتەڕوو کە کاریگەری باشی هەبووە بۆ زیادبوونی ڕێژەیان لە ساڵانی دوایی هەڵبژاردنەکاندا.

## خشتەی ژمارە (٨)

ڕێژەی پیاوان و ژنان لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە پێی خولەکانی پەرلەمان

| خولەکانی پەرلەمان | ژمارەی پەرلەمانتار | ژمارەی پیاو | ڕێژەی پیاو | ژمارەی ژن | ڕێژەی ژن |
|---|---|---|---|---|---|
| خولی یەکەم-١٩٩٢ | - | - | - | - | - |
| خولی دووەم-٢٠٠٥ | ٩ | ٦ | ٣ | %٦٧ | %٣٣ |
| خولی سێیەم-٢٠٠٩ | ٦ | ٣ | ٣ | %٥٠ | %٥٠ |
| خولی چوارەم- ٢٠١٣ | ١٠ | ٧ | ٣ | %٧٠ | %٣٠ |
| کۆی گشتی | ٢٥ | ١٦ | ٩ | %٦٤ | %٣٦ |




لەخشتەی ژمارە (٨) دا دەردەکەوێت کە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە خولی یەکەمی پەرلەماندا بەشداریان نەبووە، ماوەی نێوان خولی دووەم و سێیەمی پەرلەمان بایەخێکی زیاتریانداوە بە کاندیدە ژنەکان و ڕێژەی پەرلەمانتارانی خۆی لە ٣٣% بەرزکردۆتەوە بۆ ٥٠%، بەڵام لە خولی چوارەمی پەرلەماندا جارێکی تر ڕێژەکەی دابەزاندۆتەوە بۆ ٣٠%.

ئەوەش بە پێی ژمارە و ڕێژەی حزبی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە کە لە هەریەک خولەکانی پەرلەماندا چەند کورسی بەدەستهێناوە، بێگومان بوونی کۆتاش بەهەمان شێوەی حزبەکانی تر ڕۆڵی هەبووە لە بەردەوامیەتی ژنان بە ڕێژەی باش بەپێی بەدەستهێنانی کورسییەکانی حزبەکە.

## خشتەی ژمارە (٩)

### ڕێژەی پیاوان و ژنان لە کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بە پێی خولەکانی پەرلەمان

| خولەکانی پەرلەمان | ژمارەی پەرلەمانتار | ژمارەی پیاو | ژمارەی ژن | ڕێژەی پیاو | ڕێژەی ژن |
|---|---|---|---|---|---|
| خولی یەکەم- ١٩٩٢ | - | - | - | - | - |
| خولی دووەم- ٢٠٠٥ | ٦ | ٤ | ٢ | %٦٧ | %٣٣ |
| خولی سێیەم- ٢٠٠٩ | ٤ | ٣ | ١ | %٧٥ | %٢٥ |
| خولی چوارەم- ٢٠١٣ | ٦ | ٤ | ٢ | %٦٦ | %٣٤ |
| کۆی گشتی | ١٦ | ١١ | ٥ | %٦٩ | %٣١ |




لە خشتەی ژمارە (٩) دا دەردەکەوێت کۆمەڵی ئیسلامی بەشداریان نەبووە لە خولی یەکەمی پەرلەماندا، هەروەها دەردەکەوێت کە ڕێژەی ژنان لە نێوان خولی دووەم و سێیەمدا کەمی کردووە، بەڵام لە خولی چوارەمدا بەهۆی چەسپاندنی ٣٠% ڕێژەی ژنان لە پەرلەمانی کوردستاندا زیادیکردۆتەوە هەر وەک چۆن ژمارەی کورسییەکانی کۆمەڵیش بە بەراوورد لەگەڵ خولی سێیەمدا زیادی کردوە.

# خشتەی ژمارە (١٠)

ڕێژەی پیاوان و ژنان لە بزوتنەوەی گۆڕان بە پێی خولەکانی پەرلەمان

| خولەکانی پەرلەمان | ژمارەی پەرلەمانتار | ژمارەی پیاو | ڕێژەی پیاو | ژمارەی ژن | ڕێژەی ژن |
|---|---|---|---|---|---|
| خولی یەکەم- ١٩٩٢ | - | - | - | - | - |
| خولی دووەم-٢٠٠٥ | - | - | - | - | - |
| خولی سێیەم-٢٠٠٩ | ٢٥ | ١٦ | ٩ | %٦٤ | %٣٦ |
| خولی چوارەم-٢٠١٣ | ٢٤ | ١٦ | ٨ | %٦٦ | %٣٤ |
| کۆی گشتی | ٤٩ | ٣٢ | ١٧ | %٦٥ | %٣٥ |




خشتەی ژمارە (١٠) ئاماژەیە بە ڕێژەی ژنان و پیاوان لەسەر لیستی بزوتنەوەی گۆڕان بە پێی خولە جیاجیاکانی پەرلەمان، دەردەکەوێت لە خولی سێیەمدا تەنها ٣٦% بووە و پاشان بۆ ساڵی ٢٠١٣ بووە بە ٣٤%. ئەوەش بە پێی ژمارە و ڕێژەی بزوتنەوەی گۆڕانە کە لە هەردوو خولی پەرلەماندا چەند کورسیان بەدەستهێناوە. وێڕای ئەوەی ئاماژە بەوە دەکات کە بزوتنەوەی گۆڕان وەک

قەوارەیەکی سیاسی نوێ بونیان نەبووە لە هەردوو خولی یەکەم و ودووەمی پەرلەماندا.

## خشتەی ژمارە (١١)

### ڕێژەی پیاوان و ژنانی سەرجەم حزبەکان بە پێی خولەکانی پەرلەمان

| خولەکانی پەرلەمان | پارتی دیموکراتی کوردستان | | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | | بزوتنەوەی گۆڕان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | پیاو | ژن | پیاو | ژنان | پیاو | ژن | پیاو | ژن | پیاو | ژن |
| خولی یەکەم-١٩٩٢ | ٩٢ % | %٨ | ٩٢ % | %٨ | - | - | - | - | - | - |
| خولی دووەم-٢٠٠٥ | ٧٦ % | ٢٤ % | ٧٧ % | ٢٣ % | ٦٧ % | ٣٣ % | ٦٧ % | ٣٣ % | - | - |
| خولی سێیەم-٢٠٠٩ | ٦٧ % | ٣٣ % | ٦٦ % | ٣٤ % | ٥٠ % | ٥٠ % | ٧٥ % | ٢٥ % | ٦٤ % | ٣٦ % |
| خولی چوارەم-٢٠١٣ | ٦٧ % | ٣٣ % | ٧٢ % | ٢٨ % | ٧٠ % | ٣٠ % | ٦٦ % | ٣٤ % | ٦٦ % | ٣٤ % |

خشتەی ژمارە (١١) ڕێژەی بەشداری پیاوان و ژنان دەخاتە ڕوو لە سەرجەم پێنج حزبە سیاسییەکەی لە پەرلەماندان بە پێی خولەکانی پەرلەمانی کوردستان. خولی یەکەم تەنها پارتی و یەکێتی بەشداربونیان هەبووە بە هەمان ڕێژە و پاشان لە خولی دووەمدا بووە بە چوار حزب و دواتر پێنج حزب بەشداریان لە پەرلەماندا هەبووە، هەریەکەیان بە پێی ڕێژەی کورسییەکانیان، ڕێژەی بەشداری پیاوان و ژنانیان جیاواز بووە .

لەدوا خولی پەرلەماندا هەریەک لە کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان بە زۆرترین ڕێژەی ژنان کە ٣٤% بەشداریان هەبووە لە پەرلەماندا.

# خشتەی ژمارە ( ١٢ )

## ژمارەی پیاوان و ژنان لە پۆستەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان بە پێی خولەکانی پەرلەمان

| خولەکانی پەرلەمان | پۆستەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان | ناو | ژمارەی پیاو | ژمارەی ژن |
|---|---|---|---|---|
| خولی یەکەم- ١٩٩٢ | سەرۆکی پەرلەمان | جەوهەر نامق | ٣ | - |
| | جێگری پەرلەمان | محەمەد تۆفیق | | |
| | سکرتێری پەرلەمان | فەرسەت ئەحمەد | | |
| ماوەی درێژکردنەوەی خولی یەکەم | سەرۆکی پەرلەمان | جەوهەر نامق | | |
| | جێگری پەرلەمان | نەژاد ئەحمەد | | |
| | سکرتێری پەرلەمان | فەرسەت ئەحمەد | | |
| خولی دووەم -٢٠٠٥ | سەرۆکی پەرلەمان | عەدنان موفتی | ٣ | - |
| | جێگری پەرلەمان | د.کەمال کەرکوکی | | |
| | سکرتێری پەرلەمان | فەرسەت ئەحمەد | | |
| خولی سێیەم-٢٠٠٩ | سەرۆکی پەرلەمان | د.کەمال کەرکوکی | ٣ | - |
| | جێگری پەرلەمان | د. ئەرسەلان بایز | | |
| | سکرتێری پەرلەمان | فەرسەت ئەحمەد | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| خولی سێیەم -٢٠٠٩ | سەرۆکی پەرلەمان | د. ئەرسەلان بایز | ٣ | - |
| | جێگری پەرلەمان | حەسەن محەمەد | | |
| | سکرتێری پەرلەمان | فەرسەت ئەحمەد | | |
| خولی چوارەم-٢٠١٣ | سەرۆکی پەرلەمان | د. یوسف محەمەد | ٣ | - |
| | جێگری پەرلەمان | جەعفەر ئیبراهیم | | |
| | سکرتێری پەرلەمان | فەخرالدین قادر | | |




لە خشتەی ژمارە (١٢) دا دەردەکەوێت ڕێژەی ژن لە بەرامبەر پیاودا لەسەرجەم پۆستەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بە پێی خولەکانی پەرلەمان (سفر) ە. لە بەرامبەر ڕێژەی پیاو کە ١٠٠% ڕێژەکە پێکدەهێنێ. بەو واتایەی سەرجەم پۆستەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان کە لە سێ پۆستی سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە لە

هیچ کامیان ژنی تێدا نەبووە. ئەوەش ئاماژەیە کە هیچ کام لە حزبە سیاسییەکانی کوردستان تا ئێستا باوەڕیان بە توانای ژنان نییە بۆ بوونیان لەو پۆستە باڵاو هەستیارانەدا کە ناوەندی بڕیارسازین.
وێڕای بوونی ژنان لە نێوەندی پرۆسەی سیاسیدا بەڕێژە و شێوەیەکی بەرچاو و چەسپاندنی کۆتا چ لە نێوەندی خودی حزبە سیاسییەکاندا و چ لە پەرلەماندا .

## مێژووی هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان - ساڵی ١٩٩٢

لە ماوەی ١٦ ساڵی ڕابردوودا لەهەرێمی کوردستان، دوو خولی هەڵبژاردن ئەنجامدراوە: یەکەمین ئەزموونی هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی دیموکراسی لەکوردستانی عێراق بەپێی یاسای ژمارە (١)ی بەرەی کوردستانی لە ١٩٩٢\٥\١٩ بەسەرپەرشتی و چاودێری نوێنەرانی چەندین ڕێکخراوی بیانی لەبواری مافی مرۆڤ و دیموکراسی و ئەندامانی پەرلەمانی وڵاتانی ئەوروپاو ڕۆژنامەنووسانی بیانی ئەنجامدرا، کە (٩٦٧٢٢٩) دەنگدەر بەشداریان تێدا کرد.
ئەو لیستانەی بەشداریان لەهەڵبژاردنەکەدا کرد.

# خشتەی ژمارە (١٣)

## ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان – ساڵی ١٩٩٢

| ژ | لیستی پارتەکان | ژمارەی دەنگەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٤٣٧٨٨٩ | %٤٥.٥ |
| ٢ | یەکێتی نیشتمانی کوردستان وحزبی زەحمەتکێشانی کوردستان | ٤٢٣٨٣٣ | %٤٣.٦١ |
| ٣ | یەکگرتن ( پارتی سۆشیالست وپارتی سەربەخۆیی کوردستان) | ٢٤٨٨٢ | %٢.٥٦ |
| ٤ | یەکێتی دیموکراتی کوردستان وحزبی شیوعی وبێلایەن | ٢١١٢٣ | %٢.١٧ |
| ٥ | لیستی ئیسلامیەکان | ٤٩١٠٨ | %٥.٥ |
| ٦ | لیستی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان | ٩٩٠٣ | %١.٠٢ |
| ٧ | لیستی سەربەخۆی دیموکراتەکان | ٥٠١ | %٠.٠٥ |
| | کۆی دەنگەکان | ٩٧١٩٥٣ | %١٠٠ |

خشتەی ژمارە (١٣) ئەنجامی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان دەخاتە ڕوو بە پێی لیستە دەرچووەکان کە لە حەوت حزبدا خۆی دەبینێتەوە، تیایدا پارتی دیموکراتی کوردستان وەک یەکەم و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دووەم دەنگی بەدەستهێناوە تا حەوتەمی حزب کە کەمترین دەنگە و بریتییە لە لیستی سەربەخۆی دیموکراتەکان.

بەپێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستاندا، کەلەلایەن دەستەی باڵای سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ڕاگەیەندرا، کە بەسیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی (التمثیل النسبی) بەڕێوەچوو، تەنیا (لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان) و لیستی هاوبەشی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشان) هاتنە نێو پەرلەمان لە کۆی ١٠٥ کورسی پەرلەمان هەریەك لە یەکێتی و پارتی ٥٠% ی کورسییەکانیان بەرکەوت. بەپێی بڕیارێکی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانیش کە لە ١٩٩٢\٤\٨ دەرچوو (٥) کورسی بۆ مەسیحییەکانی کوردستان تەرخان کرا، کە (٤) ئەندامیان

لە لیستی بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری و(١ ) ئەندامیش بۆ لیستی یەکگرتووی مەسیحیەکانی کوردستان تەرخان کرا.

پاش ڕێکەوتنی هەردوو حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کات و ڕۆژ بۆ کۆبونەوەی پەرلەمانی کوردستان دیاریکرا و لە ڕۆژی ١٩٩٢\٦\٤ ئەندامانی پەرلەمان و میوانان لە هۆڵی کۆبونەوەکە ئامادە بوون، بە تەمەنترین ئەندام دانیشتنی یەکەمی کۆبونەوەکەی کردەوە لەلایەن پارێزەر حەسەن کانەبی بلباس ناوی سێ پاڵێوراوەکەی ڕێکەوتنیان لەسەر کردبوو بێ بەرهەڵستی دەرچوون جەوهەر نامق بۆ سەرۆکی پەرلەمان، محەمەد تۆفیق رەحیم وەک جێگری سەرۆک و پارێزەر فرسەت ئەحمەد وەک سکرتێری پەرلەمان.

بە پێی یاسای ژمارە (١) ی هەرێمی کوردستان ماوەی خولی پەرلەمانەکە بۆ (٤ ساڵە)، بەڵام بەهۆی باری نائاسایی و کێشەی توندوتیژی نێوان هەردوو حزبی پارتی و یەکێتی، پەرلەمانی خولی یەکەم نزیکەی چواردە ساڵی درێژەی کێشا، وێرای ئەوەی ئاڵوگۆڕی زۆر بەسەرژمارەیەک لە پەرلەمانتارەکاندا هات . لێرەوە ، ناوی دەستەی یەکەمی خولی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بوون.

## ناوی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان خولی یەکەم- ساڵی ١٩٩٢

**یەکەم: لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان**

١.ئیبراهیم سەعید محەمەد

٢.ئیدریس هادی صالح

٣.ئازاد فەتاح رەشید میران

٤.ئەحمەد سالار عەبدولواحید

٥.ئەحمەد عە لی عومەر

٦.ئەکبەر حەیدەر موسا

٧.ئەکرەم عزەت نەجیب

٨.بارزان خالید عەزیز

٩.جەعفەر شێخ عەلی

١٠.جەوهەر ئەحمەد شاواز گەڵاڵی
١١.جەوهەر نامق سالم – سەرۆکی پەرلەمان
١٢.حەسەن حوسێن بەفری
١٣.حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف
١٤.حەمید سەلیم میران
١٥.خەیری سەعید عەلی بەگ یەزیدی
١٦.د. رۆژ نوری صدیق شاوێس
١٧.سەعید محەمەد سەعید هەروری
١٨.سەفەر مجەمەد حوسێن دۆسکی
١٩.سەلیم عەلی حاجی مەلۆ
٢٠.شەفیقە فەقی عەبدوڵڵا
٢١.شێروان ناصح حەیدەری
٢٢.مەلا تەلحە سەعید قەرەنی
٢٣.صەلاحەدین ئیبراهیم دەلۆ
٢٤.جەمیل عەبدی سندی
٢٥.عەفان عوسمان شێخ حوسامەدین
٢٦.فازل رەئووف چەقزی
٢٧.فەرحان عەبدولڵا ئاغا شەرفانی
٢٨.فەرسەت ئەحمەد عەبدولڵا – سکرتێری پەرلەمان
٢٩.فەرەنسۆ تۆما کانون حەریری
٣٠.فەلەکەدین سابیر کاکەیی
٣١.فەوزیە عزەدین رەشید
٣٢.قاسم محەمەد قاسم
٣٣.قەیس دیوالی سەعید دۆسکی
٣٤.کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی

٣٥.مەئمون نور محەمەد بریفکانی

٣٦.شێخ موحسین خالید موفتی

٣٧.یونس محەمەد سەلیم رۆژ بەیانی

٣٨.محەمەد ئەمین مەولود ئەمین

٣٩.مەلامحەمەد تاهیر زەین عابدین

٤٠.محەمەد سەعید ئەحمەد ئەعقوبی

٤١.مەلا محەمەد شەریف تاهیر دۆسکی

٤٢.محەمەد عەبدولقادر ئەحمەد

٤٣.مەلا مەحمود فەندی دێرشەوی

٤٤.مامەند محەمەد ئەمین بابەکر

٤٥.مەلا هادی خدر کوێخا

٤٦.نیهاد نورەدین رەشید

٤٧. وریا ئەحمەد محەمەد ئەمین

٤٨.یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی

٤٩.موحسن صالح کەتانی

٥٠.عەدنان محەمەد حوسام نەقشبەندی

**دووەم: لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و زەحمەتکێشانی کوردستان**

١.ئەبوبەکر حاجی سەفەر غولام

٢.ئەحمەد ئەبوبەکر حەسەن بامەڕنی

٣.ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندی

٤.ئەرسەلان بایز ئیسماعیل

٥.ئەیاد حاجی نامق مەجید بەقاڵ

٦.پەریخان مەحمود عەبدولقادر( شەمام)

٧.جەلال جەوهەر عەزیز

٨.جەلال شەفیق عەلی

٩.عەبدوڵڵا رەسول عەلی ( کۆسرەت)

١٠.حەسەن کانەبی خدر بلباس

١١.حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی

١٢.حوسێن عارف عەبدولرەحمان

١٣.خەسرەو گوڵ محەمەد

١٤.حەسەن ئەحمەد عەبدولڵا کوێستانی

١٥.سەعدی ئەحمەد محەمەد

١٦.سەعید عەلی خان عەبدول سلێڤانی

١٧.سەلام کەریم خان مەحمود خەلیفە

١٨.سیروان محەمەد نورولی

١٩.شەوکەتی حاجی موشیر محەمەد

٢٠.شێرکۆ فایەق عەبدوڵڵا بێکەس

٢١.صەلاحەدین عەبەدولحەمید عەبدولڵا

٢٢.صەڵاحەدین محەمەد حەسەن حەفید

٢٣.تەها محەمەد تەها (مەلا)

٢٤.تاریق محەمەد سەعید جامباز

٢٥.حەسەن حەمید رەحیم( رۆستەم)

٢٦.عەبدوڵڵا حاجی ئیبراهیم عەبدوڵڵا

٢٧.عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە

٢٨.عەبدولکەرم کاکە حەمە عەبدولکەرم

٢٩.عزەددین مستەفا رەسول

٣٠.عەلی عەبدوڵڵا ئەحمەد

٣١.عەلی رەسول رۆستەم

٣٢.عومەر سەید عەلی حوسێن

٣٣.عومەر عەبدولڵا محەمەد(ملازم عومەر)

٣٤.قادر عەزیز حەمەدەمین

٣٥.قادر مامەند بابەکر ئاغا

٣٦.هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد

٣٧.کەمال جەلال غەریب

٣٨.کەمال عەبدولکەریم فوئاد

٣٩.گەلاوێژ عەبدولجەبار مەجید جەباری

٤٠.محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم محەمەد

٤١.مەحەمەد توفیق حەمە رەحیم – جێگری سەرۆکی پەرلەمان

٤٢.محەمەد فزل محەمەد عەزیز ( قەفتان)

٤٣.محەمەد فوئاد مەعصوم خدر

٤٤.موستەفا قادر موستەفا

٤٥.مەزهەر عەلی موستەفا کاکی

٤٦.نەوشیروان فوئاد مەعروف مەستی

٤٧.نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل

٤٨.نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا

٤٩.نەهلە محەمەد سەعدوڵڵا

٥٠.کەمال ئیبراهیم فەرەج شاڵی.

**سێیەم: لیستی بزووتنەوەی ئاشووری**

١. یونادەم یوسف کەنا

٢. شەمائیل نەنۆ بنیامین

٣ . فەرەنسیس یوسف شابا

٤. ئەکرەم عاشوور عودیش

**چوارەم: لیستی یەکگرتووی مەسیحیەکانی کوردستان**

١.سەرکیس ئاغاجان مامەندو.

بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ، لە٢ی مایسی ١٩٩٤ نەتوانرا هەڵبژاردنی خولی دووەم ئەنجام بدرێ، بەڵام پەرلەمانی کوردستان هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی رێگە لە تەشەنەسەندنی ئاگری ئەو شەڕە ناوخۆییە بگرێ، بۆ ئەمەش

هەڵوێستی خۆی لە ڕاگەیاندنێکی دیکۆمێنتیدا کە لە ١٩ خاڵ پێکهاتبوو دژی ئەم شەڕە دەرکرد و چەندین لیژنەی مەیدانیشی بۆ چاودێریکردنی جێبەجێکردنی پرۆسەی ئاگربەست و بڕیاردانی ئاشتی لەبەرەکانی شەڕدا پێکهێنا. هەروەها ٥٩ ئەندام بۆ ماوەی ١٠١ ڕۆژ لە هۆڵێکی نێو پەرلەمان دژی شەری ناوخۆ پەناگیری خۆیان ڕاگەیاند. ئەم هەڵوێستەش لەئاستی ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان پشتیگرییەکی زۆری لێکرا. لەم ڕۆژەوە ئەو هۆڵە ناوی لێنراوە هۆڵی پەناگیری.

تەشەنەسەندنی گرژی ناوخۆو زیادبوونی مەترسییەکان بۆ سەر ئەو دیمەکراسیەتە ساوایەی کوردستان سەرەنجام پەرلەمانیشی کردە قوربانی شەڕی ناوخۆو بۆ ماوەیەکی زۆر پەکی کەوت و نەیتوانی ڕۆڵی خۆی ببینێ و ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات، بەڵام دواجاربەهۆی ڕێکەوتننامەی ئاشتی واشنتۆن کە لەساڵی ١٩٩٨ بەئامادەبوونی وەزیری دەرەوەی ئەوسای ئەمریکا (خاتوو مادلین ئۆلبرایت) لەنێوان (مام جەلال و کاك مەسعود) ئیمزاکرا، پەرلەمانی کوردستان یەکیگرتەوە.

لە ٢٠٠٢/١٠/٤ یەکەم کۆبوونەوەی یەکگرتنەوەی کرد و هەفتەیەکیش دوای ئەوە کۆبوونەوەی دووەمی یەکگرتنەوەی لەسلێمانی گرێدا. پەرلەمانی کوردستان یەکیگرتەوە و بەشێکی زۆری ئەندامانی هەردوو فراکسیۆنی یەکێتی و پارتی گۆڕانیان بەسەردا هات.

بەپێی بڕیاری ژمارە (٢) ڕۆژی ٢٠٠٢/١٠/٤ پەرلەمانی کوردستان مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ پڕکردنەوەی کورسیە چۆڵەکانی ژمارەی (٢٣) پالێوراوی بۆ ئەم کورسیانە پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانی کردووە و لە دانیشتنی ڕۆژی ٤/١٠/ ٢٠٠٢ سوێندی یاساییان خواردو بوونە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، ئەندامەکان بریتیبوون لە:

١. ئەحمەد شەریف عەلی

٢. بەکر ئەحمەد یەعقوب

٣.چەتو رەئوف محەمەد حەوێزی

٤.حەیدەر ئیسماعیل عەبدوڵڵا

٥. لەتیف عەبدولقادر صادق

٦. محەمەد عەباس عەوڵا

٧. مەناف نادر قادر

٨. نعمت عەبدوڵڵا پیرداود

٩. یاسین محەمەد عەبدولقادر

١٠.جەعفر مستەفا عەلی

١١.رزگار کایل محەمەد

١٢. رەئوف فەرەج محەمەد

١٣.عمر سەید عەلی

١٤. مستەفا قادر مەحمود

١٥. سالار عەزیز ئسماعیل

١٦.ئیسماعیل ئبراهیم مەردان

١٧.صەباح حسین عسمان

١٨. عماد ئەحمەد سەیفور

١٩. محسن عەلی ئەکبەر

٢٠. نەجمەدین رەشید ئەمین

٢١. حسین جنبلی عەبدوڵڵا

٢٢. ئەحمەد عەبدولرحمان قەصاب

٢٣. شێخ عەبدولکریم حاجی کاکە حەمە

هەر بۆ تەواوکردنی ژمارەی ئەندامانی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان کە بەپێی ڕێکەوتننامەی واشنتۆن ژمارەی ٥١ ئەندام بەر پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەوێت، پەرلەمانی کوردستان لەدانیشتنی ژمارە (٣) ی ڕۆژی ٢٠٠٢/١٠/١٥ ئەندامێتی بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی بۆ پڕکردنەوەی ئەو کورسیەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەکۆی دەنگ پەسەند کرد و هەر لەودانیشتنەدا سوێندی یاسایی خوارد. لەبەر ئەوەی ئەرکی پەرلەمان گواستنەوەی پرۆسەی سیاسی و ئاشتی بوو بۆ قۆناغێکی پێشکەوتووتر، کە ئەویش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی

کوردستان بوو کە لەئەنجامی شەڕ لەهەولێر و سلێمانی دروستبوون، بۆیە ئەم خوولە بەخولی گواستنەوە ناونرا.

ماوەی سەرۆکایەتی ئەم خولەی پەرلەمان ٣ مانگ بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی (د. رۆژ نوری شاوێس) و٢ مانگیش بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی (د. کەمال فوئاد) دیاریکرا، بەڵام بەگشتی ئەم خولە درێژەپێدەری خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ بوو. لەخولی گواستنەوەدا پەرلەمان چەندین یاساو بڕیاری گرنگی دەرکردووە.

دەبوایە پەرلەمان بەر لە ١٩٩٥\٦\٤ دەست بە هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان بکرێت، بەڵام بەهۆی شەڕی ناوخۆوە ئەم مەسەلەیە ڕوینەدا، بۆیە بە مەبەستی لەدەستنەدانی ئەو دەستکەوتە نەتەوەییە لە فیکری درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان بوون. بۆ ئەوەش ٧٩ ئەندامی پەرلەمان لە هەردوو فراکسیۆنی پارتی و یەکێتی و لیستی مۆر لە ڕۆژی ١٩٩٥\٥\٢٧ لە مزگەوتی گوندی دارەبەن لە پازدە کیلۆمەتری هەولێر کۆبونەوە بۆ درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان و هەر ئەم حزبانەش سەرپەرشتی ئەم کۆبونەوە نائاساییەی پەرلەمانیان کرد بە پیشمەرگەکانیان ئارامی ناوچەکەیان پاراست.

بۆیە بە بڕیاری ژمارە (١)ی پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی ١٩٩٥\٥\٢٧ یاسای درێژکردنەوەی ماوەی خولی یەکەم پەرلەمانی کوردستانی عێراق دەرکرد کە لە ماددەی یەکەمدا دەڵێت "ماوەی خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بۆ ماوەی ساڵێک لە ڕۆژی ١٩٩٥\٦\٤ و درێژ دەکرێتەوە". ناوی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بەپێی لیستی پارتە سیاسییەکان (درێژکردنەوەی خولی یەکەمی پەرلەمان) کە لە ١٩٩٥\٦\٤ بە پێی یاسای ژمارە (١) ی لە ٢٧\٥\ ١٩٩٥ بۆ ماوەی ساڵێک درێژکرایەوە.

یەکەم: لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆژی ١٩٩٩\١٢\٢١ جەوهەر نامق دەستی لەکارکێشایەوە، بۆ ڕۆژی ١٩٩٩\١٢\٢٢ د. ڕۆژ نوری شاوەیس بە سەرۆکی پەرلەمان دانرا.

**یەکەم: فراکسیۆنی زەرد ( پارتی)**

١. جەوهەر نامق سالم - سەرۆکی پەرلەمان

٢.فرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا - سکرتێری پەرلەمان

٣.فرەنسۆ تۆما کانون هەریری- سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد

٤.ئیبراهیم سەعید محەمەد

٥.ئەحمەد سالار عەبدلواحد

٦.ئەحمەد عەلی عومەر

٧.ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی

٨.ئەکبەر حەیدەر موسا

٩.ئەکرەم عزەت نەجیب

١٠.بەختیار حەیدەر عوسمان

١١.جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز

١٢.جەمیل عەبدی سندی

١٣.د. حەسەن حوسێن بەفری

١٤.حوسێن عەلی کەمال

١٥.جەوهەر ئەحمەد شاواز

١٦.حەمید سەلیم میران

١٧.رەجەب شەعبان تەیب

١٨.سەرتیب محەمەد حوسێن کاکەیی

١٩.سفر محەمەد حوسێن

٢٠.عەدنان محەمەد نەقشبەندی

٢١.عەفان عوسمان نەقشبەندی

٢٢.فەرحان عەبدوڵڵا ئاغا شرفانی

٢٣.فەوزیە عیزەدین رەشید

٢٤.د. قاسم محەمەد قاسم ( د. رزگار)

٢٥.قەیس دیوالی سەعید

٢٦.کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی
٢٧.موحسین خالید مصگەفا موفتی
٢٨.موحسین صالّح عەبدولعەزیز
٢٩.مەلا تەلحە سەعید قەرەنی
٣٠.مەلا محەمەد تاهیر زەینە لعابدین
٣١.مەلا مەحمود فەندی دیرەشەوی
٣٢.مەمەند محەمەد ئەمین بابەکر
٣٣.مەلا هادی خدر کوێخا
٣٤.د. ئیدریس هادی
٣٥.وریا ئەحمەد محەمەد ئەمین دزەیی
٣٦.یەحیا محەمەد عەبدولکریم بەرزنجی
٣٧.یوسف جەمیل خورشید میران

**دووەم: فراکسیۆنی سەوز ( یەکێتی)**

١.نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا- جێگری سەرۆکی پەرلەرمان
٢.د. کەمال عەبدولکریم فوئاد – سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز
٣.ئەبو بەکرحاجی سەفەر
٤.ئەبو بەکر محەمەد حاجی
٥.ئەحمەد عەلی دزەیی
٦.ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندی
٧.ئەیاد نامق مەجید
٨.بەکر مستەفا سەعید
٩.پەریخان مەحمود عەبدوالقادر
١٠.جەلال جەوهەر عەزیز
١١.حەسەن عەبدولکریم بەرزنجی
١٢.حەسەن کانەبی خدر

١٣.حوسێن عارف عەبدولرحمان

١٤.سەعید عەلیخان عەبدی

١٥.سەلام کەریمخان مەحمود

١٦.سیروان محەمەد نەورۆڵی

١٧.شاڵاو عەلی عەسکەری

١٨.صەڵاحەدین عەبدولحەمید عەبدوڵلا

١٩.د. صەڵاحەدین محەمەد حەسەن ئەلحەفید

٢٠.عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە

٢١.عوسمان حەسەن دزەیی

٢٢.د .عیزەدین مستەفا رەسول

٢٣.عەلی عەبدوڵڵا ئەحمەد

٢٤.عیدۆ بابەشێخ

٢٥.د. فایەق محەمەد گوڵپی

٢٦.قادر مامەند بابەکر ئاغا

٢٧.قادر عەزیز محەمەد ئەمین

٢٨.کەمال ئیبراهیم فەرەج شاڵی

٢٩.کەمال جەلال غەریب

٣٠.گەلاوێژ عەبدولجەبار محەمەد جەباری

٣١.محەمەد حەسەن بالتە

٣٢.مەلا تەها محەمەد تەها

٣٣.مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم

٣٤.مەزهەر عەلی مستەفا هیرانی

٣٥.نەوشیروان فوئاد مەعروف

٣٦.نەهلە محەمەد سەعدوڵڵا

**سێیەم: لیستی مۆری ( ئاشوری)**

١.یونادم یوسف کنە

٢.ئەکرەم یوسف ئاشوور

٣.شەمائیل ننو بنیامین

٤.بوترۆس سەغریا

**چوارەم: لیستی یەکگرتووی مەسیحییەکانی کوردستان**

١.سرکیس ئاغاجان

# مێژووی هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠٠٥

لە ڕۆژی ٣٠ کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥ خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدرا کەهاوکات بوو لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان. ئەوەش یەکەمین هەڵبژاردنی گشتی بوو کە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام لەکوردستان و عێراق ئەنجامدرا.

لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ دانیشتوانی کوردستان جیا لەدانیشتوانی ناوچەکانی تری عێراق لەیەك کاتدا دەنگیان بۆ هەڵبژاردنی ٣ ئەنجومەنی جیا دا ئەوانیش: ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق، کە لەسنووری پارێزگاکانی (سلێمانی و هەولێر و دهۆك) ئەنجامدرا، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکان.

پێویستە بگوترێ کە لەم هەڵبژاردنەدا خەڵکی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان لەهەرسێ پارێزگای (کەرکوك، نەینەوا، دیالی) ڕێگەیان پێنەدرا دەنگ بۆ پەرلەمانی کوردستان بدەن، لەبەر ئەوەی چارەنووسی گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێم یەکلایی نەکرابۆوە، وەك چۆن لەمادەی (٥٨) ی یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق

ناسراو بە TAL هاتبوو، کە دواتر بووە ماددەیەکی دەستووری لەدەستووری هەمیشەیی عێراق بە ژمارە ١٤٠. بەشداربووانی هەڵبژاردنەکە بریتی بوون لە ١٧٥٣٩١٩ کەس.

لەهەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان ١٣ لیستی جیاواز بەشداریان لە ململانێکاندا کرد کە بەسستمی (نوێنەرایەتی ڕێژەیی) بەڕێوەچوو. تیایدا ١٧٥٣٩١٩ کەس لەدانیشتوانی هەرێمی کوردستان لەکورد و تورکمان و کلدان و ئاشووری و موسڵمان و مەسیحی و ئیزیدی بەشداریان تێدا کرد.

لەم هەڵبژاردنەدا، ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان لە ١٠٥ ئەندام بۆ ١١١ ئەندام بەرزکرایەوە. لەئەنجامدا تەنها سێ لیست لەکۆی ١٣ لیست کە بەشداریان لەهەڵبژاردنەکاندا کردبوو، توانیان بگەنە پەرلەمان، ئەوانیش لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان کە (١٠٤) کورسی و لیستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان عێراق (٦) کورسی و لیستی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و سەربەخۆکان (١) یەك کورسیان بەدەستهێنا، ئەمەی خوارەوەش ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ ی پەرلەمانی کوردستانە:

# خشتەی ژمارە (١٤)

## ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان - ساڵی ٢٠٠٥

| ژ | ناوی لیستەکان | کۆی دەنگەکان | ڕێژەی دەنگ | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان | ١٥٧٠٦٦٣ | %٨٩.٥٥ | ١٠٤ |
| ٢ | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانی عێراق | ٨٥٢٣٧ | %٤.٨٦ | ٦ |
| ٣ | لیستی زەحمەتکێشان و سەربەخۆکان | ٢٠٥٨٥ | %١.١٧ | ١ |
| ٤ | پارتی کاری دیموکراتی کوردستان | ١١٧٤٨ | %٠.٦٧ | ٠ |
| ٥ | بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان | ١٠٩٥٢ | %٠.٦٢ | ٠ |
| ٦ | لیستی بێلایەنەکان | ١٠٢٦٢ | %٠.٥٩ | ٠ |
| ٧ | پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان | ٩٠٨١ | %٠.٥٢ | ٠ |
| ٨ | تەجەموعی کۆماری عێراق | ٩٤٩٩ | %٠.٥٤ | ٠ |
| ٩ | بەرەی نیشتمانی وەحدەی عێراق | ٨٢٥٥ | %٠.٤٧ | ٠ |
| ١٠ | بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان | ٦٦٩٠ | %٠.٣٨ | ٠ |
| ١١ | پارتی پارێزگارانی کوردستان | ٥٥٠٦ | %٠.٣١ | ٠ |
| ١٢ | حزبی ئەخای وەتەنی عێراقی | ٣٤٢٢ | %٠.٢٠ | ٠ |
| ١٣ | ڕەوتی نیشتمانی کوردستان | ٢٠١٨ | ٠.١٢ | ٠ |
| | کۆی گشتی دەنگەکان | ١٧٥٣٩١٩ | %١٠٠ | ١١١ |
| | دەنگە ڕەتکراوەکان | ٢٣٧٦٠ | | |

خشتەی ژمارە (١٤) ئەنجامی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان دەخاتە ڕوو بە پێی لیستە دەرچووەکان کە لە سیانزە لیستدا خۆی دەبینێتەوە، تیایدا لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان وەک یەکەم و کۆمەڵەی ئیسلامی کوردستانی

عێراق دووەم دەنگی بەدەستهێناوە لە کۆی ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان کە بریتی بوو لە ١١١ کورسی.

## ناوی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان (خولی دووەم) ساڵی ٢٠٠٥

١. عەدنان محەمەد رەشاد مفتی- سەرۆکی پەرلەمان
٢. محەمەد قادر عەبدوڵڵا (د. کمال کەرکوکی)- جێگری سەرۆک
٣. فرست ئەحمد عەبدوڵڵا- سکرتێری پەرلەمان
٤. ئیحسان عەبدوڵڵا قاسم
٥. ئاخر جمال ئەنور
٦. ئەدهم عپمان ئەحمەد بارزانی
٧. ئارام رەسول مامەند
٨. ئەرسەلان غەفور محەمەد سلێمان
٩. د. ئاریان خالص شێخ جواد
١٠. ئارێز عەبدوڵڵا ئەحمەد
١١. ئەسعەد شاکر ئەمین
١٢. ئیسماعیل مەحمود دزەیی
١٣. ئیسماعیل مەحمود عەبدوڵڵا
١٤. ئەندوراس یۆحنا گۆرگیس
١٥. ئەنور محەمەد غەفور
١٦. ئایدن عپمان ئبراهیم
١٧. بابا تاهیر شیخ جەلال
١٨. بارزان عەبدوڵڵا نەصروڵڵا
١٩. بارزان محەمەد قادر
٢٠. باپیر کامەلا سلێمان

٢١. بایزار ملکو اوهان

٢٢. بەکر فەتاح حسین

٢٣. پەخشان عەبدوڵڵا حسین

٢٤. تاڤگە حەمەد عەلی

٢٥. جەعفەر مستەفا مەعروف

٢٦. جەمال شەمعون ئیلیا

٢٧. جەمال محەمەد قاسم

٢٨.جەمال یوسف بۆتانی

٢٩. جەمیل محەمەد عیمان گەردی

٣٠. چرۆ عەلی حەمە ئەمین

٣١. حاتم محەمەد جان حەسەن

٣٢. حەسەن بابەکر ئەحمەد

٣٣. حسێن محەمەد رەشید

٣٤. حەمەد عەبدوڵڵا مەحمود (بەڵێن)

٣٥. خضر سلێمان خەلیل

٣٦. خەلیل ئبراهیم محەمەد

٣٧. خورشید سەلیم شێرە

٣٨. خەمان زرار ئەسعەد

٣٩. د.دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس

٤٠. دلێر محەمەد شەریف

٤١. ڕەشاد ئەحمەد ئبراهیم

٤٢. ڕەشید کەریم رەشید

٤٣. ڕەمزیە ئەحمەد رەشید

٤٤. د. رمضان عەبدولرحمن محەمەد رەضا

٤٥. ڕۆبیتان ئبراهیم رۆستەم

٤٦. ڕۆژان عەبدولقادر دزەیی
٤٧. ڕومیو حزەیران نیسان
٤٨. زرار طاهر ئەمین
٤٩. سارا خضر پیرۆت
٥٠. سالم محەمەد عەلی
٥١. سەردار صەباح بوزو هەرکی
٥٢.مەلا سەعدەدین مەلا عەبدوڵڵا مەولود
٥٣.سواره محەمەد ئەمین حەمەد رەشید
٥٤. سۆزان شەهاب نوری
٥٥. سهام ئەنور عەلی
٥٦. شەعبان محەمەد گاهر صادق
٥٧. شکری صالح تمر
٥٨. شکریه خضر بیروت
٥٩. شەمسه سەعید مەحمود
٦٠. شەوقی حسین ئبراهیم
٦١. شەهاب عەبدوڵڵا صدیق
٦٢. شێخ الله ئبراهیم شێخ الله
٦٣. شێردل عەبدوڵڵا حوێزی
٦٤. شێروان ناصح عەبدوڵلا حەیدەری
٦٥. شیرین عەبدولرحمن دینۆ
٦٦. صەبریه غەفار ئەمین
٦٧. تارق محەمەد سەعید جامباز
٦٨. تەلعەت خظر سیفەدین
٦٩. تەلعەت محەمەد صالح توفیق
٧٠. عادل محەمەد ئەمین
٧١. عەبدولرحمان ئەحمەد رەضا

٧٢. عەبدولرحمان ئسماعیل سەلیم
٧٣. عەبدولکریم ئەبوبەکر مستەفا
٧٤. عسمان ئەحمەد محەمەد ئەمین
٧٥.عسمان عەبدوڵڵا قادر (بانی مارانی)
٧٦. عزەدین سەلیم خدیدا
٧٧. عومەر عەبدولرحمان عەدلی
٧٨.عەونی کەمال سەعید بزاز
٧٩. غەفور تاهر سەعید مخموری
٨٠. فاروق کەریم فەتاح
٨١. فەتاح عەبدوڵڵا نەقشبەندی
٨٢. فەخریە مستەفا محەمەد عەلی
٨٣. فەزیلە رەمەزان سەعدوڵڵا
٨٤. د.فۆاد ئەحمەد محەمەد بابان
٨٥. ڤیان ئەحمەد خزر پاشا
٨٦. ڤیان سلێمان حاجی بەشار
٨٧. قادر سەعید خزر
٨٨. کاکە ئسماعیل عومەر (سەید کاکە)
٨٩. کرخی نەجمەدین نورەدین
٩٠. کەریم بەحری عەبدوڵڵا
٩١. کەریم مەجید شریف (جوتیار)
٩٢.کەژاڵ مەجید قادر
٩٣. کوردستان پیرداود قادر
٩٤. کوێستان محەمەد عەبدوڵڵا
٩٥. گەلاوێژ شابا ججی
٩٦. گوڵناز عەزیز قادر

٩٧. گێلاس محێدین محەمەد غەریب

٩٨. محسن عەلی ئەکبەر

٩٩. محەمەد ئەحمەد صالح

١٠٠. محەمەد حاجی مەحمود

١٠١. محەمەد حەکیم جەبار

١٠٢. محەمەد رفعەت عەبدولرحمان

١٠٣. محەمەد صالح ئسماعیل

١٠٤. محەمەد فەرەج ئەحمەد

١٠٥. مریەم حەسەن ئبراهیم

١٠٦.نازناز محەمەد عەبدولقادر

١٠٧. د.ناصح غەفور رەمەچان

١٠٨. نەسرین حەمە صالح

١٠٩. د.نوری تاڵەبانی

١١٠. هاله سهیل خزر

١١١. هیوا صابر ئەحمەد

## مێژووی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان- ساڵی ٢٠٠٩

هەر لە ٢٠٠٩/٦/٤ کە ڕۆژی کۆتایی هاتنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان بوو عەدنان موفتی سەرۆکی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان لە نامەیەکدا کە ڕۆژی ٢٠٠٩/١/٥ دەرچووە و ئاڕاستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کردووە، تیایدا پێشنیاری ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/١٩ ی کردبوو بۆ هەڵبژاردنەوەی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، هەڵبژاردنی ئەو ڕۆژەی بۆ ئەوەی گەڕاندبۆوە کە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە کوردستان لە ١٩٩١/٥/١٩ ئەنجامدراوە.

لە نوسراوێکی تریشدا کە ئاڕاستەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقی کردووە و مێژووی ٢٠٠٩/٣/٢٦ بەسەرەوەیە، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان خولی دووەم جارێکی تر تەئکیدی لەسەر ڕۆژی ٥/١٩ کردۆتەوە کە هەڵبژاردنی تیا ئەنجامبدرێت، بۆئەم مەبەستەش لەنووسراوەکەدا داوای لە کۆمسیۆن کردووە بۆ دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن تەنسیق لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەن.

دوای تاووتوێکردنی ئەو پێشنیارەی سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لەعێراقدا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە نامەیەکدا کە مێژووی ٢٠٠٩/٤/١١ ی بەسەرەوەیە و ئاڕاستەی سەرۆکی پەرلەمانی کردووە تیایدا ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە لەبەر تەرخاننەکردنی بودجەی تایبەت بۆ کۆمسیۆنی باڵا لەلایەن حکومەتی ڤیدراڵ و نەبوونی پلانی دارایی ڕوون و توانای تەکنیکی پێویست، کۆمسیۆن ناتوانێت لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/١٩ هەڵبژاردن ئەنجام بدات.

دوای ئەوەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لەعێراق ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/٢ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیان ئاگادارکردەوە کە لە ٢٠٠٩/٧/٢٠ بەدواوە ئامادەن هەڵبژاردن بەڕێوەببەن. سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/٥ لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە ٩ی خولی دووەمی ساڵی چوارەمی لە خولی دوومی هەڵبژاردن ئامادەبوو لە وتارێکدا لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ دیاریکرد وەك ڕۆژی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لەهەرێمی کوردستان و داواشی کرد هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمیش ڕاستەوخۆ ئەنجام بدرێت.

ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ پرۆسەی خولی سێیەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەکەشێکی ئارام و بەئامادەبوونی چەندین چاودێری نێودەوڵەتی و بیانی و عەرەبی و ناوخۆیی سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو. لەهەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا ٢٤ لیست بەشداری هەڵبژاردنیان کرد، بۆ کێبڕکێ لەسەر ١١١ کورسی و تیایدا ١١ لیست توانیان ڕێژەی یاسایی بەدەستبێنن و بێنە ناو پەرلەمان.

ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکەش وەك لە نووسراوی ژمارە ( خ/١٤٣١/٩/ لە ٢٠٠٩/٨/١٨) ی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق هاتووە و ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستانی کردووە و تیایدا موسادەقەی کۆتایی لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکە کردووە وەک لە خشتەی ژمارە (١٥) دا هاتووە:

## خشتەی ژمارە (١٥)

ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان - ساڵی ٢٠٠٩

| ژ | ژمارەی لیست | ناوی قەوارە ولیستە سیاسییەکان | کۆی ئەو دەنگانەی بەدەستهێناوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٥٤ | لیستی کوردستانی | ١.٠٧٦.٣٧٠ | %٥٧.٣٧ |
| ٢ | ٥٥ | ئازادی وعەدالەتی کۆمەڵایەتی | ١٥.٠٢٨ | %٠.٨٠ |
| ٣ | ٥٧ | گۆڕان (التغیر) | ٤٤٥.٠٢٤ | %٢٣.٧٢ |
| ٤ | ٥٨ | بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستان/عیراق | ٢٧.١٤٧ | %١.٤٥ |
| ٥ | ٥٩ | لیستی خزمەتگوزاری وچاکسازی | ٢٤٠.٨٤٢ | %١٢.٨٤ |
| ٦ | ٦٧ | قائمە الرافدین | ٥.٦٩٠ | %٠.٣٠ |
| ٧ | ٦٨ | المجلس الشعبی لکلدانی السریانی الاشوری | ١٠.٥٩٥ | %٠.٥٦ |
| ٨ | ٦٩ | الحرکە الدیمقراطیە الترکمانیە فی کردستان | ١٨.٤٦٤ | %٠.٩٨ |
| ٩ | ٧٠ | قائمە اربیل الترکمانیە- لیستی تورکمانی هەولێر | ٣.٩٠٦ | %٠.٢١ |
| ١٠ | ٧٢ | قائمە اصلاح الترکمانی | ٧.٠٧٧ | %٠.٣٨ |
| ١١ | ٧٤ | ارام شاهین داود باکویان | ٤.١٩٨ | %٠.٢٢ |

خشتەی ژمارە (١٥) ئەنجامی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان دەخاتە ڕوو بە پێی لیستە دەرچووەکان کە لە ١١ لیستدا خۆی دەبینێتەوە ، تیایدا لیستی کوردستانی وەک یەکەم و گۆڕان دووەم دەنگی بەدەستهێناوە. قەوارە ولیستە سیاسییەکانی تریش

هەریەک ڕێژەیەکی بەدەستهێناوە. هەر لە هەمان هەڵبژاردندا سەرۆکی هەرێم دەنگی بۆدرا و دەرئەنجامەکەشی بەم شێوەیە بوو:

| ژمارەی پاڵێوراو | ناوی پاڵێوراو | کۆی ئەو دەنگانەی بەدەستیهێناوە | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- | --- |
| ١٢ | مەسعود بارزانی | 1.266.397 | 69.60 |

# ناوی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان (خولی سێیەم)- ساڵی ٢٠٠٩

## یەکەم: لیستی کوردستانی

١. ئەرسەلان بایز ئیسماعیل - سەرۆکی پەرلەمان

٢..حەسەن محەمەد سورە محەمەد - جێگری سەرۆکی پەرلەمان

٣.فەرسەت ئەحمد عەبدوڵڵا - سکرتێری پەرلەمان

٤.محەمەد قادر عەبدوڵڵا ناسراو بەدکتۆر کەمال کەرکوکی (سەرۆکی پەرلەمان بوو دەستی لەکار کێشاوەتەوە)

٥.بەکر کەریم محەمەد صالح

٦.بێریڤان ئسماعیل سەرهەنگ

٧.پەروین عەبدولڕەحمان عەبدولا

٨.تارا تەحسین یاسین ئەسعەدی

٩. تارا عەبدولرزاق محەمەد عومەر

١٠.جەلال عەلی عەبدوڵڵا عوسمان

١١.جەمال تاهر ئیبراهیم محەمەد

١٢.حازم تەحسین سەعید عەلی

١٣.خەلیل عوسمان حەمد ئەمین رەسول

١٤.خورشید ئەحمەد سەلیم یونس

١٥.د. ڕۆژان عەبدولقادر ئەحمەد بایز دزەیی
١٦.د. لەیلا ئەمیرعاچ عەزیز
١٧.د. ئاراس حسین مەحمود
١٨.د.بەشیر خەلیل تۆفیق
١٩.د.سەروەر عەبدولرحمان عومەر
٢٠.د.عومەر حەمەدەمین نورەدینی
٢١.د.محەمەد موسا مستەفا
٢٢.دانا سەعید سۆفی
٢٣.دڵشاد شەهاب حاجی (دەستی لەكاركێشاوەتەوە)
٢٤.رازاو مەحمود فەرەج
٢٥.ڕزگار محەمەد ئەمین حەمەسەعید (دەستی لەكار كێشاوەتەوە)
٢٦.ڕەفیق صابر قادر تەها (دەستی لەكاركێشاوەتەوە)
٢٧.زەكیە صالح عەبدولقادر رەشید
٢٨.ژیان عومەر شەریف
٢٩.سالار مەحمود موراد عەلی
٣٠.سەردار رەشید محەمەد ئەحمەد
٣١.سەمیرە عەبدوڵڵا ئسماعیل
٣٢.سۆزان شەهاب نوری
٣٣.شڤان ئەحمەد عەبدولقادر
٣٤.شلێر محەمەد نەجیب
٣٥.شلیر محیێدین صالح محەمەد
٣٦.شەونم محەمەد غەریب تەها
٣٧.شوان عەبدولكریم جەلال مەحمود
٣٨.شۆرش مەجید حسین مرسل
٣٩.شێروان ناسح عەبدوڵڵا سەیفوڵڵا حەیدەری (دەستی لەكار كێشاوەتەوە)
٤٠.شیلان عەبدولجبار عەبدولغنی ئبراهیم

٤١.صەباح بیت الله شکری مەحمود
٤٢.صەبیحە ئەحمەد مستەفا شوان
٤٣.عەبدولسلام مستەفا صدیق عەلی
٤٤.عەبدوڵڵا عەلی ئبراهیم حسین (دەستی لەکار کێشاوەتەوە)
٤٥.عەلی حسین محەمەد حەسن
٤٦.عمر صدیق محەمەد ئیبراهیم
٤٧.عمر عەبدولرحمن عەلی عەبدوڵڵا
٤٨.عەونی کەمال سەعید عەزیز لبزاز
٤٩.عیماد محەمەد حوسێن
٥٠.فازڵ محەمەد قادر
٥١.قادر ئەحمەد سمایل
٥٢.قادر حەسەن قادر
٥٣.کاوە محەمەد ئەمین حسین
٥٤.کەیلی ئەکرەم مەنتك
٥٥.گەشە دارا جەلال ئەحمەد
٥٦.گۆران ئازاد محەمەد عەبدوڵا
٥٧.لانە ئەحمەد مەحمود عەبدولقادر
٥٨.محەمەد دلێر مەحمود فەتاح
٥٩.محەمەد ئەحمەد عەلی
٦٠.نیشتمان مورشد صاڵح
٦١.نەژاد عەزیز قادر
٦٢.ئامینە زکری سەعید یوسف
٦٣.ئاواز عەبدولواحد خچر عەلی
٦٤.ئەڤین عومەر ئەحمەد
٦٥.ئیسماعیل مەحمود عەبدوڵا

## دووەم: لیستی گۆڕان

١.ئاشتی عەزیز صالح ئیسماعیل
٢.ئاهەنگ عارف رەئوف
٣.ئیسماعیل سەعید محەمەد عەلی گەڵاڵەیی
٤.بورهان رەشید حەسەن
٥.پەریهان قبلای محەمەد عەلی (دەستی لەکار کێشاوەتەوە)
٦.پەیام ئەحمەد محەمەد ئەمین
٧.پەیمان عەبدولکریم عەبدولقادر رەسول
٨.پەیمان عزە دین عەبدولرحمان
٩.پێشەوا تۆفیق مەغدید حوسێن
١٠.جەعفر عەلی رەسول محەمەد (دەستی لەکار کێشاوەتەوە)
١١.دڵشاد حسێن قادر
١٢.ڕێباز فەتاح مەحمود نادر
١٣.زانا رەئوف حەمەکەریم (دەستی لەکار کێشاوەتەوە)
١٤.سەرهەنگ فەرج محەمەد مەحمود
١٥.سیوەیل عوسمان ئەحمەد
١٦.شاهۆ سەعید فەتحوڵڵا (دەستی لەکار کێشاوەتەوە)
١٧.شێرزاد عەبدولحافز شەریف فقێ محەمەد
١٨.عەبدولرحمن حسین بابەکر (زاخۆیی) ئێستا لەلیستی سەربەخۆیە
١٩.عەبدوڵڵا محەمەد ئەمین
٢٠.عەبدوڵڵا محەمەد نوری
٢١.عەدنان عوسمان محەمەد عەلی
٢٢.عەزیمە نەجمەدین حەسەن
٢٣.فەرمان عزەدین مەحمود
٢٤.کاردۆ محەمەد پیرداود حاجی
٢٥.کاروان صالح ئەحمەد (ئێستا لەلیستی سەربەخۆیە
٢٦.کوێستان محەمەد عەبدوڵڵا مەعروف عەلی
٢٧.نەریمان عەبدولا قادر ئەحمەد

٢٨.نەسرین جەمال مستەفا نەجیب
٢٩.ڤیان عەبدولرەحیم عەبدوڵڵا عەبدولرحیم

**سێیەم: لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی**

١.عومەر عەزیز بەهائەدین
٢.سەرگوڵ رەزا حەسن حەمەخان
٣.عەبدوڵڵا مەحمود محەمەد سان ئەحمەد
٤.بەیان ئەحمەد حەسن کۆچەری
٥..فازل حەسەن ئسماعیل حەسەن
٦.صەباح محەمەد نەجیب حەسەن
٧.هاوراز شێخ ئەحمەد حەمەد مام بایز
٨.سەمیر سەلیم ئەمین بەگ حەمە بەگ
٩.ئەحمەد سلێمان عەبدوڵڵا حەمە
١٠.بەفرین حسین محەمەد وەلدخان
١١.حەمە سەعید حەمەعەلی ئەورحمان محەمەد
١٢.ئەیوب نعمەت قادر رەحمان
١٣.ناسك تۆفیق عەبدولکریم عەبدولرەحیم
١٤.بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان
١٥.ئەحمەد ئبراهیم عەلی ئەحمەد
١٦.گولیزار قادر ئسماعیل ئەمین

**چوارەم: لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی**

١.هاژە سلێمان مستەفا

**پێنجەم: لیستی رافیدەین**

١.سالم تۆما کاکۆ برایمۆك
٢.جهان ئیسماعیل بنیامین ئسماعیل

**شەشەم: ئەنجومەنی میللی کلدانی سریانی ئاشوری**

١.سائر عەبدولئەحەد ئۆگستی موشی
٢.سۆزان یوسف خۆشابە العصرانی

٣.ئەمیر گوگە یوسف عودیش

**حەوتەم: بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمانی لە کوردستان**

١. یەشار نەجمەدین نورەدین عەبدوڵڵا

٢.حەمدیە مەعروف ئەحمەد تەها

٣.یاووز خورشید عوسمان یونس

**هەشتەم: لیستی تورکمانی هەولێر**

١.شێردڵ تەحسین محەمەد حمادی

**نۆیەم: لیستی چاکسازی تورکمانی**

١.عەبدولقادر ئەکرەم جەمیل عەبدولصەمەد

**دەیەم: ئەرمەن**

١.ئارام شاهین داود باکۆیان

## مێژووی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان- ساڵی ٢٠١٣

بەر لەوادەی کۆتایی هاتنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان د. ئەرسەلان بایز سەرۆکی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لەنووسراوێکدا بە ژمارە ٦٢٩٨/٣/٤ لە رۆژی ٢٠١٢/١٢/٥ داوایەکی ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عێراق کردووە، تیایدا داوای دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستانی کردووە و دەقەکەی بەم شێوەیە هاتووە:

"لە ٢٠١٣/٩/٧ دا پەرلەمانی کوردستان ماوەی چوار ساڵی خولی سێیەمی هەڵبژاردن تەواو دەکات، بە پێی برگەی دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو، پێویستە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەرسومێکی هەرێمی دەربکات بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پێش تەواوبوونی ماوەی یاسایی دیاریکراو لە مادەی ئاماژە پێکراو، تیایدا ئاگاداری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی

هەڵبژاردنەکان بکرێت بۆ خۆئامادەکردن، بۆ ئەم مەبەستە بە تایبەتی کە کۆمسیۆن ماوەی (٦) مانگی پێویستە بۆ ئامادەکاری"، دواتر سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەفەرمانی هەرێمی ژمارە (٥٠) لە (٢٠١٣/٤/١٨) ڕۆژی ٢٠١٣/٩/٢١ دیاریکرد وەك کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان - عێراق و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، چونکە ویلایەتی سەرۆکی هەرێمیش لەهەمان وادە کۆتایی دێت. ڕۆژی ٢٠١٣/٩/٢١ پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان بەسستمی نیمچەکراوە بەڕێوەچوو، تیایدا (٣١) لیست بەشداری پرۆسەکەیان کردوو سەرەنجام (١٧) لیست توانیان سەرکەوتن بەدەستبێنن، ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنیش وەك کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕایگەیاندووە و موسادەقەی کردووە، بەم شێوەیەی خوراوە بوو:

## خشتەی ژمارە (١٦)

### ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان - ساڵی ٢٠١٣

| ژ | ژ. لیست | ناوی قەوارەو لیستەکان | کۆی دەنگەکان | ژ کورسی. |
|---|---|---|---|---|
| ١ | 110 | لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان | 743984 | ٣٨ |
| ٢ | 117 | لیستی گۆڕان | 476736 | ٢٤ |
| ٣ | 102 | لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان | 350500 | ١٨ |
| ٤ | 105 | لیستی یەکگرتووی ئیسلامی | 186741 | ١٠ |
| ٥ | 104 | لیستی کۆمەڵی ئیسلامی | 118574 | ٦ |
| ٦ | 101 | لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان | 21834 | 1 |
| ٧ | 111 | لیستی سۆسیالیست | 12501 | 1 |
| ٨ | 107 | لیستی ئازادی | 12392 | 1 |
| ٩ | 115 | لیستی ئاراستەی سێیەم | 8681 | 1 |
| ١٠ | 126 | لیستی رافدین ( قائمه الرافدین) | 6145 | 2 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١١ | 127 | ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی و ئاشووری | 5730 | 2 |
| ١٢ | 124 | لیستی پێشکەوتنی تورکمان | 5259 | 2 |
| ١٣ | 121 | لیستی هەولێری تورکمانی | 1951 | 1 |
| ١٤ | 120 | لیستی گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمانی | 1926 | 1 |
| ١٥ | 122 | لیستی جبهەی تورکمانی عێراقی | 1753 | 1 |
| ١٦ | 125 | لیستی ابناء النهرین | 1093 | 1 |
| ١٧ | ١٣١ | لیستی ئەرمەن | 531 | 1 |

خشتەی ژمارە (١٦) ئەنجامی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان دەخاتە ڕوو بە پێی لیستە دەرچووەکان کە لە حەڤدە لیستدا خۆی دەبینێتەوە، تیایدا پارتی دیموکراتی کوردستان وەک یەکەم و گۆڕان وەک دووەم و یەکێتی نیشتمانی کوردستان سێیەم دەنگی بەدەستهێناوە .

## ناوی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان (خولی چوارەم) -ساڵی ٢٠١٣

### یەکەم: لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان

١. جەمال عوسمان کارسول رەحمان (جەمال مورتکە)

٢.بەیار تاهر سەعید دیوالی

٣.ئومێد عەبدولرحمن حەسەن عەبدوڵلا

٤.بەشار مشیر ئسماعیل صالح

٥.دڵشاد شەعبان عەبدالغفار عەبدوڵلا

٦.فرسشت صۆفی عەلی ئسماعیل

٧. جەعفثر ئبراهیم حاجی بیرۆ (جعفر ئیمنکی)- جێگری سەرۆکی پەرلەمان

٨.عەلی عەلی هالۆ عەلی

٩.محەمەد عەلی یاسین گە محەمەد

١٠.ئیدریس عەلی ئیسلام یاسین
١١. ئەنەس محەمەد شەریف تاهر مستەفا (مەلا ئەنەس)
١٢.مەردان خدر مستەفا عەزۆ
١٣.نازم کبیر محەمەد سەعید ئەودل
١٤.ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ ئەحمەد
١٥.ئەمینە زکری سەعید یوسف
١٦.نوری عەلی محەمەد رەحمان- لەدانیشتنی رۆژی ٢٠١٤/٦/١٦ دەستی لە ئەندامێتی کێشایەوە
١٧.سیراج ئەحمەد محەمەد حەمەدأمین
١٨.فەرحان جەوهر قادر مەلا
١٩.عەباس غەزالی میرخان غالی
٢٠.صالح بەشار صالح عەبدی
٢١شوان ئەحمەد نعمان جرجیس
٢٢. ئاری محەمەد عەبدولرحیم محەمەد (ئاری هەرسین)
٢٣.ڤمان فەیصل سەلیم
٢٤.محەمەد صادق سەعید محەمەد شەریف
٢٥.تەحسین أسماعیل ئەحمەد عەلی
٢٦.زیاد حسێن عەبدولکریم رەشید
٢٧.عەبدوڵلا جاسم رەجەب قەگاس
٢٨.هیڤا حجی میرخان ئەحمەد
٢٩.فیرزگە عەبدولخالق نەجمەدین
٣٠.شیرین حسنی رەمەزان کۆچەر
٣١.نەجات محەمەد عەبدوڵلا ئەحمەد
٣٢.ئاواز حەمید حسێن حەمەد
٣٣.حەیات مەجید قادر محەمەد

٣٤.زۆزان صادق سەعید مستەفا

٣٥.ڤالا فەرید ئیبراهیم حسێن

٣٦.ڤیان عەباس عمر ئەحمەد

٣٧.شیلان جەعفر عەلی عەبدولعەزیز

٣٨. مەدینە ئەیوب ئەحمەد مستەفا

٣٩.شامۆ شێخۆ نەعمۆ

## دووەم: لیستی گۆڕان

١.عەلی حەمە صالح محەمەد

٢. د. یوسف محەمەد صادق عەبدولقادر- سەرۆکی پەرلەمان

٣.شێرکۆ حەمە ئەمین قادر عەبدوڵڵا

٤.بێستون فائق محەمەد ئەحمەد

٥.برزۆ مەجید عەبدوڵڵا یوسف

٦. عادل عەزیز شکور ئەحمەد

٧.رابون تۆفیق مەعروف خزر

٨.عومەر عینایەت حەمە سەعید خوامراد

٩.ئەیوب عەبدوڵڵا ئسماعیل عەبدوڵڵا

١٠.ئێڤار أبراهیم حسێن بابەکر

١١.حەسەن صالح محەمەد حەمە شەریف

١٢.منیرە عسمان عەلی حسێن

١٣.ئومێد حەمە عەلی صالح رۆستەم

١٤.مەحمود عومەر صالح سەعید

١٥.ئەنوەر قادر مستەفا عسمان

١٦.فائق مستەفا رەسول حەمەد

١٧.عەبدولرحمن عەلی رەزا حەمە أمین

١٨.قارەمان قادر فەتاح مەولود

١٩.پەروا عەلی حەمە محەمەد

٢٠.زولفا مەحمود عەبدوڵڵا کوێخا مارف

٢١.جوان ئیسماعیل عەزیز رەسوڵ

٢٢.رۆزا مەحمود عسمان مستەفا

٢٣.بەهار مەحمود فەتاح ئەحمەد

٢٤.پەری صالح حەمید صالح

## سێیەم: لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

١.دەرباز عەبدوڵڵا رەسوڵ عەلی- لەدانیشتنی رۆژی ٢٠١٤/٦/٢٩ دەستی لە ئەندامێتی کێشایەوە

٢. ئەرسەلان بایز ئسماعیل محەمەد- لەدانیشتنی رۆژی ٢٠١٤/٥/٧ دەستی لە ئەندامێتی کێشایەوە

٣.عزەت صابر ئسماعیل عەبدوڵڵا

٤.بێگەرد دڵشاد شکوروڵڵا فازل

٥.سالار مەحمود مراد عەلی

٦.گۆران ئازاد محەمەد عەبدوڵڵا

٧.زانا عەبدولرحمن عەبدوڵڵا قادر

٨.فەرهاد حەمە صالح کەریم

٩.قادر ئوتمان رەسوڵ عەبدوڵڵا

١٠.ئاواز جەنگی بورهان نوری

١١.خەلەف ئەحمەد مەعروف قادر

١٢.رێواز فائق حسێن محەمەد

١٣.صالح فقێ محەمەد ئەمین کاکە ئەحمەد

١٤.سەعید محەمەد سەعید سەیدا

١٥.دلێر مستەفا حەسەن ئەحمەد

١٦.تەلار لەتیف محەمەد قادر

١٧.مریەم صەمەد عەبدی حسێن

١٨.گەشە دارا جەلال ئەحمەد

١٩. سەرکەوت سەرحەد

٢٠.عەباس فەتاح صاڵح

## چوارەم: لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

١.کەنعان نەجمەدین ئەحمەد محەمەد (حاجی کاروان)

٢.عوممەر صالح عومەر فارس

٣.شێرکۆ جەودەت مستەفا عەبدوڵڵا

٤.مەولود مراد محێدین سەیدا- لەدانیشتنی رۆژی ٢٠١٤/٧/٧ دەستی لە ئەندامێتی کێشایەوە

٥.سەهراب میکائیل محەمەد ئەمین رەسول

٦.ئەبو بەکر عومەر عەبدوڵڵا سەعید ( ئەبوبەکر هەڵەدنی)

٧.غەریب مستەفا حەمەخان حسێن

٨.سوهام عومەر قادر عومەر

٩.بەهار عەبدولرحمن محەمەد مارف

١٠.کەژاڵ هادی فقێ داود

١١. بەهزاد دەرویش دەرویش

## پێنجەم: لیستی کۆمەڵی ئیسلامی

١.هەورامان حەمە شەریف حەمە رەشید محیدین

٢.حسێن ئسماعیل حسێن رەسول

٣.سۆران عومەر سەعید ئەحمەد

٤.فەخرەدین قادر عارف مستەفا- سکرتێری پەرلەمان

٥.نەجیبە لەتیف ئەحمەد قادر

٦.شوکریە سمایل مستەفا حەمەد ئەمین

## شەشەم: ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی و ئاشووری

١.وەحیدە یاقو هرمز نونا

٢.کەمال یڵدا مرقوز دمیانۆس

## حەوتەم: لیستی سۆسیالیست

١.عەبدوڵڵا مەحمود محەمەد سان ئەحمەد

## هەشتەم: لیستی پێشکەوتنی تورکمان

١.جەودەت جرجیس لەتیف فەتاح

٢.مونا نەبی نادر عەبدوڵڵا

## نۆیەم: لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان

١.عومەر مستەفا باوەمیر پیرۆت

## دەیەم: لیستی رافدین ( قائمە الرافدین )

١.یەعقوب گورگیس یاقو گلیا

٢.لینا عزریا بەهرام شابۆ

## یانزەیەم: لیستی ئاڕاستەی سێیەم

١.باپیر کاملا سلێمان کاملا

## دوانزەیەم: لیستی ئازادی

١.عەبدولرحمان فارس عەبدولرحمان محەمەد

## سیانزەیەم: لیستی گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمانی

١.محەمەد سەعدەدین ئەنور شکور

## چواردەیەم: لیستی هەولێری تورکمانی

١.ماجد عسمان توفیق سلێمان

## پانزەیەم:لیستی جبهەی تورکمانی عێراقی

١.ئایدن مەعروف سەلیم ئەحمەد

## شانزەیەم: لیستی ئەرمەن

١.یروانت نیسان مارکۆس بگرس

## حەڤدەیەم: لیستی ابناو النهرین

١.سرود سەلیم متی یوسف

# بەشی سێیەم:

# حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێژەی ژنان

## کورتە مێژوویەک تایبەت بە کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

سەعات ٤ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٩٢/٧/٤، بەڕێز خاتوو دانیال میتران بە سەردانێکی چەند ڕۆژی گەیشتە کوردستان. لە شەقڵاوە لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانییەوە بە گەرمی پێشوازی لێکرا. سەعات ٦ ی سەر لەئێوارەش لەگەڵ بەڕێز بێرنار کوشنەری وەزیری تەندروستی و کاروباری مرۆڤایەتی لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان ئامادەبوو.

بەیانی ڕۆژی ١٩٩٢/٧/٤ بە ئامادەبوونی بەڕێزان سەرۆك و جێگری سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێز د.فوئاد مەعصوم- سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق، لیستی کابینەی حکومەتی پێشکەش بە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان کرد و بە زۆرینەی دەنگ باوەڕی پێدرا.

لەوتەیەکی کورتدا بەڕێز د.فوئاد ناوی وەزارەتەکان و کورتەیەك لە ژیاننامەی وەزیرە بەڕێزەکانی خوێندەوە و ئینجا وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەبەردەم پەرلەماندا سوێندی یاساییان خوارد. هەر لەو دانیشتنەدا بەڕێز محەمەد تۆفیق رەحیم- جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانی لەبەر ئەوەی پۆستی وەزارەتی

پێسپێردرابوو لەجێگری سەرۆکی پەرلەمان کشایەوە وڕەزامەندی پەرلەمانی وەرگرت.

دوای زیاتر لە ساڵێک لە ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی خەڵکی کوردستان، هاوکات دوای ئەوەی لە ١٩ی ئایاری ساڵی ١٩٩٢دا یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە مێژووی کوردا ئەنجامدرا کە پارتی بووە خاوەنی ٥١ کورسی و یەکێتیش ٤٩ کورسی، پارتی و یەکێتی حکومەتی پەنجا بە پەنجایان پێکهێنا و سەرجەم پۆستەکانیان لەنێوان خۆیاندا دابەش کرد.

بە کابینەکانی دوو ئیدارەییەوە، تائێستا حکومەتی هەرێم هەشت کابینەی پێکهێناوە کە سەرجەمییان لەلایەن یەکێتی و پارتییەوە سەرۆکایەتی کراو، جگە لە کابینەی هەشتەم کە حکومەتی بنکە فراوانە و لەگەڵ یەکێتی و پارتی، یەکگرتوو و کۆمەڵ و بزوتنەوەی گۆڕان پێکهێنەری کابینەکەن.

## کابینەی یەکەم:

بەپێی ژمارە ١ لە ١٩٩٢\٧\٥ پشت بە ئەحکامی بڕگە ٣ ی مادده ی ١١ لە یاسای ٢ی ساڵی ١٩٩٢ فەرمانی دامەزراندنی ئەندامانی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتی د. فوئاد مەعصوم لەسەر پشکی یەکێتی پێکهێنرا کە تا نیسانی ساڵی ١٩٩٣ بەردەوام بوو. وەک یەکەم ئەزموون لە دۆخێکی یەکجار قورس و نائاسایی و پڕ کۆسپدا بەڕێوبەری هەرێمی پێسپێردا، چونکە بەهۆی نائارامی وجەنگ لەگەڵ ڕژێمی سەدام وولات لە ڕووی دارایی و مەعنەوییەوە وێران و تاڵانکراو و ناجێگیر بوو.

بەهۆی هۆکاری جیاوە لەوانە کەمی توانای دارایی و ئابوری لەلایەک و کێشەی نێوان یەکێتی و پارتی پیلانی وولاتانی دراوسێ و ڕۆڵی جاسوسی و نۆکەرانی ڕژێمی بەغدا و جموجۆڵەکانی گروپی ئیسلامییە سەلەفییەکان نائارامی و مەترسی دروستکرد، بۆیە لەو کەش وهەوا نائاساییەدا ڕۆژی ١٩٩٣\٣\١٦ کابینەی یەکەمی ئەنجومەنی وەزیران خۆی لەکارکێشایەوە و وازهێنانی خۆی ڕاگەیاند.

بە پێی ڕێکەوتننامەی ١٩٩٢\٥\٢٣ ی نێوان یەکێتی و پارتی سەبارەت سەرۆکی کابینەی دووەم لە شێوەی د. فواد معصوم، ڕۆژی ١٩٩٣\٤\١١ سەرۆکی پەرلەمان ناوی سەرۆکی تازە و جێگرەکەی خستە پێش پەرلەمانتاران و بەپێی بڕیاری ژمارە ٢٢ بەم شێوەیە ناولێنانی عەبدوڵڵا (کۆسرەت) ڕەسول عەلی بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و د. ڕۆژ نوری شاوەیس بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق، ڕۆژی ٢٥ \١٩٩٣\٤ بە پێی بڕیاری ژمارە ٢٣ بە کۆی دەنگەکانی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پەسەند کران و بڕیاری بنیاتنانی کابینەی دووەمی پەرلەمانی کوردستانی وەرگرت.

## کابینەی دووەم:

لە ٢٥ ی نیسانی ١٩٩٣ دا دووەم کابینەی حکومەتی هەرێم بە هەمان شێوە لەسەر پشکی یەکێتی بە سەرۆکایەتی کۆسرەت ڕەسوڵ پێکهێنرا و تا ئابی ساڵی ١٩٩٦ بەردەوامبوو.

لەسەردەمی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمدا شەڕی ناوخۆ بە تایبەت لە نێوان یەکێتی و پارتی پەرەیسەند کە لە ساڵی ١٩٩٤ دا بەرپاببوو، دەرئەنجامیش دوو حکومەتی لێکەوتەوە بەهۆی شەڕی ناوخۆوە.

## کابینەکانی سێیەم و چوارەم :

بە دوو ئیدارەیی لە هەولێر و سلێمانی پێکهێنران.

لە ١٧ ی ئەیلولی ساڵی ١٩٩٨دا تاڵەبانی و بارزانی لە واشنتۆن بە ئامادەبوونی مادلین ئۆڵبرایت وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی ئەمەریکا ڕێکەوتنێکیان بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی ناوخۆ ئیمزاکرد.

بە پێی ڕێکەوتنەکە دەبوایە لە ساڵی ١٩٩٩ دا هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی یەکبخرانایەوە، بەڵام ڕێکەوتنەکە لە ساڵی ٢٠٠٦ جێبەجێکرا.

بە درێژایی ماوەی شەڕی خۆکوژی لە نێوان پارتی و یەکێتدا کەسایەتی، لایەنی جیاوازی هێزی سیاسی، پارت و تاقمەکانی کوردستان، دڵسۆزانی گەل و ڕۆژنامەکان و تەنانەت لە ئاست ناوخۆ و دەرەوەی کوردستاندا بە شێوازی جیاواز هەوڵی یەکخستنەوە و کۆتاییهێنانیان دەدا بە شەڕی ناوخۆ، لەو نێوەندانەشدا

ڕێکخراوەکانی ژنان و کەسایەتی جیاجیای ژنان درێغیان نەکرد لە هەوڵەکانیان بۆ ڕاگرتنی شەڕو بەرقەراربوونی ئاشتی.
بۆ ئەو مەبەستەش شێوازی جۆربەجۆریان گرتەبەر بۆ پێداگیری و گەیشتن بەو ئامانجە، هەوڵەکانی ڕێکخراوەکانی ژنان فرەهەوڵ بوون بۆ بەرقەراربوونی ئاشتی لە هەرێمی کوردستاندا گرنگترینی ئەو هەوڵانەی دران و دەنگدانەوی هەبوو لەئاست ناوخۆ و جیهاندا بە ڕێکەوتنی نزیکەی (٢٠٤) ژن بوون لە شاری سلێمانی و کۆیە و گەلێک ناوچەی تر بە پێ بۆ شاری هەولێر کە ماوەی گەیشتنیان نزیکەی یەک هەفتەی خایاند لە ١٩٩٤\٥\٤دا دەستیپێکرد تا گەیشتنە بەردەم پەرلەمانی کوردستان وپاشان مانگرتنیان لەبەردەم پەرلەماندا ڕاگەیاند و ماوەی ٢١ ڕۆژی خایاند.
هەر بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ زۆرێک لە خەڵکانی جۆربەجۆر لە کەسایەتی و ڕۆشنبیران و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی یاداشتێکیان پێشکەش بە سەرۆکی پەرلەمان (جەوهەر نامق) کرد بە ئامادەبوونی هەندێک لە ئەندام پەرلەمانەکانی ئەو کات لە پەرلەمان بوون، بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە شەڕ و چالاککردنەوەی دامودەزگاکانی حکومەت و پەرلەمان و سەقامگیری ئاشتی لە کوردستاندا.
ئەوەی لێرەدا جێی ئاماژەیە ڕێکخستنی کارەکە و زوربەی ژنەکانی لە سلێمانییەوە بۆ هەولێر بەڕێکەوتن بریتی بوون لە ئەندامانی ڕێکخراوی یەکێتی ژنانی کوردستان کە سەرەتا بەرەو شاری کۆیە و پاشان بەڕێکردنیان لە دێگەڵەوە بۆ شاری هەولێر.
شایەنی ئامەژەپێدانە کە یەکەمجار بوو لە مێژووی کوردستاندا هەنگاوێکی لەو جۆرە بنرێت بە مەبەستی سەقامگیری ئاشتی لە کوردستاندا، خودی ئەم هەوڵەی ژنان کە ماوەی نزیکەی هەفتەیەکی خایاند جێی بایەخی ڕاگەیاندنەکان بوو لەئاست ناوخۆ و جیهاندا کە بە هاوکاری (پیتەر و مارلین) بوو. هەموو ئەوانەی بەشداریان کرد ژن بوون و هەنگاوێکی خۆڕسک و ئیرادەگەریانەی خوودی ژنان بوو کە

خۆیان بڕیاردەر بوون و بەرپرسیارێتی بڕیارەکەیان لەئەستۆ گرت، بە دوور لەهەر لایەنێکی سیاسی .
هەوڵەکانی ژنان بەردەوامیان هەبوو، یەکێکی تری ئەو هەوڵانە، بەناوی(٩) ڕێکخراوی ژنانەوە سەردانی هەریەک لە بەڕێزان جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانیان کرد بۆ شاری هەولێر و یاداشتێکیان پێشکەش بە بەڕێزیان کرد بۆ بەرقەراربوونی ئاشتی لە کوردستاندا، ناوی ڕێکخراوەکان و ناوەڕۆکی یاداشتەکە بریتی بوو لە:

# یاداشتنامەی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنانی کوردستان

بەڕێز کاک مەسعود بارزانی
بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی
بەناوی جەماوەری ئافرەتان و ژنانی هەولێرەوە، بە ناوی دایک و خوشک و خێزانی شەهید و ئەنفالکراوەکانی کوردستانەوە، بە ناوی منداڵە بێناز و بەجێماوەکانیانەوە، بە ویژدانی دایکایەتی و هاونیشتمانییەوە هەموو بەیەک دەنگ بانگدەکەین: بەسە شەڕی براکوژی، بەسە شەڕی خۆکوژی، بەسە شەڕی کوردکوژی.
جا هەربەو بۆنەیەوە ڕوو دەکەینە بەڕێزتان و پەنا دەبەینە بەر حیکمەت و کارامەیی و دڵسۆزیتان بۆ گەلی کوردستان و کێشە ڕەواکەی کە لەم وەرچەرخانە مەترسیدارەی کوردستاندا ڕۆڵی بەرپرسیاری خۆتان بنوێنن بۆ ڕاگرتنی کارەساتی شوومی شەڕی ناوخۆ، هەر لێرەوە پشتگیری لە دەستپێشخەرە ئاشتییانەکانی هەموو لایەک دەکەین و داواکارین گشت بریار و دەستپێشخەرییەکان بە جیدی جێبەجێ بکرێن، بۆ ئەم مەبەستەش داواکارین لە بەڕێزتان کە دەستبەجێ بڕیارێکی هاوبەش بە جەماوەر ڕابگەیەنن کە تا کۆتایی ئەم هەفتەیە:

١. نەهێشتنی یەکجاری بارودۆخی شەڕی خۆکوژی لە سەرانسەری کوردستان و هەر سەرپێچییەک لەو بڕیارە لەلایەن هەر کەس و کەسایەتییەکەوە بێت مەحکوم بکەن.

٢. پاراستنی ناوی پیرۆزی پێشمەرگە و گەڕانەوەیان بۆ بنکە ئاساییەکانی خۆیان و نەهێشتنی هیچ دیاردەیەکی چەکداری لەسەر باڵەخانە و گرد و چیاکاندا و لە سەرپێچیکردنی ئەم بڕیارەی ئێمەی جەماوەری دایکان و خوشکان ئامادەین لە گشت کوردستاندا بڵاوببینەوە بە زۆر چەکدارەکان دەگرین.

٣. ڕاگرتنی گشت جۆرە هێرشێکی ڕاگەیاندن لەلایەن هەردوو حزبی هاوپەیمان و بەگژیەکداچوو، یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە دەزگا بیستراو و بینراو و خوێنراوەکاندا.

٤. گەڕانەوەی سەرکردایەتی و ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ هۆڵی پەرلەمان و دەستکردنەوە بە کاری ئاساییانە، هەروەها ئەنجومەنی وەزیران و دامودەزگا ڕێکخراوەکانی تری هەرێم. ئەمانە کرداری بەپەلەن بۆ ڕاگرتنی بارودۆخی شەر، بەو هیوایەی کە بەرژەوەندی گەل و نیشتمان بخرێنە سەروو بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتیەوە و گیانی خۆنەویستی سەرکەوێ بەسەر بەرچاوتەسکی و بەرژەوەندی تایبەتیدا و لەپێناو پاراستنی دەستکەوتە مەزنەکانی گەلی کورددا، ئومێدەوارین پاشان بە وردی لەو کارەساتە بکۆڵرێتەوە و گەلی کوردستان ئاگاداربکرێنەوە لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوانە. سەرلەنوێ پەرلەمان و حکومەت لەسەر بنەمایەکی دیموکراتیانەی نوێ دابمەزرێننەوە بەرەو ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کوردستان پاراستنی ئەزموونەکەی. لەگەڵ ڕێزماندا.

١.یەکێتی ئافرەتانی کوردستان.

٢.یەکێتی ژنانی کوردستان.

٣.کۆمەڵەی ژنانی کوردستان.

٤.کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان.

٥.ئافرەتانی زەحمەتکێشان.

٦.بزوتنەوەی ئافرەتانی سەربەخۆی پارتی پارێزگارانی کوردستان.
٧.ئافرەتان و ژنانی مانگرتووی ناو پەرلەمان.
٨.کۆمەڵەی خێرخوازی شەهید کارزان.

## کابینەی پێنجەم:

لەمانگی نیسانی ٢٠٠٦ دا کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم کە بە کابینەی یەکگرتنەوە ناونرا بەسەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی پێکهێنرا و بڕیار بوو بۆ دوو ساڵ بێت و دواتر بدرێت بە یەکێتی، بەڵام یەکێتی دەستبەرداری دوو ساڵەکەی تر بوو، بۆیە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی لە کابینەی پێنجەمدا تا تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٩ بەردەوام بوو.

## کابینەی شەشەم:

لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٩ دا بە سەرۆکایەتی د. بەرهەم صاڵح لە پشکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێکهێنرا کە لە دوای ساڵی ١٩٩٦ەوە بۆ یەکەمجار بوو یەکێتی سەرۆکایەتی کابینەیەکی تری یەکگرتووی حکومەتی هەرێم بکات.

کابینەی شەشەم بەهۆی ڕێکەوتنی پارتی و یەکێتییەوە تەنها دوو ساڵی خایاند تا نیسانی ساڵی ٢٠١٢ بەردەوامبوو، لەو کابینەیەدا بۆ یەکەمجار بوو ئۆپۆزسیۆن دروست بوو کە لە گۆڕان و یەکگرتوو کۆمەڵ پێکهاتبوون.

## کابینەی حەوتەم:

لە نیسانی ساڵی ٢٠١٢ دا کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێم جارێکی دیکە بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی پێکهێنراو و تاساڵی ٢٠١٤ بەردەوام بوو.

## کابینەی هەشتەم:

کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومەتێکی یەکبوونی نیشتمانییە. هەموو حزبە سیاسییە سەرەکییەکان هاوپەیمانیتییەکی بنکە فراوانیان پێکهێناوە کە ڕەنگدانەوەی فرەیی سیاسیی هەرێمی کوردستانە بۆ مەبەستی نوێنەرایەتیکردن وخزمەتکردنی هاووڵاتیان.

کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێم کە بە بنکە فراوان ناودەبرێت لە حوزەیرانی ٢٠١٤ دا بەهەمان شێوە بەسەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان پێکهێنراو تا ئێستاش بەردەوامە.

## خشتەی ژمارە (١٧)

### ژمارەی پیاوان و ژنان لە پۆستەکانی سەرۆک و جێگری ئەنجومەنی وەزیران

<table>
<tr><th>ساڵ</th><th colspan="2">سەرۆکی حکومەت</th><th>جێگری سەرۆکی حکومەت</th><th>ژمارەی پیاو</th><th>ژمارەی ژن</th></tr>
<tr><td>١٩٩٢</td><td colspan="2">د. فواد مەعصوم خدر</td><td>د. ڕۆژ نوری</td><td>٢</td><td>-</td></tr>
<tr><td>١٩٩٣</td><td colspan="2">کۆسرەت رەسول عەلی</td><td>د. ڕۆژ نوری</td><td>٢</td><td>-</td></tr>
<tr><td rowspan="4">١٩٩٤_٢٠٠٥</td><td rowspan="4">دوو حکومەت لە ناوچەی سلێمانی و هەولێر</td><td>د. ڕۆژ نوری</td><td>نێچیرڤان بارزانی</td><td>٢</td><td>-</td></tr>
<tr><td>نێچیرڤان بارزانی</td><td>محەمەد محمود عەبدولرەحمان</td><td>٢</td><td></td></tr>
<tr><td>د. بەرهەم ئەحمەد صالح</td><td>عەدنان رەشاد موفتی</td><td>٢</td><td>-</td></tr>
<tr><td>عومەر فەتاح</td><td>عیماد ئەحمەد</td><td>٢</td><td>-</td></tr>
<tr><td>٢٠٠٦</td><td colspan="2">نێچیرڤان بارزانی</td><td>عومەر فەتاح</td><td>٢</td><td>-</td></tr>
<tr><td>٢٠٠٩</td><td colspan="2">د. بەرهەم ئەحمەد صاڵح</td><td>ئازاد بەرواری</td><td>٢</td><td>-</td></tr>
<tr><td>٢٠١٢</td><td colspan="2">نێچیرڤان بارزانی</td><td>عماد ئەحمەد</td><td>٢</td><td>-</td></tr>
<tr><td>٢٠١٤</td><td colspan="2">نێچیرڤان بارزانی</td><td>قوباد تاڵەبانی</td><td>٢</td><td>-</td></tr>
</table>


ڕێژەی ژن و پیاو لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
خشتەی ژمارە ١٧
ژن
پیاو
100%
100%
100%
100%
100%
100%
100%
100%
0%
0%
0%
0%
0%
0%
0%
0%
کابینە ی ١
کابینە ی ٢
کابینە ی ٣
کابینە ي ٤
کابینە ی ٥
کابینە ی ٦
کابینە ی ٧
کابینە ی ٨

# خشتەی ژمارە (١٨)

## ڕێژەی وەزیرەکانی ( ژنان و پیاوان) و ناوی ژنان
## بە پێی کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

| ساڵ | ژمارەی وەزیر | ژمارەی ژن | ڕێژەی ژنان | ژمارەی پیاو | ڕێژەی پیاو | ناوی ژنانی وەزیر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٩٢ | ١٥ | ١ | %٧ | ١٤ | %٩٣ | کافیە سلێمان عەبدوڵڵا (وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار) |
| ١٩٩٣ | ١٥ | ١ | %٧ | ١٤ | %٩٣ | کافیە سلێمان عەبدوڵڵا (وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار) |
| ١٩٩٤-٢٠٠٥ | ١٦ | - | - | ١٦ | %١٠٠ | - |
| | ٢٣ | ٢ | %٩ | ٢١ | %٩١ | - نەسرین مستەفا صدیق (وەزیری ئاوەدانکردنەوە)<br>- نازەنین محمەد وسو (وەزیری کاروباری نیشتەجێکردن) |
| | ١٩ | ١ | %٥ | ١٨ | %٩٥ | نەرمین عوسمان حەسەن (وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی) |
| | ١٨ | ٤ | %٢٢ | ١٤ | %٧٨ | - شەونم عەبدولقادر( وەزیری پەروەردە)<br>- پەخشان حەفید( وەزیری مافی مرۆڤ)<br>- د. ئەختەر نەجمەدین (وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی)<br>- پەروین بابەکر( وەزیری پیشەسازی) |
| | ٢٥ | ١ | %٤ | ٢٤ | %٩٦ | نازەنین محەمەد وەسو (وەزیری کار و ئەشغال) |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٦ | ٤٢ | ٣ | %٧ | ٣٩ | %٩٣ | - چنار سەعد عەبدوڵڵا (وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان)<br>- نازەنین محەمەد وسۆ (وەزیری شارەوانییەکان)<br>- د.جنان قاسم (وەزیری هەرێم) |
| ٢٠٠٩<br>دامەزاندنی ئەنجومەنی باڵای خانمان | ١٩ | ١ | %٥ | ١٨ | %٩٥ | ئاسۆس نەجیب (وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی) |
| ٢٠١٢ | ١٩ | ١ | %٥ | ١٨ | %٩٥ | ئاسۆس نەجیب (وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی) |
| ٢٠١٤ | ٢٣ | ١ | %٤ | ٢٢ | %٩٦ | نەورۆزمەولود محەمەد ئەمین (وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار) |



خشتەی ژمارە (١٨) ژمارە و ڕێژەی وەزیرەکان وناوی ژنانی وەزیر دەخاتەڕوو لە سەرجەم کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخاتە ڕوو کە لە زوربەی کابینەکاندا ژمارەی ژنان لە هەر کابینەیەکی حکومەتدا لە یەک تێپەڕ ناکات یان لە دوودا خۆی دەبینێتەوە، ئەمە جگە لەوەی زوربەی ئەو وەزارەتانەی بە ژنان دراوە، وەزارەتی سیادی نین و بەزۆری لە بواری ژنان و کۆمەڵایەتیدا خۆی دەبینێتەوە، ئەمەش ئاماژەیە بە تێڕوانینی عەقڵیەتی پیاوانی حزبە سیاسییەکان کە تا ئێستا متمانەیان بە توانا و لێهاتوویی ژنان لاوازە تا ئاسایی بێت بەلایانەوە ژنان کاندید بکەن بۆ سەرجەم وەزارەتەکانی هەن، لە کاتێکدا لە ئەمڕۆدا ژنانێکی زۆر هەن بە بەراوورد لەگەڵ کابینەکانی سەرەتای حکومەتدا کە لە بواری پسپۆری و شارەزاییدا بوونیان هەیە لە سەرجەم بوارە جیاجیاکاندا.

وێڕای ئەوەی بەپێی ئاماری وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆساڵی ٢٠١١ ژنان ٤٠% ی فەرمانبەرانی دامەزراوەکانی حکومەت پێکدەهێنن.

لە هەندێک لە وەزارەتەکاندا نموونەی کەرتی پەروەردە، ڕێژەکەیان بەرزترە لە پیاوان واتە ڕێژەی ٥٥% ی مامۆستایانی کوردستان ژنانن و ٤٥% پیاوانن.

لە هەندێک کەرتی تردا ڕێژەکە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، نموونەی خوێندنی باڵا کە ٤٣% ژنان و ٥٧% پیاوانن.

# کورتە مێژوویەک دەربارەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وەک دامەزراوەیەکی فەرمی لەساڵی ٢٠٠٥ لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەندکراوە. سەرۆکی هەرێمی کوردستان باڵاترین دەسەڵاتی جێبەجێکارییە و بە دەنگی زۆرینەی هاوڵاتیان هەر چوارساڵ جارێک هەڵدەبژێردرێت.

سەرۆکی هەرێم نوێنەرایەتی خەڵک دەکات لە ئاستی ناوخۆ و جیهاندا. پەیوەندییەکان وهەماهەنگی نێوان هەرێم و دەسەڵاتەکانی ڤیدراڵی عێراقی لەژێر سەرپەرشتی سەرۆکی هەریم بەڕێوەدەچێت وهەروەها نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکات لە ئەنجومەنی سیاسی ئاسایشی نیشتمانی عێراق ولە ڕاوێژکردن ودانوستانکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق.

سەرۆکی هەرێم بەرپرسە لە پەسەندکردنی دامەزراندن و پلە بەرزکردنەوەی تایبەت کە پێشنیاز دەکرێت لەلایەن سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەسەندکردنی هەموو ئەو یاسایانەی کە لە لایەن پەرلەمانی کوردستان دەردەچن.

سەرۆک، دەسەڵاتی گەڕاندنەوەی هەموو یاسایەکی هەیە بۆ پەرلەمان بۆ یەک جار، بە مەبەستی گفتوگۆی زیاتر وهەموارکردنەوە.

# خشتەی ژمارە (١٩)

## ناوی سەرۆکایەتی هەرێم بەپێی خولەکانی هەڵبژاردن

| خولی هەڵبژاردن | ناوی سەرۆکی هەرێم | ناوی جێگری سەرۆکی هەرێم | سەرۆکی دیوان | ژمارەی پیاو | ژمارەی ژن |
|---|---|---|---|---|---|
| خولی ٢٠٠٥ | مەسعود بارزانی | - | - | ١ | ٠ |
| خولی ٢٠٠٩ | مەسعود بارزانی | کۆسرەت رەسول عەلی | د. فواد حسێن | ٣ | ٠ |
| خولی ٢٠١٣ | مەسعود بارزانی | کۆسرەت رەسول عەلی | د. فواد حسێن | ٣ | ٠ |

خشتەی ژمارە ( ١٩ ) ڕوونی دەکاتەوە کە لە سێ خولی هەڵبژاردندا کە لە ئاستی هەرێمی کوردستاندا ئەنجامدراوە بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هیچ ژنێک سەرۆک وجێگر و تەنانەت سەرۆکی دیوانیش نەبووە.

ئەمەش وەک ناوەندی دەسەڵاتە باڵاکانی تر پەیوەستە بە عەقڵیەتی حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان کە ئامادەسازی و باوەڕیان نییە بە توانا و هزری ژنان بۆ بەڕێوەبردنی ناوەندە بڕیارسازییەکان لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستاندا. وێڕای ئەوەی لەیەکەم خولی هەڵبژاردندا ساڵی ٢٠٠٥ تەنها سەرۆکی هەرێم هەبووە و جێگری نەبووە.

# ناوی سەرۆکایەتی و وەزیرەکانی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان- ساڵی ١٩٩٢

١. د. فوئاد مەعصوم خدر- سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

٢. د. ڕۆژ نوری صدیق شاوەیس- جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران - وەزیری ناوخۆ بە وەکالەت

٣. لیوا کەمال موفتی– وەزیری کاروباری پێشمەرگە

٤. محەمەد تۆفیق رەحیم – وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری

٥. د. صلاح الدین محەمەد حسێن حەفید زادە – وەزیری دارایی و ئابووری

٦. کافیە سلێمان – وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار

٧. شێرکۆ فایەق بێکەس – وەزیری ڕۆشنبیری

٨. د. مأمون نور محەمەد بریفکانی– وەوزیری ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان

٩. د. ادریس هادی صالح – وەزیری گواستنەوە و هاتوچۆ.

١٠. قادر عەزیز محەمەد ئەمین– وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری.

١١.کەمال شاکر محەمەد – وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی.

١٢. یونادم یوسف کنا – وەزیری ئەشغال و نیشتەجێکردن .

١٣. د. ناصح غەفور رەمەزان – وەزیری پەروەردە

١٤.محەمەد ئەمین مەولود ئەمین – وەزیری پیشەسازی و وزە.

١٥. محەمەد مەلا قادر – وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی

١٦. حاکم مەعروف – وەزیری داد

# ناوی سەرۆکایەتی و وەزیرەکانی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵی ١٩٩٣

١. کۆسرەت رەسول عەلی – سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران
٢. د.رۆژ نوری شاوەیس- جێگری سەرۆک (سوێند خواردنەکەی ڕۆژی ١٩٩٣\٤\٢٥ بوو)
٣.جەبار فەرمان عەلی ئەکبر– وەزیری کاروباری پیشمەرگە
٤.یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی– وەزیری ناوخۆ
٥.د. ناصح غەفور رەمەزان – وەزیری پەروەردە
٦.محەمەد تۆفیق رەحیم – وەزیری هاوکاری و کاروباری مرۆڤایەتی
٧.دارۆ نوری صاڵح – وەزیری دارایی و ئابوری
٨.شێرکۆ فائق عەبدوڵڵا بێکەس – وەزیری ڕۆشنبیری
٩.محەمەد ئەمین مەولود – وەزیری پیشەسازی و ووزە
١٠.سەعدی احمەد پیرە – وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری
١١.کەمال شاکر محەمەد وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی
١٢.کافیە سلێمان عەبدوڵڵا – وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار
١٣.محەمەد عەبدولقادر ئەحمەد- وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی
١٤.ئدریس هادی صاڵح – وەزیری گواستنەوەو گەیاندن
١٥.مەئمون نور محەمەد برئفکانی – وەزیری ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان
١٦.قادر عەزیز محەمەد جەباری – وەزیری داد
١٧. یونادم یوسف کنا- وەزیری ئەشغال و نیشتەجێکردن

# ناوی سەرۆکایەتی و وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان - ساڵی ١٩٩٦

پاش ٢٠٠٦\٨\٣١ کە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دروستکرا بە بڕیاری ژمارە ٦ ی پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی رۆژی ١٩\١٢٦ ١٩٩٦ ( لەو ناوچانەی کەوتەوە ژێر دەسەلاتی پارتی پاش ١٩٩٦\٨\٣١.

١.د. ڕۆژ نوری شاوەیس- سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

٢.نێچیرڤان بارزانی- جێگری سەرۆک

٣.فازڵ میرانی- وەزیری ناوخۆ

٤.عومەر عوسمان ( زەعیم علی) وەزیری کاروباری پێشمەرگە

٥.د. جرجیس حەسەن- وەزیری پەروەردە

٦.شەوکەت شێخ یەزدین-وەزیری دارایی و ئابوری

٧.فەلەکەدین سابیر کاکەیی- وەزیری ڕۆشنبیری

٨.عەبدولخەنی تەها محەمەد- وەزیری هەرێم

٩.کەمال شاکر محەمەد- وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی

١٠.د. ئیدریس هادی صاڵح- وەزیری پیشەسازی و ووزە

١١.حوسێن تەها سنجاری- وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار

١٢.یونادم یوسف کنە- وەزیری ئەشغال و نیشتەجێکردن

١٣.مەئمون نور محەمەد بریکفان- وەزیری ئاوەدانکردنەوە وگەشەپێدان

١٤.محەمەد نوری ئەحمەد- وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری

١٥.مەحمود شێخ کاوە شێخ لەتیف حەفید- وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی

١٦.هادی عەلی عەبدولکریم- وەزیری هەرێم

# ناوی سەرۆکایەتی و وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان - ساڵی ١٩٩٩

لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و بە پێی بڕیاری ژمارە ٣٦ لە ٢٠\١٢\١٩٩٩ متمانەی بە کانینەکەدا:

١. نێچیرڤان بارزانی- سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران
٢.محەمەد مەحمود عەبدولرحمن( سامی)- جێگری سەرۆک
٣.شەوکەت شێخ یەزدین محمد- وەزیری کاروباری ئەنجومەنی وەزیران
٤.فازڵ میرانی- وەزیری ناوخۆ
٥.عومر عوسمان ( زەعیم عەلی) وەزیری پێشمەرگە
٦.عەبدولعزیز تەیب ئەحمەد- وەزیری پەروەردە
٧.سەرکیس ئاغاجان مامندو- وەزیری دارایی
٨.عەدنان محەمەد حسامەدین نەقشبەندی- وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی
٩.هادی عەلی عەبدولکریم- وەزیری داد
١٠.فەلەکەدین سابیر کاکەیی- وەزیری ڕۆشنبیری
١١.سەعد عەبدوڵڵا عوسمان- وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری
١٢. مەئمون نور محەمەد بریفکانی-وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار
١٣.یونادم یوسف کنا- وەزیری پیشەسازی و ووزە
١٤.د. شەفیق قەزاز- وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری
١٥.د. جەمال عەبدولحمید- وەزیری تەندروستی
١٦.نەسرین مستەفا صدیق- وەزیری ئاوەدانکردنەوە
١٧.نازەنین محەمەد وسو- وەزیری کاروباری نیشتەجێکردن
١٨.د. عەبدولحمید عەبدوڵڵا ئاکرەیی- وەزیری گواستنەوە و گەیاندن
١٩.یوسف حنا یوسف- وەزیری هەرێم
٢٠.مەحمود کاوە حەفید- وەزیری هەرێم
٢١.نەمر کەچۆ هسام- وەزیری هەرێم
٢٢.جەودەت جەرجیس نەجار-وەزیری هەرێم
٢٣.عەبدولجەلیل ڕەزا عەلی-وەزیری هەرێم

# ناوی سەرۆکایەتی و وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان
# کابینەی سێیەم- ساڵی ٢٠٠١

بە بڕیاری بەرێز مام جەلال بە ژمارە ٦ لە ٢٠\١١\ ٢٠٠١ دەرچوو:

١. د. بەرهەم ئەحمەد صالح- سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

٢.عەدنان رەشاد موفتی- جێگری سەرۆک و وەزیری دارایی و ئابوری

٣.کەمال محەمەد موفتی – وەزیری ناوخۆ

٤.عەبدولرەحمان مەعروف محەمەد- وەزیری ناوخۆ

٥.شیردڵ عەبدوڵڵا حوێزی- وەزیری کاروباری پیشمەرگە

٦.خەلیل نعمەت دۆسکی- وەزیری گواستنەوەو گەیاندن

٧.د. جەمال عەبدولکەریم فوئاد- وەزیری یارمەتی و مرۆڤایەتی

٨.جەلال جەوهەر عەزیز- وەزیری پیشەسازی و ووزە

٩.فەتاح خەلیل فەتاح- وەزیری رۆشنبیری

١٠.خەسرەو مستەفا عەبدوڵڵا- وەزیری پەروەردە

١١.فەتاح عەبدوڵڵا عەباس –وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار

١٢.د. یادگار رەئوف حیشمەت – وەزیری تەندروستی

١٣.نەرمین عوسمان- وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی

١٤.سەعدی حەمەد ئەمین دزەیی- وەزیری ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە

١٥.شازاد جەمیل صائب- وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری

١٦.محەمەد عومەر عەبدولعەزیز- وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی

١٧.د. جەمال شەفیق عەلی- وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

١٨.برزو عەلی هەژار- وەزیری هەرێم

١٩.موحسین عەلی ئەکبەر- وەزیری هەرێم

# ناوی سەرۆکایەتی و وەزیرەکانی کابینەی ئیدارەی سلێمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان- ساڵی ٢٠٠٥

ڕۆژی ٢٠٠٥\٤\٦ مام جەلال تاڵەبانی بە سەرۆک کۆماری عێراق هەڵبژێردرا، د. بەرهەم ئەحمەد ساڵی ٢٠٠٥ دەستی لە سەرۆکایەتی کابینەی وەزارەتەکەی ئیدارەی سلێمانی کێشایەوە و کابینەی نوێ بە عومەر فەتاح سپێردرا.

١. عومەر فەتاح- سەرۆک ئەنجومەنی وەزیران
٢.عیماد ئەحمەد- جێگری سەرۆک
٣.عوسمان حاجی مەحمود- وەزیری ناوخۆ
٤.بایز تاڵەبانی- وەزیری دارایی
٥.فەتاح زاخۆیی- وەزیری ڕۆشنبیری
٦.د. محەمەد قادر خۆشناو- وەزیری پەیوەندی و هاوکاری
٧.سەعدی دزەیی- وەزیری ئاوەدانکردنەوە
٨.عەبدولرەزاق عەزیز میرزا- وەزیری پویوەندی و هاوکاری
٩.شەونم عبدولقادر - وەزیری پەروەردە
١٠.پەخشان حەفید- وەزیری مافی مرۆڤ
١١.شەماڵ عەبدولوەفا- وەزیری کشتوکاڵ
١٢.د. ئەختەر نەجمەدین- وەزیری خوێندنی باڵا
١٣.فاتح عەبدوللا- وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار
١٤.پەروین بابەکر ئاغا- وەزیری پیشەسازی
١٥.د. محەمەد گەزنەیی- وەزیری کاروباری ئاینی
١٦.خەلیل دۆسکی- وەزیری گواستنەوە
١٧.صەڵاح رەشید- وەزیری مافی مرۆڤ
١٨.بورهان سەعید سۆفی- وەزیری گەیان

# ناوی سەرۆکایەتی و وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ( کابینەی چوارەم) لە ماوەی ١٩٩٩- ٢٠٠٦

١.نێچیرڤان ئیدریس بارزانی- سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

٢.سەرکیس ئاخاجان مامندو- جێگری سەرۆک

٣.کەریم سنجاری- وەزیری ناوخۆ

٤.حەمید ئەفەندی – وەزیری پێشمەرگە

٥.عەبدولعەزیز تەیب- وەزیری پەروەردە

٦.ئاغاجان مامندو- وەزیری دارایی و ئابوری

٧.عەدنان نەقشبەندی – وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی

٨.هادی عەلی عەبدولکەریم- وەزیری داد

٩.سامی شۆڕش- وەزیری ڕۆشنبیری

١٠.ئازاد مەلا- وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری

١١.بارزان موحسن دزەیی – وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار

١٢.یونان مەرقوس حنا- وەزیری پیشەسازی و ووزە

١٣.شەفیق قەزاز- وەزیری یارمەتی مرۆیی و هاوکاری

١٤.جەمال عەبدولحەمید – وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی

١٥.نازەنین محەمەد وەسو – وەزیری کار و ئەشغال

١٦.حەیدەر فەیلی- وەزیری گواستنەوە و گەیاندن

١٧.محەمەد ئیحسان سلیفانی- وەزیری مافی مرۆڤ

١٨.یوسف حنا یوسف- وەزیری هەرێم

١٩.مەحمود کاوە حەفید – وەزیری هەرێم

٢٠.نەمر کجو حاسام – وەزیری هەرێم

٢١.جەودەت جرجیس نەجار – وەزیری هەرێم

٢٢.فەلەکەدین . س. کاکەیی – وەزیری هەرێم

٢٣.فەلاح مستەفا بابەکر – وەزیری هەرێم

٢٤.عابد کەریم موراد – وەزیری هەرێم

٢٥. عەبدولمهەیمەن بارزانی – وەزیری هەرێم

# ناوی سەرۆکایەتی و وەزیرەکانی کابینەی یەکگرتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان کابینەی پێنجەم - ساڵی ٢٠٠٦

لە ڕۆژی ٧\٥\ ٢٠٠٦ بە بڕیاری ژمارە ٣ ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ساڵی ٢٠٠٦ دەرچووە

١. نێچیرڤان ئیدریس بارزانی- سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

٢.عومەر فەتاح حسێن- جێگری سەرۆک

٣.عوسمان حاجی مەحمود - وەزیری پیشمەرگر

٤.عەبدولکریم سوڵتان شەنگاری- وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ

٥.سەرکیس ئاغاجان- وەزیری دارایی و ئابوری

٦.بایز سەعید محەمەد تاڵەبانی- وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی

٧.فاروق جەمیل صادق- وەزیری داد

٨.ئازاد عیزەدین مەلا ئەفەندی - وەزیری هەرێم بۆ کاروباری داد

٩.عومەر عسمان ئیبراهیم- وەزیری کاروباری پێشمەرگە

١٠.جەعفەر مستەفا عەلی- وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە

١١.بورهان سەعید سۆفی- وەزیری گواستنەوە

١٢.دڵشاد عبدولڕەحمان محەمەد- وەزیری پەروەردە

١٣.د. عەبدولرەحمان عوسمان یونس- وەزیری تەندروستی

١٤.عەدنان محەمەد قادر– وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی

١٥.محەمەد ئەحمەد سەعید شاکەلی- وەزیری ئەوقاف

١٦.تەحسین قادر عەلی - وەزیری دەرامەتە ئاوییەکان

١٧.عیماد ئەحمەد تەیفور- وەزیری ئاوەدانکردنەوە و یشتەجێبوون

١٨.عسمان ئیسماعیل حسێن- وەزیری پلاندانان

١٩.د. یوسف محەمەد عەزیز- وەزیری مافی مرۆڤ

٢٠.د. ئیدریس هادی صالّح- وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

٢١.عەبدولعزیز تەیب- وەزیری کشتوکاڵ

٢٢.چنار سەعد عەبدوڵلا- وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکاراوەکان

٢٣.فەلەکەدین کاکەیی- وەزیری ڕۆشنبیری

٢٤.وشیار عەبدولرەحمان سیوەیلی- وەزیری کارەبا

٢٥.د. ئاشتی هەورامی- وەزیری سامانە سروشتییەکان

٢٦.نازەنین محەمەد وەسو- وەزیری شارەوانی

٢٧.تەها عەبدولرەحمان عەلی- وەزیری وەرزش و لاوان

٢٨.د. محەمەد ئیحسان- وەزیری کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم

٢٩.محەمەد رەئوف محەمەد- وەزیری بازرگانی

٣٠.ویداد خورشید عوسمان- وەزیری پیشەسازی

٣١.دارا محەمەد ئەمین سەعید- وەزیری ژینگە

٣٢.نەمرود بەشیر- وەزیری گەشتوگوزار

٣٣.حەیدەر شێخ عەلی- وەزیری گەیاندن

٣٤.ئەبوبەکر عەلی- وەزیری هەرێم

٣٥.د. جنان قاسم- وەزیری هەرێم

٣٦.جۆرج یوسف مەنصور- وەزیری هەرێم

٣٧.دەخیل سەعید قاسم- وەزیری هەرێم

٣٨.محەمەد حاجی مەحمود- وەزیری هەرێم

٣٩.مەحمود عیدۆ- وەزیری هەرێم

٤٠.مدحەت مەندەلاوی- وەزیری هەرێم

٤١.سەعد خالد محەمەد ئەمین- وەزیری هەرێم

٤٢.عەبدولەتیف بەندەر ئۆغلۆ- وەزیری هەرێم

ناوی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پلەی وەزیر:

١. نوری عوسمان مەحمود عەبدولڕەحمان- سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بە پلەی وەزیر

٢. محەمەد قەرەداغی - سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران بە پلەی وەزیر

٣. فەلاح مستەفا بابەکر- بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بە پلەی وەزیر

٤. هێرش محەرەم- سەرۆکی دەزگای وەبەرهێنان بە پلەی وەزیر

## ناوی سەرۆکایەتی و وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان
## کابینەی شەشەم- ساڵی ٢٠٠٩

لە ٢٠٠٩\١٠\٢٨ ڕاگەیەنرا کە بە پێی ڕێکەوتننامەی یەکێتی و پارتی سەرۆک و جێگری ئەنجومەنی وەزیران دوو ساڵی یەکەم بۆ یەکێتی و دوو ساڵی دووەم بۆ پارتی دەبێت.

١. د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح - سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

٢. ئازاد بەرواری - جێگری سەرۆک

٣. کەریم سنجاری ـ وەزیری ناوخۆ

٤. جەعفەر مستەفا ـ وەزیری پێشمەرگە

٥. بایز سەعید ـ وەزارەتی دارایی

٦. د. ئاشتی هەورامی ـ وەزیری سامانە سروشتیەکان

٧. شێروان حەیدەری ـ وەزیری داد

٨. د. عەلی سندی ـ وەزیری پلاندانان

٩.د. تاهیر هەورامی ـ وەزیری تەندروستی

١٠. د. سەفین دزەیی ـ وەزیری پەروەردە

١١. دلشاد شەهاب ـ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار
١٢. کامەران ئەحمەد ـ وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن
١٣. د. دلاوەر عەلائەدین ـ وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
١٤. ئاسۆس نەجیب ـ وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی
١٥. کاوە مەحمود ـ وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان
١٦. سەباح ئەحمەد ـ وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان
١٧. د. سیروان بابان ـ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو
١٨. سینان چەلەبی ـ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی
١٩. جۆنسۆن سیاوش ـ وەزیری گواستنەوە و گەیاندن
٢٠. کامل عەلی عەزیز ـ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی
٢١. یاسین ئەبوبەکر ـ وەزیری کارەبا

## ناوی سەرۆکایەتی و وەزیرەکانی کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠١٢

لە ڕۆژی ٥\٤\٢٠١٢ ڕاگەیەنرا:

١. نێچیرڤان ئیدریس بارزانی - سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران
٢. عماد ئەحمەد - جێگری سەرۆک
١. کەریم سنجاری ـ وەزیری ناوخۆ
٢. جەعفەر مستەفا ـ وەزیری پێشمەرگە
٣. بایز سەعید ـ وەزارەتی دارایی
٤. د. ئاشتی هەورامی ـ وەزیری سامانە سروشتیەکان
٥. شێروان حەیدەری ـ وەزیری داد
٦. د. عەلی سندی ـ وەزیری پلاندانان
٧. د. ڕێکەوت حەمە ڕەشید ـ وەزیری تەندروستی
٨. د. عیسمەت محەمەد خالد ـ وەزیری پەروەردە

٩. دلشاد شەهاب ـ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار

١٠. کامەران ئەحمەد ـ وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن

١١. د. عەلی سەعید ـ وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

١٢. ئاسۆس نەجیب ـ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی

١٣. کاوە مەحمود ـ وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان

١٤. سەباح ئەحمەد ( ئارام) ـ وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان

١٥. د. سیروان بابان ـ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

١٦. سینان چەلەبی ـ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی

١٧. جۆنسۆن سیاوش ـ وەزیری گواستنەوە و گەیاندن

١٨. کامل عەلی عەزیز ـ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی

١٩. یاسین ئەبوبەکر ـ وەزیری کارەبا

## ناوی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پلەی وەزیر

١.فەوزی فرانسوا تۆما هەریری- سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران

٢. محمد قەرەداغی - سکرتێری ئەنجومەن

٣. فەلاح مستەفا بابکر- بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەت

٤. هێرش موحەڕەم - سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان

# ناوی سەرۆکایەتی و وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کودستان
# کابینەی هەشتەم- ساڵی ٢٠١٤

لە ڕۆژی ٢٠١٤/٦/١٨ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە متمانەی پێدرا.

١. نێچیرڤان بارزانی – سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران
٢. قوباد تاڵەبانی – جێگری سەرۆک
٣. عەبدولسەتار مەجید قادر- وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو
٤. خالید عەبدولڕەحمان ئەحمەد- وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان
٥. پشتیوان صادق عەبدوڵڵا- وەزیری پەروەردە
٦. صەلاحەدین بابەکر محەمەد- وەزیری کارەبا
٧. کەمال موسلیم سەعید- وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی
٨. ڕێباز محەمەد عەبدوڵڵا محەمەد- وەزیری دارایی و ئابووری
٩. ڕێکەوت حەمە ڕەشید کەریم محەمەد- وەزیری تەندروستی
١٠. د. یوسف حەمەد لوتفوڵڵا- وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
١١. دەرباز عەبدوڵڵا ڕەسوڵ- وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن
١٢. سینان عەبدولخالق ئەحمەد چەلەبی - وەزیری داد
١٣. عەبدولکریم سوڵتان عەبدوڵڵا (کەریم سنجاری)- وەزیری ناوخۆ
١٤. محەمەد قادر هاودیانی- وەزیری کار و کاروباری کۆمەلایەتی
١٥. مەحمود صاڵح حەمە کەریم- وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان
١٦. نەورۆز مەولود محەمەد ئەمین- وەزیری شارەوانی و گەشتو گوزار
١٧.عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان (ئاشتی هەورامی)- وەزیری سامانە سروشتیەکان
١٨. مستەفا قادر مستەفا عەزیز- وەزیری کاروباری پێشمەرگە
١٩. عەلی عوسمان حاجی بەدری سندی- وەزیری پلاندانان
٢٠. ساماڵ سەردار مەحمود- وەزیری بازرگانی و پیشەسازی
٢١. جونسون سیاوش ئەیۆ- وەزیری گواستنەوە و گەیاندن
٢٢. مەولود موراد محێدین- وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان
٢٣. عەبدولڕەحمان عەبدولڕەحیم حەمە ڕەزا- وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژینگە

# کورتەیەک سەبارەت هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان

دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستاندا تا ئەمڕۆ بە دوو خولی هەڵبژاردندا تێپەڕیوە، یەکەمیان لە ساڵی ٢٠٠٥ و دووەمیان ساڵی ٢٠١٤ لە ٢٠٠٣\٤\٩ لە لایەن دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان کۆمەڵی یاسا و بڕیار دەرچوون یەکێ لەو یاسایانە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بوو، کە بە بڕیاری ژمارە ٧١ لە ٦ ی نیسانی ٢٠٠٤ دەرچووە لەبەر ڕۆشنایی ئەو یاسایەدا لە ٢٠٠٥\١\٣٠ لەسەرجەم پارێزگاکانی عێراق هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەڕێوەچوو، شانبەشانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران. کە بە پێی ئەو یاسایە هەموو ئەنجومەنێک ٤١ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای بۆ دانرا و ڕێژەی ژنانیش ٢٥% کەمتر نەبێت .

جگە لە پارێزگای بەغدا کە ٥٩ ئەندامی بۆ تەرخان کرا، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان سەبارەت بە عێراق کارێکی تازە بوو بە تایبەتی بەو دەسەڵاتە زۆرەی دراوە بە ئەنجومەنی پارێزگاکان بە تایبەتی ئەمریکا لە سەرەتای پرۆسەی ئازادی زۆرهەوڵیدا سستمی ڤیدرالی پارێزگاکان بکاتە ئەمری واقع، بەڵام لەلایەن هاوپەیمانی کوردستان ئەو بیرۆکەیە ڕەتکرایەوە.

بۆیە دوای پرۆسەی پەسەندکردنی ڕاپرسی دەستوری هەمیشەیی کۆماری عێراق بە پێی بنەمای ماددەی ٦١ یەکەم و ١٣٨ پێنجەم لە دەستوری کۆماری عێراق دەسەڵاتدرا بە ئەنجومەنی نوێنەران یاسای پێکهینانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی ڕێکنەخراو لە هەرێمدا دەربکات.

لە ڕۆژی ٢٠٠٨\٣\١٩ ئەنجومەنی نوێنەران یاساکەی دەرکرد بە بڕیاری ژمارە ٢١ لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتی کۆمار پەسەند کرا کە یاساکە لە ٥٥ ماددە پێکهاتووە کە لە ماددەی ٢ دا هاتووە یەکەم، ئەنجومەنی پارێزگا بەرزترین دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێرییە لە سنوری ئیدارەی پارێزگادا و مافی دەرکردنی

یاسای ناوخۆی لە سنوری پارێزگا هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت ئیدارەی کاروبارەکانی بە پێی پرنسیپی لامەرکەزی ئیدارەی بکات بە مەرجێک ناکۆک نەبێت لەگەڵ دەستوور و یاسا ڤیدڕاڵییەکان. هەر لە یاساکەدا ژمارەی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحییەکانی دیاری کردووە و باسی دەسەڵات وئەرکەکانیانی کردووە و بەپێی ئەو یاسایە ئەبوایە لە ٢٠٠٨\١٠\١١ هەڵبژاردن ئەنجامدرا بوایە وهەر لە ماددەی ٥٤ دا هاتووە کە ئەنجومەنی نوێنەران یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحییەکان دەردەکات.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو یاسایە بۆ سەرخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ڕۆژی ٢٢ ی تەمووزی سالی ٢٠٠٨ دا ئەنجومەنی نوێنەران بە بێ درککردن بە بەرپرسیارێتی مێژووی یاسای هەڵبژاردنیان دەرکرد بێ ئامادەبوونی لیستی هاوپەیمانی کوردستان، دوای ڤیتۆکردنی یاساکە لەلایەن سەرۆکایەتی کۆمار یاساکە گەڕێنرایەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران و دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر لە ٢٠٠٨\٩\٢٥ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی یاساکەی پەسەند کرد کە پێکهاتووە لە ٥١ ماددە. بەپێی یاساکە ئەبێت بۆ کۆتایی ٢٠٠٩\١\٣١ هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت بە پێی دەقی ماددەی ٩ هەڵبژاردن بە پێی لیستی کراوەی سنوردار ئەنجام دەدریت.

## خشتەی ژمارە (٢٠)

### ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە پارێزگای دهۆک ساڵی ٢٠٠٥

| ژ | ژمارەی لیستەکان | ناوی کیانی سیاسی | ژمارەی دەنگەکان | ژمارەی کورسییەکان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٩٢ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٠٢،١٣٣ | ٣٣ |
| ٢ | ١٠٩ | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ٣٥،٤٨٣ | ٤ |
| ٣ | ١٣٨ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٣٥،٦٧٥ | ٤ |
| کۆی گشتی | | | | ٤١ |

خشتەی ژمارە (٢٠) ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک دەخاتە ڕوو کە لیستی پارتی یەکەم و یەکێتی و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان پلەی دووەمی کورسییەکانیان بەدەستهێناوە وە ئاماژەیە بۆ ئەوەی تەنها سێ حزبی سیاسی پێکهاتەی خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆکە.
کۆی کورسییەکانی خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان بریتیی بووە لە (٤١) کورسی بە بەشداری سێ حزبی سیاسی لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک.

# خشتەی ژمارە (٢١)

## ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە پارێزگای سلێمانیساڵی ٢٠٠٥

| ژ | ژمارەی لیستەکان | ناوی کیانی سیاسی | ژمارەی دەنگەکان | ژمارەی کورسییەکان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٩٢ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٩١،٥٧٨ | ٥ |
| ٢ | ١٠٩ | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ٤٨٥،٧١٨ | ٢٨ |
| ٣ | ١٣٨ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٧٥،٠٠٨ | ٥ |
| ٤ | ٢٨٣ | کۆمەڵی ئیسلامی | ٨٨،٥٣ | ٣ |
| کۆی گشتی | | | | ٤١ |

خشتەی ژمارە (٢١) ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەخاتە ڕوو کە لە چوار لیستی جیا پێکهاتووە، یەکێتی بە پلەی یەکەم و پارتی و یەکگرتووی ئیسلامی بە پلەی دووەم و کۆمەڵی ئیسلامی دوا پلەی کورسییەکانیان بەدەستهێناوە لە کۆی ٤١ کورسی. ئاماژەیشە بۆ ئەوەی تەنها چوار حزبی سیاسی پێکهاتەی خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانییە.

## خشتەی ژمارە ( ٢٢)

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان
لە پارێزگای هەولێر ساڵی ٢٠٠٥

| ژمارە | ژمارەی لیستەکان | ناوی کیانی سیاسی | ژمارەی دەنگەکان | ژمارەی کورسییەکان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٣٦٨ | لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٤٧،٧٧٢ | ٢٣ |
| ٢ | ١٠٩ | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ٢٤٤،٣٤٣ | ١٦ |
| ٣ | ١٣٨ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٢٢،٥٢٣ | ١ |
| ٤ | ٢٨٣ | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ١٨،٧٨١ | ١ |
| | | کۆی گشتی | | ٤١ |

خشتەی ژمارە (٢٢) ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر دەخاتە ڕوو کە لە چوار لیستی جیا پێکهاتووە، لیستی پارتی یەکەم و یەکێتی دووەم و هەریەک لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان وەک یەکیان هێناوە کە بریتییە لە یەک کورسی لە کۆی ٤١ کورسی.

# هەڵبژاردنەکانی خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠١٣

لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان پارتی یەکەم دەنگی بەدەستهێنا و دووەم یەکێتی و سێیەم دەنگ بزوتنەوەی گۆڕان بوو، پاشان یەکگرتوو و دواتر کۆمەڵی ئیسلامی.

ئەو دەنگانەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە دەستیان هێناوە، وەک لە خشتەی (٢٣) دا دیارە.

## خشتەی ژمارە ( ٢٣)

### ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی خولی دووەمی پارێزگاکان ساڵی ٢٠١٣ لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان

| ژ | ناوی کیانی سیاسی | ژمارەی دەنگەکان | ژمارەی کورسییەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٨١٦٦٥٤ | ٣٤ |
| ٢ | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ٥٢٨١٢٢ | ١٩ |
| ٣ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ١٥٥٩٧٢ | ٦ |
| ٤ | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ١١٦٣٦٤ | ٤ |
| ٥ | بزوتنەوەی گۆڕان | ٤٩٠٥٧٢ | ١٧ |
| | کۆی گشتی | | ٨٠ |

خشتەی ژمارە (٢٣) ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەخات ڕوو کە دەرئەنجام لە پێنج لیستدا خۆی دەبینێتەوە، پارتی بە پلەی یەکەم و یەکێتی بە پلەی دووەم و بزوتنەوەی گۆڕان پلەی سێیەمیان بەدەستهێناوە، جگە لەوەی هەریەک لە یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی شەش کورسیان هێناوە لە کۆی ٨٠ کورسی.

جیاوازی خولی دووەم لەگەڵ خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا ئەوەیە لە خولی دووەمدا (٥ لیست) پێکهاتەی ئەنجومەنی پارێزگاکانن، لە کاتێکدا لە خولی یەکەمدا تەنها (٤ لیست) ە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ زیادبوونی حزبە سیاسییەکان لە کوردستاندا و دابەشبوونی ڕێژەی دەنگدەرانیش بەسەر هەریەک لەو حزبە سیاسییانەی دەنگیان بەدەستهێناوە.

# خشتەی ژمارە ( ٢٤)

## بەراووردی نێوان ساڵەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان
## بە پێی ژمارە و ڕێژەی پیاوان و ژنان

| ناوی پارێزگا | ساڵی ٢٠٠٥ | | | | ساڵی ٢٠١٣ | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی پیاو | ڕێژەی پیاو | ژمارەی ژن | ڕێژەی ژن | ژمارەی پیاو | ڕێژەی پیاو | ژمارەی ژن | ڕێژەی ژن |
| سلێمانی | ٢٨ | ٦٨% | ١٣ | ٣٢% | ٢٢ | ٦٩% | ١٠ | ٣١% |
| دهۆک | ٢٩ | ٧١% | ١٢ | ٢٩% | ٢٣ | ٧٢% | ٩ | ٢٨% |
| هەولێر | ٣٢ | ٧٨% | ٩ | ٢٢% | ٢٣ | ٧٢% | ٩ | ٢٨% |
| کۆی گشتی | ٤١ | | | | ٣٢ | | | |



خشتەی ژمارە (٢٤) ئاماژەیە بۆ بوونی ڕێژەی ژنان لە هەردوو خولی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کە بە پێی کۆتا چەسپاوە کە نابێت کەمتر بێت لە ٢٥%، بۆیە بوونی کۆتا یارمەتیدەر بووە کە حزبە سیاسییەکان پابەند بکات بە بەشداری ژنان بەپێی ڕێژەکە و بێگومان زۆری ژمارەی کورسییەکان بۆ هەر پارتێکی سیاسی وا دەکات ڕێژەی بەشداری ژنان زیاتر بێت.

لە خولی یەکەمدا سلێمانی بە پلەی یەکەم و پاشان دهۆک بە پلەی دووەم دێت بۆ بەشداربوونی زۆرترین ڕێژەی ژنان، لە کاتێکدا لە خولی دووەمدا هەریەک لە شاری هەولێر و دهۆک بە پلەی دووەمی بەشداری ژنان دێت و سلێمانیش بە پلەی یەکەم دێت.

## خشتەی ژمارە (٢٥)

### ناوی پارێزگار و جێگری پارێزگار و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، خولی یەکەم – ساڵی ٢٠٠٥

| ژ | ناوی سیانی | پۆست | لیستی پارتە سیاسییەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | دانا ئەحمەد مەجید | پارێزگار | یەکێتی |
| ٢ | جوتیار نوری عەبدوڵلا | جێگری پارێزگار | = |
| ٣ | کاوە عەبدوڵلا عەلی | سەرۆکی ئەنجومەن | = |
| ٤ | ڕێزان ئسماعیل ئبراهیم | ئەندام | = |
| ٥ | جەبار جەلال محەمەد | = | = |
| ٦ | جوان سامی حسێن | = | = |
| ٧ | نەرمین عەلی ئسماعیل | = | = |
| ٨ | شێرکۆ عەبدوڵلا رەشید | = | = |
| ٩ | بەهار حەمە مصطەفا | = | = |
| ١٠ | ئەنوەر صاڵح شەریف | = | = |
| ١١ | دانا عەبدولکەریم حەمە صالح | = | = |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٢ | شەهلا فەیزولا غەریب | = | = |
| ١٣ | ڕەفیق صالح ئەحمەد | = | = |
| ١٤ | کوردستان فەریق مدحەد | = | = |
| ١٥ | کنێر عەبدوڵڵا حەمە عەزیز | = | = |
| ١٦ | ئەحمەد عەلی ئەحمەد | = | = |
| ١٧ | فەیسەڵ حەسن قادر | = | = |
| ١٨ | ئاشتی حمە ئەحمد | = | = |
| ١٩ | قادر محمەد کەریم | = | = |
| ٢٠ | سۆز عەبدولرزاق عەبدولرحمان | = | = |
| ٢١ | هۆشیار موشیر حەمەئەمین | = | = |
| ٢٢ | شازاد کەریم محمەد | = | = |
| ٢٣ | روناک محمەد عەلی | = | = |
| ٢٤ | شاخەوان رووف مصطەفا | = | = |
| ٢٥ | کامل قادر صادق | = | = |
| ٢٦ | سوعاد ئسماعیل محەمەد | = | = |
| ٢٧ | عومەر محەمەد کەریم | = | = |
| ٢٨ | محەمەد ئبراهیم حاجی | = | = |
| ٢٩ | کوردستان رەسول سەلیم | = | یەکگرتوو |
| ٣٠ | هۆشیار رەسول محەمەد | = | = |
| ٣١ | شاناز ئەحمەد رەشید | = | = |
| ٣٢ | حەسەن عەبدوڵڵا مصطەفا | = | = |
| ٣٣ | محەمەد حسین صالح | = | = |
| ٣٤ | هۆشیار صدیق محەمەد | = | پارتی |
| ٣٥ | ئەحمەد فەقی رەسول | = | = |
| ٣٦ | پەری جەلال سامح | = | = |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٧ | محەمەد حەسن محەمەد | = | = |
| ٣٨ | کەژاڵ علی فەتاح | = | = |
| ٣٩ | ئەنوەر فەرج سەعدون | = | کۆمەڵ |
| ٤٠ | ئەحمەد حەمەرەشید ئەحمەد | = | = |
| ٤١ | قەدەمخێر عەبدوڵڵا محەمەد | = | = |

## خشتەی ژمارە (٣٦)

ناوی پارێزگار و جێگری پارێزگار و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، خولی دووەم- ساڵی ٢٠١٣

| ژ | ناوی سیانی | پۆست | لیستی پارتە سیاسییەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | د. ئاسۆ فەریدون | پارێزگار | یەکێتی |
| ٢ | سەردار قادر | جێگری پارێزگار | گۆڕان |
| ٣ | د. هەڤاڵ ئەبوبەکر حسێن | سەرۆکی ئەنجومەن | = |
| ٤ | ئەکرەم شەریف محەمەد | سکرتێری ئەنجومەن | = |
| ٥ | فەرهاد تۆفیق حەسەن | ئەندامی ئەنجومەن | = |
| ٦ | ئازاد محەمەد ئەمین | = | = |
| ٧ | ئاڤان جەمال ئەحمەد | = | = |
| ٨ | ئامانج نەجیب شەمعون | = | = |
| ٩ | ئەنوەر تاهر محەمەد | = | = |
| ١٠ | بەرزان محەمەد صاڵح | = | = |
| ١١ | بەناز حەمە رەشید حەمە سەعید | = | = |
| ١٢ | خەدیجە عەبدولجبار ئەحمەد | = | = |
| ١٣ | دانا محەمەد جەزا | = | یەکێتی |
| ١٤ | دیلمان عەزیز محەمەد | = | = |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٥ | ڕێبوار ئەحمەد مەولود | = | = |
| ١٦ | ڕەسول عەبدوڵڵا ئبراهیم | = | = |
| ١٧ | زیاد حەمە رەزا مستەفا | = | = |
| ١٨ | ڕزگار حەمە نوری میرزا | = | = |
| ١٩ | ڕێکەوت محەمەد زەکی | = | = |
| ٢٠ | سەلمە فاتح تۆفیق | = | = |
| ٢١ | سێوە حەمەخضر ئەحمەد | = | = |
| ٢٢ | صەمەد ئبراهیم محەمەد | = | = |
| ٢٣ | صەباح فەتاح ئەحمەد | = | = |
| ٢٤ | غالب محەمەد عەلی | = | = |
| ٢٥ | فەیصل ئبراهیم عەزیز | = | = |
| ٢٦ | محەمەد عەبدولوهاب عومەر | = | = |
| ٢٧ | محەمەد رەسول مراد | = | = |
| ٢٨ | مینا سامی محەمەد | = | = |
| ٢٩ | مەهدی مەحمود محەمەد | = | = |
| ٣٠ | میدیا شیخ ئەحمەد شێخ ئیسماعیل | = | = |
| ٣١ | نیاز ئەحمەد سەید حەمەلاو | = | = |
| ٣٢ | هاوسەر هۆشیار محەمەد | = | = |
| ٣٣ | هاوژین ئسماعیل ئبراهیم | = | = |
| ٣٤ | هۆشیار ئیسماعیل مصطەفا | = | = |

# خشتەی ژمارە (٢٧)

## ناوی پارێزگار و جێگری پارێزگار و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر، خولی یەکەم - ساڵی ٢٠٠٥

| ژ | ناوی سیانی | پۆست | لیستی پارتە سیاسییەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | نەوزاد هادی مەولود | پارێزگار | پارتی |
| ٢ | طاهر عەبدوڵڵا عثمان | جێگری پارێزگار | = |
| ٣ | سۆران عزەدین فەیزی | سەرۆکی ئەنجومەن | = |
| ٤ | نەریمان عەبدولقادر ئبراهیم | ئەندامی ئەنجومەن | = |
| ٥ | زریان پاشا عوسمان | = | = |
| ٦ | تریسکە ئحسان یاسین | = | = |
| ٧ | سنا یەعقوب فلو | = | = |
| ٨ | کامەران مصطەفا عەبدوڵڵا | = | = |
| ٩ | شیرزاد حەمەد ئەمین غەفور | = | = |
| ١٠ | کوردستان ئەحمەد باتیر | = | = |
| ١١ | غازی ئەمین عومەر | = | = |
| ١٢ | بەشیر محێدین شیخو | = | = |
| ١٣ | شاکر صاڵح ئەحمەد | = | = |
| ١٤ | لامعە رەشید قادر | = | = |
| ١٥ | جەمیل کاکل حەسەن | = | = |
| ١٦ | جەمشیر بەشیر نورەدین | = | = |
| ١٧ | کافیە عوسمان سەعید | = | = |
| ١٨ | عەزیز عەبدولقادر عەزیز | = | = |
| ١٩ | سوعاد ئەحمەد عوسمان | = | = |
| ٢٠ | جوان شەهاب نەجیم | = | = |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢١ | ماجد عوسمان تۆفیق | = | = |
| ٢٢ | ئبراهیم عەبدولوهاب ئەمین | = | شیوعی |
| ٢٣ | ناظم ئەحمەد عەلی | = | = |
| ٢٤ | موسا محسن عوسمان | = | =( پاش کۆچی دوایی یوسف حسن حوێز بوو بە ئەندام) |
| ٢٥ | نامق عەلی قادر | = | یەکێتی |
| ٢٦ | عەبدوڵڵا حامد حەمەد | = | یەکێتی |
| ٢٧ | ئەسمەهان جەلال ئەحمەد | = | یەکێتی |
| ٢٨ | شلیر مصطەفا رەسول | = | یەکێتی |
| ٢٩ | سەرکۆ لەطیف صادق | = | = |
| ٣٠ | نەهرو عزەدین محێدین | = | = |
| ٣١ | زریان قانع سمایل | = | = |
| ٣٢ | پەخشان کەمال صاڵح | = | = |
| ٣٣ | نیاز عەدنان محەمەد | = | = |
| ٣٤ | عەبدوخالق حەمەد ئەمین | = | = |
| ٣٥ | ئەمیر جەبار عەبدولرەحمان | = | = |
| ٣٦ | خورشید صادق هورمزیار | = | =(پاش خانەنشینی بەهۆی نەخۆشی حمید علی شیخو بوو بە ئەندام) |
| ٣٧ | مەریوان عەلی مەحمود | = | = |
| ٣٨ | قاسم عەزیز رەسول | = | = |
| ٣٩ | طارق قادر مەحمود | = | = |
| ٤٠ | فەرهاد صاڵح کەریم | = | یەکگرتوو |
| ٤١ | نامق مەولود طە | = | کۆمەڵ |

## خشتەی ژمارە (٢٨)

ناوی پارێزگار و جێگری پارێزگار و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر، خولی دووەم- ساڵی٢٠١٣

| ژ | ناوی سیانی | پۆست | لیستی پارتە سیاسییەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | نەوزاد هادی مەولود | پارێزگار | پارتی |
| ٢ | طاهر عەبدوڵلا عوسمان | جێگری هونەری پارێزگار | = |
| ٣ | جەلال محەمەد عەبدوڵلا | جێگری پارێزگار | = |
| ٤ | عەلی رەشید ئەحمەد مامە | سەرۆکی ئەنجومەن | = |
| ٥ | یاسین سەلیم حسین موراد | ئەندامی ئەنجومەن | = |
| ٥ | فرامرز ئەکرەم قادر | ئەندامی ئەنجومەن | = |
| ٦ | سلێمان خالد سلێمان | = | = |
| ٧ | نوری عصمت عەبدوڵلا | = | = |
| ٨ | ئالان ئسکەندەر قادرعمر | = | = |
| ٩ | کەنعان خەسرەومیرکە عەزیز | = | = |
| ١٠ | بوذە ئەخیر جەمال ئەنوەر | = | = |
| ١١ | ژیان ئاغا تازەدین عالی | = | = |
| ١٢ | خانزاد یوسف محەمەد | = | = |
| ١٣ | ڕیبازحەمەد حەمەد ئەمین | = | یەکێتی |
| ١٤ | نیار ئازاد مصطەفا | = | = |
| ١٥ | هیوا جەوهەر قەهار | = | = |
| ١٦ | نافذ مصطەفا ئەحمەد | = | = |
| ١٧ | سازگار دلشاد شەفیق | = | = |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٨ | ژینو محەمەد ئسماعیل | = | = |
| ١٩ | عەبدولرحمن عومەر ئسماعیل | = | گۆڕان |
| ٢٠ | هیڤي هیاف بەکر | = | = |
| ٢١ | ڕازاو شازادە رەفیق | = | = |
| ٢٢ | دلێر حسین حەسەن | = | = |
| ٢٣ | عباس محەمەد رەسول | = | کۆمەڵ |
| ٢٤ | چنار جەلال کوخە | = | = |
| ٢٥ | غازی عەلی عەلی | = | یەکگرتوو |
| ٢٦ | ئازاد ئیکرام بەهرام | = | جەبهەی تورکمانی عێراقی |
| ٢٧ | عمادەدین رفعە جەمیل | = | لیستی هەولێری تورکمانی |
| ٢٨ | هالان هرمز کورکیس عیسی | = | ئەنجومەنی شعبی کلدانی سریانی ئاشوری |
| ٢٩ | صەباح بویا سولافا کاکا | = | کیانی شلاما |
| ٣٠ | نەجیب محسن عەلی | = | بزوتنەوەی دیموکراتی تورکمان |

## خشتەی ژمارە (٢٩)

ناوی پارێزگار و جێگری پارێزگار و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک، خولی یەکەم - ساڵی ٢٠٠٥

| ژ | ناوی سیانی | پۆست | لیستی پارتە سیاسییەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | تەمر رەمضان | پارێزگار | پارتی |
| ٢ | جۆرجیس شلیمون | جێگری پارێزگار | = |
| ٣ | د. فاضل عومەر | سەرۆکی ئەنجومەن | = |
| ٤ | ڕەشید ئەمین عەلی | بڕیاردەری ئەنجومەن | = |
| ٥ | حسین حاجی نیهمان | ئەندامی ئەنجومەن | = |
| ٦ | دلخواز مصطەفا جاسم | = | = |
| ٧ | د. خەیری نهمو عەلو | = | = |
| ٨ | مونا عەبدولمجید یاسین | = | = |
| ٩ | ڕەشید ئەحمەد سەلیم | = | = |
| ١٠ | ئاسیا عەلی حسین | = | = |
| ١١ | ڕەمضان عەبدوڵڵا عسمان | = | = |
| ١٢ | ئامینە ئەحمەد عەبدوڵڵا | = | = |
| ١٣ | سەعید طە حەمید | = | = |
| ١٤ | جەمیل قاسم عەبدوڵڵا | = | = |
| ١٥ | سەلار صەدرەدین بدیە | = | = |
| ١٦ | محەمەد طە ئەحمەد | = | = |
| ١٧ | حسین علو حەسەن | = | = |
| ١٨ | ژیان عومەر یوسف | = | = |
| ١٩ | دلیر مەهدی صالح | = | = |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٠ | دارمان خەلف حەیدو | = | = |
| ٢١ | شەمیران زیرو مشو | = | = |
| ٢٢ | هەڤاڵ عەلی سەعید | = | = |
| ٢٣ | مانوش سیمباد ئاڤو | = | = |
| ٢٤ | سالم خودیدە چیچو | = | = |
| ٢٥ | ڤیان رەمضان سەعدوڵڵا | = | = |
| ٢٦ | حەمزە جهویر ئەبو | = | = |
| ٢٧ | سەعید عەلی عەبدی | = | = |
| ٢٨ | نزیرە عومەر محەمەد | = | = |
| ٢٩ | جاسم محەمەد طاهر | = | = |
| ٣٠ | گۆڤر ئەنور میرزا | = | = |
| ٣١ | نادر محەمەد ئەحمەد | = | = |
| ٣٢ | کەمال ئبراهیم پیرو | = | = |
| ٣٣ | غەنیمە رشدی عارف | = | یەکێتی |
| ٣٤ | مصلح حسین بۆتانی | = | = |
| ٣٥ | ئیبراهیم حسین شالی | = | = |
| ٣٦ | عابد محەمەد حەسەن | = | = |
| ٣٧ | خەدیجە عەبدولخالق عەلی | = | یەکگرتوو |
| ٣٨ | محەمەد مصطەفا عوسمان | = | = |
| ٣٩ | عوسمان یونس عوسمان | = | = |
| ٤٠ | کەژی سەعید سلیمان | = | = |
| ٤١ | ئەحمەد محەمەد عەلی | = | شیوعی |

# خشتەی ژمارە (٣٠)

ناوی پارێزگارو جێگری پارێزگار و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک، خولی دووەم- ساڵی٢٠١٣

| ژ | ناوی سیانی | پۆست | لیستی پارتە سیاسییەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | فەرهاد ئەمین | پارێزگار | پارتی |
| ٢ | فەهیم عەبدوڵڵا حەمو | سەرۆکی ئەنجومەن | = |
| ٣ | بێریڤان سەلیم شمۆ | جێگری سەرۆک | = |
| ٤ | ئدریس ئەحمەد عەبدوڵڵا | بڕیاردەری ئەنجومەن | = |
| ٥ | مشیر رەشید عەبدوڵلا | ئەندامی ئەنجومەن | = |
| ٦ | ئەکرەم فەتاح محەمەد | = | = |
| ٧ | دیندار عابد ئسماعیل | = | = |
| ٨ | یونس رەمضان ئبراهیم | = | = |
| ٩ | ڕزگار صدیق شاکر | = | = |
| ١٠ | دیولی مصطەفا مشختی | = | = |
| ١١ | عەبدولکریم عومەر نهمان | = | = |
| ١٢ | هوشیار فەریق خەلیل | = | = |
| ١٣ | ئەحمەد محەمەد ئەمین | = | = |
| ١٤ | عەلی شەریف عەبدوڵڵا | = | = |
| ١٥ | دیلمان حسین ئەحمەد | = | = |
| ١٦ | ئەڤین مصطەفا طە | = | = |
| ١٧ | جنبیت شوکری بابەکر | = | = |
| ١٨ | جەمیلە محەمەد ئسماعیل | = | = |
| ١٩ | شیلان حسین عەزیز | = | = |
| ٢٠ | شەماڵ عەبدل میرۆ | = | = |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢١ | عماد شوکری سەعید | = | یەکێتی |
| ٢٢ | دلڤین محەمەد سەلیم | = | = |
| ٢٣ | صەباح عەلی شەریف | = | یەکگرتوو |
| ٢٤ | عەبدولصەمەد تلی عومەر | = | = |
| ٢٥ | پەروین مەجید طە | = | = |
| ٢٦ | نازک محەمەد عەلی | = | گۆڕان |
| ٢٧ | نینۆس ادیشۆ بترص | = | مەسیحی |
| ٢٨ | فارس یوخانا بلیوسی | = | = |
| ٢٩ | ئیشخان میلکون سرکیس | = | = |
| ٣٠ | هۆشیار ئسماعیل مصطەفا | = | |

## خشتەی ژمارە (٣١)

ناوی پارێزگارەکانی هەرێمی کوردستان
لە دوو ساڵدا

| ژ | ناوی پارێزگا | ناوی پارێزگارەکان ساڵی ١٩٩٢ | ناوی پارێزگارەکان ساڵی ٢٠١٥ |
|---|---|---|---|
| ١ | سلێمانی | جەمال عەبدول | د. ئاسۆ فەرەیدون |
| ٢ | دهۆک | عەبدولعەزیز تەیب | فەرهاد ئەمین |
| ٣ | هەولێر | عەبدولمهیمن بارزانی | نەوزاد هادی مەولود |

خشتەی ژمارە (٣١) ناوی پارێزگارەکان دەخاتە ڕوو لە ساڵی ١٩٩١ و ساڵی ٢٠١٥ لە هەر سێ پارێزگای هەرێمی کوردستاندا، کە هەموویان پیاون و هیچ ساڵێک لەوانە ژن نەکراوەتە پارێزگار، ئەمە وێڕای ئەوەی بە درێژایی ماوەی ساڵەکانی نێوان ساڵانی ١٩٩٢-٢٠١٥ هیچ کات ژنان پۆستی پارێزگاریان پێ نەدراوە کە پۆستێکە پارتە سیاسییەکان لە دانانی بەرپرسن.

ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی حزبە سیاسییەکان هەمیشە ئەولەویەت دەدەن بە پیاوان وەک لە ژنان بۆ پۆستە بڕیاردەرەکان، لە کاتێکدا ژنانی بەتواناش هەن وهەندێ جاریش ناوی ژنان هاتووە بۆ ئەم پۆستە، بەڵام بەهۆی بوونی کاندیدی پیاویش لەلایەن حزبەوە بۆ یەکلاکردنەوەی، هەمیشە پیاوەکە ئەولەویەتی پێ دراوە.

## خشتەی ژمارە(٣٢)

ناوی ژنانی قائمقام لە هەرێمی کوردستان

بە پێی شوێن و ماوەی کارکردنیان

| ژ | ناوی ژنانی قائمقام | شوێن | ساڵی کارکردن | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | مونیرە ئەبوبەکرمحەمەد | قەزای دوکان | ٢٠٠٣-٢٠٠٦ | لە ئیستادا بە پلەی قائمقام لە پارێزگای سلیَمانی کاردەکات. |
| ٢ | کوردۆ عومەر عەبدوڵڵا | قەزای کۆیە | ٢٠٠٤- ٢٠١٠ | لە ئێستادا وەک بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی ناوخۆ کاردەکات. |
| ٣ | شیرین مەحمود صالَح | قەزای قەرەداغ | ٢٠٠٧- ٢٠١٠ | لە ئێستادا بە پلەی قائمقام لە پارێزگای سلێمانی کار دەکات. |

خشتەی ژمارە (٣٢) ناوی ژنانی قائمقام دەخاتە ڕوو بە پێی شوێن و ساڵانی کارکردنیان کە بە درێژایی مێژووی کارکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها سێ ژن پلەی قائمقامیان وەرگرتووە کە هەرسێکیان ئەندامانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانن و لە پارێزگای سلێمانین.

ئەوەش ئاماژە بەوە دەکات کە حزبە سیاسییەکان بەگشتی ژنان بە شیاوی ئەو پۆستە نازانن کە پۆستێکی باڵا و ناوەندێکی بڕیارسازیی بەڕێوەبردنە و کاندیدکردنی هەر کەسێک بۆ ئەو پۆستە حزبە سیاسییەکان لێی بەرپرسن.

دەرئەنجامی یەکێک لە توێژینەوەکانی کە لە نێو۲۰۰ ژنانی فەرمانبەری دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ئەنجامدراوە لە ناو پارێزگای سلێمانی و هەولێر، ڕێژەی بەڕێوەبەری فەرمانگەکان نیشان دەدات کە تیایدا دەریدەخات پیاوانی بەڕێوەبەر ڕێژەی ٧٥% ی فەرمانگەکان پێکدەهێنن لە سلێمانی و ٨٧% پێکدەهێنن لە هەولێر، لە کاتێکدا ئامارەکانی زۆرێک لە فەرمانگەکان ئەوە دەخەنە ڕوو کە ژمارە و ڕێژەی ژنان زیاترن وەک لە پیاوان، بەڵام بوونی ئەو ڕێژەیە لە پۆستەکانی خوارەوەی فەرمانگەکەدا بەدیدەکرێت و تا پۆستەکان بەرزبێتەوە، ڕێژەی ژنان کەمتر دەکات.

بێگومان ئەوەش هۆکاری زۆرە. ئەمە لە کاتێکدا ڕێژەی ژنانی فەرمانبەر لە پۆستی بەڕێوەبەرەکاندا لە سلێمانی بە ڕێژەی ٢٥% دەرکەوتووە و بە ڕێژەی ١٣% لە هەولێر، وەک لە خشتەی ژمارە ( ٣٣ ) دا دەرکەوتووە.

هەروەها لە خشتەی ژمارە (٣٤) لە زاری ژنانەوە هۆکارەکانی بەربەستن لەبەردەم گەیشتنی ژنان بە پۆستە باڵاکان دەخاتە ڕوو کە دەرئەنجامی هەمان توێژینەوەیە کە لە ساڵی ٢٠٠٦ دا ئەنجامدراوە، جگە لەو ڕاستییەی جارێکی تر حزبە سیاسییەکانن هەریەک لە پۆستەکان پڕ دەکەنەوە هەر لە بەڕێوەبەری گشتی تا بەڕێوەبەری هەر دامودەزگایەکی تر کە ئەمەش بۆخۆی ئاماژەیەکی ترە بۆ سەربەخۆنەبوونی دسەڵاتەکان و دەستێوەردانی حزب لە هەموو کاروبارەکان، لە کاتێکدا ڕاستی مەسەلەکان لەوەدایە کە پێویستە پسپۆڕی و شارەزایی کەسەکان ببێتە سەنگی مەحەک بۆ دانانی کەسەکان گەر ئەو کەسەش ئینتمای هیچ حزبێکی سیاسی نەبێت.

# خشتەی ژمارە ( ٣٣)

رێژەی پیاوان و ژنانی بەڕێوەبەر
لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەولێر

| ناوی پارێزگا | کۆی گشتی | ژمارەی پیاو | ژمارەی ژن | رِێژەی پیاو | رِێژەی ژن |
|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | ١٠٠ | ٧٥ | ٢٥ | %٧٥ | %٢٥ |
| هەولێر | ١٠٠ | ٨٧ | ١٣ | %٨٧ | %١٣ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٦٢ | ٣٨ | %٨١ | %١٩ |
| رِێژە % | | %١٠٠ | | %١٠٠ | |

# خشتەی ژمارە (٣٤)

هۆکارەکانی کەمی ژنانی فەرمانبەر لە پۆستە باڵاکان

| ژ | هۆکارەکانی کەمی ژنان لە پۆستە باڵاکان | سلێمانی | رِێژەی سەدی | هەولێر | رِێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | رِێخۆشنەکردنی دەرفەت لەبەردەم ژنان لەلایەن پیاوانەوە | ٤٩ | %٤٢ | ٢٢ | %٣٩ |
| ٢ | بێمتمانەیی بە توانای ژنان | ٢٣ | %٢٠ | ٩٣ | %٢٢ |
| ٣ | بەتوانایی پیاوان زیاتر لە ژنان | ١٨ | %١٦ | ١٥ | %١٥ |
| ٤ | خودی ژنان | ١٥ | %١٣ | ١١ | %١١ |
| ٥ | ململانێی حزبایەتی | ١١ | %٩ | ١٣ | %١٣ |

# بەشی چوارەم:

## کورتە مێژوویەک سەبارەت پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان

پارتی سیاسی لە هەموو وولاتێکدا کە یەکێکن لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی باشترین و کاریگەرترین ناوەندن بۆ بەشداریکردنی چین و توێژەکان لە کاروباری بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵدا بەتایبەت لەو ڕوانگەیەی ڕۆڵیان هەیە لە بە قەوارەکردن وشکڵدانی سستمی سیاسی وولات بەگشتی و فراوانکردنی بازنەی بەشداریکردنی سیاسی ژنان و گەنجان کە خودی ئەم بەشداریکردنە ڕۆڵ و کاریگەری و ئاسەواری دەبێت لە پێشخستن و گەشەکردنی کۆمەڵدا.

پارتە سیاسییەکانی کوردستان لە کۆمەڵی کوردیدا زوربەیان وابەستەی سەرکردە یان ڕابەرن بەشێوەیەک کە حزبەکە لەبری ئەوەی وەک ڕەوتێکی سیاسی دیاریکراو بناسرێت، بەناوی سەرکردەکەوە دەناسرێت. ئەوەشە وایکردوە لەناو پارتەکاندا ئاڵوگۆڕی نوخبە لە حزبەکاندا زۆر کەم بێت و بەزۆری سەرۆک یان سکرتێر لە پارتەکاندا وەک خۆیان دەمێننەوە وەک لە خشتەی ژمارە (٢٤) دا ڕونکراوەتەوە، ئەمە جگە لەوەی تا ئەمڕۆ سەرکردەکانی حزبە سیاسییەکان هەمیشە وەک کاریزمایەک سەیرکراون کە ڕەخنەگرتن لێیان یان ڕێگەدان بەوەی جێگرەوەیان هەبێت تاوانێکی گەورەیە کە لەم نێوەندەدا ملکەچبوونی ئەندامانی حزب بۆ سەرکردەکان دەبێتە واقعێکی حەتمی و بە شێوەیەش حزبەکان ئەوەندەی زوربەیان ئەندامێکی ملکەچ و لەرزۆک و شەرمن و کۆیلە بەرهەم دەهێنن، ئەوەندە ڕەخنەگر و چاونەترس و ئازاد ناهێننە بوون.

ئەمە وێڕای ئەوەی بوونی کاریزما دەبێتە هۆی زیندوکردنەوەی نەریتەکان کە بێگومان لەو نێوەندەدا پێگەی ژنان بە لاوازی تەماشا دەکرێت. واتە تاک دەبێتە سەنتەری بڕیاردان و ئەندامەکانیش دەبنە جێبەجێکەری فەرمان و بڕیارەکان. سیاسەتی شەخسی حوکم دەکات و دەسەڵاتەکان زیاتر لە کەسانی خزم و سەرکردەکان پێکدێت بە دوور لە تواناو شایستەیی مرۆڤەکان، ئەمەش بە دیوێکی تردا وا دەکات نەتوانن لەسەر بنەمای تواناکانیان پێگەی خۆیان بدۆزنەوە.

## خشتەی ژمارە(٣٥)

### ماوەی سەرۆکایەتی لە پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بەپێی ساڵی دامەزراندنیان

| ژ | ناوی پارتی سیاسی | ساڵی دامەزراندن | سەرۆک\سکرتێر ئەمینداری گشتی | ماوەی سەرۆکایەتی | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ١٩٤٦ | مەلا مصطەفا | ٣٣ ساڵ | لە دامەزراندنەوە تا ساڵی ١٩٧٩ |
| | | | مەسعود بارزانی | ٣٧ ساڵ | لە ١٩٧٩ەوە تا ئێستا (٢٠١٦) |
| ٢ | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ١٩٧٥ | جەلال تاڵەبانی | ٤١ ساڵ | لە دامەزراندنەوە تا ئێستا (٢٠١٦) |
| ٤ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ١٩٩٤ | صەلاحەدین بەهائەدین | ١٨ ساڵ | لە دامەزراندنەوە تا ساڵی ٢٠١٢ |
| | | | محەمەد فەرەج | ٤ ساڵ | لە (٢٠١٢)ەوە تا ئێستا ساڵی ٢٠١٦ |
| ٥ | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٢٠٠١ | عەلی باپیر | ١٥ ساڵ | لە دامەزراندنەوە تا ئێستا ساڵی ٢٠١٦ |
| ٦ | بزوتنەوەی گۆڕان | ٢٠٠٩ | نەوشیروان مصطەفا | ٧ ساڵ | لە دامەزراندنەوە تا ئێستا ساڵی ٢٠١٦ |

خشتەی ژمارە (٣٥) دەریدەخات کە سەرجەم پۆستی یەکەمی حزبە سیاسییەکان لە ناو حزبەکانی هەرێمی کوردستاندا تەنها ڕەگەزی پیاو بووە، نەک ژن، ئەوەش لە واقعی کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە کە کەلتورێکی نەریتی، خێڵەکی و بنەماڵەیی زاڵ بووە بەسەر نێوەندی حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان کە یەکێک لە خەسڵەتەکانی کاریزماکردن و پیرۆزکردنی سەرۆک بووە، واتە هەمیشە وەک کەسایەتییەکی کاریزمایی تەماشای سەرۆک کراوە کە گۆڕینی یان دەستبەرداربوونی شوێنەکەی بۆ کەسێکی تر قورس بووە.

بوون و بەردەوامی سەرۆکی حزبە سیاسییەکان بە درێژایی مێژووی کارکردنیان و ئەنجامدانی کۆنگرە لە ساڵانی جیاوازدا لە خشتەکەدا بە ڕوونی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت.

بێگومان یەکێکی تری خەسڵەتەکانی ئەو کەلتورە باوەڕنەبوون یان نەڕەخساندنی دەرفەت یاخود متمانە نەبوون بووە بە توانای ژنان.

بۆیە هەمیشە کاتێک بیر لە سەرۆک کراوەتەوە ژنان لە دەرەوەی بازنەی بیرکردنەوە بوون چ لەلایەن پیاوانەوە و چ لە لایەن خودی ژنانەوە کە ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی پەروەردەیی ئەو کەلتورە بووە بە واقعێکی ڕەها کە بیرکردنەوە لێی قورس یان مەحاڵ بووە.

# مێژووی پارتە سیاسییەکان لە کوردستان

## یەکەم: پارتی دیموکراتی کوردستان

| پارتی دیموکراتی کوردستان | |
|---|---|
| | |
| ناوی عەرەبی | الحزب الديمقراطي الكردستاني |
| ناوی ئینگلیزی | Kurdistan Democratic Party (KDP) |
| ناوی کورتکراوە بە کوردی | پ . د . ک |
| سەرۆک | مەسعود بارزانی |
| دامەزرێنەر | مصطەفا بارزانی |
| جێگری سەرۆک | نێچیرڤان بارزانی |
| دروشم | نوێبوونەوە، دادپەروەری، پێکەوەژیان[1] |
| دامەزراندن | ١٦ی ئابی ١٩٤٦ |
| شوێنگەی سەرەکی | هەولێر، هەرێمی کوردستان]٢[ |
| ڕۆژنامە | ڕۆژنامەی خەبات، ڕۆژنامەی ئەلتەئاخی، ڕۆژنامەی گوڵان |
| ئایدۆلۆژیا | لیبراڵی پارێزگار<br>ناسیۆنالیزمی کوردی جەماوەرگەری |
| شوێنی سیاسی | ڕاستی ناوەڕاست |
| ئینتیمای نێودەوڵەتی | هاوپەیمانێتی دیموکراتان |
| ڕەنگەکان | زەرد |
| کورسییەکان لەئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق | ٢٦ / ٣٢٥ |
| کورسییەکان لەپەرلەمانی کوردستان | ٣٨ / ١١١ |

## ئارمی پارتی دیموکراتی کوردستان

هێمای پارتی دیموکراتی کوردستان لە دوو بازنە پێکدێت، بازنەی دەرەوە و بازنەی ناوەوە کە خۆرێکی درەوشاوە لەخۆدەگرێت، لەگەڵ چل و شەش تیشك کە هێمایە بۆ ساڵی ١٩٤٦، کە تیایدا پارتی دامەزرا. لە ناوەڕاستی خۆرەکە هەڵۆیەکی تیادایە کە سەربەرزانە وەستاوە. لە سەرەوەی درەشمەکە و لەنێوانی چێوەی هەردوو بازنەکە، ناوی پارتی نوسراوە. لە خوارەوەی هەڵۆکە، پیتەکانی سەرەتای ( Kurdistan Democratic Party-KDP) نوسراوە.

خوارووی چێوەی بازنەی ناوەوەی دروشمەکە بە دوو گوڵەگەنمی یەکتربڕ تەواوکراوە. لە ژێر خۆرەکە و بۆشایی نێوان چێوەی هەردوو بازنەکە نوسراوە (PARTIY DEMOKRA KURDISTANE) بە ڕەنووسی لاتینی نوسراوە.

هەموو دروشمەکەیش لە سەر ڕەهەندێکی سپی کێشراوە کە هێمای پاکیزەیی و ئاشتی و ئازادی و هەماهەنگییە.

## ڕەنگ و ماناکانی:

١. بازنەی دەرەوە (سوور): هێمای خوێنی شەهیدانی کوردستان و خەباتی بەردەوامە لەپێناو وە دەستهێنانی ئازادی و سەرفرازیی کوردستان.

٢. بازنەی ناوەوە (سەوز): گوزارشت لە جوانی و لادێکانی کوردستان دەکات.

٣. خۆر (زەرد): نیشانەی سەرچاوەی ژیان و ڕووناکییە.

٤. هەڵۆ: هێمای ئازادی، جوامێری، شانازی، دانبەخۆداگرتن و بەرگەگرتنە.

٥. گوڵەگەنمەکان: هێمایە بۆ کشتوکاڵی کوردستان، سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی خاکەکەی.

بەشێوەیەکی گشتی، ڕەنگەکانی دروشمەکە، گوزارەن لە ڕەنگەکانی ئاڵای پیرۆزی کوردستان.

# مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان (PDK)
## (بە کرمانجی: Partiya Demokrata Kurdistanê)

پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٤٦ لە کۆماری مەهاباد دا مەلا مستەفا بارزانی، هەمزە عەبدوڵڵا، میرحاج ئەحمەد، نوری ئەحمەد، مستەفا خوشناو ، محەمەد مەحمود قودسی ، خەیروڵڵا عەبدولکەریم، عیزت عەبدولعەزیز، پەیڕەو و پرۆگرامی پارتیان دانا، بۆ هەمان مەبەست هەمزە عەبدوڵڵا یان نارده کوردستانی عێراق کە سێ راسپاردەی پێ بوون :

- دەستکاری لە پەیڕەو و پرۆگرامی نەکرێت کە لە مەهاباد دارێژراوە .
- حزبە کوردستانییەکان بە گژ حکومەتی ناوەندیدا نەچن تا خۆیان جێگر دەکەن .
- شێخ لەتیف و کاکە زیاد بکرێنە جێگری یەکەم و دووەم .

بڕیاری سێهەم بوو بە هۆی ناکۆکی و ئەم ناکۆکیەش بوو بە هۆی (ئینشقاق) ، بۆیە صالح حەیدرو نافع یونس چوونە ناو شۆڕش، هەمزە عەبدوڵڵا لەگەڵ حزبی ڕزگاری کۆبووەو بڕیاریان دا بێنە ناو پارتی، ڕزگاری و شۆڕش سەرەتای ئاب کۆنگرەیان بەست و خۆیان هەڵوەشاندەوە .

## کۆنگرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان

### کۆنگرەی یەکەم:

لە ١٩٤٦/٨/١٦ لە بەغدا بە ئامادەبوونی ٧٠ ئەندام کۆنگرەی یەکەم بەسترا و پەیڕەو پرۆگرام پەسەند کرا. ناوی بووە بە پارتی دیموکراتی کورد .قیادەی حزب هەڵبژێردرا.

مەلا مستەفا بارزانی وەک سەرۆک و شێخ لەتیف و کاکە زیاد بوون بە جێگری یەکەم ودووەم و رۆژنامەی رزگاریش دەورێکی کاریگەری بینی لە بڵاوکردنەوەی ئایدلوژیای پارتی.

لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتیش خەریکی ڕێکخستنی پەیوەندی بوون لەگەڵ بلوکی ڕۆژهەڵات و لەهەمان کاتدا پەیوەندییەکی پتەو، لەگەڵ دەستەی دامەزرێنەر لە مەهاباد دا هەبووە و پەیوەندی لەگەڵ پارتەکانی عێراقی و عەرەبی دەکرا و لە هەمان کاتدا لەگەڵ حزبی شیوعی پەیوەندی هەبوو، ڕووخانی کۆماری مەهاباد کاریگەرییەکی خراپی لەسەر کوردستانی عێراق کرد بوو، بارزانی لە ١٩٤٧/٥/١٣ بەرەو سۆڤیەت کاروانەکەی بەڕێخست و لە ١٩٤٧/٦/١٨ گەیشتە سۆڤیەت. شێخ ئەحمەد گەڕایەوە کوردستان، چوار لە ئەفسەرەکە لەگەڵ شێخ دا بوون لە ١٩٤٧/٩/١٩ شەهیدکران لە زمانی حکومەتی صالح جبر.

سێ قیادەی حزبی شیوعی (فەهد، زەکی بەسیم ، محەمەد ئەلشبیبی ) لە سێدارەدران موراقەبە خرایە سەر پارتیمان و هەمزە عەبدوڵڵا لە بەغدا خۆی شاردەوە و پاشان چوو بۆ سلێمانی. چاپخانەی حزب لە بەغداد گوازرایەوە بۆ سیتەک لە سلێمانی .

پاشان هەمزە لە سلێمانی گیرا و لە بەغدا ڕەوانەی دادگا کرا، پاشان ڕزگارکرا ، کە ئەم ڕزگارکردنە گومانی دروستکرد، لە کۆتایی ١٩٤٧ هەندێ لە بەرپرسانی حزب ماوەی زیندانیان تەواو بوو وەکو (ئیبراهیم ئەحمەد و عەونی یوسف و جەلیل هۆشیار) پاشان بە پەسەند زانرا کە کۆنگرە ببەستن .

## کۆنگرەی دووەم:

لە ئازاری ١٩٥١ لە بەغدا بەسترا، سی ئەندام بەشدارییان تێدا کرد .

بڕیارەکان :

- سکرتێر و ئەو ئەندامانەی کە گومانیان لەسەر بوو، تاکو گومانەکە وەلا دەنرێت مەسئولیەتیان پێ نەدرێت.
- دووبارە پێداچوونەوە بکرێت لە پەیڕەو و پرۆگرامی حزب .
- سەرکردایەتیەکی کاتی بۆ حزب دابنرێت (ئیبراهیم ئەحمەد، نوری شاوەیس ،جەلیل هۆشیار ،عومەر مستەفا، بەکر ئیسماعیل، محمد ئەمین مستەفا) بە بێ سکرتێر .
- همزە عەبدوڵڵا سەرەڕای بە بڕیارەکانی کۆنگرە رازی نەبوو، حکومەت گرتی و حکومەت هەوڵیدا کە ناوبراو بۆ تورکیا دووربخاتەوە، بەڵام لە زاخۆ خۆی

ڕزگارکرد و پاشان لە سلێمانی تەنزیمێکی نوێی دروستکرد بە ناوی ( بەرەی پێشکەوتووی پارتی دیموکراتی کورد) و ئەمانەی خوارەوە لەگەڵدا بوون :
محەرەم محەمەد ئەمین، شەهاب شێخ نوری و محەمەد کەریم فەتحوڵڵا .

## کۆنگرەی سێیەم:

لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٥٣ لە کەرکوک بە ئامادەبوونی ٣٥ -٤٠ ئەندام بەسترا چەندین بڕیاری نوێ دەرکران :
ناوی حزب گۆڕا و کرا بە پارتی دیموکراتی کوردستان. تەبەنی بیرەکانی مارکسی لینینی کرا.
ئۆرگانی حزب لە ڕزگاری کرا بە خەبات. ڕێکخراوە جەماوەرییەکان (ئافرەتان و قوتابیان و لاوان) دامەزرا و دەرکردنی هەمزە عەبدوڵڵا بە یەکجاری لە حزب .

## کۆنگرەی چوارەم:

لە سەرەتای مانگی ١٠ نیسانی ١٩٥٩ لە بەغدا بەسترا. لەساڵی ١٩٥٨ شۆڕشی تەمووز بە سەرۆکایەتی عەبدولکەریم قاسم سەرکەوت.
لە ١٩٥٨/١٠/٦ مەلا مستەفا هاوڕێ لەگەڵ هەڤاڵانی لە سۆڤیەتەوە گەڕایەوە عێراق. پارتی خۆیکرد بوو بە حزبێکی شیوعی و دەیویست پەیوەندی لەگەڵ یەساری و شیوعی بەهێز بکات و داوای لە تەنزیماتی شیوعی دەکرد بۆ یەکگرتنی بزوتنەوەیەکی شیوعی.
پارتی بەشداری لەهەڵبژاردنی پارلەمانی ١٩٥٤عێراق کرد و مەسعود محەمەدی نوێنەری پارتی بوو لەم هەڵبژاردنەدا.
لە ساڵی ١٩٥٥ هەمزە عەبدوڵڵا گەڕایەوە ناو پارتی (نەژاد ئەحمەد، خەسرو تۆفیق) و ناوی حزب بە پێشنیاری ئەو گۆڕا بە پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان و خەبات بۆ خەباتی کوردستان، نەژاد ئەحمەد و خەسرۆ تۆفیق هاتنە ناو سەرکردایەتی پارتی . مستەفا بارزانی بووە سەرۆک .

ئیبراهیم ئەحمەد بوو بە سکرتێر. عەلی عەبدوڵڵا و نوری ئەحمەد تەها و عومەر مستەفا و هەمزە عەبدوڵڵا و جەلال تاڵەبانی وحەبیب محەمەد کەریم و نەژاد ئەحمەد و خەسرەو توفیق بوونە ئەندام .
لە ساڵی (٥٧) صالح حەیدری، حەمید عوسمان و عاێم حەیدریش بوون بە سەرکردایەتی حزب، ئەم مارکسیانە کە هاتنە ناو پارتی، دەستکردی شیوعی بوون و دەیانویست پارتی بکەنە دووباڵ و لە هەمان کاتدا، جێبەجێکەری کاری سیاسەتەکانی حزبی شیوعی بێت، شیوعییەکانی ناو پارتی ڕاپۆرتیان لەسەر جەلال و ئیبراهیم ئەحمەد نووسی و دایانە سەرکردایەتی حزب و بە بڕیاری سەرکردایەتی ناوبراوان تەجمیدکران و پاش ئەم گۆڕانە، هەمزە عەبدوڵڵا بوو بە سکرتێری حزب .
بارزانی لە وەزعی ناو پارتی تێگەیشت، بۆیە داوای بەستنی کۆنگرەی کرد ، لایەنگرانی حزبی شیوعی دژی بەستنی کۆنگرە بوون. بارزانی و لەگەڵ لیژنەی ناوەندی لە ١٩٥٩/٦/٣٠ کۆنفرانسێکیان لە ماڵی بارزانی لە بەغدا بەست و مەکتەبی سیاسی و سکرتێر بەشداری کۆبوونەوەکە نەبوون، بەڵام کۆنفرانسەکە کارەکانی خۆی جێبەجێکرد و چەند بڕیارێکیدام لەوانە بەستنی کۆنگرەی چوارەم .
کۆنگرەی چوارەم لە ساڵی ١٩٥٩ لە بەغدا بە ئامادەبوونی (١٣٠) ئەندام بەسترا .
کۆنگرەی چوارەم لەبەر ئەم هۆیانە گرنگ بوو. سەرانی باند بازی (هەمزە عەبدوڵڵا، حەمید عوسمان، صالح حەیدری، نەژاد ئەحمەد، خەسرۆ تۆفیق)
بە یەکجاری لە ڕیزەکانی حزب دەرکران. گۆڕانکاری لە ڕێبازی پارتی کرا و گەڕایەوە سەر ڕێبازی پێشووی کە سوود لە مارکسیەت وەربگرێت.
سەرکردایەتی تازەش هەڵبژێردرا ، مەلا مستەفا بارزانی بوو بە سەرۆک.

## کۆنگرەی پێنجەم:

سەرەتای ئایاری ١٩٦٠ بە ئامادەبوونی ١٤٨ ئەندام بەسترا. حکومەتی عێراق یاسایەکی نوێی بۆ کۆمەڵەکان دەرکردبوو، بە پێی ئەم یاسایە، حزبێک مۆڵەتی پێ دەدرێت کە لە ماوەی شەش مانگدا کۆنگرەی خۆی ببەستێت.

پاش دەرچوونی ئەم یاسایە سەرکردایەتی پارتی لە لایەن (بارزانی، ئیبراهیم ئەحمەد، عومەر دەبابە، عەلی عەبدوڵڵا، نوری شاوەیس، شەمسەدین موفتی، عەلی عەسکری، مەلا عەبدوڵڵا، جەلال عەبدولڕەحمان و ئیسماعیل عارف ) داوایەکی ئاڕاستەی وەزارەتی ناوخۆ کرد کە داواکەش پەسەندکرا و مۆڵەتی کارکردن بە پارتی دیموکراتی کوردستان درا.

عەبدولکریم قاسم دوو تێبینی لەسەر ڕێبازی پارتی هەبوو، بە پێویستی نەدەزانی ماددەی پەیڕەوکردنی مارکسی لینینی تێدا بێ. ناوی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقی بێ .

کۆنگرە لە بەغدا بەسترا و ٥ ڕۆژی خایاند، ١٤٨ ئەندام بەشدار بوون، بارزانی مەراسیمی کردنەوەی کۆنگرەی کرد، ڕاپۆرتی م.س، چاودێری و پشکنین خوێندرایەوە، سەرکردایەتی نوێ هەڵبژێردرایەوە. مەلا مستەفا دووبارە بوو بە سەرۆک حیزب.

## کۆنگرەی شەشەم:

لە ١ی تەمووزی ساڵی ١٩٦٤ لە قەلادزێ بە ئامادەبوونی ٦٠٠ ئەندام بەسترا . لە نێوان کۆنگرەی پێنج تا کۆنگرەی شەش، کومەڵێک ڕووداو لە ئاستی عێراق و هەرێمایەتی ڕووی دابوو. پەیوەندی پارتی و حکومەتی عێراق بەرەو ساردی دەڕویشت، لەسەر ماددەی ٢ ی دەستووری عێراقی کە دەڵێت "عێراق بەشێکە لە ئومەی عەرەبی" پارتی ڕای وابوو کە بەشە عەرەبییەکەی عێراق بەشێکە لە ئومەی عەرەبی. حکومەت لەڕێگەی (ئیسماعیل عەبادی) بەڕێوەبەری پۆلیسی موسڵ کوردی چەکدار کردبوو بە دژی بارزانی و پارتی.

لە ئازاری ١٩٦١ بارزانی لە بەغداوە گەڕایەوە بارزان .

لە ٣٠ ی تەممووزی ١٩٧١ پارتی یاداشتێکی دایە حکومەتی عێراق کە ١٣ خاڵی لە خۆدەگرت ویەکێک لەخاڵەکان کشانەوەی هێزەکانی میری بوو کە تازە هێندرابوونە کوردستان، حکومەتی ناوەندی دەستیکرد بە گرتنی کادیرەکانی پارتی و بەرپرسان. زۆربەی هەڤاڵانی پارتی لە ناو سوپا و پۆلیس پەیوەندییان بە پارتییەوە دەکرد .

ماوەی ٣ تا ٤ مانگ هەوڵێکی زۆردرا کە دۆخەکە نەگاتە شەڕ، بەڵام قاسم جەختی لەسەر ئەوامری دەکردەوە.

لە ٦ی ئیلوولی١٩٦١ پارتی مانگرتنی لە شارەکان ڕاگەیاند ، دژی کردەوەکانی حکومەتی ناوەندی کە سەرکەوتوو بوو ڕێگەکانی هەولێر و کەرکوک، سلێمانی و کەرکوک، هەولێر و موسڵ لە لایەن لایەنگرانی پارتییەوە گیرا .

لە ٩ی ئەیلوولی ١٩٦١ دا حکومەت هێرشی هێنایە سەر کوردستان، سەرەتا سەرکەوتنی بەدەستهێنا کە وایزانی شۆڕش نەماوە .

قاسم لە سەردانەکەیدا لە کۆتایی ١٩٦١ لە سەدەی دەربەندیخان گووتی سەرکێشی نەماوە .

## کۆنگرەی حەوتەم:

لە سەرەتای مانگی تەموزی ١٩٦٤ لە قەڵادزێ بەسترا ، کۆنگرە وەفدێکی ناردە ماوەت تاکو ببنە ئەندام، بەڵام نەهاتن و کۆنگرەیان ڕەتکردەوە، وەفدەکەش لەم هەڤاڵانە پێکهاتبوون: عەلی هەژار، مەجید ئەترۆشی، ئەحمەد ئەترۆشی، فاتیح محەمەد ، ئیسماعیل مەلا عەزیز و جەلال مەحمود بەگ .

بڕیارەکانی کۆنگرە:

- مەلا مستەفا بارزانی بە کۆی دەنگ بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرا.
- ئەندامانی کۆمیتەی ناوەند هەڵبژێردران.

پارتی ویستی تازەگەری لە کوردستان دروست بکات بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری، لە ڕاپەراندنی کاروباری ئیداری. لەو ماوەیەدا پەیوەندی پارتی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عێراق باش نەبوو، چونکە حکومەتی عەبدولسلام باوەڕی بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد نەبوو، حکومەت کابینەی خۆی ڕاگەیاند و تەنیا وەزیرێکی محسن دزەیی دایە پارتی و وەزیرێکیشی دایە لایەنی هەمەدان تەها محێدین مەعروف کە بەعس ئەم کارەی کرد پارتی خۆی کێشایەوە.

لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی حەوتەم پێکهێنرا لە هەندێک ئەندامی مەکتەبی سیاسی و کەسانی تازەش کە گەڕابوونەوە ناو حزب وەک عەلی عەبدوڵڵا و نوری شاوەیس. لیژنەی ئامادەکاری لە هاوینی ١٩٦٦ دەستیانکرد بە هەڵبژاردنی

نوێنەرانی کۆنگرە. لە ١٩٦٦/١١/١٥ لە گەڵاڵە بە ئامادەبوونی ٣٧٠ ئەندام کۆنگرە دەستی بە کارەکانی خۆیکرد.
لەم کۆنگرەدا هەندێ دەستکاری لە پەیڕەو و پرۆگرام کرا کە مەکتەبی سیاسی لە ٥ ئەندامەوە کرایە ٧ ئەندام. چەند ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی بە یەکجاری لە ڕیزەکانی پارتی دەرکران وەبارزانی بە کۆی دەنگ بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرا. کۆمێتەی ناوەندی و دەستەی چاودێری هەڵبژێردران.
ساڵی ١٩٦٩ حکومەت هێرشی کردە سەر کوردستان و بوردومانی ناوچەکانی بادینانی کرد. حکومەت دەرگای خەباتی داخست و ڕۆژنامەی نوری لە جیاتی دەرکرد حکومەت لە کۆتایی ١٩٦٩ داوای ووتوێژی لەگەڵ پارتیدا کرد، ئەم داوایەی حکومەت پەسەندیکرد و وەفدی پارتی بۆ ئەم مەبەستە چوونە بەغدا و گەیشتنە ڕێکەوتننامەی ١١ ئازاری ١٩٧٠.

## کۆنگرەی هەشتەم:

ئەم کۆنگرەیە لە ١ی تەمموز ١٩٧٠ بە ئامادەبوونی ٤٨٨ ئەندام بەسترا. ئەم کۆنگرەیە لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە بە کۆنگرەیەکی نموونەیی دادەنرا، ئەندامانی کۆنگرە زۆربەیان بە هەڵبژاردن ببوونە ئەندامی کۆنگرە، ئەوانەی کە لە ناو شارەکان بوون پاش ١١ ی ئازار هەڵبژێردرابوون و ئەوانەی تریش پێش ١١ ی ئازار هەڵبژێردرابوون.
ژمارەیەکی زۆری ئافرەت بۆ یەکەم جار بەشداری کۆنگرەیان کرد. نێردراوی چەندین پارتی عێراقی میوانی کۆنگرە بوون وەک حزبی شیوعی، حزبی بەعس و نوێنەری ڕێکخراوی فەلەستین وچەندین پارتی تر.
لە کەشوهەوایەکی دیموکراسیدا کۆنگرە بەڕێوەچوو و بارزانی ووتارێکی بابەتیانەی پێشکەشکرد .
بارزانی بە کۆی دەنگ بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردراوە. کۆمیتەی ناوەندی لە ٢١ ئەندام هەڵبژێردرا و مەکتەبی سیاسیش هەڵبژێردرا.

کۆنفرانسی ١١ی ئابی١٩٧٦ لە بەرلین لە ئازاری ١٩٧٥ شۆڕش تووشی نسکۆ بوو بە هۆی ڕێکەوتنامەی جەزائیر لە نێوان شای ئێران و ڕژێمی بەعسی عێراقی. خەڵکێکی زۆر ئاوارەی ئێران و ئەوروپا و ئەمریکا بوون ، ئەمریکییەکان لە داڕشتنی سیاسەتی ستراتیژێکی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەڵبژاردنی پشتکردن لە کوردیان هەڵبژارد.

لە هاوینی ١٩٧٥ خوێندکارانی ئەوروپا کۆنگرەیەکیان بەست، لەم کۆنگرەیەدا شۆڕشی ئەیلولیان هەڵسەنگاند، هەندێک ئەندامی سەرکردایەتی گەیشتنە ئەوروپا، لە شوباتی ١٩٧٦ کۆبوونەوەیەک لە ئەڵمانیا بەسترا و باس لە ڕێکخستنەوەی پارتی کرا، کۆمەڵەی خوێندکارانیش هەمان ساڵ کۆنگرەی خۆی بەست و دکتۆر ڕۆژ بوو بە سکرتێری کومەڵەکە، پاش نسکۆی ١٩٧٥، لە ٢٦ی ئایار ١٩٧٦ شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخواز بڵێسەی شۆڕشی گەلانی کوردستان جارێکی تر بڵند کردەوە.

لە ١١ -١٦ی ئابی ١٩٧٦ لە بەرلین بە بەشداری ٨٠ ئەندامی پارتی کۆنفرانسێک بەسترا، لەم کۆنفرانسەدا سەرکردایەتی کاتی پارتی کە پێشتر دانرا بوون، پەسەندکرایەوە لەم کۆنفراسەدا ڕەخنەیەکی زۆر لە شۆڕش گیرا و ئەم ڕەخنانەش وایکرد کە جارێکی تر بە ڕۆحێکی تازە و ڕێکخستنێکی پتەوەوە دەست بە دووبارە ڕێکخستن بکرێتەوە و خەڵکێکی زۆری لە دەور کۆببێنەوە، ئەم ڕێبازە لە کۆنگرەی ٩ پەسەند کرا . لەم کۆنفرانسە درێژەدان بە شۆڕش پەسەند کرا .

## کۆنگرەی نۆیەم:

لە ناوەڕاستی مانگی ١٩٧٩/٥ لە گوندی شاوانە لە ناوچەی شنۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات سەرکردایەتی کاتی و زۆربەی ئەندامانی کۆنگرە کۆبوونەوە و بڕیاری بەستنی کۆنگرەیاندا و بۆ ئەم مەبەستە لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەیان پێکهێنا. لیژنەی ئامادەکاری دەستیکرد بە ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنگرە کە دوو ڕوانگەی جیاواز هەبوون سەبارەت بە بەستن و نەبەستنی کۆنگرە.

## هۆیەکانی نەبەستنی کۆنگرە:

کۆچی ڕێبەری نەتەوەی کورد. شای ئێران بە هۆی شۆڕشی گەلانی ئێران تووشی شکست ببوو و لە تێڕوانینی ڕژێمی نوێ سەبارەت بە شۆڕش دوو دڵ بوون.

بەڵام سەرەڕای ئەم دوو ڕوانینە ، بریار بە بەستنی کۆنگرە درا . ناکۆکی هەبوو، بەڵام ناکۆکییەکە فکری نەبوو، هەر بۆیەش پاش ماوەیەک زۆربەیان گەڕانەوە ناو پارتی .

لە ١٩٧٩/١٢/٤ لە گوندی دەربەند لە ناوچەی مەرگەوەری پارێزگای ورمێ بە ئامادەبوونی ٣٢٥ ئەندام کۆنگرە بەسترا، لەم کۆنگرەیەدا وەفدێکی حزبی شیوعی بە سەرۆکایەتی ئەبو حیکمەت بەشداربوون کە وتارێکشیان خوێندەوە و بروسکەی پارتەکانی کوردستانی تورکیا و سوریا خوێندرایە. ئەم کۆنگرەیە ١٢ ڕۆژی خایاند و لەم کۆنگرەیەدا ڕێبازی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد پەسەندکرا.

لەم کۆنگرەیەدا بڕیاردرا کە پارتی ڕۆڵی ناوبژیوان ببینێت لە نێوان حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆماری ئیسلامی ئێران.

سەرەڕای هەوڵێکی زۆر، ئەم هەوڵانە بێ ئەنجام بوون. هەروەها بڕیاردرا بە دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانی عێراقی و هەروەها بەرەیەکی کوردستانی، لەم کۆنگرەیەدا فکری بارزانی، بوو بە سەرچاوەیەکی فکری و گۆڕانکاریش لە ماددەی ٥ پرۆگرام کرا. مەسعود بارزانی بە کۆی دەنگ بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرا.

کۆمیتەی ناوەندی لە ٢١ ئەندام پێکهات، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پێشوو، ئەوانەی ڕیزی پارتیان بە جێهێشت بوون لە پارتی دەرکران، جگە لە صالح یوسفی نەبێت کە ئەویش بە بڕیاری بارزانی گەڕابووە عێراق.

بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی لە ئوردوگای زێوە کۆمیتەی ناوەندی کۆبووە و لەم کۆبوونەوەیەدا مەکتەبی سیاسی پێکهێنرا، عەلی عەبدوڵڵا بوو بە سکرتێر.

## کۆنگرەی دەیەم:

لە ساڵی١٩٨٩ کاری هەڵبژاردنی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە کۆتاییپێهات و هەڵبژاردن کۆتاییپێهات، بەڵام لەبەر هەندێ هۆ کۆنگرە دواخرا بۆ ١٩٨٩/١٢/٢.

لە ١٩٨٩/١٢/٢ کۆنگرە لە گوندی هاشم ئاوە ( هێشماوە ) ناوچەی مەرگەوەرە بە ئامادەبوونی ٣٣٢ ئەندام بەسترا.

مەسعود بارزانی لەم کۆنگرەیەدا جارێکی تر بە هۆی گوشاری زۆری ئەندامانی کۆنگرە بە کۆی دەنگ بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرایەوە. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران.

## کۆنگرەی یازدە:

کۆمیتەی ناوەندی لە مانگی ١٩٩٢/٣/٣ بڕیاریدا لیژنەی ماوە کاری کۆنگرە پێکهێنرا.

لەم کۆنگرەیەدا چەند پارتێکی کوردستانی بڕیاریان دا بێنە ناو پارتی لەوانە :

- پارتی یەکگرتن ( سوسیالیست ، پاسۆک، گەل ) .
- یەکێتی دیموکراتی کوردستان .
- بزوتنەوەی کوردی فەیلی موسڵمان .

ڕۆژی ١٦ی ئابی ساڵی١٩٩٣ کۆنگرە لە شاری هەولێر بەسترا و لە ٢٦ی ئاب کۆتاییپێهات.

لەم کۆنگرەیەدا مەسعود بارزانی بە کۆی دەنگ بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرا. عەلی عەبدوڵڵا بوو بە جێگری سەرۆک. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران.

## کۆنگرەی دوازدە:

لە ١٩٩٩/١٠/١٤ لە پایتەختی هەرێمی کوردستان (هەولێر) بەسترا. لە مانگی ئایاری ١٩٩٩ لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی دوانزدە پێکهات. لیژنە کارەکانی خۆی بە سەرکەوتووی جێبەجێکرد. کۆنگرە لە ١٩٩٩/١٠/٦ لە شاری هەولێر دەستپێکرد.

لەم کۆنگرەیەدا کۆمیتەی ناوەندی لە ٣٧ ئەندام کرا بە ٣١ ئەندام و (٩) ئەندامی یەدەک.
مەسعود بارزانی بە کۆی دەنگ بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرایەوە کۆمیتەی ناوەندیش و مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردان.

## کۆنگرەی سیازدە:

ئەم کۆنگرەیە ١١تا ١٨ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٠ بوو کە نزیکەی ١٥٠٠ ئەندامی پارتی تیایدا بەشداربوون. لە پەیڕەوی پەسەندکراوی خۆیدا لە هەولێر و خۆی بە پارتێکی" دیموکراتی نیشتمانی" ناساند
- مەسعود بارزانی بووە سەرۆکی حیزب.
- نێچیرڤان بارزانیش بووە جێگری یەکەمی سەرۆک.
- هەڵبژاردنیش بۆ مەکتەب سیاسی ئەنجامدرا.

## خشتەی ژمارە(٣٦)

ئەنجامی کۆنگرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە پێی سالانی کۆنگرە

| ژ | سالی کۆنگرە | ژمارەی بەشداربوو | | | سەرۆک | جێگری سەرۆک |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کۆی گشتی | پیاو | ژن | | |
| ١ | ١٩٤٦ | ٧٠ | ٧٠ | - | مەلا مصطەفا | شێخ لەتیف ج١ و کاکە زیاد ج٢ |
| ٢ | ١٩٥١ | ٣٠ | ٣٠ | - | مەلا مصطەفا | - |
| ٣ | ١٩٥٣ | ٣٥-٤٠ | ٣٥-٤٠ | - | مەلا مصطەفا | - |
| ٤ | ١٩٥٩ | ١٢٠ | ١٢٠ | - | مەلا مصطەفا | - |
| ٥ | ١٩٦٠ | ١٤٨ | ١٤٨ | - | مەلا مصطەفا | - |
| ٦ | ١٩٦٤ | ٦٠٠ | ٦٠٠ | - | مەلا مصطەفا | - |
| ٧ | ١٩٦٦ | ٣٧٠ | ٣٧٠ | - | مەلا مصطەفا | - |
| ٨ | ١٩٧٠ | ٤٨٨ | ٤٨٨ | - | مەلا مصطەفا | - |
| ٩ | ١٩٧٩ | ٣٢٥ | ٣٢٥ | - | مەسعود بارزانی | - |
| ١٠ | ١٩٨٩ | ٣٣٢ | ٣٣٢ | - | مەسعود بارزانی | - |
| ١١ | ١٩٩٣ | ٢٣٠٠ | ٢١٧٠ | ١٣٠ | مەسعود بارزانی | عەلی عەبدوڵڵا |
| ١٢ | ١٩٩٩ | ١٦٠٨ | ١٤٧٣ | ١٣٥ | مەسعود بارزانی | عەلی عەبدوڵڵا |
| ١٣ | ٢٠١٠ | ١٦٥٠ | ١٥٠٠ | ١٥٠ | مەسعود بارزانی | نێچیرڤان بارزانی |




لە خشتەی ژمارە ( ٣٦ ) دا دەردەکەوێت کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە پێی مێژووی دامەزراندنی سیانزە کۆنگرەی ئەنجامداوە، سەرۆکی حزبەکە لە دوو کەسدا خۆی بینیوەتەوە کە هەردووکیان پیاو بوون و زۆرجار جێگریش بۆ سەرۆک بوون یان پێویست نەبووەو هەروەها بە پێی کۆنگرەکان ژمارەی بەشداربووانی بەگشتی خستوتەڕوو، جگە لە ژمارەی ژنان لە کۆی گشتی بەشداربووان.

ئەوەش دەریدەخات کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆی کۆنگرەکانی ئەنجامیداوە لە سەرەتادا بەشداربوونی ژنان کەم بووە و پاشان زیادی کردووە، بەڵام بە بەراوورد لەگەڵ ژمارەی پیاوان زۆر کەمە، وە لە هیچ کۆنگرەیەکیشدا ژنان نەبوونەتە سەرۆک یان جێگری سەرۆک.

ئەوە ئاماژەیە بەوەی دەنگدان بە ژن بۆ هەریەک لەو پۆستانەدا تا ئێستا نەبۆتە جێی بیرکردنەوەی نێوەندی ئەندامەکان.

وێرای ئەوەی سەرۆکی حزب هیچ گۆڕانکارییەکی بەخۆوە نەدیوە و تەنها پاش کۆچیی دوایی مەلا مستەفا نەبێت کە پاش ئەو مەسعود بارزانی چۆتە جێگەی و بەردەوامیەتی هەیە تا دواکۆنگرە.

## دووەم: یەکێتی نیشتمانی کوردستان

| یەکێتی نیشتمانی کوردستان | |
|---|---|
| | |
| ناوی عەرەبی | الاتحاد الوطني الكوردستاني |
| ناوی ئینگلیزی | Patriotic Union of Kurdistan (PUK) |
| ناوی کورتکراوە بەکوردی | ی . ن . ک |
| سکرتارییەت | مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| دامەزرێنەر | جەلال تاڵەبانی، نەوشیروان مصطەفا، فوئاد<br>مەعصوم، کەمال فوئاد، عادل موراد، عەبدولرەزاق فەیلی |
| جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی | کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی |
| جێگری دووەمی سکرتێری گشتیی | بەرهەم ئەحمەد صاڵح |
| سروودی فەرمیی | سروودی مەشخەڵان |
| دروشم | ئاشتی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی چارەنووس |
| دامەزراندن | ١ی حوزەیرانی ١٩٧٥ |
| جیابوونەوە | بزووتنەوەی گۆڕان |
| پێشینە | کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان |
| یەکی گرت لەگەڵ | بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان، هێڵی<br>گشتی،کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان |
| شوێنگەی سەرەکی | سلێمانی، هەرێمی کوردستان |
| ڕۆژنامە | ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ڕۆژنامەی ئەلئیتیحاد |
| دەزگای هەواڵگری | دەزگای زانیاری[١] |

| | |
|---|---|
| ئایدۆلۆژیا | نەتەوەخوازیی کوردی سۆسیال دیموکراسی |
| شوێنی سیاسی | چەپی ناوەڕاست |
| ئایین | عەلمانی |
| ئینتیمای نیشتمانی | نەتەوەخوازیی کوردی، گەل |
| ئینتیمای نێودەوڵەتی | سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ |
| ڕەنگەکان | سەوز |
| کورسییەکان لەئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق | ۱۷ / ۳۲۵ |
| کورسییەکان لە پەرلەمانی کوردستان | ۱۸ / ۱۱۱ |
| ماڵپەر | |
| پی یو کەی میدیا | |

## یەکێتی نیشتمانی کوردستان

بەئینگلیزی: Patriotic Union of Kurdistan، کورتدەکرێتەوە بۆ (PUK)- واتە ی. ن. ک و لەنێو خەڵکدا بە "یەکێتیی" ناو دەبرێت.

پارتێکی سیاسییە لە باشووری کوردستان کە نیشینگەی سەرەکی دەکەوێتە شاری سلێمانییەوە و ئەندامە لە ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنالی جیهانیی.

حزبێکی سوسیال دیموکراتە، خەباتدەکات بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی و پتەوکردنی بەهاکانی ئازادی، دیموکراسی، هاوڵاتیبوون، مافی مرۆڤ، مافی چارەنووس و بڕوای هەیە بە کەلتوری یەکسانی و لێبوردەیی.

دروشمەکانی: ئاشتی، ئازادی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی چارەنووس و دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

## ئاڕمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان:

دەستێک گوڵی لالە (مێلاقە) و چڵە زەیتوون و گوڵە گەنمێکی بەرزکردۆتەوە.

سروودی مەشخەڵان سروودی فەرمی (ی.ن.ک)ە.

# مێژووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

شۆرشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٦١ لە باردۆخێکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دیاریکراو و لە ئەنجامی زوڵم و ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیدا هەڵگیرسا و زۆربەی کورد لەژێرباڵی ئەو شۆڕشەدا کۆبۆوە، زیاتر لە ١٠٠ هەزار پێشمەرگەی هەبوو لە ڕووی مادی و مەعنەوی دەوڵەتی ئێران پشتیوانی دەکرد ، ئێران بۆ لابەلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی خۆی لەگەڵ عێراق هاوکاری شۆرشی کوردی دەکرد .

دوای ڕێکەوتننامەی (١١ی ئاداری ١٩٧٠ و چوار ساڵ گفتوگۆکردن، لە ئەنجامی ڕازی نەبوونی حکومەتی عێراق بۆ دانىان بە مافەکانی گەلی کورد.

لە نیسانی (١٩٧٤) شەڕ بە گەرمی دەستی پێکردەوە و حکومەتی عێراق لە ڕێگەی چەندین دەوڵەتی وەک ( روسیا – ئوردن- میسر – ئەمریکا ) هەوڵیدا بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ (شای ئیران ) کە ئەمە دوا کارتی عێراق بوو بۆ لە باربردنی شۆرشی کورد. لە ڕێکەوتی ١٩٧٥/٣/٦ ڕێکەوتننامەی جەزائیر لە نێوان سەدام حسێن و شای ئیران لە جەزائیر مۆرکرا و ڕێکەوتنەکە بە ئاکام گەیشت، بڕیاردرا کەوا چیتر دەست لە کاروباری یەکتر وەرنەدەن و ئێران دەرگای هاوکاریکردنی دابخات لە شۆڕش .

ڕۆژی ١٩٧٥/٣/١٢ وەفدێکی پارتی بە سەرۆکایەتی بارزانی چووە ئێران. دوای هەوڵدانێکی زۆر توانیان (شای ئیران ) ببینن و (شا) پێیانی ڕاگەیاند کە ماوەی (٤٢) ساڵە ناکۆکیمان هەیە لەگەڵ عێراقدا ئێستا ڕێکەوتن بە ئاکام گەیشتووە و ئێوەش ٣ ڕێگاتان لە پێشە :

- دێن بۆ ئێران وەک هاولاتی ئێران حسابتان بۆ دەکرێ
- دەگەڕێنەوە عێراق ئارەزووی خۆتانە
- درێژە بە خەبات دەدەن ئێمە سنوور دادەخەین و بە پێ ی ڕێکەوتننامەی جەزائیر هەر کەسێک لە سنوور بگیرێ تەسلیم بە عێراق دەکرێتەوە.

وەفدەکە گەڕایەوە بۆ کوردستان، لە ١٩٧٥/٣/١٤ کۆبونەوەی سەرکردایەتی پارتی دەستیپێکرد بۆ ماوەی (٦) ڕۆژ بەردەوام بوو ، شەوی ١٩٧٥/٣/١٩/١٨ سەرجەم

سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و فەرماندەکان کۆبونەوە و داواکرا درێژە بە خەبات بدرێ، بەڵام بێ سوود بوو ، دواجار لە ڕۆژی ١٩٧٥/٣/١٩ بڕیاری شەڕ ڕاوەستان درا و ئاشبەتاڵ کرا ، جگە لە پارتی کۆمەڵە و حزبی شیوعی هەبوو، بەڵام بچوک بوون توانای مانەوەیان نەبوو، کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان لە ١٩٧٠/٦/١٠ دامەزرابوو بە نهێنی لە ناو ڕیزەکانی پارتی کاری ڕێکخراوەیی خۆیان دەکرد بە سەرپەرشتی مام جەلال.

## بیرۆکەی دامەزراندنی
## (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان )

سەرەتای بیرۆکەی دامەزراندنی (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان ) دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی / پدک ، بە تایبەتی بۆ کەسایەتی مام جەلال کە ئەو کات ئایدۆلۆژیای ماوێزم پرەنسیپەکانی سۆسیالیزمی چین کاری تێکردبوون، مام جلال پێی وابوو ئەو ڕێبازە گونجاوترە لەگەڵ بارودۆخی باشوری کوردستان و باشترە لە ئەزموونی سۆڤیەت کە زیاتر پشت بە چینی کرێکار دەبەستێ، چونکە بەلای ئەوەوە کۆمەڵی کوردەواری سروشتێکی جوتیارانەی هەیە و زیاتر لە کۆمەڵگەی چینی دەچێت .

مام جەلال زیاتر کاریگەری بیروباوەڕەکانی (کورش لاشائی) بەسەرەوە بوو ، پێی وابوو پێویستە کار بۆ ئەوە بکرێت کە شانەو ئەڵقەی مارکسی دروست بکرێت و وردە وردە زەمینە خۆش بکات بۆ هاتنە کایەی حزبێکی شۆڕشگێر و جەماوەری بە توانا، ئەمەش لە دوو لاوە بە دەستدێت .

١. بوونی مینبەرێکی ڕاگەیاندن کە بیرو باوەڕەکە لە ناو جەماوەردا بڵاو بکاتەوە، ڕێگە خۆش بکات بۆ حزبە شۆڕشگێرەکە .

٢. شانەی ڕێکخستنی نهێنی دروست بکرێت بۆ ڕۆشنبیرکردنی کادیران و لەسەر بەرنامەی ئەو بابەتانەی مینبەرە ڕاگەیاندنەکە بڵاوی دەکاتەوە، پەروەردە بکرێن .

سەرەتا مام جلال بۆ جێبەجێکردنی ئەم بۆ چوونە لە کاری سیاسی و ڕێکخستندا چەند ڕۆشنبیرێکی هەڵبژارد لەوانەی کە لایەنگر یان ئەندامی (باڵی مەکتەبی سیاسی /پدک ) بوون و ئەڵقەی مارکسی لێ پێکهێنان بۆ کۆبوونەوەی ڕۆشنبیران لە دەوروبەریان .

گرنگترین ئەو کەسانەی کە ئەو سەردەمە ڕۆڵیان بینی (نەوشیروان مستەفا ، شازاد صائیب، مەحمودی مەلاعزەت، ڕفعەت مەلا مەحمود عەبدولرحمان) بوون. ئەوانەش بە نهێنی لە ناو ( باڵی مەکتەبی سیاسی /پدک ) دا کاریان دەکرد و وورده ورده شانەی نهێنییان دروستدەکرد، بەڵام لە بەدەستهێنانی لایەنی دووەمدا لە ساڵی ١٩٦٩دا گۆڤاری (ڕزگاری)یان دەرکرد، ڕزگاری ئەو مینبەرە بوو کە جەماوەری کوردی بە بیرۆکەی مارکسی ئاڕاستە کرد.

دوای ئەوەی بەیانی ئازاری ١٩٧٠ڕاگەیەندراو هەردوو باڵی (پدک) تێکەڵکرانەوە هەر ئەو دەمە مام جلال پێی وابوو پێویستە ڕێکخستنێکی مارکسی نهێنی بێتەکایەوە .بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٩٧٠ دا لە بەغدا چەند کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا .

لە کۆتایی کۆبونەوەکاندا لە ١٩٧٠/٦/١٠ دا بڕیاری دروستکردنی ( کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان )یان داو ئەمەش ئەلتەرناتیڤی (حزبی شیوعی کوردستان بوو ) بوو ، پێڕەوی ناوخۆ و بەرنامەی کارکردنی ڕێکخستنەکان مام جلال نووسی کە بـــــە ( کوردایەتی ) ناسراوە .

کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان سەرەتا بە شێوەی تەیارێکی فکری لە ئارادا بوو، یەکەمین دەست پێشکەری بۆ ئەم کارە بە سەرپەرشتی مام جەلال و بەشداریکردنی (شەهابی شێخ نوری، فازلی مەلا مەحمودو فەرەیدون عەبدولقادر ) ئەنجامدراو وورده وورده پەرەی سەند.

ئەم ڕێکخراوە بە ڕەنگدانەوەیەکی تیروپڕی بیروباوەڕی (ماوتسی تۆنگ) تێزەکانی جەنگی گەلییەوە هاتەمەیدانی تێکۆشانەوە . کۆمەڵە زوو بەناو زۆربەی خوێندکاران و لاوانی بەغدا و سلێمانی و هەولێر و کەرکوک و خانەقین دا تەنییەوە و پاش ماوەیەکی کەم جەماوەرێکی باشی پەیدا کرد کە ئەندامەکانی وەک کادر پەروەردە ئەکرد. بە تایبەتی ئەو سەردەمە، قۆناغێک بوو کە سەرجەمی بزوتنەوە

چەپڕەوەکان و گەلانی ژێردەستە دوواڕۆژی چارەنوسی خۆیان لەبەرەی سیۆسیالیزمدا دەدرێتەوە کە مەخابن لە ئەنجامدا خەباتی گەلانی ژێردەستە و چەپڕەوەکان بوونە قوربانی بەرژەوەندییەکانی ئەو بەرەیە .

بە درێژایی ئەو ماوەیە (١٩٧٠- ١٩٧٥) مام جلال سکرتێری کۆمەڵەکە بوو ، گەرچی لە ڕووی فکری و نووسینەوە کاریگەری زۆری هەبوو، بەڵام بەهۆی هەلومەرجی ئەو کاتانەوە لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە دوور بوو، زۆربەی کات لە هەندەرانەوە ئامۆژگاری ئەکرد و نوسینی خۆی بە پەروەردەکردنی ڕیزەکانی کۆمەڵە ئەنارد، ناوەندی کۆمەڵ و(شەهابی شێخ نوری) لە نزیکەوە کارە ڕێکخراوەییەکانیان ئەنجام ئەدا .

ئەندامەکانی سەرکردایەتی کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٧٠ دا لەمانە پێکهاتبوون:

- شەهابی شێخ نوری _ سکرتێری کۆمیتەی سەرکردایەتی ( لە ناوەوەی ووڵات)
- محەمەد میرزا سەعید عەباس _ لێپرسراوی لیژنەی بەغدا .
- جەعفەر عەبدولواحید _ لێپرسراوی لیژنەی هەولێر .
- فەرەیدون عەبدولقادر _ لێپرسراوی لیژنەی کەرکوک .

کۆمەڵە سوودی لەو کەشە حەماسییە وەرگرت کە لە دوای بەیاننامەی ئازاری ١٩٧٠ هاتبووە کایەوە، لاوانیش ئەو کاتە سوودیان لەو ئاڕاستە فکرییە بینی کە لە ناوچەکەدا وەک ئاڕاستەیەکی مارکسی _ نەتەوەیی باوی هەبوو لە شەستەکان و حەفتاکاندا. وە زۆربەی ئەوانەی پەیوەندییان بە کۆمەڵەوە دەکرد، خوێندکاران و کرێکاران بوو .

کارکردنی ڕێکخراوەیی کۆمەڵە لەم قۆناغەدا، لە چاو ئەوەدا کە دەیان هەزار کەس بەشداربوون لەجوڵانەوەی شۆڕشگێڕاندا زۆرکەمبوون ، بەڵام لە چاو هەلومەرجی ئەوسای کوردستاندا کە (بیروباوەڕی ڕاسترەو زاڵ بوو بەسەر بیروبۆچونی خەڵکی و دامودەزگای پارتی و پاراستن دەستی گرتبوو بەسەر کوردستاندا ) زۆر باش بوو .

ئەندامانی کۆمەڵە لەم قۆناغەدا بەو پەڕی ژیری و هۆشیارییەوە کاریان دەکرد، بە جۆرێکی ئەوتۆ کە ناحەزو دوژمنەکانی کۆمەڵە نەیانتوانی سەرەداوێکی ڕێکخستنەکەی بدۆزنەوە، هەرچەندە جاروبار هەستیان بە بوونی ڕێکخراوێک دەکرد، بەڵام هیچ بەڵگەیەکیان لەو بارەیەوە نەکەوتەدەست .

لەم قۆناغەدا کۆمەڵە دەیان ئەندامی پەیداکرد و پێیگەیاندن، ڕێکخستنی لە زۆربەی شارە گەورەکانی کوردستان و بەغداد دامەزراندبوو. تەنانەت لە ناو هەندێ لە ڕێکخراوە دیموکراتییەکاندا وەها جێگەی خۆی کردبووەوە کە لە هەڵبژاردنی ئازاددا ئەندامەکانی کۆمەڵە دەرئەچون و ئیشیان ئەگرتەدەست، بە تایبەتی لە (یەکێتی قوتابیانی کوردستان) و لە (یەکێتی لاوان) دا. هەرچەندە کەسانی ڕاسترەوی ناو پارتی و پاراستن بە توندی ئەچونەوە بە گژیاندا .

لە دەستپێکردنەوەی شەڕی کورد و حکومەتی عێراق لە ( ١٩٧٤ - ١٩٧٥) دا ، کۆمەڵەش کادرەکانی خۆی ناردە ناو شۆڕش و نەیتوانی لە ڕوداوەکانی کوردستان خۆی داببڕێت و بەشداری جوڵانەوەکەی کرد.

ئاوات عەبدولغفور لەم بارەیەوە دەڵێت " هەرچەند بزوتنەوەی ئەو کات ( ١٩٧٤) لە ڕووی فکرییەوە زۆر جیاوازبوو لە فیکری کۆمەڵە ، بگرە پێچەوانەشی بووین خۆمان بە ئەلتەرناتیڤ ئەزانی ڕۆژێک لە ڕۆژان خەبات بکەین بۆ ئەوەی سەرکردایەتی شۆڕش بگرینەدەست. بەڵام لەبەر ئەوەی شەڕ لە لایەن بەعسەوە ناڕەوایە و لە بەرامبەردا سەرکردایەتی بارزانیش ڕەوایە و بەرگرییە لە کوردستان، کۆمەڵە داوای لە هەموو ئەندام و پاڵیوراو و دۆستەکانی کرد کە بەشداری ئەو بزوتنەوەیە بکەن و لە ڕیزی پێشەوەش بن .

بەم پێیە ئێمە لەڕیزی پێشەوەی شۆرش بووین و لە شەڕیشدا دەیان ئەندامی چالاکی کۆمەڵەمان شەهید بوون، هەر بۆردومانی قەڵادزێ و بەرەکانی شەڕ و بەرگری کە بە پێی ئاماری ئەو کاتەمان دەگەنە (٤٠) شەهید " لە نامەیەکی مام جەلال دا کە سەرەتای ئازاری ١٩٧٥ بۆ سەرکردایەتی کۆمەڵەی ناردبوو " داوای خەباتێکی پارتیزانی درێژخایەنی لێکردبوون و بیرۆکەی دامەزراندنی ڕیکخراوێکی نیشتمانی فراوانیشی بۆ خستبونە بەر باس و لێکۆڵینەوە .

ئەم مەسەلەیە بەلای سەرکردایەتی کۆمەڵەوە پێشنیازێکی باش بوو کە بەگەرمی پێشوازیلێکرا، چونکە هەلومەرجەکە زۆر لە بار بوو بۆ باسکردن و ئەنجامدانی کارێکی لەم جۆرە.

بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، ( شەهاب شێخ نوری) و هەڤاڵانی تری پەیوەندییان بە (فەتاح ئاغا ) وە کردو داوای هاوکاری و پشتیوانیان لێکرد ، بەڵام وەڵامی (فەتاح ئاغا ) ئەوە بوو کە " بێ ڕەزامەندی سەرۆک بارزانی ناتوانێت ئەو کارە بەئەنجام بدات ". هەروەها هەر بۆ ئەم مەبەستە سەرکردایەتی کۆمەڵە پەیوەندییان بە ( عەلی عەسکەری ) ەوە کرد تا قسە لەگەڵ بـــارزانیدا بکات و لـــەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەدیش گفتوگۆ کرا تا هەوڵ بدرێت بەرگری بکرێت و سەنگەری خەبات چۆڵ نەکرێت ، بەڵام بێ سوود بوو .

پاش ئاشکرا بووون و سوربوونی سەرکردایەتی ( پدک ) لەسەر قبولّکردنی واقعی هەرەسهێنان و ئاشبەتاڵکردن، سەرکردایەتی کۆمەڵە بێئومێد بوون ، بۆ باسکردنی هەلومەرجی پڕ لە مەترسی تازەی جوڵانەوەی کورد ، بۆ بیرکردنەوە لە باشترین شێوە و کاتی درێژەدان بە بەرگری، بۆ دانانی ڕێوشوێنی تاکتیکی دروست، بڕیاری کۆبوونەوەیەکی فراوانی کادرەکانیاندا .

بۆ ئەم مەبەستە هەموویان چوونە گوندی ( کێلو ) لە ڕۆژ ئاوای پێنجوێن . ماوەی دوو ڕۆژ کۆبوونەوە بە مەبەستی ڕێکخستنی کاری ئایندە، دوای ڕاوێژێکی زۆر بڕیاریاندا هەموویان بگەڕێنەوە عێراق و ڕێگە نەدەن ئەندام و لایەنگرانی کۆمەڵە بچنە ئێران، چونکە مەیدانی خەبات تەنها سەر گۆڕەپانی نیشتمان و ناو میللەتە، چوونە ئێران و ئەوروپا دابڕانە لە جەماوەر و خۆدزینەوەیە لە خەبات .

لە دوای ئەم کۆبوونەوەیە، کادرانی کۆمەڵە دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی چەک و شاردنەوەیان ، داوا لە هەموو ئەندامان کرا کە هەرچی دەزگای چاپ و چەکیان بۆ پەیدا ئەکرێ لەشوێنی ئەمین بیشارنەوە .

لە نێوان ٣/٢٧- ٤/٥/ ١٩٧٥ دا زۆربەی کادرو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵ لە شاخ گەڕانەوە بۆ شارەکان. سەرلەنوێ ڕێکخستنەکان لەگەڵ هەلومەرجی نوێدا

داڕێژرانەوە، حسابی پاراستنی نهێنییەکان، پاراستنی کۆمەڵە لە یەکترناسینی ماوەی ڕابردووی لە شاخ و لە یەک جیاکردنەوەی ئەو ڕێکخستنانەی کە ئەبوو لە هەڵگیرسانەوەی شورشدا لە شارەکاندا کار بکەن لەوانەی کە نیاز بوو بۆ کاری هەڵسانەوەی جولانەوەی چەکدار و بۆ مەفرەزە سەرەتاییەکان و گەشەپێدانیان سوودیان ئەبێ ، هەردووکیان لەیەک جیا بکرێنەوە .

کۆمەڵە لەو بارو دۆخە سەخت و دژوارەی دوای هەرەس سورتر بوو لەسەر بەگژا چوون و بەرگریکردن لە شالاوی نا مرۆڤانەی ڕژێمی عێراق، دەستیکرد بە خۆئامادەکردن و نەخشەکێشان بۆ هەڵگیرساندنی ئاگری شۆڕش. سەرباری کەم ئەزموونی، کۆمەڵە بارو دۆخی هەڵسەنگاند وپەرەی بە خەباتدا. زیاتر کەوتە چالاکی نواندن و خۆی لەبەرگری کوردستان دوور نەخستەوە، هەرلەسەر پێشنیازی شەهاب شیخ نوری سەرکردایەتی کۆمەڵە لە هەمان کاتدا بڕیاریدا نەخشەی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش دەستپێبکاتەوە و لەهەمان کاتدا پڕۆژەکەی ( مام جەلال ) سەبارەت بە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نیشتمانی فراوان قسەی لێ بکرێت و کاری پێبکەن. مەفرەزەکان دیار بکرێن بۆ ئەو ناوچانەی کە لە توانادایە ، بۆ ئەم مەبەستە پێشنیازکرا کە (عەلی بچکۆل، عەبدولرزاق سێگردکانی، بێستون ، غەریب سەعید، عەلی سالح، حەمید پۆلیس و عەلی مغاویر ) بۆ ناوچەکانی قەڵا سێوکەو بەری کۆیە و (فەیسەڵ تاڵەبانی) بۆ بەری قەراغ و قسەش لەگەڵ (تاهیر عەلی والی بەگ) بکرێ بۆ شەمێران و ڕێکخراوی هەڵەبجەش مەفرەزەی هەورامان و سلێمانی و هی شارباژێر دیار بکەن .

لە هەمان کاتدا سەرکردایەتی کۆمەڵە (فەرەیدون عەبدولقادر)ی ڕاسپارد کە سەفەری دەرەوە بکات بەمەبەستی پەیوەندیکردن لەگەڵ مام جەلالدا کە پێشتریش (شازاد سائیب) سەردانی کرد بوو بیروڕاکانی ناوەوەی بۆ بردبوون و بیروڕای دەرەوەشی بۆ ناوەوە هێنابووەوە .

لە تەموزی ١٩٧٥ ( فەرەیدون عەبدولقادر) سەفەری کرد و ڕۆژی ١٤/٨/ ١٩٧٥ لە بەرلینی ڕۆژئاوادا چاوی بە مام جەلال دەکەوێت و نامەی سەرکردایەتی کۆمەڵەی پێ دەگەیەنێ و بیروڕاکانی سەرکردایەتی کۆمەڵە لە مەڕ دامەزراندن و

پێکهاتەی (ی . ن . ک) و دەستکردنەوەی بە خەباتی چەکدارانە بۆ مام جەلال باس دەکات. هەر دوو لایەن لە کێشەو گیروگرفتەکانی ناوەوە دەدوێن، مام جەلال داوای باسکردنی بیروڕاو ئامۆژگاری خۆی لەسەر چۆنیەتی دەستپێکردن و پەرەپێدانی مەفرەزەکان و گەشەکردنیان ڕای خۆی بەم جۆرە دەربڕی:

- کۆمەڵە بەنهێنی داینەمۆی ( ی . ن . ک ) ئەبێ و کاری تێ ئەکات .

- سەرکردایەتی (ی . ن . ک) لە ناوەوەی ووڵات لە (عەلی عەسکری، عومەر دەبابە، شازاد سائب، رەسول مامەند و ناوەندی کۆمەڵە ) پێکبێت .

پەیوەندی بکرێ بە کادیرە سەربازەکان و فەرماندەکانی پێشمەرگەی پێشووەوە، بە مەبەستی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارانەی دژ بە ڕژێمی بەعس ڕێکبخرێن .

بەهیچ شێوەیەک کوردستانی عێراق جێنەهێڵن تەنها لە کاتی زۆر زەرور و ناچاری دانەبێ ، بەڵام دوای ئەوەی ( فەرەیدون عەبدولقادر) دەگەڕێتەوە عێراق بۆ لای هاوەڵانی، شاڵاوی دەستگیرکردنی سەرکردایەتی و ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە دەستپێ کردبوو ، بڕیاری گرتنی هەموو سەرکردایەتی کۆمەڵەش دەرچوبوو

(فەرەیدون عەبدولقادر) بەهۆی شێخ سالاری حەفیدەوە، هەواڵ بۆ (عەلی عەسکەری ) دەنێرێ و ( جەعفر عەبدولواحید ) یش ڕادەسپێرێ کە قسە لەگەڵ ( د. خالد سەعید ) بکات سەبارەت بە ( ی . ن . ک ) ، بەڵام هەلومەرجی ڕاونان و گرتنی ئەندامانی کۆمەڵە و سەرکردایەتییەکەی بواری ئەوەی نەدا ئیشەکان جێبەجێبکرێ .

لە ئەیلولی ١٩٧٥ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە ئاشکرا بوون، بەهۆی ڕێکخراوی بزوتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبییەوە ( الحرکە الاشتراکیە العربیە ) کە پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ ( ی . ن . ک ) دا هەبوو، یەکێ لە ئەندامەکانی ئەم ڕێکخراوە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە دەگیرێ و ئیعتراف لەسەر ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە دەکات .

سەرەتا ( ئەنوەر زۆراب ) دەستگیردەکرێ و لە ماڵەکەی دا دەمانچەیەک و چەندین بەیان و بەڵگەنامە و ناوی هەندێ لە هاوڕێکانیشی دەکەوێتە دەست بەعس. ئیتر

لەمەوە ڕژێمی بەعس شاڵاوێکی گرتن و ڕاونانی دەستپێکرد لە شارەکانی کوردستان و بەغدا . لە شاری بەغدا " ئەنوەر زۆراب، جەبار فەرمان، سەعدون فەیلی، دارۆی شێخ نوری ،ئەنوەر حەسەن ، خدر سەوز ، محەمەد میرزا سەعید و سەلام برزۆ " دەستگیرکران. لە شاری سلێمانیش " ئاسۆی شیخ نوری، عەلی بچکۆڵ ، عوسمان نانەوا ، مامۆستا حسێن ڕەزا ، کەمال عەلی ، فاروق ئەحمەد ، د. جەمیل ، کاکە حەمەی عەتیە ، نورەدین فەتاح ، جەمیل و عەلی موراد " دەستگیرکران، کە ئەم شاڵاوە دەستپێدەکات هەڤاڵانی تر بەنیازی خۆدەربازکردن لەو شاڵاوی گرتنەی ڕژێم دەستیپێکردبوو.

ڕۆژی ۲۳ /۱۹۷۵/۹ بەرەو ئێران دەکەونە ڕێ ، تا لەوێشەوە بەرەو سوریا بڕۆن کە پێکهاتبوون لە ( شەهاب شێـخ نـوری، جەعفر واحـید، فەریدون عەبدولقادر، عومەری سەید عەلی، عەلی بچکۆڵ) بەڵام ئەمانە لە ئێران ئاشکرا دەبن و دەگیرێن، هەروەها دەوڵەتی ئێران لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا دووکەسی تری لە سەرکردەکانی کۆمەڵە گرتبوو کە ( ئەرسەلان بایز و ئاوات عەبدولغفور) بوون. ئێران بە پێی ڕێکەوتنی جەزائیر کە لەگەڵ عێراقدا ئیمزای کردبوو و لە ڕۆژی ۱/ ۱۹۷٦/۱ هەموو ئەو کەسانەی تەسلیم بە دەوڵەتی عێراق کردەوە ، دەوڵەتی عێراقیش لە دادگایەکی ڕوکەشدا لە (۱۱ / ۷ / ۱۹۷٦) بڕیاری لە سێدارەدانی سێ سەرکردەی کۆمەڵەی دا کە بریتی بوون لە (شەهاب شێخ نوری، جەعفر عەبدولواحید و ئەنوەر زۆراب) ، هەڤاڵانی تریش هەریەکەیان بە (٦) ساڵ زیندانی حوکم دران .

دەستگیرکردنی سەرکردایەتی کۆمەڵە لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە بە کارەساتێکی گەورە دەژمێردرێت لە مێژووی کۆمەڵەدا. بە تایبەتی لەو کات و ساتە ناسکەدا کە چارەنووسی کورد نادیار بوو. چونکە تا ڕادەیەک بوو بەهۆی پچڕان و لەبەر یەکترازاندنی ڕیزەکانی ڕێکخستن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو . لە ئەنجامدا ڕیزەکانی ڕێکخستن پەشێوییەکی زۆریان تێکەوت و کۆمیتەکان لە یەکدابڕان و بەشێکی ئەندامان لە یەکتری بزربوون .

لەم بارودۆخە سامناکەدا بۆ هەڵسانەوەی ڕێکخراوەکەو ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە، شاسوار جەلال (ئارام) کە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە بوو، وەنە لە لای سەرکردایەتیەوە ڕاسپێردرابوو، چووە مەیدانی خەباتەوەو دەستپێشخەرییەکی گرنگ و کاریگەری کرد، ئەوەی کە سەرکردایەتی کۆمەڵە بە ڕێکخراوێکی ڕێکو پێک ئەبوو ئەنجامی بدایە ئەم بە ڕێکخراوێکی لێدراوو لەتوپەت کەوتە جێبەجێکردنی .

تەقەلاکانی ئارام بە کۆمیتەو ڕێکخراو و شانەکانی کۆمەڵەوە بەردەوام بوو ، ئەوەندەی بۆی دۆزرانەوەو بۆی بەیەکەوە گرێدرانەوە کۆی کردنەوەو ڕێکیخستن و ئەو سەردەمە هەر شارێکی گەورە لیژنەیەکی هەبوو بە ناوی کۆمیتەی هەرێمەوە، لە نوێنەرایەتی هەر کۆمیتەیەک لیژنەیەک پێکهێنرا بە ناوی کۆمیتەی هەرێمەکانەوە. ئەم کۆمیتەیەش لەمانە پێکهاتبوو :

- شاسوار جەلال ( ئارام) ، نەجمەدین عەزیز ( سالار)، ئازاد هەورامی (عادل )، حکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار ) وعەبدولرزاق محەمەد سێگردکانی.

ئەم کۆمیتەیە ڕۆڵێکی مێژوویی گرنگی بینی و کەوتە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵە و سازدانی پێشمەرگە و ئامادەکردنی مەفرەزەی چەکدار. بەڵام کۆمیتەی هەرێمەکان سەرکردایەتیەکی کاتی و لاواز بوو، چونکە ئەندامەکانی جگە لە ( ئارام ) ئەوانی دیکەیان لە ڕووی تەمەن و کاری سیاسی و سەربازییەوە گەنج و کەم ئەزموون بوون و لە ئاستی پێویستیەکانی جولانەوەی گەلی کوردو گەشەپێدانی کۆمەڵەو پێکهێنانی دامودەزگای پێویستی شۆڕشدا نەبوون، بۆیە تا ماوەیەکی درێژخایەن نەیانتوانی باوەڕ و متمانەی بەشی زۆری ئەندامەکانی کۆمەڵەو جەماوەری کورد بە دەستبێنن، بە تایبەتی لەو کاتەدا کە ئیدی کۆمەڵە کەوتبووە خەباتی چەکداری سیاسی ئاشکرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمیتەی هەرێمەکان چەند کارێکی گرنگیان ئەنجامدا:

١. ئەندامەکانی کۆمەڵەیان ڕێکخستەوە و لەگەڵ زۆری ئەوانەی خۆیان شاردبۆوە و ئەوانەی ئاشکرا نەبوو بوون، پەیوەندییان دروستکرد و هەموو ئەو شانە و

هێڵانەیان پێکەوە گرێ دایەوە کە مابوون و کۆمیتەیان لە شارەکاندا دامەزراندەوە و کەوتنە ڕاکێشانی تێکۆشەرانی تازە .

٢. پەیوەندیان لەگەڵ چەندین ئەفسەری شۆڕشگێڕو کادری پێشمەرگایەتی دروست کرد و داوایان لێ کردبوون خۆیان ئامادەبکەن بۆ چوونە شاخ .

٣. پەیوەندییان لەگەڵ دەستەی دامەزرێنەری (ی.ن.ک) لە دەرەوەو بە تایبەتی لەگەڵ مام جەلال دروستکرد. جگە لە ئەندامانی کۆمیتەی هەرێمەکان، چەند کەسێکی تریش هاوکاری زۆرو کاریگەریان کردبوون بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکانیان لەوانە: جەمالی عەلی مەعروف (جەماله ڕەش) و ئیبراهیم ئەحمەد هەریەکەی جارێک چوون بۆ سوریا و نامەی کۆمەڵەیان بردبوو بۆ دەستەی دامەزرێنەر و (عوسمانی مام برایم ) یش چەند جارێک چوو بۆ عەممان.

لەو ماوەیەدا ( ئارام ) ژمارەیەک لە بەیاننامە و بڵاوکراوەی دەرکرد، لەوانە ( پەیڕەوی ناوخۆی دەستەی چەکدارەکان) .

## دەستەی دامەزرێنەری ی.ن.ک

لە (١٩٧٥/٥/٢٢) لە (دیمشق ) لە ڕیستورانی (گلیگله) لە گەڕەکی (ابو رمانه) ی سوریا یەکەم کۆبونەوەی دەستەی دامەزرێنەر بە عەمەلی دەستی بە جێبەجێکردنی کارەکانی خۆیکرد، ئەم هەڤاڵانە بەشداربوون :مام جەلال، نەوشیروان مستەفا، د. فوئاد مەعصوم، د. کەمال فوئاد، عادل موراد، عەبدولرەزاق فەیلی وعومەر شێخ مووس نەیتوانی بەشدار بێ، چونکە کوردی سوریا بوو.

کۆبونەوەی دووەم لە بەرلین بەسترا لە ١٩٧٥/٥/٢٧ بە سەرپەرشتی مام جەلال هەندێک گۆڕان لە پرۆژەکە کرا و بە ڕەسمی لە ڕۆژی ١٩٧٥/٦/١ بڵاوکرایەوە .

ئەزموونی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەزمونێکی نوێ بوو لە کوردایەتیدا کە (٣) ڕێکخراوی جیاواز (٣) سەرکردایەتی جیاواز کە هەرسێکیان سەربەخۆی ڕێکخراوەیی تەواویان هەبوو.

- کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان لە ١٩٧٠/٦/١٠ بە نهێنی دامەزرابوو
- بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان
- هێڵی گشتی

لە برادەرانی دەستەی دامەزرێنەری ( ی.ن.ک ) پێکهاتبوو + ئەو کەسانەی کە نە بزوتنەوەی سۆسیالیست بوون نە کۆمەڵە بوون، ناویان لێنان ( خەتی گشتی ) .

## ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە:

بۆ پەیوەندیکردن بە یەکترەوە لە لایەن کۆمەڵە (ئەنور زۆراب ) لە لایەن حرکە (ولید ژنون) دیاریکرابوون هەردووکیان لە کارگەی کارتۆن بڕین ئیشیان دەکرد لە بەغدا، دوای تاوتۆێکردنی وەزعی کوردستان (فەرەیدون عەبدولقادر ) ڕاسپێردرا کە بچێتە دەرەوە،  بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی (مام جەلال ) لە وەزعی کوردستان پێش چوونی کاک (فەرەیدون - مام جەلال ) نامەیەک ڕەوانە دەکات لە ڕێگای (حرکە) نامەکە دەگاتە دەستی (ولید) کە دانیشتوی بەغدایە، کوڕێک بە ناوی (ستار شعلان) لە ڕێکخستنەکانی (حرکە) لەگەل (ولید ) دەبێ لە گەڕەک دەبێتە شەڕیان کە پۆلیس دێت بۆ گرتنی (ستار) ڕۆژنامەیەکی (حرکە) لەماڵەکەی دەگیرێ لە ئەمنی بەغدا دان بە بوونی ڕێکخستن دەکات لە ناو عێراق و هەروەها باسی (ولید) دەکات کە دەچنە مالی (ولید) کۆمەڵێک بەڵگەنامەی (حرکە) یان دەستدەکەوێ لەوانە نامەکەی (مام جەلال) کە بۆ کوردستان هاتبوو، پاش لێدانی (ولید) ناوی (انور زۆراب) دێنی و شەو کات ژمێر (٢) دەیبەن لە ماڵەکەی بەرنامەی کۆمەڵە و دەمانچەیەک دەدۆزنەوە، بۆ بەیانی مەوعیدی کۆبونەوە دەبێ لە ماڵی ( ئەنور زۆراب ) کە برادەران دێن دەزانن گیراوە. هەرچی بەڵگەنامەی کە هەبووە لەوێ لەگەڵ خۆیان دەیبەن بەرەو سنووری ئیران دەڕۆن، بەمەبەستی خۆڕزگارکردنیان نەوەک ئاشکرابین لە سەر سنوور هەموویان دەگیرێن.

لە ڕۆژی ١٩٧٥/٩/٢٤ کە ژمارەیان (٤٠) کەسەو لە ڕۆژی ١٩٧٦/١/١ بە پێی ڕێکەوتننامەی جەزائیر، ئیران هەموویان تەسلیم بە حکومەتی عێراق دەکاتەوە ٠

ی. ن. ک هاوپەیمانێتییەک بوو لە نێوان پێنج قەوارەی سەربەخۆی سیاسی کە لە لایەن جەلال تاڵەبانی، کە کوردەکان بە مام جەلال ناوی دەبەن و نەوشیروان مستەفا سەرکردایەتی دەکرا. بەشە سەرەکییەکان ئەمانە بوون: کۆمەڵەی

ڕەنجدەرانی کوردستان و شۆڕشگێڕان. چینی خوێندەوار و ڕۆشنبیر پاڵپشتی سەرەکی یەکێتیی بوون لە کوردستانی عێراق.

لە کۆی ١٥ ئەندامی دامەزرێنەر، ١٣ کەسیان کەسی ئەکادیمی و خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا بوون. لە بنەڕەتدا، پارتەکە زیندووترین جوڵانەوەی سیاسی بوو کە وورده وورده بەرەو هاتە ناوەڕاستی مەیدانەکەوە.

لە سەرەتای ١٩٨٠ ی. ن. ک لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا بڵاوبووەوە بەتایبەتی چینی لادێ.

هەڵبژاردنە هەرێمییەکەی کوردستان ئەوەی دەرخست کە زۆرینەی لایەنگرانی ی. ن. ک لە ناوچەکانی باشوری کوردستانی عێراقەوەن. لە جەنگی کەنداوی یەکەمەوە، ی. ن. ک لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان باکوری عێراق بەڕێوە دەبەن. هەرچەندە هاوکاری لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەڕێوەبردنی ناوچەکەدا هەمیشە بە هێمنی نەبووە و چەند جارێک لەنێوان چەکدارانی هەردوولادا توندوتیژیی گیراوەتەوە بەر.

لە ئەنجامدا ناوچەکە بووە بە دوو بەشەوە، بەشی ژێردەسەڵاتی پارتی و بەشی ژێردەسەڵاتی یەکێتی- کە شاری سلێمانی ناوەندەکەیەتی.

لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٥ دا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزرێنرا نزیکەی دوو مانگ دوای هەرەسی یاخیبوونی کوردەکان لە ساڵانی ١٩٧٤- ١٩٧٥. ڕێکخراوەکە لە کاتێکدا دامەزرا کە کوردی عێراق لەوپەڕی قەیراندا بوو و مەبەست لێی زیندوکردنەوەی بەرگری بووو هەروەها دروستکردنەوەو ئاڕاستەکردی کۆمەڵگەی کوردی بە ئاڕاستەی مۆدێرن و دیموکراتییدا.

ی. ن. ک بووە پارتێکی سەرەکی کوردی و جوڵانەوەیەکی سیاسی عێراقیی کە شوێنکەوتوویەکی زۆری هەبوو لەناو کوردەکاندا و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی یاریکەرێکی سەرەکی بوو لە دروستکردنی ڕووداوەکان و گەشەکردنیان لە ناوچەکەدا.

جەلال تاڵەبانی، کە پێشتر سەرکردەی قوتابیان، پارێزەر، ڕۆژنامەنووس و سەرکردەی بەرگری بووە، سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە لە

کاتی دامەزراندنییەوە لە ١٩٧٥. لە بنکەکانییەوە لەناو خاکی عێراقدا، سەرکردایەتی بەرگری کوردی دەکرد لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٧٠ و تەواوی ١٩٨٠. تاڵەبانی، بەنوێنەرایەتی یەکێتی بەرەی کوردستانی، سەرکردایەتی چەند هەوڵێکی کردووە بۆ دەستخستنی چارەسەرێکی سیاسی دیموکراتی بۆ دۆزی نەتەوەیی کورد لە عێراقدا.

یەکێتی لە سێ باڵی سەرەکی پێکهات کە بریتی بوون لە: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، بزوتنەوەی سۆسیالستی کوردستان و باڵی گشتی.

## کۆنگرەی یەکەم:

کۆنگرەی یەکگرتنی باڵەکانی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەساڵی ١٩٩٢. پرۆژەی یەکخستنەوەی دوو باڵەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە بریتی بون لە باڵی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانو یەکێتیی شۆڕشگێرانی کوردستان ساڵی ١٩٨٩ لە قاسمەڕەش بڕیاری لێدرابوو.

پرۆژەکە بۆ یەکەم جار بەئاشکرا لەپلینۆمی ساڵی ١٩٨٩ی ناوزەنگی یەکێتیی شۆڕشگێران بەئاشکرا ڕاگەیەنرا. بەڵام لەبەر هەلومەرجی ئەو سەردەمە، هیچ دەرفەتێکی لەبار بۆ بەستنی کۆنگرەو جێبەجێکردنی پرۆژەکە نەهاتە ئاراوە. بەڵام پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دۆخێکی گونجاو بۆ کاری سیاسیی ئاشکراو بەستنی کۆنگرە سەری هەڵدا.

لە٢٧ی کانونی دووەمی ١٩٩٢ لەژێر دروشمی ( با یەکیتی ڕیزەکانمان بپارێزین، با بەرەی کوردستانی بەهێز و توانا بکەین، تێئەکۆشین لە پێناوی مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلی کورد، بۆ یەکسانی و پاراستنی مافی مرۆڤ لە عێراقێکی دیموکراتدا).

کۆنگرەکە لەهۆڵی ڕۆشنبیریی شاری سلێمانی بەستراو کارەکانی بەئاسایی بەڕێوە چوو. لە٢٩ ی کانونی دووەمدا کەدەکاتە سێیەم ڕۆژی کۆنگرەکە، عومەر مستەفا، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشمانیی کوردستان، لە هۆڵی کۆنگرە دڵی لە

لێدان کەوتو کۆچی دوایی کرد. بەهۆی ئەمەوە کۆنگرە ناچار بوو کارەکانی خۆی ڕاگرێ.
لە ٢ی شوباتدا، پاش تەواوبونی پرسەی عومەر مستەفا، کۆنگرە لەهۆڵی میدیای شاری هەولێر دەستی بەکارەکانی کردەوە.
کۆنگرە بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی پەسند کرد و یەکێتیی وەك ڕێکخراوێکی فرە مینبەری سۆسیال- دیموکرات ناساند، بەڵام لەمەسەلەی شێوەی تێکەڵکردنەوەی دوو باڵەکەی ناو یەکێتیو دیاریکردنی دەسەڵاتو شێوەی هەڵبژاردنی سکرتێری گشتی بۆچوونی جیاواز هاتە ئاراوەو بوە هۆی پەیدابونی هەندێ گرفت کە دواتر لە ڕێی دایەلۆکەوە چارەسەریان بۆ دۆزرایەوە.
کۆنگرە بەکۆی دەنگ تاڵەبانیی بە سکرتێری گشتی هەڵبژاردو لەم سەروبەندەشدا هەریەك لە نەوشیروان مستەفای سکرتێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانو دکتور فوئاد مەعصومی سکرتێری یەکێتیی شۆڕشگێران بەدەنگدانی ڕاستەوخۆ هەڵبژێردران.
لە ١٠ی شوباتدا پرۆسەی هەڵبژاردنی کۆمیتەی سەرکردایەتی دەستپێکردو کۆمیتە یەکی سەرکردایەتی لە نوێنەرانی هەردوو باڵ هەڵبژێردرا.

## کۆنگرەی دووەم:

کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەساڵی ٢٠٠١ بەسترا، ئەم کۆنگرەیە ئامادەکارییەکی زۆری بۆکراو لەمانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٠وە ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» پەراوێزێکی فراوانی بۆ بڵاوکردنەوەی ڕاو بۆچونی ئەندامانی یەکێتی سەبارەت بەکۆنگرەو کارەکانی دابینکرد.
لە ١٨ ی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠١ کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی دوایین کۆبونەوەی خۆی بەست کە زۆرتر تایبەت بوو بە تاوتوێکردنی کاروباری خۆ ئامادەکردن بۆ کۆنگرە. لەم سەروبەندەدا دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی کە بریتین لەعومەر عەبدوڵڵا و قادر حاجی عەلی ڕایانگەیاند کە بەنیاز نین خۆیان بۆ ئەندامەێتی کۆمیتەی سەرکردایەتی کاندید بکەن. لە نامەیەکدا کە ڕێکەوتی هەمان ڕۆژی ئەو کۆبونەوەیەی لەسەرە، عومەر عەبدوڵڵا نوسیبوی « پێم باشەو ئارەزوو

دەکەم ئەوە ببێتە دابونەریتێك کە ناو ناوە گۆڕانکاریو ئاڵوگۆڕ لەناو سەرکردایەتیدا بکریٚو خوێنی گەرمو نویٚ بەبەر جەستەی یەکێتیدا بێتەوە.

ڕاست وایە ئەم کارو نەریتە لەبەندەو چەند هەڤاڵێکی دێرینی ترەوە دەستپێبکاتو خۆمان جیٚ بۆ کەسانی بەیاراو بەهرەتر، کاراو کارامەتر چۆڵ بکەین... بەندەش وەك ئەندامێکی سادەو سانای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەمێنێتەوە».

لە ٢٥ی کانونی دووەمدا «کوردستانی نویٚ» دەقی نامەکەو وەڵامی تاڵەبانی بڵاوکردەوە کە تێیدا وتبوی « بەسەربەرزییەوەو لەسەروەریی ئەندامی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی وا خۆت دەبەخشیت لە سەرکردایەتی. بەمەش تۆو هەڤاڵ قادر حاجی عەلیش لە پێش تۆو لەگەڵ تودا نەریتی شۆڕشگێڕانەی خۆنەویست دادەهێنن لە ناو سەرکردەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا. هەردووکتان دەری دەخەنەوە کە ڕۆڵەی ڕۆژانی سەخت و دژواری خەباتەکەمانو لەخۆشی و سەرکەوتندا خۆتان جیٚ چۆڵ دەکەن بەویستو ئارەزوی خۆتان، بۆ ئەوەی هەندیٚ کادیری شایستەی لێهاتوو سەرکەون لە وەرگرتنی مەسئولییەتدا، بەمەش موساهەمەی بە کردەوەش دەکەن لەبەدیهێنانی پرنسیپی نوێکردنەوەو گەشەپێدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو سەرکردایەتییەکەی».

لیژنەیەك بەناوی لیژنەی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە لە هەر یەك لەعومەر سەید عەلی، ئەرسەلان بایز، شاخەوان عەباس، چەتۆ حەوێزی، سالار عەزیز، عوسمان حاجی مەحمود، موحسین عەلی ئەکبەرو مستەفا چاوڕەش پێکهات.

لە٢٠ ی کانونی دووەمدا پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی ئەندامانی کۆنگرەی دووەم دەستیپێکرد.

لە٣٠ ی کانونی دووەمی ٢٠٠١ کۆنگرە لەژێر دروشمی « پتەوکردنی ڕیزەکان، گەشەپێدانی پرۆگرامو پەیڕەو و ڕێبازو دەزگاکان» لە هۆڵی کارگەی جلوبەرگی ئامادەکراو لە سلێمانی دەستی بەکارەکانی کرد. ژمارەی ئەندامانی بەشدار ١٢٤٧ ئەندام بوو. لەوانە ٩٣ ئەندام ژن بون.

پێش هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆنگرە، تاڵەبانیو نەوشیروان مستەفاو دکتۆر فوئاد مەعصومو عادل موراد وەك ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یەکەم دانیشتنی کۆنگرەیان دەستپێکردو هەر یەکێکیان وتەیەکی کورتی پێشکەشکرد. پاشان ئەرسەلان بایز وتاری لیژنەی باڵای ئامادەکاری کۆنگرەی خوێندەوەو تێیدا ڕایگەیاند کە نوێنەری ٢٣٠ هەزار ئەندامی ڕێکخستنی ئاشکراو نهێنی بەشداری لە کۆنگرەدا دەکەن. دواتر دەستەیەك لەهەر یەك لەدکتۆر فوئاد مەعسوم، فەرەیدون عەبدولقادر، عەدنان موفتی، سەعدی ئەحمەد پیرە، دکتۆر محەمەد سابیر، جەعفەر بەرزنجی و ئاسۆ عەلی وەك دەستەی بەڕێوەبردنی کۆنگرە لەدەنگدانێکی ئازاددا هەڵبژێردران.

لە دانیشتنی دوای نیوەڕۆدا تاڵەبانی، وەك تاکە کاندید، بەسکرتێری گشتیی یەکێتی هەڵبژێردرایەوە. تاڵەبانی، پاش هەڵبژاردنەوەی بەسکرتێر، پێشنیاری کرد ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی، هەر یەك لە نەوشیروان مصطەفاو دکتۆر فوئاد مەعصومو دکتۆر کەمال فوئادو عادل موراد بەبێ هەڵبژاردن ببنەوە بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی و هەروەها پێشنیاری کرد هەر یەك لە سەرەك وەزیرانی پێشوو کۆسرەت ڕەسول عەلی و سەرەك وەزیران دکتۆر بەرهەم صاڵح بەبێ هەڵبژاردن ببنەوە بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی. کۆنگرەش هەردوو پێشنیاری پەسند کرد. دوا بەدوای ئەمە، کۆسرەت ڕەسول عەلی پێشنیاری کرد جەبار فەرمان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی، کە بۆ چارەسەر لەئەڵمانیا بوو، بەبێ هەڵبژاردن ببێتەوە بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی. کۆنگرە ئەم پێشنیارەشی پەسند کرد.

لە دووەم ڕۆژی کۆنگرەدا دەست بە هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی کراو پاش تەواوبونی پرۆسەکە، سندوقەکانی دەنگدان پێچرانەوەو ڕادەستی دکتۆر فوئاد مەعصوم کران. بریار درا لە دوایین ڕۆژی کۆنگرە دەست بەجیاکردنەوەی دەنگەکان بکرێ. هەر ئەو ڕۆژە شەش لیژنەکەی دارشتنی، بەرنامە، پەیرەوی ناوخۆ، دارایی، پێشنیارو ڕاسپاردە، سکاڵاو پێشمەرگایەتی کە کۆنگرە پێکیهێنابون، دەستیان بەکارەکانیان کرد.

لە یەکی شوباتدا دکتۆر کەمال فوئادو جەبار فەرمان لە بەرلینەوە نامەیەکی هاوبەشیان بۆ کۆنگرە نارد، تێیدا ئەوەیان نوسیبوو کە لەبەر هۆی تەندروستی ناتوانن بگەڕێنەوەو بەشداری لە کۆنگرەدا بکەن.

لە چوارەم ڕۆژدا ڕاپۆرتی سیاسیی سکرتێری گشتیو بەشێکی پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆ پەسند کرا.

لە پێنجەم ڕۆژدا ئەوەی کە لە پرۆژەی پەیرەوی ناوخۆ مابوو و ڕاپۆرتی کۆمیسیونەکانی دارایی و بەرنامەو پێشنیارو ڕاسپاردە بە تێکڕای دەنگ پەسندکران.

لە ٥ی شوبات کە دەکاتە حەوتەمو دوایین ڕۆژی کۆنگرە، دەست بەپرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکان کراو لەئەنجامدا لە کۆی ٤٥ ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی ٣٧ ئەندام بەدەنگدانی نهێنی هەڵبژێردران.

ئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووەم: مصطەفا سەید قادر، فەرەیدون عەبدولقادر، عەدنان موفتی، ئەرسەلان بایز، عوسمان حاجی مەحمود، مصطەفا چاوڕەش، عومەر فەتاح، جەعفەر مصطەفا بەرزنجی، ئازاد جندیانی، فەرید ئەسەسەرد، عیماد ئەحمەد، بورهان سەعید سۆفی، قادر حەمە جان، کوردۆ قاسم، عومەر سەید عەلی، دکتۆر محەمەد سابیر، سەعدی ئەحمەد پیرە، مەلا بەختیار، عارف روشدی، شاخەوان عەباس، مەحمود سەنگاوی، عوسمان بانی مارانی، شاڵاو عەلی عەسکەری، جەلال جەوهەر، محەمەد تۆفیق رەحیم، سەفین مەلا قەرە، جەمال یوسف بۆتانی. ئەندامانی یەدەکی سەرکردایەتی: ڕەفعەت عەبدوڵڵا حەمە ڕەش، خەسرەو گوڵ محەمەد، ئاسۆ مامەند ئیسماعیل، ئاسۆ عەلی، شۆڕش ئیسماعیل، شەوکەت حاجی موشیر، رزگار عەلی، خەلیل نیعمەت دۆسکی، جەمال حاجی محەمەدو خەسرەو شێرە.

لە ٩ی شوباتدا یەکەم کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی لە دوکان بەسترا. دواتر لە دووەم کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیدا لە ١١ی شوبات کە لە قەڵاچواڵان

بەسترا، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی‌و جێگرەکانیان دیاریکران. بەم جۆرە، مەکتەبی سیاسی لەم دە ئەندامە پێکهات: نەوشیروان مصطەفا، دکتۆر فوئاد مەعصوم، کۆسرەت رەسول عەلی، دکتۆر کەمال فوئاد، دکتۆر بەرهەم صالح، عومەر فەتاح، عومەر سەید عەلی، ئەرسەلان بایز، فەرەیدون عەبدولقادرو جەبار فەرمان.
جێگرەکانیش ئەمانەن: عەدنان موفتی، مصطەفا سەید قادر، مەلا بەختیار، عیماد ئەحمەد و جەلال جەوهەر.

## کۆنگرەی سێیەم:

کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەساڵی ۲۰۱۰، بەهۆی هەلومەرجی ناو یەکێتییەوە، وادەی بەستنی کۆنگرەی سێیەم چەند جارێك گۆڕانی بەسەر هات.
لە پلینۆمی سێیەمی یەکێتیی کە لە ڕۆژانی ۷و ۸ی کانونی دووەمی ساڵی ۲۰۰۷ لەقەڵاچواڵان بەسترا، پلینۆم بڕیاریدا کۆنگرەی سێیەم لەساڵی ۲۰۰۷ ببەسترێ و سەرکردایەتیی ڕاسپارد هەموو پێداویستییەکانی بەستنی کۆنگرەکە فەراهەم بکات.
لە ۱۲ی کانونی دووەمدا، پێنج ڕۆژ پاش تەواوبونی پلینۆم، سەرکردایەتیی یەکێتی لیژنەی باڵای ئامادەکاریی کۆنگرەی سێیەمی لە عومەر سەید عەلی، ئەرسەلان بایز، ئاسۆ عەلی‌و عارف ڕوشدی پێکهێناو سێ شوێنی بۆ ئەندامێکی تری مەکتەبی سیاسی و نوێنەرێکی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان و ئەندامێکی مەکتەبی بیر و هۆشیاری بە بەتاڵی هێشتەوە، هەر وەك بڕیار درا تاڵەبانی ببێتە سەرۆکی لیژنەی بەدواداچوون و پشکنین. سەرەڕای ئەوەی کە پاش پلینۆم زۆر بەخێرایی و بەگەرموگوڕی دەست بەخۆ ئامادەکردن بۆ بەستنی کۆنگرە کرا، بەڵام بەدرێژایی ساڵی ۲۰۰۷ هەنگاوی گەورە بۆ بەستنی کۆنگرەی سێیەم نەنرا. هەندێ مەسەلەی وەك سەرقاڵبونی سەرکردایەتیی یەکێتی بەتاوتوێکردنی پرۆژەی دەستوری هەرێم، نەخۆش کەوتنی کتوپڕی تاڵەبانی‌و بە پەلەگەیاندنی بۆ عەممانی پایتەختی ئوردون بۆ چارەسەر، ئاڵۆزبونی پەیوەندییەکانی ناو سەرکردایەتیی یەکێتی و خراپبونی ڕەوشی ئەمنیی عێراق، کاریگەریی زۆریان لەسەر ئامادەکارییەکانی بەستنی کۆنگرە بەجێهێشت.

لە بارودۆخێکی وادا دەرفەتێکی زۆر بۆ هەنگاونان بەشێوەیەکی لێبڕاوانە بەرەو کۆنگرە نەهاتە دی و ئەو هەنگاوانەش کە لەم ڕووەوە نران بەکرچوکاڵی مانەوە.
ساڵی ٢٠٠٨ مەسەلەی بەستنی کۆنگرە بەشێوەیەکی گەرموگوڕتر وروژێنرایەوە. لە شوبات بەدواوە دەزگای ڕاگەیاندن هەڵمەتێکی بۆ فەراهەمکردنی پێداویستییەکانی بەستنی کۆنگرە دەستپێکردو لەم ڕووەوە سایتێك بەناونیشانی « بەرەو کۆنگرە » کرایەوەو لە ١٠ی شوبات بەدواوە ڕۆژنامەی « کوردستانی نوێ » پاشکۆیەکی هەفتانەی تایبەت بەکۆنگرە دەرکرد کە ٥٠ ژمارەی لێدەرکرا.
لە ٦ ی ئایاری ٢٠٠٨دا هەنگاوێکی گرنگ بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی کۆنگرە نرا، کاتێك عومەر سەید عەلی، وەك سەرۆکی لیژنەی باڵای ئامادەکاری،
لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لەسلێمانی کۆبونەوەی بە ژمارەیەك ئەندامی سەرکردایەتی و کادیری پێشکەوتوو کردو لەو کۆبونەوەیە بڕیاردرا دوو لیژنە بۆ نوسینی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ پێکبێ. لەو کۆبونەوەیەدا لیژنەی نوسینی پرۆگرام لە ئازاد جندیانی، فازل کەریم ئەحمەد، جەمال یوسف و رزگار عەلی پێکهات و لیژنەیەکی تر بۆ نوسینی پەیڕەوی ناوخۆ لە جەلال جەوهەر، فەرید ئەسەسەرد، عارف روشدی و ئاسۆ عەلی پێکهات، ئەگەرچی هەردوو لیژنە دەستیان بەکارەکانیان کرد، بەڵام بەهۆی کێشەکانی ناوخۆی یەکێتییەوە کارەکان بە هەنگاوی گەورە بۆ پێشەوە نەچوون، بەتایبەتی کە لەساڵی ٢٠٠٨ دا ژمارەیەك ئەندامی مەکتەبی سیاسیو کۆمیتەی سەرکردایەتی وازیان لە یەکێتی هێناو پەیوەندییان بە نەوشیروان مصطەفاوە کردو دواتر بزوتنەوەی گۆڕانیان پێکهێنا.
ئەم ڕەوشە هەلومەرجێکی گونجاوی بۆ بەستنی کۆنگرەی سێیەم پێکهێنا، بەتایبەتی کە سەرکردە ناڕازییەکان هەم بەشێوەیەکی فەرمی وازیان لە یەکێتی نەهێنا بوو هەم بزوتنەوەیەکی سەربەخۆیان لە دەرەوەی یەکێتی پێکهێنابوو.
پاش بەڕێوەچونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٥ی تەموزی ٢٠٠٩، مەسەلەی بەستنی کۆنگرەی سێیەم هاتەوە بەر باس، بەڵام لەکۆبونەوەی ١٢ی تشرینی یەکەمی مەکتەبی سیاسیدا بڕیار درا پلینۆمێك پێش بەستنی کۆنگرە

ببەسترێ و بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی بەستنی پلینۆمەکە لیژنەیەکی باڵا بە سەرۆکایەتیی دکتۆر فوئاد مەعصوم پێکهێنرا.

لە ٢٩ی تشرینی یەکەمدا پلینۆمی چوارەم لەسلێمانی بەستراو بابەتی گرنگی تێدا وروژێنرا، لەوانە مەسەلەی بەستنی کۆنگرە.

پلینۆم وێڕای ڕەخنەگرتن لەدواخستنی بەستنی کۆنگرە، ڕایسپارد کۆنگرەی سێیەم لە ماوەی نێوان ١٥ی نیسان و ١٥ی ئایاری ساڵی ٢٠١٠ ببەسترێ، بەڵام سەرەڕای ڕاسپاردەکەی پلینۆمی چوارەم، لە کۆبونەوەی ٧ی نیسانی ٢٠١٠ی مەکتەبی سیاسیدا کە بەسەرپەرشتیی تاڵەبانی لەبەغدا بەسترا، بڕیار درا کۆنگرە لە یەکی حوزەیراندا ببەسترێو بۆ ئەم مەبەستە دوو لیژنە پێکهێنران، لیژنەیەك بۆ فەراهەمکردنی پێداویستییەکانی بەستنی کۆنگرەی سێیەم کە ئەندامەکانی هەمان ئەندامی لیژنەی باڵای پێشووی ئامادەکاری کۆنگرە بون و لیژنەیەکی تر کە لە مەلا بەختیار و سەعدی ئەحمەد پیرە و دلێر سەید مەجید پێکهاتبوو و ئەرکەکەی دابینکردنی پێداویستییە تەکنیکییەکانو بەڕێوەبردنی کاروباری دارایی و بانگهێشتکردنی حزبەکان بوو.

لە ٢٠ ی نیساندا ڕۆژنامەی « کوردستانی نوێ » دەقی پروژەی تازەی پرۆگرامی بڵاوکردەوەو بەم کارە دەرگای دایەلۆگ و ڕاگۆڕینەوەو دەربڕینی بیروڕا سەبارەت بەپرۆگرام کرایەوە.

لە ٢٢ ی نیسانیش دەقی پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆ بڵاوکرایەوە. لەم سەروبەندەدا هەردوو لیژنەی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ فراوانکران بۆ ئەوەی لەبەر ڕۆشنایی سەرنج و تێبینیی ئەندامان بتوانرێ پێداچونەوەیەکی سەرتاپاگیر بەهەردوو پرۆژەدا بکرێ. لیژنەی پرۆگرام بەسەرپەرشتیی ئازاد جندیانی لەئەندامێتی ئازاد تۆفیق، دکتۆر جوان ئیحسان، ئارام حەمە مینا، فەیسەل عەلی، خەمان زرار، دکتۆر مەجید حەمەد ئەمین و سەرکەوت زەکی جەمیل و لیژنەی پەیڕەوی ناوخۆ بە سەرپەرشتیی عارف ڕوشدی لە ئەندامەێتی فەرید ئەسەسەرد، یوسف زۆزانی، دلێر مستەفا، گەشە دارا، ئەمەل جەلال، بورهان عەبدولڕەحمان، خەبات عەبدوڵڵا و هیوا حەمید پێکهات.

لە یەکەم کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی لە پاش پلینۆم، کە لە٢٢ی نیساندا لە سلێمانی بەسەرپەرشتیی تاڵەبانی بەسترا، مەسەلەی کۆنگرە و پێداویستییەکانی بەچڕوپڕی تاوتوێکرا. لەکۆبونەوەی ٢٩ی نیسانی مەکتەبی سیاسیدا کە لە سلێمانی بە سەرپەرشتیی تاڵەبانی بەسترا، هەندێ بڕیار سەبارەت بەشێوەی دیاریکردنی ئەندامانی کۆنگرە دەرکراو لەم ڕووەوە بڕیاردرا پێوەری هەڵبژاردن وەك پێوەری سەرەکی پیادە بکرێ و سەبارەت بەئەندامانی دێرینی سەرکردایەتی و لێپرسراوە کانی پێشوو بڕیاردرا لەو ١٥٠ ئەندامە بن کە بڕیار بوو سکرتێری گشتی بەبێ هەڵبژاردن بیانبات بۆ کۆنگرە. بۆ ئەنجومەنی ناوەند و ڕێکخراوە دیموکراتییە کانیش، بڕیار درا لە هەر ٧ ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند یەکێکیان بەهەڵبژاردن ببێتە ئەندامی کۆنگرە و سەبارەت بەڕێکخراوە دیموکراتییەکان بۆچونەکان لەسەر ئەو گیرسانەوە کە سکرتێرەکانیان وەك چاودێر بەشداری لەکۆنگرەدا بکەن.

لە ١٧ی ئایاردا کۆنفرانسی هەر ٣٧ مەڵبەندی ڕێکخستن ئەنجامدرا کە تێیدا ٤٥٠٠ کادیری هەڵبژێردراوی قۆناغی یەکەم و ئەندامانی ئەنجومەنی مەڵبەندەکان ٣٠٠ نوێنەریان بۆ کۆنگرە هەڵبژارد. هەر ئەو ڕۆژە ڕێکخستنەکانی دەرەوەی وڵات نوێنەرەکانی خۆیان بۆ کۆنگرە هەڵبژارد.

لە ١ی حوزەیرانی ٢٠١٠ دا هاوکات لەگەڵ سی و پێنجەمینساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، کۆنگرەی سێیەم لەژێر دروشمی «بەرەو گۆڕانکاری و چەسپاندنی یەکێتیی ناو یەکێتی» لەهۆڵی تەلاری هونەر لەسلێمانی بەسترا. ڕۆژی یەکەمی کۆنگرەکە بەئامادەبونی ژمارەیەکی زۆری میوان دەستی بەکارەکانی کرد کە هەندێکیان وتاریان خوێندەوە لەوانە سەرەك وەزیرانی عێراق نوری مالیکی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی، سەرۆکی لیستی ئیئتیلافی نیشتمانی عەممار حەکیم، سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید مۆنا سالین، جێگری سەرۆکی کۆماری عیراق عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکی ژنانی سۆسیال ئینتەرناسیونال پیا لۆکاپیرلی، جێگری سەرەك وەزیرانی عیراق- ڕافع

عیساوی و ژمارەیەك لە نوێنەرانی حزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان و عێراق و کۆنسوڵەکانی ووڵاتان لەهەرێم.

لە ڕۆژی دووەمی کۆنگرەدا دکتۆر فوئاد مەعسوم ڕاپۆرتێکی دەربارەی کۆنگرە پێشکەشکرد و تێیدا ئاماژەی بەهۆکاری دواکەوتنی بەستنی کۆنگرەدا. دواتر تاڵەبانی ڕاپۆرتی سیاسیی خوێندەوە و کاروباری سیاسیی نێوان دوو کۆنگرەی هەڵسەنگاند و ڕەخنەی لەسیاسەتی بزوتنەوەی گۆڕان گرت. هەروەها جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە دەبێ لەمەولا کۆنگرە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا ببەسترێ‌و چیتر نابێ پەیڕەوی ناوخۆ پێشێل بکرێ و دەبێ دەزگایەك بۆ چاودێری پراکتیزەکردنی پەیڕەوی ناوخۆ هەبێ و لەم ڕووەوە ئەنجومەنی ناوەندی بەو دەزگایە ناویبرد کە ئەم ئەرکەی لەئەستۆدا دەبێ. خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکە نزیکەی ٤ سەعاتی خایاند.

لە ڕۆژی سێیەمی کۆنگرەدا کۆمیتەیەکی سەرپەرشتیار بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆنگرە لەهەشت ئەندام بەسەرپەرشتیی عادل موراد پێکهات و لەو کۆمیتەیە یوسف زۆزانی بە وتەبێژی کۆمیتەی سەرپەرشتیار هەڵبژێردرا. هەر ئەو ڕۆژە ١٧ کۆمیتە بۆ تاوتوێکردنی بابەتە گرنگەکان پێکهێنران کە بریتی بوون لەکۆمیتەکانی هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی، پرۆگرام، پەیڕەوی ناوخۆ، مەکتەبەکان، ڕێکخستنی دەرەوە، پێشمەرگە، خانەوادەی شەهیدان، کەمئەندامان و زیندانییە سیاسییەکان، بیروهۆشیاری، هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی حکومەتی هەرێم، پێشنیار، ڕاگەیاندن، ناوچە جێناکۆکان، ئیدارەو دارایی، سکاڵا و لێکۆڵینەوە، کاروباری ستراتیج و هەڵبژاردن.

لە ڕۆژی چوارەمی کۆنگرەدا ژمارەیەك ڕاپۆرتی کۆمیتەکان پەسندکران و ڕاپۆرتی کۆمیتەکانی تر کە هێشتا تەواو نەکرابون، لە ڕۆژانی دواتردا پەسند کران. بەڵام گفتوگۆکانی تایبەت بە پەیڕەوی ناوخۆ زۆر درێژەیان کێشا و بەهۆی ئەمەوە ڕاپۆرتی کۆمیتەی پەیڕەوی ناوخۆ پاش هەموو ڕاپۆرتەکانی تر لە ١٠ی حوزەیراندا پەسندکرا.

هەمان ڕۆژ لیژنەی سەرپەرشتیاری کۆنگرە ڕایگەیاند کە کۆمپانیای نۆکان ڕاسپاردەیەکی ڕاپۆرتی کۆمیتەی شەهیدان وئەنفالکراوەکانی سەبارەت بەکردنەوەی پشك بۆ کەسوکاری شەهیدان پەسندکردووە و بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکە ئۆفیسێکی تایبەت دەکاتەوە.

لە ١١ی حوزەیراندا کۆنگرە بەکۆی دەنگ تاڵەبانیی بەسکرتێری گشتیی یەکێتیی هەڵبژاردەوە. پاش وتارێکی کورت بەم بۆنەیەوە، تاڵەبانی داوای لەئەندامانی کۆنگرە کرد دەنگ بەهەڵبژاردنەوەی هەر یەك لەکۆسرەت ڕەسول عەلیو دکتۆر بەرهەم ساڵح بدەن بۆ ئەوەی بتوانێ وەك جێگرانی خۆی دیاریيان بکات. ئەگەرچی پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراو هیچ ماددەیەکی سەبارەت بەهەڵبژاردنی جێگرانی سکرتێری گشتی لەناو کۆنگرە تێدا نەبوو و دەبوایە جێگرەکان پاش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی دیاریبکرێن، بەڵام کۆنگرە بۆ ڕێگرتن لەهەر کێشەیەکی چاوەڕواننەکراو پێشنیارەکەی تاڵەبانیی پەسند کرد.

هەر لەو دانیشتنەدا کۆنگرە ڕێزی لە دکتۆر کەمال فوئادو عادل موراد گرت کە خۆیان بۆ هیچ پۆستێك کاندید نەکردبوو و ڕێو ڕەسمێکی شایستەی بەم بۆنەیەوە بۆ سازکردن.

لە ١٢ حوزەیراندا کە یانزەمین و دوایین ڕۆژی کۆنگرە بوو، پرۆسەی هە ڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەند بەڕێوە چوو. پێش کۆنگرە ٢٤٤ ئەندام فۆرمی خۆکاندیدکردنیان بۆ ئەندامەێتی ئەنجومەنی سە رکردایەتی

پڕ کردبۆوە، بەڵام دواتر بەشێکیان کشانەوە و لەڕۆژی دەنگداندا ژمارەی کاندیدەکان بووە بە ٢٢١ کاندید کە لەسەر ٤٢ کورسیی ئەندامیی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پێشبڕکێیان دەکرد. هەروەها بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی ناوەند ٣٣٤ کاندید هەبوو کە لەسەر ٨١ کورسی پێشبڕکێیان دەکرد.

لە ٢٢ی حوزەیراندا سەرکردایەتیی تازەی یەکێتی بەسەرپەرشتیی تاڵەبانی یەکەم کۆبونەوەی خۆی لە دەباشان کرد کە زۆرتر بۆ هەڵسەنگاندنی کۆنگرەی سێیەم

تەرخان کرابوو. لە٢٤ی حوزەیراندا لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا تاڵەبانی ٨ ئەندامی بۆ مەکتەبی سیاسی کاندیدکرد کە بریتی بون لە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، عەدنان موفتی، ئەرسەلان بایز، عومەر فەتاح، مەلا بەختیار، دکتۆر نەجمەددین کەریم و ڕەفعەت عەبدوڵڵا. ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بە کۆی دەنگ متمانەیان پێ بەخشین و دواتر مەحمود سەنگاوی و قادر حەمەجان و جەعفەر مستەفا لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران. لەم پرۆسەیەدا ٤٥ ئەندامی سەرکردایەتی و ٨١ ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند کە تیایاند ڕێژەی پەسندکراوی ٢٠%ی ژنان لەناو ٥٥٨ کاندید هەڵبژێردران.

٢٦ ئەندام لەو هەڤاڵانە یەکەمین جاریانە بۆ پۆستی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێن. لەناو ئەم سەرکردە نوێیانەشدا یەکەمین جارە حزبێکی سیاسی لەعێراق و کوردستاندا زۆرترین ڕێژەی ژن بۆ سەرکردایەتی هەڵدەبژێرێت. ئەمەش سەردە قشکاندنێکی حزبایەتی دیکەیە بۆ یەکێتی کە یەکەمین جارە لەناو حزبێکی ڕۆژ هەڵاتدا هێندە کادیر لەخۆیان ڕادەبینن بۆ خۆکاندیدکردن، سەرکەوتوانەش بەڕێوە چوو.

لەم کۆنگرەیەدا کە دوای پرۆپاگەندەیەکی بێڕادەی دژایەتیی یەکێتی بەسترا، ئەوەی مایەی دڵنیاییە، ئەوەیە کە کادیر و ئەندامان بەپەرۆشییەکی بێوێنەوە هەوڵیان دەدا لە کۆنفرانسی مەڵبەند و کۆمیتە و مەکتەبەکاندا، هەروەها لە ئۆرگانە جیاجیاکاندا بەشداری بکەن. سەرەڕای تەوژمی داخوازیی بەشداربون لەکۆنگرە، دواتر توانرا تەنها بڕیاری بەشداریی ١٦٩١ ئەندام لەناو هەزاران ئەندام بدرێ، بەشدارانیش هەموو پلەو پایەو توانای ئۆرگانەکانی یەکێتی و پەرلەمان و دیپلۆمات و حکومەتی گرتبۆوە، کە بەگشتی نوێنەران بەم شێوەیە دابەش بوون:

١٠٧ ئەندامی بەتەمەن، ٢٨٥ تەمەن کامڵ، ٦٢٩ ئەندام لەنێوان ٣٥ ـ ٤٠ ساڵ، ٣٧٣ ئەندامی کۆنگرەش کە ڕێژەیان دەکاتە ٣٣% لەساڵی ١٩٩١ بەدواوە هاتونەتە ڕیزی یەکێتی. ئەوەی مایەی سەرنجە، لەکۆی ئەندامانی کۆنگرە تەنها ٤٨٧

ئەندامیان بەشدارییان لەدووەمین کۆنگرە کردووە، ١١٥٤ ئەندامیش یەکەمین جارە لەکۆنگرەی یەکێتیدا بەشداریدەکەن. لەم کۆنگرەیەدا ٥٦ دکتۆرا، ٦٩ ماجستێر، ٤٦٠ بەکالۆریۆس، ١٩٤ دبلۆم، ٣٥٨ ئامادەیی، ٢٥٢ ناوەندی، ٤١ سەرەتایی و تەنها ١٠ نەخوێندەوار بەشداربوون. لەناو بەشداراندا، بەپێی بڕیاری پەسندکراوی دووەمین کۆنگرە، پێشمەرگەکانی ساڵی ١٩٧٦ کە بۆ ڕۆژێکیش لە شۆڕش دانەبڕا بوون، شەرەفی ئەندامێتی کۆنگرەیان پێبەخشرا.بە ڕێژەی ٢٠%ی ژنان و هەڵبژاردنیان بۆ سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەند.

## خشتەی ژمارە (٣٧)

ئەنجامی کۆنگرەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە پێی ساڵانی کۆنگرە

| ژ | ساڵی کۆنگرە | ژمارەی بەشداربوو | | | سکرتێر | جێگری سکرتێر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کۆی گشتی | پیاو | ژن | | |
| ١ | ١٩٩٢ | ٩٠٠ | ٧٩٣ | ١٠٧ | جەلال تاڵەبانی | - |
| ٢ | ٢٠٠١ | ١٣٤٠ | ١٢٤٧ | ٩٣ | جەلال تاڵەبانی | - |
| ٣ | ٢٠١٠ | ٢٠٢١ | ١٦٩١ | ٣٣٠ | جەلال تاڵەبانی | -کۆسرەت ڕەسول عەلی ج١<br>- د.بەرهەم ئەحمەد صاڵح ج٢ |




خشتەی ژمارە (٣٧) دەریدەخات یەکێتی نیشتمانی کوردستان تەنها سێ کۆنگرەی ئەنجامداوە و لە هیچ کام لەو کۆنگرانەدا، کەسی یەکەم و تەنانەت دووەمی حزبەکە ژن نەبووە و بەدەر لەوەی گۆڕانکاری نەبووە لە سکرتێری حزبدا.

جگە لە دەرخستنی ژمارەی بەشداربووان بەگشتی و ژنان بەتایبەتی کە ئەگەرچی ژمارەیان کەمترە لە پیاوان، لە هەمان کاتدا ڕێژەی ژنان لە ساڵی ٢٠١٠ زیاتر وەک ساڵی ٢٠٠١ بەهۆی چەسپاندنی کۆتا بە ڕێژەی ٢٠% ژنان بۆ بەشداربوون. هەروەها نەبوونی ژن لە پۆستی سکرتێر و جێگردا ئاماژەیە بە بێمتمانەیی و باوەڕنەبوونی ئەندامانی حزب بە توانای ژنان.

ئەمە لە کاتێکدا یەکێتی نیشتمانی یەکێکە لە حزبە سۆسیال دیموکراتەکان. وێڕای ئەوەی بە درێژایی ساڵانی کۆنگرە هیچ گۆڕانکارییەک نەهاتووە بەسەر سکرتێری حزبدا.

## سێیەم: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

| یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان | |
|---|---|
| سەرکردە | مەحەمەد فەرەج |
| دامەزران | ١٩٩٤ |
| پێگەی سەرەکی | هەولێر |
| ئایدۆلۆجیا | نەتەوەخوازیی کوردی، ئیسلام |
| دروشم | ئازادی، برایەتی، دادپەروەری |
| ماڵپەڕ | kurdiu.org |

## یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

پارتێکە لە باشووری کوردستان و بنەمای سەربەخۆی هەیە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرپرسە لە بابەتە سیاسییەکان. صەلاحەدین محەمەد بەهائەدین صادق، لەدایکبووی ١٩٥٠ لە هەڵەبجە، لە یەکەم کۆنفرانسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە ١٩٩٤، بە سکرتێری گشتی هەڵبژێردرا. سەرکردەکانی تر بۆ نموونە، هادی عەلی، کەسی دووەمی پارتەکە دوای سکرتێری گشتییە و بەرپرسی ئەنجومەنی ناوەندی شورایە لە پارتەکەدا. ئەم ئەنجومەنە هەموو سەرکردایەتی یەکگرتوو لەخۆ دەگرێت کە نزیکەی ٤٠-٥٠ کەسن وەک عەلی محەمەد ئەحمەد، دیندار نەجمەدین دۆسکی و عومەر عەبدولعەزیز.

یەکگرتوو لەناو چینی خوێندکاراندا زۆر چالاکە (٤٠%ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە لە هەڵبژاردنی خوێندکارانی زانکۆی دهۆک) بەڵام لەناو کەسانی پێگەیشتووشدا بنکەی جەماوەریی هەیە لە هەولێرو پەیوەندی باشی هەیە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان. لەکاتی خۆئامادەکردنی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە دیسەمبەری ٢٠٠٥ دا بارەگای یەکگرتوو بووە

ئامانجی نزیکەی ۳۰۰۰-۵۰۰۰ خۆپیشاندەر کە زۆربەیان سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، لەوێ "بژی ۷۳۰" لەسەر دیوارەکان نوسرابوو. ۷۳۰ ئەو ژمارە سیمبولییە تایبەت بوو بە هاوپەیمانێتی دوو حزبە گەورە کوردییەکە، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی عێراق. ئەم تاڵانییە لە وەڵامی ئەوە بوو کە یەکگرتوو لە هاوپەیمانی دیموکراتی نیشتمانی کوردستان کشایەوە. ٤ ئەندامی یەکگرتوو کوژران، یەکێکیان ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتوو بوو، ئەمە دوابەدوای ئەوە ڕوویدا کە نووسینگەکانیان لە دهۆک، زاخۆ و چەند ناوچەیەکی تر کرانە ئامانجی تەقەکردنی پۆلیس و ئاسایش کە هاوکاری خۆپیشاندەرانیان دەکرد لەجیاتی ئەوەی بنکە و بارەگاکانی یەکگرتوو بپارێزن. یەکگرتوو دژی توندوتیژییە و یارمەتی "یەکگرتووی ئیسلامی کورد" دەدات کە خزمەتگوزاری بۆ هەژاران دابین دەکات. لە ئەنجومەنی حوکمی عێراقدا بەشدار بوو.

لە تشرینی دووەمی ۲۰۰۵، یەکگرتوو بڕیاریدا بە جیا لە گروپە کوردییەکانی تر بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بکات لە ١٥ی کانوونی یەکەمی ۲۰۰۵. لە هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی ۲۰۰۵ یەکگرتوو بەشێک بوو لە هاوپەیمانی بەرفراوانی پارتە کوردییەکان. ئەمجارەیان بە سەربەخۆ بەشداریکرد و دروشمی چاکسازی و خزمەتگوزاری بەرزکردەوە. یەکگرتوو ڕایگەیاند کە فرەحزبی لە کوردستان جێبەجێ ناکرێت، دەنگدەران ئەبێت مافی هەڵبژاردنیان هەبێت. لەبارەی پرسە نەتەوەییەکانی کوردەوە، یەکگرتوو دەڵێت "پارێزگاری لە ماف و دەستکەوتە دەستووریەکانی کورد دەکەم".

لە هەڵبژاردنەکانی کانوونی یەکەمی ۲۰۰۵، ڕێژەی ١.٣%ی بەدەستهێنا کە دەکاتە ٥ کورسی لە کۆی ۲۷٥ کورسی پەرلەمان. لە کۆنگرەی شەشەمی حیزبی یەکگرتوو، ئەمینداری پێنج کۆنگرەی ڕابردوو صەڵاحەدین محەمەد بەهائەدین صادق لەسەر داوای خۆی ،خۆی نەپاڵاوت بۆ پۆستی ئەمیندارێتی یەکگرتوو، ئەمەش تا ئێستا لە مێژووی هیچ لایەنێک و حیزبێکی کوردی باشوور نەبووە کە سەرۆکی حیزب لەسەر داوای خۆی واز لە پۆستەکەی بهێنێت. لە ڕێکەوتی ۲ی

ئایار ساڵی ٢٠١٢ هەڵبژاردن بۆ ئەمینداریێتی حزب کرا و محەمەد فەرەج بە ئەمینداریێتی هەڵبژێردرا لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەی شەشەم. ئایدۆلۆجیای ئەم حزبە بریتییە لە پەیڕەوکردنی شەریعەتی ئیسلامی، بەدیهێنانی دیموکراتیەت، پەیڕەوکردنی ڕێبازی دیالۆک و ئاشتییانە.

## خشتەی ژمارە (٣٨)

ڕێژەی بەشداربووان لە کۆنگرەکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

| ژ | ساڵی کۆنگرە | ژمارەی بەشداربوو | | | ئەمینداری گشتی | جێگری ئەمینداری گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کۆی گشتی | پیاو | ژن | | |
| ١ | ١٩٩٤ | ١٣٨ | ١٣٠ | ٨ | صەلاحەدین محەمەد | - |
| ٢ | ١٩٩٦ | ٢٦٦ | ٢٥٠ | ١٦ | صەڵاحەدین محەمەد | - |
| ٣ | ١٩٩٩ | ٣٧٤ | ٣٢٥ | ٤٩ | صەڵاحەدین محەمەد | - |
| ٤ | ٢٠٠٥ | ٥٨٠ | ٤٩٠ | ٩٠ | صەڵاحەدین محەمەد | - |
| ٥ | ٢٠٠٨ | ٦٥٦ | ٥٦١ | ٩٥ | صەڵاحەدین محەمەد | - |
| ٦ | ٢٠١٢ | ٧٥٥ | | ١٥٥ | محەمەد فەرەج | - |




خشتەی ژمارە (٣٨) دەریدەخات یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان شەش کۆنگرەی ئەنجامداوە، هەروەها ژمارەی بەشداربووانی کۆنگرە و ژمارەی ژنان دەخاتەڕوو، جگە لەوەی دەریدەخات بە درێژایی کۆنگرەکان تەنها یەکجار ئەمینداری گشتی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە کە ئەوەش لە مێژووی سیاسی حزبە سیاسییەکانی کوردستاندا دەگمەن ڕویداوە، بەدەر لەوەی هەموویان پیاون و ژن تیایدا نەبۆتە کەسی یەکەمی حزب و تەنانەت هیچ کات کەسی یەکەمی حزب جێگری نەبووە.
وێڕای ئەوەی بەشداربوونی ژنان بە پێی ساڵانی کۆنگرە ڕووی لە زیادبوون کردووە و بەڵام بە بەراوورد بە ژمارەی پیاوان کەمترن.
ئەوەش بێگومان ڕەنگدانەوەی عەقڵیەتی پیاوسالاری و کەلتوری کۆمەڵگەیە لەناو سەرجەم حزبە سیاسییەکانی کوردستان کە دەنگدان بە ژنان و هەڵبژاردنیان بۆ پۆستە باڵاکانی حزب نەبۆتە مەسەلەیەکی ئاسایی و باو.

# چوارەم: کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان/ عێراق

| کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان/عێراق | |
|---|---|
| دروشم | و جاهدوا في الله حق جهاده |
| دامەزراندن | 31.5.2001 |
| شوێنگەی سەرەکی | هەولێر |
| ٢ / ٣٢٥ | |
| ٦ / ١١١ | |
| ماڵپەر | |
| http://komaliislami.org/ | |

## کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان/عێراق

جوڵانەوەیەکی ئیسلامییە لە کوردستانی باشوور. کۆمەڵ کە لەلایەن م. عەلی باپیرەوە لە مایسی٢٠٠١ دامەزرێنراوە، ڕێکاری سوننەو جەماعە جێبەجێ دەکات. عەلی باپیر پێشتر ئەندامی سەرکردایەتی و دواتر مەکتەبی سیاسیی بزوتنەوەی ئیسلامیی کوردستان بووە. کۆمەڵ بودجەکەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرێ.

کۆمەڵ لە هاوپەیمانێتی کوردستانی هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٥ی عێراق بەشدار نەبوو بە لیستی سەربەخۆ بەشداریکرد. زیاتر لە ٦٠٠٠ دەنگ، نزیکەی ٠.٧%ی ڕێژەی دەنگەکانی بەدەستهێنا، بەمەش بووە خاوەنی دوو کورسی لە پەرلەمانی کاتی عێراقدا. دوای هەڵبژاردنەکان، کۆمەڵ قایل بوو بەوەی پەیوەندی بکات بە هاوپەیمانێتی کوردییەوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیدا. ئێستا ساڵی ٢٠١٤ کۆمەڵ خاوەنی ٦ کورسییە لە پەرلەمانی کوردستان و سێ کوردی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان پارتێکی سیاسی ئیسلامیی کوردستانییە و لە ناو خاکی هەرێمی کوردستان - کوردستانی باشور چالاکییەکانی خۆی ئەنجام دەدات و لە پێشەوا و ئەمیری و مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی

چاودێری و بەدواداچوون و یازدە مەڵبەند و دوازدە دەزگا و ناوەند پێکدێت و خاوەنی کەناڵی ئاسمانی پەیام و زیاتر لە پەنجا دەزگای ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی و بانگەوازی بینراو و بیستراو و خوێنراوە.

پەیڕەوی نێوخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەی سێیەمی حزب کە لە شاری هەولێر ڕۆژانی ٣٠و٥\٣١ و ٢٠١٥\٦\١ دا بەسترا، وێڕای کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە پەیکەری و پێکهاتەی کارەکانیدا جەختیان لە ٩ خاڵ کردۆتەوە کە بۆ داهاتوو کاری لەسەر بکەن وەک ئەرکێکی شەرعی خۆیان کە وەک گرێبەستێک وەسفیان کردووە لە نێوان ئەندامان و سەرکردایەتی.

لە بیست و پێنج مادده پێکهاتووە و لە ماددەی یەکەمیدا پێناسەی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بەم شێوەیە دەکات:

"پارتێکی ئیسلامییە، بۆ پیادەکردنی بەرنامەی ئیسلام لە کوردستان و عێراقدا و چەسپاندنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان، تێدەکۆشێت." وە لەماددەی چوارەمیدا باسی پێکهاتەی ئارمی حزب دەکات بەم شێوەیە:

١. بازنەیەک: نیشانەی بەردەوامی و نوێبونەوەیە بە ڕەنگی پرتەقاڵی.

٢. مانگێک هێمای ڕوناکی و پەیامی ئیسلامە.

٣. ووشەی یەکتاپەرستیی بە هێمایەک ئاماژەی پێدەدرێت.

٤. ناوی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان\عێراق و ڕەنگی ئاڵاکە پرتەقاڵی و بە ڕەنگی ڕەش لەسەری نوسراوە " لا اله الا الله محمد رسول الله".

لە چەند ماددەیەکدا باس لە دۆخی ژنان دەکات لەوانە:

١. لە ماددەی حەڤدەهەمدا لە خاڵی ٢٣دا هاتووە "سستمی کۆتا بە ڕێژەی ١٠% بۆ بەشداری خوشکان لە سەرکردایەتیدا کاری پێدەکرێت".

٢. لە خاڵی ١٧ ی ماددەی ٢٥ دا هاتووە" خوشکان و برایان لە ئەرک و ماف و ئیمتیازی داراییدا هاوئاست دەبن.

٣. لە خاڵی ٢٠ دا هاتووە" بۆ بەشداری خوشکان ، سستمی کۆتا بەم ڕێژانەی خوارەوە دەبێت بۆ:

ا. ئەنجومەنی سەرکردایەتی، ڕێژەی ١٠%.

ب. کۆنگرە و کۆنفرانسی گشتی، ڕێژەی ٢٥%.

ج. مەڵبەند و ناوەند و دەزگاکان، ڕێژەی ٢٥%.

## خشتەی ژمارە (٣٩)

ئەنجامی کۆنگرەکانی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بە پێی
سالآنی کۆنگرە

| ژ | ساڵی کۆنگرە | ژمارەی بەشداربوو | | | ئەمیر | جێگری ئەمیر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کۆی گشتی | پیاو | ژن | | |
| ١ | ٢٠٠٥ | ٥٦٧ | ٥٠٢ | ٦٥ | عەلی باپیر | - |
| ٢ | ٢٠١٠ | ٧٤١ | ٦٤٥ | ٩٦ | عەلی باپیر | - |
| ٣ | ٢٠١٥ | ٨٣٣ | ٦٧٤ | ١٥٩ | عەلی باپیر | - |




خشتەی ژمارە (٣٩) دەریدەخات کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان تەنها سێ کۆنگرەی ئەنجامداوە، هەروەها ژمارەی بەشداربووانی کۆنگرە نیشان دەدات، جگە لەوەی دەریدەخات بە درێژایی کۆنگرەکان بۆ تەنها یەکجار ئەمیر گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە و بەدەر لەوەی هەموویان پیاون و ژن نەبۆتە کەسی یەکەم وجێگری

یەکەمی حزب. ئەوەش بێگومان کەلتورو عەقڵیەتی سەرجەم حزبە سیاسییەکان دەخاتەڕوو کە پێیان وایە پیاو ئەولەویەت و شیاوە بۆ پۆستە باڵاکانی حزب.

## پێنجەم: بزووتنەوەی گۆڕان

| بزووتنەوەی گۆڕان | |
|---|---|
| | |
| ناوی عەرەبی | حركة التغيير |
| ناوی ئینگلیزی | Change Movement |
| دامەزرێنەر | نەوشیروان مستەفا |
| ڕێکخەری گشتی | نەوشیروان مستەفا |
| دروشم | گۆڕان |
| دامەزراندن | ٢٠٠٩ |
| جیابووەتەوە لە | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| شوێنگەی سەرەکی | گردی زەرگەتە،سلێمانی، هەرێمی کوردستان[١] |
| ئایدۆلۆژیا | ڕیفۆرمخوازی - ناسیۆنالیزمی کوردی - لیبراڵیزم |
| شوێنی سیاسی | ناوەڕاست |
| ڕەنگەکان | شین |
| کورسییەکان لەئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق | ٩ / ٣٢٥ |
| کورسییەکان لەپەرلەمانی کوردستان | ٢٤ / ١١١ |
| ماڵپەر | |
| www.gorran.net | |

## بزوتنەوەی گۆران

بزوتنەوەی گۆڕان ڕێکخراوێکی سیاسیی خاوەن کەسێتیی مەعنەوییە، لە گردبونەوەی ئارەزومەندانەی ئەو هاوڵاتیانە پێکدێ کە لە دەوری بەرنامەی سیاسی و پەیڕەوی ناوخۆی بزوتنەوەی گۆڕان کۆبونەتەوە. شوێنی چالاکیی بزوتنەوەی گۆڕان هەرێمی کوردستان و عێراق و هەر جێیەکی ترە کە هاوڵاتیانی کوردستانی لێبێت.

بزوتنەوەی گۆڕان، وەک قەوارەیەکی سیاسی و لیستێک بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مانگی چواری ساڵی ٢٠٠٩، بە دیاریکراوی ڕۆژی ٢٠٠٩/٤/١١ کاتێ نەوشیروان مستەفا لە دیدارێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "الشرق الاوسط"ی لەندەنی ژمارە ١١٠٩٢ ئاشکرای کرد کە ڕێبەرایەتی لیستێکی تایبەت دەکات، جیاواز لە لیستی حیزبەکانی تری کوردستان، بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان.

## قەوارەی سیاسی:

ڕۆژی ٢٠٠٩/٤/٢٨ کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بە نوسراوی ژمارە ١٥٩ لیستی گۆڕانی وەک قەوارەیەکی سیاسی فەرمی لە هەرێمی کوردستان ناساند.

بۆ بەشداریکردنیش لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٧ بە نوسراوی ژمارە ٣٢ لیستی گۆڕانی وەک قەوارەیەکی سیاسی فەرمی لە سەر ئاستی عێراق ناساند.

مێژووی ڕاگەیاندنی بزوتنەوەی گۆڕان وەک رێکخراوێکی سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠١٠/٥/٣١ کاتێ لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نوسراوی ژمارە ١٣٣٨٢ مۆڵەتی فەرمی وەرگرت.

بزووتنەوەی گۆڕان بە سەرۆکایەتی نەوشیروان مستەفا بە ناوی لیستی گۆڕانەوە بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی ٢٥ی تەمموزی پەرلەمانی کوردستانی کرد، لە کۆی

١٠٠ کورسی ٢٥ کورسی بەدەستهێنا. وە بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی ٢٠١٠ی عێراقی کرد.

نەوشیروان مستەفا لە نێو یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە باڵی ڕیفۆرم بوو، دوای ئەوەی نەیتوانی ڕیفۆرم لە نێو یەکێتیدا بکات لە ساڵی ٢٠٠٦ وازی لە کاری حزبی هێناو دەستیکرد بە کاری ڕاگەیاندن وەک دەرکردنی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ماڵپەڕی سبەی، کەی ئێن ئێن، ڕادیۆی دەنگی گۆڕان و سەنتەرێکی ڕاپرسی.

لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٩ دا بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان نەوشیروان مستەفا لەگەڵ هاوەڵەکانی بە لیستێکی نوێ و بەناوی گۆڕانەوە دەستیان کردەوە بە کاری سیاسی، لەپێناو گۆڕینی سستەمی حوکمڕانی و ڕۆشنکردنی بودجەی هەرێم و جیاکردنەوەی حزب لە دەسەڵات.

لیستی گۆڕان ڕکابەرێکی سەرەکی لیستی کوردستانی بوو کە ژمارەیەکی زۆری جەماوەری شاری سلێمانی لەگەڵدابوو، سەرجەمی دەنگەکانیش ٪٥١ی لە شاری سلێمانی بەدەستهێنا، ئەویش لە ئەنجامی ناڕەزایی هاوڵاتییانەوە دێت لە دەسەڵاتی کوردی لە ماوەی ١٨ ساڵی حوکمیدا. تا ئێستا تەنها یەک کۆنگرەی بەستووە.

## خشتەی ژمارە (٤٠)

### ئەنجامی کۆنگرەی بزوتنەوەی گۆڕان بە پێی ساڵی کۆنگرەی ئەنجامدراو لە ساڵی ٢٠١٣

| ژ | ساڵی کۆنگرە | ژمارەی بەشداربوو | | | ڕێکخەر | جێگری ڕێکخەر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کۆی گشتی | پیاو | ژن | | |
| ١ | ٢٠١٣ | ١١٦١ | ١٠٣٥ | ١٢٦ | نەوشیروان مصطەفا | - |




خشتەی ژمارە (٤٠) دەریدەخات کە بزوتنەوەی گۆڕان تەنها لە ساڵی ٢٠١٣ دا کۆنگرەیەکی ئەنجامداوە کە لە کۆی ١١٦١ کەسدا (١٢٦) ژن بووە و وەک هەموو حزبەکانی دیکەش کەسی یەکەمی حزبەکە جێگری نەبووە.

## دۆخی ژنان لە نێوەندی حزبە سیاسییەکاندا

پارتە سیاسییەکان لە کۆمەڵدا دەتوانن ببنە میکانیزمێک بۆ ئەوەی ڕابەر و سەرکردەکان لە ڕێی ئەوانەوە دەسەڵات و هێز و کاریگەری خۆیان لە کۆمەڵدا زیاد بکەن و ببنە هۆکارێک بۆ پەیوەندی نێوان کۆمەڵ و سەرکردەکان، جگە لەوە دەتوانن ببنە هۆکارێک بۆ زیادکردنی بەشداری سیاسی ژنان و پیاوان و تاکەکانی کۆمەڵ.

ئەمە وێڕای ئەوەی لە بواری کردەییدا پارتەکان دەتوانن لە کۆکردنەوەی بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکان و تێکەڵاوبوون لە سستمی سیاسی و بەشداری سیاسیدا ڕۆڵی گرنگ و کاریگەریان هەبێت، چونکە لەمڕۆدا حزبەکان حکومەت و پەرلەمان پێکدەهێنن و کاریگەریان بەسەر کۆمەڵەوە دەبێت، بۆیە دەتوانرێت

بوترێت پارتە سیاسییەکان گرنگترین ڕێکخراوەی کۆمەڵی مەدەنین کە دەتوانن ڕۆڵیان هەبێت لە شکلپێدان و گۆڕینی سستمی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، چونکە ڕاستەوخۆ ڕۆڵیان هەیە لەسەر بەشداریکردنی سیاسی ژنان کە لەمەشدا سستمی سیاسی و پێکهاتەی دەسەڵاتی ئەحزاب و ئایدۆلۆجیاو گوتاری سیاسی و هەلومەرجی کۆمەڵ و چەندین فاکتەری دیکە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان هەیە. ئەوەش وایکردوە کە ئاستی بەشداریکردنی ژنان لە ناوەندەکانی بڕیاری پارتەکاندا لە کۆمەڵگەکان جیاواز بێت.

بە گشتی دۆخی ژنان لە سەرجەم پارتە سیاسییەکانی کوردستاندا، ئەگەرچی بە پێی داتاکان و لە ڕووی بەشداریانەوە زیاترە لە ساڵانی نەوەدەکان و سەرەتای دووهەزارەکان، بەڵام لە ئاست تموحی خودی ژناندا نییە.

بۆ نموونە، ڕاستە بوونی کۆتا و چەسپاندنی لە نێوەندی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان و تەنانەت لە زوربەی پارتە سیاسییەکاندا هەیە بە ڕێژەی جیا لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ەوە، بەڵام بەگشتی نەیتوانیوە لە دۆخی ژنان بباتە پێشەوە، ئەمەش بەهۆی چەند هۆکارێکەوە کە گرنگترینیان ئەمانەن:

## ١. پێکهاتەی پارتە سیاسییەکان:

پێکهاتە و بوونی پارتە سیاسییەکان لە سەردەمی دروستبونیانەوە لە شاخ و تا ئێستا بەگشتی گۆڕانکاری ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتووە، ڕاستە کۆنگرەیان بەستووە، ئەگەرچی زۆرجار لە کاتی خۆیدا نەبووە، بەڵام هێندەی ڕواڵەتکارانە بووە و گۆڕانکاری ڕوکەشیان بەدەستهێناوە، هێندە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە نەیانتوانیوە گۆڕانکاری ڕیشەیی لە بەرنامە و هەیکەلە و سستمی کارکردنیان بگۆڕن بەوەی بتوانن بە فعلی وەک ڕێکخراوێکی مەدەنی بە دیدێکی مەدەنییەوە کارەکانیان بۆ خزمەتی کۆمەڵ ئەنجام بدەن.

بۆ نموونە، زوربەی پارتە سیاسییەکان لە کۆنگرەدا نەیانتوانیوە سکرتێر یان سەرۆکی پارتەکەیان بگۆڕن یان گۆڕانکاری لە مەکتەبی سیاسی یان

سەرکردایەتیاندا بکەن، بۆیە هەمیشە کەسایەتییەکان هەمان عەقڵ و فکریان هەبووە بۆ بەڕێوەبردنی پارتەکانیان.

## ٢. دەستاودەستکردنی دەسەڵات:

بەهۆی لاوازی عەقڵیەتی مەدەنی و دیموکراسی لە نێو بڕیاردەرەکانی پارتە سیاسییەکانی کوردستان وایکردوە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات  لە نێو نێوەندی بڕیارسازیدا زۆر دەگمەن پەسەند بکرێت و دوور لە یاساکان هەموو شێواز و ڕێگەیەک بەکار بهێنن،  بە ئامانجی هێنانەوەی پاساو بۆ مانەوەیان یان درێژەدان بە پۆستەکانیان بەو شێوەیەی خۆیان خوازیارین.

ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێت بۆ نێوەندی بوونیان لە پۆستە حکومی و سەرۆکایەتییەکانی هەرێم و ...هتد

بۆ نموونە، تەواوبونی پۆستی سەرۆکی هەرێم لە ٢٠١٥\٨\٢٠ دا گەورەترین گرفت و کێشەی خوڵقاند، بە مەبەستی مانەوەی مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم.

## ٣. شێوازی کارکردن:

شێوازی دروستبوون و کارکردنی پارتە سیاسییەکان ئەوەندەی لە حزبی شۆڕشگێری، چەکداری و خێڵەکیدا خۆی دەبینێتەوە وەک سەرەتای دروستبونی، وەک پارتێکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی، هێندە وەک پارتێکی سیاسی مەدەنی کارناکەن بۆ بەڕێوەبردنی وڵات کە خۆشگوزەرانی و خزمەتکردن بۆ گەلەکەی فەراهەم بکات یان بتوانێت ڕۆڵی چاودێریکردنی کاروبارەکانی دەوڵەت بکات لە دەرەوە و ناوەوە، کاتێک حوکمڕانی وڵات لەخۆدەگرێت یان بەوهۆیەوە بۆتە هۆی چاندنی تۆوی یەکترقبوڵنەکردنی هیچ کەس و لایەنێکی تر لە دەرەوەی پارتە سیاسییەکەی خۆی تا ئەندازەی ڕق و تۆڵەسەندنەوە.

بۆ نموونە، پارتێکی سیاسی دەستکەوتی پارتێکی سیاسی تر بەهی خۆی یان نیشتمانەکەی نازانێت، بۆیە ئامادە دەبێت زیانی گەورە لەبەرژەوەندییەکانی یەک

بدەن لە پێناو بەرژەوەندییە تەسکەکانی پارتەکەی، هەروەها وایکردووە دید و پلانی نەبێت لە کاتی ڕودانی قەیرانەکاندا.

بۆ نموونە، لە ئێستادا دواکەوتن و پێنەدانی مووچە بۆ ماوەی سێ مانگ لە ماوەی شەڕی داعشەوە و نە ناردنی بودجە لەلایەن حکومەتی ڤیدڕاڵی عێراقەوە ئاماژەیە بۆ نەبوونی پلانی ئابوری.

## ٤. بڕیاردان:

پارتە سیاسییەکان لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا زوربەی بڕیارەکانیان لەلایەن تاکەوە دەبێت. ئەمە وێڕای ئەوەی نەریتی کوردیش کاریگەری بەسەر پرۆسەی سیاسیدا هەیە کە بڕیارەکان زۆر جار لەلایەن سەرکردە یان ئاغا و شێخ و بنەماڵە و سەرۆک خێڵەکانەوە یەکلادەکرێتەوە.

بۆ نموونە، تا ئێستا زوربەی پارتە سیاسییەکان، مەکتەبی کۆمەڵایەتییان هەیە کە لەو نێوەندەدا چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و سوڵحی عەشایەری دەکرێت و بەهۆیەوە باوەڕبوون یان بیرکردنەوەیەک نامێنێتەوە بۆ پەنابردن بۆ یاسا و دادگا و پارێزەر و دادوەرەکان، بەوەش پارتە سیاسییەکان دەبنە یەکەم سەرچاوەی پێشێلکردنی سەروەری یاسا لە کۆمەڵدا لەبری پێچەوانەکەی.

ئەمەش هەمووی لە پێناوی چەسپاندن و بەهێزکردنی پێگە و دەسەڵاتی پارتە سیاسییەکانە لە ڕێی بەکارهێنانی کاریزما و میکانیزمەکانی دەسەڵاتیان و دووبارەکردنەوەی هەمان دابونەریت کە پێویستە ئەوان ڕۆڵیان هەبێت لە گۆڕینیدا.

بەو شێوەیە کۆکردنەوەی قۆناغەکانی پرۆسەی بڕیاروەرگرتن لە دەستی تاک، گومان دەخاتە سەر بڕیارەکان و دیموکراتیبوونی بڕیاردان، ئەمە جگە لەوەی خودی پرۆسەی بڕیاروەرگرتنەکە کە زوربەی بەشداربووەکان تەنها ڕەگەزێکن و دەرفەتی بۆ ڕەگەزێکی دیکە نەهێشتۆتەوە لەنگی و ناهاوسەنگی و بڕیارێکی دروست نادات بەدەستەوە بۆ بڕیارێکی دروستی سوودمەندی هەمەلایەنە.

بوونی هەموو ئەو سێ خاڵەی ئاماژەم پێکرد، بەڵگەیە بۆ دەرخستنی ڕاستییەکی دیکە کە تایبەتە بە فکر و بۆچوون و سەیرکردنی تێڕوانین و باوەڕی سەرکردایەتی پارتە سیاسییەکان بە مەسەلەی ژنان کە پەیوەستە بە نەبوونی

گوتارێکی سیاسی یەکگرتووی هەمەلایەنە بۆ دۆخی ژنان و چۆنێتی بەشداریکردنیان لە پرۆسەی سیاسی لە کوردستاندا. بەو واتایەی کەلتووری سیاسی کوردستان هێشتا ڕێخۆشکەر نییە بۆ بەشداری فراوانی و کاریگەری ژنان لە نێوەندی سیاسیدا.

بۆیە پارتە سیاسییەکان ئەوەندەی بۆ نیشاندانی ڕووی دیموکراسی و مەدەنی پەی بە ژنان دەبەن و ڕێخۆشکەر دەبن بۆ هاتنە پێشەوەیان، هێندە وەک بیروباوەڕ و فکر و ناوەڕۆک، باوەڕیان بە توانا و لێهاتوویی ژنان نییە، وە ئەوەندەی وەک لەشکرێکی دەنگدەرو جەماوەری لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا سوودیان لێ وەردەگیرێت لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە، هێندە وەک مرۆڤیکی بەتوانای کاریگەر بۆ گەشەکردنی نێوەندی سیاسی ڕێی پێنادرێت، لە کاتێکدا ژنانی کۆبانی لەکاتی جەنگی دژ بە داعشدا نەک بۆ پارتە سیاسییەکان لە کوردستان، بەڵکو بۆ کۆی جیهانیان سەلماند کە گەر پارتە سیاسییەکان لە بنەڕەتەوە رێخۆشکەرو باوەڕیان بە هێز و کاریگەری بەشداربوونی ژنان هەبێت لە پرۆسەی سیاسیدا.

بێگومان دۆخی بەشداربوونی ژنان و کاریگەریان لە نێو پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان زۆر جیاوازترو بەرفراوانتر دەبوو، چونکە ئەوە کەلتوری کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆجی بوو کە کاریگەری بەسەر عەقڵیەتی دەسەڵاتدارانی سیاسی پارتە سیاسییەکانەوە هەبووە کە هەر لە سەردەمی ڕزگاریخوازیی و شاخەوە، نەک یارمەتیدەر و ڕێخۆشکەر نەبوون بۆ بەشداری ژنان، بەڵکو ڕێگریشیان لە کچان و ژنان دەکرد کە بەشداری خەباتی چەکداری بکەن و بیخەنە بەرنامەی سیاسی خۆیانەوە، بۆیە لەو سەردەمەشدا بەشداری ژنان سنورداربووە لە کارو چالاکی کۆمەڵایەتی زیاتر خۆی بینیوەتەوە، ئەمە جگە لەوەی دەرفەت بەو ژنانە دەدرا کە بچنە دەرەوە بۆ ناو هێزی پێشمەرگە کە باوک یان هاوسەر یاخود لە شاخ بونایە بەزۆری.

بێگومان ئەم کەلتورەش ڕەنگدانەوە و کاریگەری بەسەر عەقڵیەتی ژنانەوە هەبووە بۆ ئەوەی ئارەزومەند نەبن کە لە نێوەندی سیاسیدا کار بکەن و تەنانەت بواری

کارکردنی سیاسیش بە هی خۆیان نەزانن و دەنگ نەدەن بە ژنانیش لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا.

# ئامارەکانی تایبەتن بە دۆخی ژنان لە ناو حزبە سیاسییەکان

## خشتەی ژمارە (٤١)

ڕێژەی پیاوان و ژنان لە پۆستەکانی
دوا کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٠

| پلە\ پۆست | کۆی گشتی ژمارەی ئەندامان | ژمارەی پیاو | ژمارەی ژن | ڕێژەی پیاو | ڕێژەی ژن |
|---|---|---|---|---|---|
| سەرۆک | ١ | ١ | ٠ | %١٠٠ | %٠ |
| جێگری سەرۆک | ١ | ١ | ٠ | %١٠٠ | %٠ |
| مەکتەبی سیاسی | ١٧ | ١٧ | ٠ | %١٠٠ | %٠ |
| کۆمیتەی ناوەند (ئەنجومەنی سەرکردایەتی) | ٥١ | ٤٦ | ٥ | %٩٠ | %١٠ |
| کۆنگرە | ١٥٠٠ | ١٣٥٠ | ١٥٠ | %٩٠ | %١٠ |

لە خشتەی (٤١) دا دەردەکەوێت ژنان هیچ کات نەیانتوانیوە لە پۆستەکانی سەرۆک یان جێگری سەرۆک و مەکتەبی سیاسی ئەم حزبەدا بوونیان هەبێت.

تەنانەت ژمارەی ژنان کە خۆی لە (٥) دا دەبینێتەوە (٣) لەوانە بە کۆتا بوونەتە ئەندامی سەرکردایەتی، بەو شێوەیە ڕێژەی ژنان لە سەرکردایەتیدا ١٠% بەرامبەر ٩٠% ی پیاوان بووە. وە لە پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی ئەم پارتەدا ڕێژەی کۆتا تەنها بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی دیاریکراوە بەوەی لە١٠% ڕێژەکە کەمتر نەبێت.

# خشتەی ژمارە (٤٢)

ڕێژەی پیاوان و ژنان لە پۆستەکانی

دوا کۆنگرەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٠

| پلە\ پۆست | کۆی گشتی ژمارەی ئەندامان | ژمارەی پیاو | ژمارەی ژن | ڕێژەی پیاو | ڕێژەی ژن |
|---|---|---|---|---|---|
| سکرتێر | ١ | ١ | ٠ | %١٠٠ | %٠ |
| جێگری سکرتێر | ٢ | ٢ | ٠ | %١٠٠ | %٠ |
| مەکتەبی سیاسی | ١١ | ١٠ | ١ | %٩١ | %٩ |
| مەکتەبی سەرکردایەتی | ٤٥ | ٣٦ | ٩ | %٨٠ | %٢٠ |
| ئەنجومەنی ناوەند | ١٠١ | ٨١ | ٢٠ | %٨٠ | %٢٠ |
| کۆنگرە | ١٦٩١ | ١٣٦١ | ٣٣٠ | %٨٠ | %٢٠ |

لە خشتەی ژمارە ( ٤٢ ) دا دەردەکەوێت پۆستی سکرتێر و جێگرەکانی کە خۆی لە دوو جێگردا دەبینێتەوە هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە تا ئێستا لەلایەن پیاوانەوە قۆرغکراوە.

لە دواکۆنگرەی پارتەکەدا تەنها ژنێک بۆتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی واتە ڕێژەی ژنان لە پۆستی مەکتەبی سیاسی وەک باڵاترین ئۆرگانی بڕیاربەدەستی ئەو حزبە بریتییە لە یەک کەس واتە ڕێژەی ٩% بەرامبەر٩١% ی پیاوان. هەروەها لە کۆنگرەی سێیەمدا بڕیاری دامەزراندنی ئەنجومەنی ناوەند درا کە کۆی گشتی ئەندامەکانی بریتییە لە ١٠١ ئەندام.

(٢٠) لە ئەندامەکانی لە لایەن سکرتێری گشتییەوە دادەنرێت و لە (٨١) کەسەکەش کە لە کۆنگرەدا دەنگیان هێنا تەنها (٢٠) یان ژنن، بەمەش ڕێژەکە دەکاتە ٢٠% ی ژنان لە بەرامبەر ٨٠% ی ڕێژەی پیاوان لەو ئەنجومەنەدا.

دەربارەی پەیڕەوکردنی سستمی کۆتا لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا بەمەبەستی زیادکردنی ڕادەی بەشداری سیاسی ژنان، تەنها بۆ سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەند دیاریکراوە. وەک لە پەڕەوی ناوخۆی حزبەکەدا هاتووە " لە ٢٠% ی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی ژن دەبن"

ئەمە وێڕای ئەوەی لە ماددەی دوودا و لە بەشی ئەنجومەنی ناوەنددا نوسراوە" نابێت ڕێژەی ژنان لە ئەنجومەنی ناوەنددا لە ٢٠% کەمتر بێت"

هەروەها لە نێوەندی گشت مەکتەب و دامودەزگاکانی حزبدا هاتووە کە "ڕێژەی کۆتا تەنها بۆ مەکتەبی ڕێکخستن دیاریکراوە" کە بەرزترین دەسەڵاتی ڕێکخستنە و ئەرکی بەڕێوەبردنی ئۆرگانەکانی ڕێکخستن و دانانی نەخشەی گشتی ڕێکخستن دەگرێتە ئەستۆ. لە (٩) ئەندام پێکدێت لەوانە (٢) یان ژن دەبن.

## خشتەی ژمارە (٤٣)

### ڕێژەی پیاوان و ژنان لە پۆستەکانی دوا کۆنگرەی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٢

| پلە\ پۆست | کۆی گشتی ژمارەی ئەندامان | ژمارەی پیاو | ژمارەی ژن | ڕێژەی پیاو | ڕێژەی ژن |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەمینداری گشتی | ١ | ١ | ٠ | %١٠٠ | %٠ |
| مەکتەبی سیاسی | ١٢ | ٩ | ٣ | %٧٥ | %٢٥ |
| ئەنجومەنی سەرکردایەتی | ٣٥ | ٢٦ | ٩ | %٧٤ | %٢٦ |
| کۆنگرە | ٧٥٥ | ٦٠٥ | ١٥٠ | %٨٠ | %٢٠ |

خشتەی ژمارە ( ٤٣) ئاماژە بەوە دەکات کە حزبی یەکگرتووی ئیسلامی وەک هەموو حزبەکانی ترهەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ئێستا پیاوان پۆستی یەکەمی حزبیان هەبووە، بەڵام لە ئێستادا ژنان بە ڕێژەی ٢٥% بونیان هەیە لە

مەکتەبی سیاسی بەبەراوورد لەگەڵ پیاواندا کە ٧٥% و هەروەها ڕێژەکەیان لە سەرکردایەتیدا ٢٦% بەبەراوورد لەگەڵ ٧٤% ی پیاوان، جگە لە بەشداربونی ژنان لە کۆنگرە بە ڕێژەی ٢٠%.

## خشتەی ژمارە (٤٤)

ڕێژەی پیاوان و ژنان لە پۆستەکانی دوا کۆنگرەی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان\عێراق لە ساڵی ٢٠١٥

| پلە\ پۆست | کۆی گشتی ژمارەی ئەندامان | ژمارەی پیاو | ژمارەی ژن | رِێژەی پیاو | رِێژەی ژن |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەمیر | ١ | ١ | ٠ | ١٠٠% | ٠% |
| ئەنجومەنی سیاسی | ٧ | ٥ | ٢ | ٧١% | ٢٩% |
| ئەنجومەنی سەرکردایەتی | ٣٦ | ٣٢ | ٤ | ٨٩% | ١١% |
| ئەنجومەنی چاودێری | ٧ | ٥ | ٢ | ٧١% | ٢٩% |
| کۆنگرە | ٨٣٣ | ٦٧٤ | ١٥٩ | ٨٠% | ٢٠% |

خشتەی ژمارە (٤٤) ئاماژە بەوە دەکات کە کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ئێستا پیاوان پۆستی یەکەمی حزبیان هەیە، بەڵام لە ئێستادا ژنان بە ڕێژەی ٢٩% بوونیان هەیە لە ئەنجومەنی سیاسی بەبەراورد لەگەڵ پیاواندا کە ٧١% و هەروەها ڕێژەکەیان لە ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا ١١% بە بەراورد لەگەڵ ٧١% ی پیاوان.

# خشتەی ژمارە (٤٥)

## ڕێژەی پیاوان و ژنان لە پۆستەکانی دوا کۆنگرەی بزوتنەوەی گۆڕان لە ساڵی ٢٠١٣

| پلە\ پۆست | ژمارەی ئەندامان | ژمارەی پیاو | ژمارەی ژن | رِێژەی پیاو | رِێژەی ژن |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێکخەری بزوتنەوە | ١ | ١ | ٠ | %١٠٠ | %٠ |
| جڤاتی نیشتمانی | ٥٥ | ٥٢ | ٣ | %٩٥ | %٥ |
| جڤاتی گشتی | ٨٤ | ٧٦ | ٨ | %٩٠ | %١٠ |
| کۆنگرە | ١١٦١ | ١٠٣٥ | ١٢٦ | %٨٩ | %١١ |

خشتەی ژمارە ( ٤٥) ئاماژە بەوە دەکات کە بزوتنەوەی گۆڕان ئەگەرچی یەک کۆنگرەی ئەنجامداوە ، بەڵام پۆستی یەکەمی حزبەکە پیاوە ، بەڵام لە ئێستادا ژنان بە ڕێژەی %٥ بونیان هەیە لە جڤاتی نیشتمانی (ئەنجومەنی سەرکردایەتی) بەبەراورد لەگەڵ پیاواندا کە %٩٥ و هەروەها ڕێژەکەیان لە جڤاتی گشتی (ئەنجومەنی ناوەند) %١٠ بە بەراوورد لەگەڵ %٩٠ ی پیاوان.

ئەمەش ئاماژەیە بە کەمیی ڕێژەی ژنان بەراوورد بە پیاوان.

# خشتەی ژمارە (٤٦)

## ڕێژەی پیاوان و ژنان بەپێی پۆستەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەپێی ساڵانی کۆنگرە

| ژ | ساڵەکانی کۆنگرە | مەکتەبی سیاسی | | | کۆمیتەی ناوەند (ئەنجومەنی سەرکردایەتی) | | | ئەنجومەنی چاودێری و پشکنین | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کۆی گشتی | پیاو | ژن | کۆی گشتی | پیاو | ژن | کۆی گشتی | پیاو | ژن |
| ١ | ١٩٤٦ | ٥ | ٥ | ٠ | ٦ | ٦ | - | - | - | - |
| ٢ | ١٩٥١ | ٦ | ٦ | ٠ | ٦ | ٦ | - | - | - | - |
| ٣ | ١٩٥٣ | ٤ | ٤ | ٠ | ١٤ | ١٤ | - | - | - | - |
| ٤ | ١٩٥٩ | ٥ | ٥ | ٠ | ١١ | ١١ | - | ٥ | ٤ | ١ |
| ٥ | ١٩٦٠ | ٥ | ٥ | ٠ | ١٠ | ١٠ | - | ٥ | ٥ | ٠ |
| ٦ | ١٩٦٤ | ٥ | ٥ | ٠ | ١٥ | ١٥ | - | ٥ | ٥ | ٠ |
| ٧ | ١٩٦٦ | ٧ | ٧ | ٠ | ١٧ | ١٧ | - | ٧ | ٧ | ٠ |
| ٨ | ١٩٧٠ | ٧ | ٧ | ٠ | ٢١ | ٢٠ | ١ | - | - | - |
| ٩ | ١٩٧٩ | ٧ | ٧ | ٠ | ٢١ | ٢١ | - | - | - | - |
| ١٠ | ١٩٨٩ | ٧ | ٧ | ٠ | ٢١ | ٢١ | - | - | - | - |
| ١١ | ١٩٩٣ | ١١ | ١١ | ٠ | ٣٧ | ٣٦ | ١ | ١١ | ١١ | - |
| ١٢ | ١٩٩٩ | ٩ | ٩ | ٠ | ٣١ | ٣٠ | ١ | - | - | - |
| ١٣ | ٢٠١٠ | ١٧ | ١٧ | ٠ | ٥١ | ٤٦ | ٥ | ١١ | ٩ | ٢ |
| کۆی گشتی | | ٨٥ | ٨٥ | ٠ | ٢٦١ | ٢٥٣ | ٨ | ٤٤ | ٤١ | ٣ |
| ڕێژە% | | | ١٠٠ % | %٠ | | ٩٧ % | %٣ | | ٩٣ % | %٧ |
| | | %١٠٠ | | | %١٠٠ | | | %١٠٠ | | |

# خشتەی ژمارە (٤٧)

## ڕێژەی ژنان و پیاوان بەپێی پۆستەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەپێی ساڵانی کۆنگرە

| ژ | ساڵەکانی کۆنگرە | مەکتەبی سیاسی | | | ئەنجومەنی سەرکردایەتی | | | ئەنجومەنی ناوەند | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کۆی گشتی | پیاو | ژن | کۆی گشتی | پیاو | ژن | کۆی گشتی | پیاو | ژن |
| ١ | ١٩٩٢ | ١١ | ١١ | ٠ | ٣٢ | ٣٢ | ٠ | - | - | - |
| ٢ | ٢٠٠١ | ١١ | ١١ | ٠ | ٣٥ | ٣٥ | ٠ | - | - | - |
| ٣ | ٢٠١٠ | ١١ | ١٠ | ١ | ٤٥ | ٣٦ | ٩ | ١٠١ | ٨١ | ٢٠ |
| کۆی گشتی | | ٣٣ | ٣٢ | ١ | ١١٢ | ١٠٣ | ٩ | ١٠١ | ٨١ | ٢٠ |
| ڕێژە % | | | %٩ | %٣ | | %٩٢ | %٨ | | %٨ | %٢ |
| | | %١٠٠ | | | %١٠٠ | | | %١٠٠ | | |

# خشتەی ژمارە ( ٤٨)

## ژمارە و ڕێژەی ژنان و پیاوان بەپێی پۆستەکانی حزبی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بەپێی ساڵانی کۆنگرە

| ژ | ساڵەکانی کۆنگرە | مەکتەبی سیاسی | | | ئەنجومەنی سەرکردایەتی | | | ئەنجومەنی ڕاوێژکاری | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کۆی گشتی | پیاو | ژن | کۆی گشتی | پیاو | ژن | کۆی گشتی | پیاو | ژن |
| ١ | ١٩٩٤ | ٧ | ٧ | ٠ | ٢٠ | ٢٠ | ٠ | - | - | - |
| ٢ | ١٩٩٦ | ٧ | ٧ | ٠ | ٢٠ | ١٩ | ١ | - | - | - |
| ٣ | ١٩٩٩ | ٧ | ٦ | ١ | ٣٠ | ٢٧ | ٣ | - | - | - |
| ٤ | ٢٠٠٥ | ١٢ | ١١ | ١ | ٣٥ | ٣٠ | ٥ | - | - | - |
| ٥ | ٢٠٠٨ | ١٢ | ١١ | ١ | ٣٥ | ٣٢ | ٣ | ٥٢ | ٥٠ | ٢ |
| ٦ | ٢٠١٢ | ١٢ | ٩ | ٣ | ٣٥ | ٢٦ | ٩ | ٦٣ | ٦٠ | ٣ |
| کۆی گشتی | | ٥٧ | ٥١ | ٦ | ١٧٥ | ١٥٤ | ٢١ | ١١٥ | ١١٠ | ٥ |
| ڕێژە | | | %٨ | %١ | | %٨٨ | %١ | | %٩ | %٤ |
| | | %١٠٠ | | | %١٠٠ | | | %١٠٠ | | |

## خشتەی ژمارە( ٤٩)

ڕێژەی ژنان و پیاوان بەپێی پۆستەکانی حزبی کۆمەڵی ئیسلامی بەپێی ساڵانی کۆنگرە

| ژ | ساڵەکانی کۆنگرە | مەکتەبی سیاسی | | | ئەنجومەنی سەرکردایەتی | | | ئەنجومەنی ڕاوێژکاری | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کۆی گشتی | پیاو | ژن | کۆی گشتی | پیاو | ژن | کۆی گشتی | پیاو | ژن |
| ١ | ١٩٩٤ | ٧ | ٧ | ٠ | ٢٠ | ٢٠ | ٠ | - | - | - |
| ٢ | ١٩٩٦ | ٧ | ٧ | ٠ | ٢٠ | ١٩ | ١ | - | - | - |
| ٣ | ١٩٩٩ | ٧ | ٦ | ١ | ٣٠ | ٢٧ | ٣ | - | - | - |
| ٤ | ٢٠٠٥ | ١٢ | ١١ | ١ | ٣٥ | ٣٠ | ٥ | - | - | - |
| ٥ | ٢٠٠٨ | ١٢ | ١١ | ١ | ٣٥ | ٣٢ | ٣ | ٥٢ | ٥٠ | ٢ |
| ٦ | ٢٠١٢ | ١٢ | ٩ | ٣ | ٣٥ | ٢٦ | ٩ | ٦٣ | ٦٠ | ٣ |
| کۆی گشتی | | ٥٧ | ٥١ | ٦ | ١٧٥ | ١٥٤ | ٢١ | ١١٥ | ١١٠ | ٥ |
| ڕێژە | | | %٨ | %١ | | %٨ | %١ | | %٩ | %٤ |
| | | %١٠٠ | | | %١٠٠ | | | %١٠٠ | | |

## ٥. بزوتنەوەی گۆڕان:

بەهۆی ئەوەی بزوتنەوەی گۆڕان هێزێکی سیاسیی تازەیە، هێشتا پۆستە گرنگەکانی میکانیزمەکانی بڕیاردانی یەکلانەبۆتەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ لە پۆستەکانی هەن وەک سەرۆک ووتەبێژ... هتد ژنی تێدا نییە.

سەبارەت بە دۆخی ژنان لیستی گۆڕان لە سایتی خۆیدا، ئاماژە بەوە دەکات کە " لە کاتێکدا لیستی گۆڕان بە هۆشیارییەوە، لە پێگە و ڕۆڵی ئافرەت دەگات بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەی شارستانی و دەوڵەتی یاسا، بەڵام ماف نادات خۆی دۆزی

ئافرەتان وەک دروشمێکی پەتی بۆ چەواشەکاری و موزایەدەی دیموکراتی بەکاربهێنیت"

هەروەها جەخت لەوە دەکات خەباتی شارستانی بۆ ئازادکردنی ئافرەت بەشێکی دانەبڕاوە لە ئەڵقەیەکی گەورەتری خەبات بۆ ئازادکردنی کۆمەڵ بەگشتی و ڕزگارکردنی هاوڵاتیان لە دەسەڵاتی ناشارستانی و دیکتاتۆریەت.

## خشتەی ژمارە (٥٠)

### ڕێژەی پیاوان و ژنان بەپێی پۆستەکانی بزوتنەوەی گۆڕان بەپێی ساڵی کۆنگرە- ٢٠١٣

| ژ | ساڵی کۆنگرە | جڤاتی نیشتمانی(سەرکردایەتی) | | | جڤاتی گشتی( ئەنجومەنی راوێژکاری) | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کۆی گشتی | پیاو | ژن | کۆی گشتی | پیاو | ژن |
| ١ | ٢٠١٣ | ٦٧ | ٦٤ | ٣ | ٧٨ | ٧٠ | ٨ |
| کۆی گشتی | | | %٩٦ | %٤ | | %٩٠ | %١٠ |
| ڕێژە | | %١٠٠ | | | %١٠٠ | | |

# خشتەی ژمارە (٥١)

## ڕێژەی پۆستەکانی پیاوان و ژنانی سەرجەم  پارتە سیاسییەکان
## بە پێی دوا کۆنگرە

| پۆستی حزبی | پارتی | | یەکێتی | | یەکگرتووی ئیسلامی | | کۆمەڵی ئیسلامی | | بزوتنەوەی گۆڕان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕێژەی پیاو | ڕێژەی ژن | ڕێژەی پیاو | ڕێژەی ژن | ڕێژەی پیاو | ڕێژەی ژن | ڕێژەی پیاو | ڕێژەی ژن | ڕێژەی پیاو | ڕێژەی ژن |
| سەرۆک\ئەمیندار ، سکرتێر | ١٠٠ % | %٠ | ١٠٠ % | %٠ | ١٠٠ % | %٠ | ١٠٠ % | %٠ | ١٠٠ % | %٠ |
| جێگری سەرۆک | ١٠٠ % | %٠ | ١٠٠ % | %٠ | ١٠٠ % | %٠ | ١٠٠ % | %٠ | ١٠٠ % | %٠ |
| مەکتەبی سیاسی | ١٠٠ % | %٠ | %٩١ | %٩ | %٧٥ | %٢٥ | %٧١ | %٢٩ | - | - |
| ئەنجومەنی سەرکردایەتی | %٩٠ | %١٠ | %٨٠ | %٢٠ | %٧٤ | %٢٦ | %٨٩ | %١١ | %٩٦ | %٤ |
| کۆنگرە | %٩٠ | %١٠ | ٨٠ % | %٢٠ | %٨٠ | %٢٠ | %٨٠ | %٢٠ | %٨٩ | %١١ |
| | %١٠٠ | | %١٠٠ | | %١٠٠ | | %١٠٠ | | | |




# دۆخی ژنان لە پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی دواکۆنگرەی پارتە سیاسییەکان

## یەکەم: پارتی دیموکراتی کوردستان:

لە ساڵی ٢٠١٠ دوا گۆنگرەی خۆیبەست کە سیانزەهەمین کۆنگرە بوو .
لە ٢٧١ ماددە پێکهاتووە و تەنها لە (٨) ماددەدا باس لە دۆخی ژنان دەکات بەم شێوەیە:

١. لە ماددەی ٢١٦دا دەڵێت "ڕەخساندنی کەشی لەبار بۆ ئافرەتان تا لە ژیانی سیاسی و سەرکردایەتی کۆمەڵدا بەشدار بن".

٢. لە ماددەی ٢١٧ دا دەڵێت " بەردەوامبوون لەسەر جێبەجێکردنی سستمی کۆتا، بۆ ئەوەی لەم قۆناغەدا ئافرەتان پلە وپایەی سەرکردایەتی لەحزب و حکومەتدا وەربگرن.

٣. لە ماددەی ٢١٨ دا باس لە "ڕەتکردنەوەی هەموو شێوازەکانی جیاکاری ڕەگەزی، کۆمەڵایەتی و گشت جۆرەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان و پشت ئەستورکردنەوەی ئەم ڕەتکردنەوەیە بە یاسا و ڕێسای پێویست".

٤. لە ماددەی ٢١٩ دا دەڵێت" دژایەتیکردنی ئەو داب و نەریتە ناڕەوایانەی لە کۆمەڵی کوردستاندا بوونەتە کۆسپ لەبەردەم مافەکانی ئافرەتاندا'

٥. لە ماددەی ٢٢٠ باس دەکات کە " هۆشیارکردنەوەی ئافرەتان بە مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابورییەکان کە لە دەستوور و یاسا بەڵگە نیشتمانییەکان و بەڵگەنامە و ڕێکەوتننامە نیودەوڵەتییەکاندا هەن، لەگەڵ واقعی کوردستاندا دەگونجێت"

٦. لە ماددەی ٢٢١دا هاتووە" بڵاوکردنەوەی کەلتوری مافەکانی ئافرەتان و مسۆگەرکردنی سەلامەتی کۆمەڵایەتیان لە شوێنی کارکردنداو گرنگیدان بە دروستکردنی سەنتەری پەرەپێدانی پیشەیی تایبەت بە ئافرەتان".

٧. لە ماددەی ٢٢٢ دا هاتووە " پشتگیریکردنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و هاندانی چالاکییەکانی کە پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵدا پتەو دەکات"

٨. لە بڕگەی تایبەت بە ئەنجومەنی سەرکردایەتی، باس لەوە دەکات کە پێویستە ڕێژەی ژنان لە ١٠% کەمتر نەبێت.

## دووەم: یەکێتی نیشتمانی کوردستان

لە ڕۆژانی ١-٢٠١٠\٦\١٤ دوا گۆنگرەی خۆی بەست کە سێیەم کۆنگرەی بوو. لەژێر دروشمی (بەرەو گۆڕانکاری چەسپاندنی یەکێتی ناو یەکێتی) لە ماددەی دووەمدا بەوە پێناسەی خۆی دەکات کە حزبێکی سۆسیال دیموکراتە.

خەبات دەکات بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی و پتەوکردنی بەهاکانی ئازادی، دیموکراسی، هاوڵاتیبوون، مافی مرۆڤ، مافی چارەنووس و بڕوای هەیە بە کەلتوری یەکسانی و لێبوردەیی.

دروشمەکانی بریتین لە ئاشتی، ئازادی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی چارەنوس و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی.

پەیڕەوەکە لە ٦٨ مادده پێکهاتووە و تەنها لە ( ٧) ماددەدا باس لە ژنان دەکات بەم شێوەیە:

١. لە بەشی چوارەمی بڕگەی تایبەت بە مافە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەتکراوە بە ژنان و بەم شێوەیە باس دەکات " ژنان لە کوردەواریدا لەهەردوو ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە، هاوکاتیش بە یەکێک لەجومگە سەرەکییەکانی کۆمەڵی کوردستان دادەنرێت، بۆیە هەر هێزێکی سیاسی بیەوێ ناسنامەی مودێرنی خۆی نیشانی ڕای گشتی و کۆمەڵانی خەڵک بدات ، ئاوا دەبێت کەیسی ژنان لەناو بەرنامەی سیاسی و فەلسەفەی کارکردنی خۆی، جێگەی شایستەی هەبێت، جا بەو پێیەی (ی.ن.ک) هێزێکی سیاسی پێشکەوتنخوازە و هەڵگری جیهانبینینی سۆسیال دیموکراتە، ئەوا دەستەبەرکردن و بەدیهێنانی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و کەلتورییەکانی ژنان خەبات دەکات بۆ :

١.١.سازکردنی زەمینەی کۆمەڵایەتی، یاسایی، ئابوری و ڕوناکبیری، تا ژنان بتوانن ئازادانە مومارەسەی مافە سیاسی و مەدەنییەکانی خۆیان بکەن.

١.٢. ڕەخساندنی کەشی ئابوری شیاو، تا بتوانن بەهۆی سەلیقە و توانای کارکردنی خۆیانەو ببنە خاوەنی دارایی خۆیان و لە ڕووی ئابورییەوە سەربەست بن.

١.٣. دژایەتیکردنی هەر جۆرە ئایدیا و ئایدۆلۆژییەک کە بانگەشە بۆ بەکەم سەیرکردن، یان بۆ بچوککردنەوەی ژنان لە کۆمەڵ دەکات.

١.٤. بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری لە نێو کۆمەڵدا، بۆ گەیشتن بە یەکسانی لە نێوان ژن و پیاو لە ڕووی ئەرکەکان و مافەکانەوە لە هەموو بوارەکاندا ونەهێشتنی ستەمی مێژوویی لە دژی ژنانی کوردستان لە ڕێگەی یاسای گونجاو و قەدەغەکردنی هەموو جۆرە توندوتیژییەک دژی ژنان.

٢. لە ماددەی ٤ دا هاتووە " لە کۆمیتە تا ئاستی سەرکردایەتی لە هەموو ئۆرگانەکاندا ڕێژەی ژن بەلای کەمەوە دەبێت لە ٢٠% بێت".

٣. لە ماددەی ١٥ دا کە تایبەتە بە کۆنگرە لە خاڵی ( و) دا هاتووە "لانی کەم لە ٢٠% ڕێژەی ئەندامانی کۆنگرە لە ژنان پێکدێت"

٤. لە ماددەی ٢٩ کە تایبەتە بە سەرکردایەتی لە خاڵی ٢ دا هاتووە" ٢٠% ی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی ژن دەبێت".

٥. لە ماددەی ٣٧ ی تایبەت بە ئەنجومەنی ناوەند خاڵی ٢ دەڵێت" نابێت ڕێژەی ژنان لە ئەنجومەنی ناوەنددا لە ٢٠% کەمتر بێت".

٦. لە ماددەی ٥٠ خاڵی یەکەمدا کە تایبەتە بە مەکتەبی ڕێکخستن هاتووە

" مەکتەبی ڕێکخستن بەرزترین دەسەڵاتی ڕێکخستنە و ئەرکی بەڕێوەبردنی ئۆرگانەکانی ڕێکخستن و دانانی نەخشەی گشتی ڕێکخستن دەگرێتە ئەستۆ و پێکدێت لە ٩ ئەندام لەوانە (٢) یان ژن دەبن".

٧. لە ماددەی ٥٢ ی تایبەت بە ئەنجومەنی مەڵبەند خاڵی ٥ دا هاتووە" دەستەی کارگێر پێکدێت لە ٧ ئەندام و دەبێت ٢ یان ژن بێت بە زۆرینەی دەنگ لە کۆنفرانسی مەڵبەند هەڵدەبژێردرێت".

## سێیەم: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان:

لە ١-٤\٥\٢١٠٢ دوا کۆنگرەی خۆی کە شەشەم کۆنگرە بوو بەست لە ژێر دروشمی " ئازادی، برایەتی، دادپەروەری" دا کە لە ٤٣ ماددە پێکهاتووە و لە دوو ماددەدا بە ڕوونی باس لە ژنان دەکات .

بەوە پێناسەی خۆیکرد کە حزبێکی ئیسلاحی نیشتمانییە تێدەکۆشێت لە پێناو بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی گەشەسەند و دەسەڵاتێکی دادپەروەرانەدا.

١. لە خاڵی ٢ ی بەشی دووەمی مادەی شەشەمدا هاتووە " گەرەنتیکردنی بوونی خوشکان لەسەرجەم ئۆرگان و مەکتەب و دەزگاکانی حزبدا، بەو مەرجەی لە ٢٥% کەمتر نەبێت لەو ناوەندانەدا کە خوشک بە پێی مەرجەکان هەن".

٢. لە مادەی ٢٧ مەکتەبی تایبەت بە کاروباری خوشکان هەیە کە سەرجەم کاروبارەکانی خوشکان لە ئەستۆ دەگرێت، پێکهاتوە لە بەرپرسی مەکتەب و ٤ کارگێر.

## چوارەم: کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان- عێراق:

لە ٢٠١٥ دا دوا کۆنگرەی خۆیبەست کە سێیەم کۆنگرە بوو لەژێر دروشمی سورەتی الانبیاء ( وما ارسلناك الا رحمه للعالمين)

لە ٥٤ ماددە پێکهاتووە و تەنها لە ( ٢ ) ماددەدا باس لە ژنان دەکات.

بەوە پێناسەی خۆی دەکات کە بریتییە لە "پارتێکی ئیسلامیی، بۆ پیادەکردنی بەرنامەی ئیسلام لە کوردستان و عێراقداو چەسپاندنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان تێدەکۆشێ"

١.لە ماددەی ١٧ خاڵی ٢٣ دا هاتووە کە "سستمی کۆتا بە ڕێژەی ١٠% بۆ بەشداری خوشکان لە سەرکردایەتیدا کاری پێدەکرێت".

٢. لە ماددەی ٢٥ خاڵی ٩ دا هاتووە "خوشکان وەک برایان مافی خۆیانە ببنە ئەندام لە ڕێکخستن و هەر ئۆرگانێکی دیکەی کۆمەڵدا". هەروەها لە خاڵی ١٧ دا هاتووە "خوشکان و برایان لە ئەرک و ماف و ئیمتیازی داراییدا هاوئاست دەبن".

بەدەر لەوانەش لە خاڵی ٢٠ ی هەمان ماددەدا هاتووە کە سستمی کۆتا بەم ڕیژانەی لای خوارەوە دەبێت بۆ:

١. ئەنجومەنی سەرکردایەتی، ڕێژەی ١٠%

٢. کۆنگرە و کۆنفرانسی گشتی، ڕێژەی ٢٥%

٣. مەڵبەند و ناوەند و دەزگاکان، ڕێژەی ٢٥%

## پێنجەم: بزوتنەوەی گۆڕان:

تەنها یەک کۆنگرەی ئەنجامداوە لە ساڵی ٢٠١٣ دا، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٥ دا پەیڕەوەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بە شێوەیەک ناوەڕۆکەکەی لە ١٦ ماددە پێکهاتووە کە لە هیچ ماددەیەکدا باس لە ژنان ناکات، لە کاتێکدا لە پەیڕەوی ناوخۆی ساڵی ٢٠١٣ لە کۆی ٩١ ماددەدا کە لە ١١ بەشی جیاوازدا تۆمار کراوە لە چەند ماددەیەکدا بە ڕاستەوخۆ باس لە ژنان دەکات لەوانە:

١. بەشی سێیەم، لە ١-٤ ی ماددەی سێیەمدا دەڵێت" بەرپرسی ئافرەتان بەرپرسە لە کاروباری ڕێکخراوەیی ئافرەتان لە سنوری بازنەدا. دەبێ بەرپرسی ئافرەتان خوێندەوار بێت".
٢. لە بەشی پێنجەمی ماددەی پێنجەمی خاڵی سێیەمیدا دەڵێت" بەرپرسی ئافرەتان بەرپرسە لە کاروباری ڕێکخراوەیی ئافرەتان"
٣. لە بەشی حەوتەم ماددەی سێیەم لە ٢-٧ دا هاتووە" نوێنەری ئافرەتان بەرپرسە لە:
٢-٧-١: بەدواداچوونی پرسی ئافرەتی کوردستانی لەو وولاتەدا.
٢-٧-٢: هەوڵدان بۆ دۆزینەوە و پێگەیاندنی هەڵسوڕاوی نوێی چالاکی بواری ئافرەتان لەناو کابان، فەرمانبەران، کارمەندا و خوێندکاراندا.
٢-٧-٣: دامەزراندنی تۆڕی پەیوەندی لەگەڵ ئافرەتانی پشتیوانی گۆڕان و لەگەڵ ئافرەتانێ کە ناخوازن کاری ڕێکخراوەیی بکەن.
٢-٧-٤: دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی تایبەت بە ئافرەتان و ڕێکخراوی ئافرەتانی سەر بە لایەنە سیاسییەکان.
٢-٧-٥: دەبێ خوێندەوار بێت.
٤. لە بەشی حەوتەمی ماددەی پێنجەمی خاڵی سێیەمدا دەڵێت" لە حاڵەتی هاوتابوونی دەنگەکانی دوو کاندیددا، ئەگەر یەکێکیان ئافرەت بوو، ئافرەتەکە بە دەرچوو دادەنرێت و ئەگەر هەردووکیان پیاو بوون بە پێکهاتنی هەردوو کاندید یان بە تیروپشک یەکلایی دەکرێتەوە.
٥. لە بەشی نۆیەمی ماددەی نۆیەمدا باس لە نوێنەرایەتی ئافرەتان دەکات بەم شێوەیە " نوێنەرایەتی ئافرەتان لە جڤاتی نیشتمانیدا پێکدێت لە چوار ئەندام، بەرپرسی ئافرەتان لە ئەنجومەنی قەزاکانی پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک و کەرکوک".
٦. لە بەشی یانزەیەم لە خاڵی یەکەمی ماددەی پێنجەم ١-٥ دەڵێت:" لە هەر قەزایەکدا، کۆتایی ٢٥% ی نوێنەرانی کۆنفرانسی نیشتمانی بۆ ڕەگەزی مێینە

دادەنرێت، ئەگەر ژمارەی پێویست لە ئافرەت خۆی کاندید نەکردبوو. ئەوا بە پێی ڕیزبەندی دەنگەکان، پیاوێک جێگەی دەگرێتەوە.

# بەشی پێنجەم:

## کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان

ئەنجوومەنی دادوەری بەرزترین دەسەڵاتی دادوەرییە لە هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی سێیەمە لە پاڵ دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان) و دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت)، هەتا ساڵی ١٩٩٢ دەسەڵاتێکی دادوەری سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستان نەبوو کاری سەرجەم دادگاکانی کوردستان بە یاسای ژمارە (١٦٠) ی ساڵی (١٩٧٩) ڕێکدەخران و سەر بە وەزارەتی دادی بەغدا بوون .
بەڵام لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی گەلی کوردستان و دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٢ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان هاتەکایەوە، یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (١٤) ی ساڵی ١٩٩٢ لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچوو کە لە ڕێکەوتی (١٩٩٣/١/١٤) کاربەم یاسایە کرا و سەرۆکایەتی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان لە ژێر ڕۆشنایی ئەم یاسایە دامەزرا و سەربە وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستان بوو. ئەوکات دوو سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوە لە

هەرێمی کوردستان هەبوون ، یەکەمیان سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر بوو ( بۆ هەردوو پارێزگای هەولێر ودهۆك).
دووەمیان سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوك لە سلێمانی بوو کە پارێزگای سلێمانی و گشت دادگاکانی سەر بە ناوچەی گەرمیانی دەگرتەوە هەتا دەرچوونی یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠٠٧) کە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٧/١١/٥ کارپێکراو و دەسەڵاتێکی دادوەری سەربەخۆ لە ڕووی دادپەروەری و کارگێری و داراییەوە دامەزرا.
بە پێی یاسای ژمارە ٢٣ ی ساڵی ٢٠٠٧، دەسەڵاتی دادوەری بە تەواوەتی جیابۆتەوە لە دەسەڵاتیکی جێبەجێکردن و ئەنجوومەنی دادوەری لێکەوتەوە .
هەروەها بەپێی ئەم یاسایە، ناوچەکانی تێهەڵچوونەوە کرا بە (٤) ناوچە کە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی (ناوچەی دهۆك) کە گشت دادگاکانی ناوچەی پارێزگای دهۆك لە خۆدەگرێت لەگەڵ سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی (ناوچەی سلێمانی) کە سەرجەم دادگاکانی ناوچەی سلێمانی دەگرێتەوە، زیاد کراوە وە ناوی سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوك - سلێمانی گۆڕاوە بۆ سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوك/گەرمیان،
ئەم سەرۆکایەتییە گواستراوەتەوە بۆ ئیدارەی گەرمیان لە قەزای کەلار .
ئەنجوومەنی دادوەری پێکدێت لە :
١. سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە و جێگرەکانی .
٢.سەرۆکەکانی دادگاکانی تێهەڵچوونەوە (هەولێر، دهۆك، سلێمانی، کەرکوك/گەرمیان).
٣. سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاری دادوەری.( تا ئێستا یاسای تایبەت بەم دەستەیە دەرنەچووە).
٤. سەرۆکی داواکاری گشتی.
ئێستا لە هەرێمی کوردستان، سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری بە پێی یاساکە بەرجەستە بووە. جێی ئاماژەیە کە لە ساڵی (١٩٩٢) ەوە زمانی کوردی، بووە زمانی فەرمی دادگاکان لە هەرێمی کوردستان بە پێی یاسای دەسەڵاتی دادوەری .

ئەنجومەنی دادوەری چەند تایبەتمەندی و کارێك لە ئەستۆ دەگرێ، لەوانە:
یەکەم: ئامادەکردنی پلان و نەخشە بۆ دامەزراوەی دادوەری و وتووێژی لە سەرکردن و دەربڕینی تێبینییەکانی لەوبارەیەوە.
دووەم: سەیرکردنی کاروباری دامەزراندن و بەرزکردنەوە و پلە و پایەی گواستنەوە و گەڕاندنەوەی دادوەرەکان و لێکۆڵینەوە لە ڕەوشت و توانایان و سەرپەرشتیکردنی سەربەخۆیی دادوەری .
سێیەم: ئامادەکردنی بودجەی ئەنجومەن و بەرزکردنەوەی بۆ پەرلەمانی کوردستان بەمەبەستی پەسەندکردنی .
چوارەم: لایەنی ڕێکخستنی کارگێڕی و دادگاکان بە کاروباری خزمەتی کارمەندان و بەرزەفتکردنیان.
پێنجەم: دیاریکردنی میلاکاتی دادگاکان و دامەزراندنی فەرمانبەرانی کە ئەو میلاکانە پڕدەکەنەوە و ئەوانی دیکە لەچوارچێوەی تەرخانکراوەکانی بودجەی ئەنجومەن دەبن.
شەشەم: دانانی پەیڕەوی ناوخۆ بۆ ئەنجومەن .
هەروەها دامەزراندنی دادوەران کە دەبێت کۆمەڵێك مەرجیان تێدا بێت لە لایەن ئەنجومەنی دادوەرییەوە دەبێت، پایەپێدان بە دادوەران، مۆڵەت ومافی خانەنشینکردنی دادوەران، گواستنەوە وئینتداب وسەرپەرشتیکردنی کاری دادوەران ، کاروباری بەرزەفتکردن هەرهەمووی بە ئەرك و دەسەڵاتی ئەنجومەنی دادوەری دادەنرێت.
لە بەرگرنگی ئەم دەسەڵاتە و ئەو پەرەسەندنە پۆزەتیفە گەورانەی لەو ماوەیەدا هەموو بوارەکان بەخۆیانەوە بینیویانە، بەتایبەتی دادوەری و فراوانبونی دادگاکان لە کوردستان لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، ئەمە وایخواست ناوچەی تازەی تێهەڵچوونەوە دابنرێت و لە پێناوی پاراستنی سەربەخۆیی بە دەسەڵاتی دادوەری و جیاکردنەوەی لە وەزارەتی داد کە بەشێکە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و لە پێناو

هێنانەدی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان کە بنەمای دیموکراتیەتە و لە زۆربەی ووڵاتە پێشکەوتووەکان پەیڕەودەکرێ.
بۆیە ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان دامەزرا.

# کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی دادگای تێهەڵچونەوە

پاش ڕاپەرینی گەلی هەرێمی کوردستان و ئازادکردنی زۆرینەی ناوچەکان ، دامەزراوە یاساییەکان بۆ بەڕێوبردنی کاروباری ئەم ناوچانە دروستکران و دامەزرێنران، ئەمەش لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی نیشتیمانی گشتی ئازاد و خاوێن لە ژێر سێبەری کەشێکی دیموکراسیدا. سەرئەنجام هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق (پەرلەمان)ی لێکەوتەوەو ئەم ئەنجوومەنەش وەک ڕۆڵی خۆی چەندین یاساو بڕیاری دەرکرد بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروباری دادگا .
لەسەرەتای کارەکانیدا دەستپێشخەر بوو بۆ دەرکردنی یاسای ژمارە (١٢) ی ساڵی (١٩٩٢) کە (یاسایی وەزارەتی داد)ە و دواتر یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی (١٩٩٢) کە ( یاسای دەسەڵاتی دادوەرییە)، ئەم یاسایە کاروباری دادگاو دادوەران و پێکهاتەی دادوەری و دەستەکانی ڕێک دەخات.
لە پێشدا دەسەڵاتی دادوەری گرێدراوی وەزارەتی داد بوو وە کارکردن بە یاسای ئاماژە پێکراو بەردەوام بوو تا دەرچوونی یاسای ژمارە (٢٣) ی ساڵی (٢٠٠٧) کە ( یاسای دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستان- عێراق)ە ، کە بە پێی ئەم یاسایە دەسەڵاتی دادوەری لە وەزارەتی داد جیاکرایەوە و بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان هاتەدی.
ئەم یاسایە کە تا ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا کاری پێدەکرێت ئاماژە دەدات بە پێکهاتە دادوەرییەکان، تایبەتمەندی دادگا، ڕاژەی دادوەریی، میکانیزمی دامەزراندنی دادوەران، چۆنیەتی بەرزکردنەوە ، بڵندکردنی پایە و دانانیان لە پێگە دادوەرییەکان. سەرەڕای ئەوە ئاماژەدان بە مۆڵەتپێدان و مافی خانەنشینی و

گواستنەوە و ئینتیدابکردنیان بۆ پۆستێکی نادادوەری و دیاریکردنی ئەرکیان لەگەڵ چۆنیەتی سەرپەرشتیکردن لەسەر کارەکانیان و کاروبارەکانی تایبەت بە خۆیان.
سەرۆک و جێگر و ئەندامانی دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان لە ١١ کەس پێکهاتوە کە هەموویان پیاون.

## خشتەی ژمارە (٥٢)

### ڕێژەی پیاوان و ژنان
### لە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی

| دادوەر | | لێکۆڵەری دادوەری | | یاریدەدەری دادوەری | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٥٥ | | ١١٣ | | ٢٢٤ | |
| پیاو | ژن | پیاو | ژن | پیاو | ژن |
| ٤٧ | ٨ | ٥٧ | ٥٦ | ١٠٤ | ١٢٠ |
| %٨٥ | %١٥ | %٥٠ | %٥٠ | %٤٦ | %٥٤ |
| %١٠٠ | | %١٠٠ | | %١٠٠ | |

خشتەی ژمارە (٥٢) ڕێژەی پیاوان و ژنان دەخاتە ڕوو لە سەرجەم پۆستەکانی دادگای تێهەڵچوونەوە لە پارێزگای سلێمانی، بەشداربوونی ژنان بە ڕێژەی ١٥% لە بەرامبەر ٤٧% پیاوان لە دادوەریدا، لە کاتێکدا ژنان نیوەی ڕێژەی پیاوان پێکدەهێنن ٥٠% لە لێکۆڵەری دادوەری و ٥٤% لە یاریدەدەری دادوەری.

## خشتەی ژمارە (٥٣)

### ڕێژەی پیاوان و ژنان لە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی دهۆک

| دادوەر | | لێکۆڵەری دادوەری | | یاریدەدەری دادوەری | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤١ | | ٨٩ | | ٦٨ | |
| پیاو | ژن | پیاو | ژن | پیاو | ژن |
| ٣٨ | ٣ | ٦٩ | ٢٠ | ٤٤ | ٢٤ |
| %٩٣ | %٧ | %٧٨ | %٢٢ | %٦٥ | %٣٥ |
| %١٠٠ | | %١٠٠ | | %١٠٠ | |

خشتەی ژمارە (٥٣) ڕێژەی پیاوان و ژنان دەخاتە ڕوو لە سەرجەم پۆستەکانی دادگای تێهەڵچوونەوە لە پارێزگای دهۆک.

بەشداربوونی ژنان بە ڕێژەی ٧% لە بەرامبەر ٩٣% پیاوان لە دادوەریدا، لە کاتێکدا ژنان ڕێژەی ٢٢% پێکدەهێنن لە لێکۆڵەری دادوەری و ٣٥% لە یاریدەدەری دادوەری.

## خشتەی ژمارە (٥٤)

### ڕێژەی پیاوان و ژنان لە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی گەرمیان

| دادوەر | | لێکۆڵەری دادوەری | | یاریدەدەری دادوەری | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٢ | | ١٦ | | ٦٤ | |
| پیاو | ژن | پیاو | ژن | پیاو | ژن |
| ٢١ | ١ | ١٤ | ٢ | ٢٧ | ٣٧ |
| %٩٥ | %٥ | %٨٨ | %١٢ | %٤٢ | %٥٨ |
| %١٠٠ | | %١٠٠ | | %١٠٠ | |

خشتەی ژمارە (٥٤) ڕێژەی پیاوان و ژنان دەخاتە ڕوو لە سەرجەم پۆستەکانی دادگای تێهەڵچوونەوە لە ناوچەی گەرمیان.

بەشداربوونی ژنان بە ڕێژەی ٥% لە بەرامبەر ٩٥% پیاوان لە دادوەریدا لە کاتێکدا ژنان ڕێژەی ١٢% پێکدەهێنن لە لێکۆڵەری دادوەری و ٥٨% لە یاریدەدەری دادوەری.

## خشتەی ژمارە (٥٥)

ڕێژەی پیاوان و ژنان لە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی پارێزگای هەولێر

| دادوەر | | لێکۆڵەری دادوەری | | یاریدەدەری دادوەری | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٧٦ | | ٢٧٤ | | ١٨٢ | |
| پیاو | ژن | پیاو | ژن | پیاو | ژن |
| ٦٩ | ٧ | ١٦١ | ١١٣ | ٧٤ | ١٠٨ |
| %٩١ | %٩ | %٥٩ | %٤١ | %٤١ | %٥٩ |
| %١٠٠ | | %١٠٠ | | %١٠٠ | |

خشتەی ژمارە (٥٥) ڕێژەی پیاوان و ژنان دەخاتە ڕوو لە سەرجەم پۆستەکانی دادگای تێهەڵچوونەوە لە پارێزگای هەولێر. بەشداربوونی ژنان بە ڕێژەی ٩% لە بەرامبەر ٩١% پیاوان لە دادوەریدا، لە کاتێکدا ژنان ڕێژەی ٤١% پێکدەهێنن لە لێکۆڵەری دادوەری و ٥٩% لە یاریدەدەری دادوەریدا.

# خشتەی ژمارە (٥٦)

## ژمارەی پیاوان و ژنان لە دادگای تێهەڵچوونەوەکانی هەرێمی کوردستان

| دادگا | دادوەر | | لێکۆڵەری دادوەری | | یاریدەدەری دادوەری | | سەرجەم | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | پیاو | ژن | پیاو | ژن | پیاو | ژن | پیاو | ژن | کۆ |
| هەولێر | ٦٩ | ٧ | ١٦١ | ١١٣ | ٧٤ | ١٠٨ | ٣٠٤ | ٢٢٨ | ٥٣٢ |
| سلێمانی | ٤٧ | ٨ | ٥٧ | ٥٦ | ١٠٤ | ١٢٠ | ٢٠٨ | ١٨٤ | ٣٩٢ |
| دهۆک | ٣٨ | ٣ | ٦٩ | ٢٠ | ٤٤ | ٢٤ | ١٥١ | ٤٧ | ١٩٨ |
| گەرمیان | ٢١ | ١ | ١٤ | ٢ | ٢٧ | ٣٧ | ٦٢ | ٤٠ | ١٠٢ |
| کۆی ڕەگەز لەهەر پۆستێکدا | ١٧٥ | ١٩ | ٣٠١ | ١٩١ | ٢٤٩ | ٢٨٩ | ٧٢٥ | ٤٩٩ | |
| کۆی پۆست لە هەرێمی کوردستان | ١٩٤ | | ٤٩٢ | | ٥٣٨ | | ١٢٢٤ | | |

# خشتەی ژمارە (٥٧)

## ڕێژەی پیاوان و ژنان لە دادگای تێهەڵچوونەوەکانی هەرێمی کوردستان

| دادگا | دادوەر | | لێکۆڵەری دادوەری | | یاریدەدەری دادوەری | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | پیاو | ژن | پیاو | ژن | پیاو | ژن |
| هەولێر | %٩١ | %٩ | %٥٩ | %٤١ | %٤١ | %٥٩ |
| سلێمانی | %٨٥ | %١٥ | %٥٠ | %٥٠ | %٤٦ | %٥٤ |
| دهۆک | %٩٣ | %٧ | %٧٨ | %٢٢ | %٦٥ | %٣٥ |
| گەرمیان | %٩٥ | %٥ | %٨٨ | %١٢ | %٤٢ | %٥٨ |
| ڕێژە | %١٠٠ | | %١٠٠ | | %١٠٠ | |




ڕێژەی لێکۆڵەری دادوەری لە هەرێمی کوردستان
خشتەی ژمارە 57
پیاو
ژن
50%
50%
78%
22%
88%
12%
59%
41%
سلێمانی
دهۆک
گەرمیان
هەولێر


ڕێژەی یاریدەدەری دادوەری لە هەرێمی کوردستان
خشتەی ژمارە ٥٧
پیاو
ژن
41%
59%
65%
35%
42%
58%
41%
59%
سلێمانی
دهۆک
گەرمیان
هەولێر

# دەرئەنجام

١. دامەزراوەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی کوردستان (پەرلەمان)، ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی دادوەری لە ڕووی دەسەڵات و بڕیاردانەوە سەربەخۆ نین، بەهۆی زاڵبونی دەسەلاتی حزبەوە لە کوردستاندا تا ئێستا حزب بۆتە ناوەندی بڕیاردانی ئەو نێوەندانە بۆ یەکلاکەرەوەی بابەتە چارەنوسسازەکان لە کوردستاندا.

٢. ڕێژەی پیاوان بە بەراوورد لەگەڵ ڕێژەی ژنان لە پەرلەمانی کوردستاندا زیاترە و دەکاتە دوو ئەوەندە و نیوی ژمارەی ژنان. وێڕای بوونی کۆتای ژنان بە ڕێژەی ٣٠% لە پەرلەمانی کوردستاندا.

٣. ڕێژەی ژنان لە پەرلەمانی کوردستان بە پێی ساڵی هەڵبژاردنی ٢٠١٣ لەسەر ئاستی جیهاندا لەناو ١٨٨ وولاتدا، لە پلەی (٣٩) دایە و بە ڕێژەی (٣٠,٦%) دێت وە لە سەرئاستی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیش، هەرێمی کوردستان دوای جەزائیر لە پلەی دووەمدایە بە ڕێژەی (٣١,٦%).

بە نموونە، لە ساڵی ٢٠١٣ دا ڕێژەی ژنانی پەرلەمانتار لە وولاتی ڕواندا بریتی بووە لە ٦٣،٨% کە لە ڕیزبەندی ١٨٨ وولاتدا بە پلەی یەکەم دێت و لە ساڵی ٢٠١١ دا ژنان بە ڕێژەی ٥٠% بەشداری پەرلەمانی وولاتی ئەندۆرایان کردووە، وولاتی کووبا لە ساڵی ٢٠١٣ ڕێژەی ژنانی پەرلەمانتاریان بریتی بووە لە ٥٠% و وولاتی سویدیش ساڵی ٢٠١٠ ڕێژەی ژنان بریتی بووە لە ٤٥%.

ئەمە وێڕای ئەوەی گەورەترین پەرلەمان لە جیهاندا لە وولاتی (چین)ە و خاوەنی (٢٩٨٧) کورسییە و بچوکترین پەرلەمانیش لە جیهاندا وولاتی ( میکرۆنێزیا) یە کە تەنیا (١٤) کورسی هەیە،

هەریەک لە وولاتانی ( نیپاڵ، مۆریتانیا و قەتەر) بە دوا پلەی ڕیزبەندییەکان دێت کە ڕێژەی ژنان بریتییە لە (٠%).

٤. دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستاندا کەمتر بایەخی بە کەسانی تەکنۆکرات داوە، پێوەرەکان زیاتر لەسەر بنەمای حزبایەتی و ناسین و خزمایەتی دادەنرێن.

٥. کەمی ڕێژەی ژنان لە سەرجەم کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بە زۆری لە نێوان (١-٢) وەزیری ژناندا خۆی دەبینێتەوە، ئەم ڕێژەیە بەراوورد بە ڕێژەی پیاوان ناگاتە چارەکی ڕێژەکە لەهەر کابینەیەکدا.

٦. بەهۆی چەسپاندنی کۆتا، ڕێژەی ژنان لەناو حکومەتی خۆجێیدا بە نموونە، ئەنجومەنی پارێزگاکان کە بریتییە لە (٢٥% کەمتر نەبێت) زیاترە وەک لە ڕێژەی ژنانی وەزیر لە کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە کۆتا بوونی نییە.

٧. بە درێژایی مێژووی هەرێمی کوردستان، هیچ پارێزگارێک ژن نەبووە، لە هەمان کاتدا تەنها سێ ژن توانیویانە بگەنە پلەی قائمقام، کە هەرسێکیان لە پارێزگای سلێمانی بوون.

٨. ڕێژەی بەشداریکردنی ژنان لە حزبە سیاسییەکان بریتییە لە (١٠%-٢٠%) کە کەمترە وەک ڕێژەی ژنان لە ڕێی حزبەکانەوە بۆ نێو نێوەندی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان کە خۆی لە (٢٥%-٣٠%) دەبینێتەوە.

ئەمە وێڕای ئەوەی ئەو ڕێژەیە لە حزبەکاندا تەنها لە چوارچێوەی ئەندامی سەرکردایەتی و پلەکانی خوارتر گەمارۆدراوە و ڕۆنەچۆتە مەکتەبی سیاسی یان سەرۆک وجێگری حزب....هتد.

٩. ڕێژەی ژنان لە سەرجەم سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیراندا و هەروەها سەرۆک و جێگری سەرۆک حزبەکانیش بریتییە لە ٠% بە بەراوورد بە ڕێژەی پیاوان کە بریتییە لە ١٠٠%.

١٠. دیدی ڕاستەقینەی ئەحزابی سیاسی کوردی سەبارەت بە ژنان زیاتر دیدگایەکی موحافزکارانە، خێڵەکی، بنەماڵەیی، ئاینی و نەریتییە، وەک ئەوەی بە دیدێکی دیموکراسی و مەدەنیەوە هەڵوەستە بکەن سەبارەت مەسەلەی ژنان.

١١. حزبەکان ڕیخۆشکەرن بە بەشداربوونی ژنان لە هەیکەلە و پۆستەکانی خوارەوەی ئۆرگانەکانی خۆیان، جگە لە زیادبوونی ڕێژەکانیان لە ڕێی ڕێکخراوی مەدەنی و تایبەتمەند بە ژنان، ئەوەش زیاتر بە ئامانجی کەڵک وەرگرتن لێیان بۆ دروستکردنی بنەمایەکی جەماوەری وسوودوەرگرتن لە دەنگەکانیان لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا.

١٢. ڕێژەی ژنان لە حزبە ئیسلامییەکاندا زیاترە وەک لەو حزبانەی هەڵگری دروشمی علمانین.

١٣. لاوازی ئاستی هۆشیاری هاوڵاتیان بە تایبەتی ژنان سەبارەت بە گرنگی پرۆسەی سیاسی و بڕیارسازی، وایکردووە کەمترین ڕێژەی ژنان بە دەنگی خۆیان بگەنە ناوەندی بڕیاردان.

بۆیە کۆتا وەک فاکتەرێکی چارەسەری کاتی یەکلاکەرەوە لە کوردستاندا ڕۆڵی خۆی بینیوە بۆ گەیاندنی ژنان بە ناوەندی دەسەڵات.

١٤. ڕێژەی ژنان لە نێوەندی دەسەڵاتی دادوەریدا کەمترە لە ڕێژەی پیاوان.

# پێشنیار و ڕاسپاردە

١. کارکردن بۆ سەربەخۆبوونی دامەزراوەکانی ( یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری) گرنگ و پێویستن.

٢. زیادکردنی سستمی کۆتا لە نێوەندی دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان)، جێبەجێکردن، دادوەری و حزبە سیاسییەکان، بەشێوەیەک هاوسەنگی نێوان ڕەگەزەکان بەرجەستە بکات، بە مەرجێک لەسەر بنەمای پسپۆری وشارەزایی بێت. دوور لە ئەولەویەتدان بە لایەنی حزبی کەسەکان.

٣. کارکردنی ژنان لەسەرخۆیان بە مەبەستی بەهێزکردنی تواناکانیان و زیادکردنی هۆشمەندیان لەمەڕ گرنگی و کاریگەری بەشدارییان لە پرۆسەی بڕیارسازیدا.

٤. بایەخدان بە خولی جۆراوجۆر بۆ سەرجەم نێوەندەکانی کارکردن بە تایبەت لە چوارچێوەی حزبە سیاسییەکاندا بۆ هەردوو ڕەگەز، بەمەبەستی هۆشیارکردنەوە و بەهێزکردنی تواناکانیان بۆ بەڕێوەبردن و حوکمڕانی.

٥. هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان بەگشتی لە ڕێی جۆربەجۆرەوە، بە تایبەت لە نێوەندی سستمی پەروەردەدا، سەبارەت بە گرنگی بەشداری ژنان لە کایە سیاسی و ناوەندە بڕیارسازییەکاندا.

٦. کارکردن بە بیروباوەڕی هاوسەرۆکی لە حزبەکاندا بۆ ڕەخساندنی دەرفەت لەبەردەم ژنانی بەتوانا تا بینە سەرۆکی حزب.

٧. سەربەخۆبوونی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆ ئەوەی ڕۆڵی کاریگەری خۆیان بگێڕن بۆ پێشخستنی کۆمەڵ و هاوڵاتیان تا بتوانن ببنە دەسەڵاتی چوارەم لە کۆمەڵدا.

٨. کارکردنی ڕێکخراوەکانی ژنان بە شێوەیەکی یەکگرتوو، بەتایبەت ژنانی نێو ناوەندەکانی دەسەڵات و بڕیاردان لە شێوەی کوتلەیەکی ژناندا، بەشێوەیەک داکۆکیکردنیان بۆ بەرژەوەندییەکانی مەسەلەی ژنان ببێتە ئەولەوییەتیان پێش حزبەکانیان.

# سەرچاوەکان

١. پێگەی ژن لە ناوەندەکانی بڕیاری ئەحزابی کوردی، ڕێکخراوی گەشەپێدانی مرۆیی، ٢٠١١.
٢. پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان، کۆنگرەی سیانزەیەم، هەولێر، ٢٠١٠
٣. پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کۆنگرەی سێیەم، سلێمانی، ٢٠١٠
٤. پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەی شەشەمی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، .٢٠١٢
٥. پەیڕەوی نێوخۆی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان\عێراق،.٢٠١٠
٦. توندوتیژی وەزیفی دژی ژنان لە فەرمانگە حکومییەکاندا، کنێر عەبدوڵلا.
٧. د. علی اکبر امینی، اپر فرهنگ سیاسی بر مشارکت سیاسی ژنان و دانشجویان، مجله سیاسی اقتسادی، تهران، شماره ٣٨٢، بهار ٩٣١
٨.د.حوجەتولای ئەیوبی، سەرهەڵدان وبەردەوامی حزبە سیاسییەکان لە ڕۆژئاوادا، هەولێر، .٢٠٠٧
٩. د. شعبان تاهر اسود، علم الاجتماع السیاسی، بغداد.١٩٩٢.
١٠. د.حسین بشیریه، کتێبی کۆمەڵناسی سیاسیدا جامعه شناسی سیاسی( نقش نیروهای اجتماعی در زندگی سیاسی) تهران نشر گستر، .١٣٧٤
١١. دەستوری ناوخۆی بزوتنەوەی گۆڕان، ، پەسەندکراوی کۆنگرەی یەکەم لە هەولێر ساڵی ٢٠١٣
١٢. گۆڤاری هەڵبژارن، ژ. ٢٩ کانونی دووەمی .٢٠١٣
١٣. گۆڤاری دەنگدان، ژ٣،٦، ١٠ و١١، ساڵانی ٢٠٠٨، ٢٠١٠، بڵاوکراوەکانی دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.
١٤. لەپێناو دەسەڵاتدا، فاتح رەسول، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٧.
١٥. الکوتا وتطبیقاتها فی النظم الانتخابیه إعداد / أ. عبدالسلام یحیی المحطوری

١٦.المشاركه السياسيه للمراءة والوصول الى موقع صنع القرار، بيان صالح
١٧. حزب و ڕێکخراوه سیاسییه عێراقییەکان، محمد فاتح، ٢٠١٢،لا١٥٧
١٨.توندوتیژی وەزیفی دژی ژنان لە فەرمانگە حکومییەکاندا، کنێر عەبدوڵڵا.
١٩. رێگای کوردستان، ژماره ١١١.
٢٠. پێگەی ژن لە ناوەندەکانی بڕیاری ئەحزابی کوردی، ڕێکخراوی گەشەپێدانی مرۆیی، ٢٠١١ .
٢١. ئەنجامی کۆنگرەکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە پێی ساڵانی کۆنگرە، صبريه غفار أمين نظره الإسلام والحركه الإسلاميه لمشاركه المرأه فى قظايا الامه.
٢٢. مركز مساواة المراءة ، ڕۆژی سەردان ٢٠١٥\٩\٥.
http:\www.c-we.org\ar\show.art.][asp?aid=205035
٢٣. ڕۆژی سەردان ٢٠١٥\١٠\١.
http://www.perlemanikurdistan.com/?page=page&c=Parliament-History#sthash.l4Psz1rH.dpuf
٢٤. http://komaliislami.org/About.aspx ڕۆژی سەردان ٢٠١٥\١٠\١٠.
٢٥. http://gorran.net/Content.aspx?LinkID=112&Action=2 ڕۆژی سەردان ٢٠١٥\١٠\٢٠.
٢٦. http://www.halbijardin,org\details.aspxid=142
٢٧. http://www.krjc.org/Default.aspx?page=page&c=8 ڕۆژی سەردان ٢٠١٥\١١\١٠.
٢٨. ڕۆژی سەردان ٢٠١٥\١١\١٥.
http://sulicourt.com/%D9%83%D9%88%D8%B1%D8%AA%D9%87%E

# بڵاوکراوەکانی نوسەر

١. ژن لە بازنەیەکی داخراودا، ساڵی ٢٠٠٥

٢. پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ساڵی ٢٠٠٦

٣. توندوتیژی وەزیفی دژی ژنان لە فەرمانگە حکومییەکاندا، ساڵی ٢٠٠٦

٤. کاتێك تەنیایی سەپێنراو ڕوو لە ژن دەکات، ساڵی ٢٠٠٧

٥. کوشتنی ژنان لە ئاماری میدیاکانەوە، ساڵی ٢٠٠٨

٦. بەشداریکردنی سیاسی ژنان، ساڵی ٢٠٠٨

٧. ژن و توندوتیژی، ساڵی ٢٠٠٨

٨. پێم دەڵێن، ساڵی ٢٠٠٩

٩. توندوتیژی دژ بە ژنان، ساڵی ٢٠١٠

١٠. دەستدرێژی سێکسی دژ بە ژنان، ساڵی ٢٠١٠

١١. تۆم خۆشدەوێت، ئەی تۆ، دوو جار چاپکراوە لە ساڵی (٢٠١٣ و ٢٠١٤)

١٢. رەوشی ژنانی هەرێمی کوردستان لە نێوەندی بڕیارسازیدا، ساڵی ٢٠١٥